
# لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

ژمارە (٥)ی بەهاری (٢٠٢٦) گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسی و ستراتیجییە مەڵبەندی دیراساتی گشتیی (ی.ن.ک) دەریدەکات.



- هەرێمی کوردستان لە دورێیانی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا.
- لێکەوتەکانی ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی لە عێراق.
- کوردستان لە سەردەمی نادڵنیایی و بەرزەخەدا.
- عێراق لە سایەی کاریگەریی و لێکەوتەکانی جەنگی چل ڕۆژەدا.
- هەڵکشانی ململانێ و نائارامی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
- پەیوەندییەکانی سعودیە و ئیمارات: گۆڕانکاریی هێز لە کەنداو.

مەڵبەندی دیراساتی گشتی

# گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسیی و ستراتیجییە،
مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەریدەکات.

ژمارە (٥)ی بەهاری (٢٠٢٦)



خاوەن ئیمتیـــــــاز | مەڵبەندی دیراساتی گشتی (ی.ن.ك)
سەرنووســــــەر | د. یوسف گۆران
جێگری سەرنووسەر | پ.د. ئومێد رفیق فتاح
بەڕێوەبەری نووسین | م. هونەر احمد کریم

## دەستەی نووسەران

پ.د. عابد خالد رسول
د. فریدون صالح حمە
د. فاروق عبدول مولود
پ.ی.د. بێستون حسێن عارف
د. جلیل عمر علی

## دەستەی ڕاوێژکاری

سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران: فرید ئەسەسەرد

## ئەندامانی دەستە

پ.د. یونس علی احمد
پ.ی.د. عیباد ئیبراهیم ئەحمەد
پ.ی.د. ئارام عمر محی الدین
پ.ی.د. هندرێن عبداللە طاهر
پ.د. هیوا عزیز اسعد
پ.ی.د. نرمین معروف غفور
پ.ی.د. یادگار علی محمد
پ.ی.د.سەنگەر حسام عبداللە

هەڵەبڕ | پ. ی. بێستون عارف عزیز
دیزاین | شاهۆ عەبدولڕەحمان



- پێگە: cgs.kurdpuk.org
- ئیمەیڵ: jss@dirasatdiploma.org
- ژمارە تەلەفۆن: ٠٧٧٠٥٠٩٢١٩٦
- ناونیشان: عێراق- هەرێمی کوردستان- سلێمانی- گەڕەکی چوارچرا.

# لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی گۆڤارێکی وەرزییە، مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات. لەلایەن دەستەیەك لە کەسانی ئەکادیمیست و پسپۆڕەوە سەرپەرشتی دەکرێت و گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوە و ڕاپۆرتە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییانە دەدات، کە ڕەهەندێکی ستراتیجییان هەیە و کاریگەریی و لێکەوتەی فرە ڕەهەندی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییان هەیە.

بیرکردنەوە لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە لەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، عێراق، ناوچەکە و نێودەوڵەتی، جێی گرنگی پێدان و بایەخی زانستییە، گۆڤارەکە دەیەوێت ببێتە سەکۆیەك لە خستنەڕووی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر و فرە ڕەهەند، بۆ پرسە جیاوازە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییە خراوە ڕووەکان، بە سەنتەری هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەو پرسانەش کە ڕەهەندی ستراتیجیی هەرێمی و نێودەوڵەتییان هەیە و کاریگەرییان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە.
سیاسەتی گۆڤارەکە گرنگیدانە بەو چەمك و پانتاییانەی کە ڕەهەندی ئایندەی و ستراتیجیی لەخۆدەگرن، بەشێوەیەك توێژەر بتوانێت لە ڕەهەندی ئایندەییەوە سیناریۆکان و بژاردەکان بەشێوەیەکی زانستیی شیبکاتەوە.

پاش جێبەجێکردنی ئەو مەرج و سیاسەت و ڕێنماییانەی نووسین، کە لە گۆڤارەکە بۆ توێژینەوە و ڕاپۆرتەکان دیاریکراون، ژمارەکانی گۆڤارەکە جگە لەوەی بە شێوەی چاپکراو بڵاودەکرێنەوە، هاوکات بە شێوەی ئەلیکترۆنیش لە ماڵپەڕی فەرمیی مەڵبەندی دیراساتی گشتیی بڵاودەکرێنەوە و دەخرێنە بەردەست گرنگی پێدەران و خوێنەرانی گۆڤارەکە.

# پێڕست


- هەرێمی کوردستان لە دورێیانی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا ........ | ٥
  د.یوسف گۆران
- لێکەوتەکانی ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی لە عێراق ........ | ٩
  نـاودار زیـاد
- کوردستان لە سەردەمی نادڵنیایی و بەرزەخەدا ........ | ٣١
  د. سەردار عزیز
- داهاتووی ڕۆژئاوای کوردستان و پێویستی ستراتیجی خۆپارێزیی باشوور ........ | ٥٧
  لوقمان گوڵدڤێ
- عێراق لە سایەی کاریگەریی و لێکەوتەکانی جەنگی چل ڕۆژەدا ........ | ٧٥
  گۆران قادر
- هەڵکشانی ململانێ و نائارامی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ........ | ٩١
  د. فەرەیدون ساڵح حمەزۆراب
- پەیوەندییەکانی سعودیە و ئیمارات: گۆڕانکاریی هێز لە کەنداو ........ | ١١٧
  سوپا سەعید شاکەلی
- سەروەریی هەرێمی، ئازادیی دەریاوانی و کێبرکێی ستراتیجی لە گەرووی هورمز و کەنداودا ........ | ١٣٧
  پ.ی.د. عیباد ئیبراهیم ئەحمەد
- سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان، هۆکارێك بۆ ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ........ | ١٦١
  بەهجەت ئەحمەد
- ڕۆژهەڵاتناسی لە چوارچێوەی تیۆرانین و ڕەخنەکانی پۆستکۆلۆنیالیزمدا ........ | ١٨٣
  پ.د. سامان حسین احمد
- ستراتیجیی مەزنی ئێرانی: مێژوویەکی سیاسی ........ | ١٩٩
  د. سەرکەوت جەلیل

مەڵبەندی دیراساتی گشتی

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

ژمارە: 1009

ڕێکەوت: 06/04/2025 - 06/04/2026

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 22/9/2008 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری( لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ) وەرزییە، خاوەن ئیمتیازی (مەڵبەندی دیراساتی گشتی ی.ن.ک) و سەرنووسەرەکەی ( یوسف صمد لطف الله )، مەرجە یاساییەکانی تیدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (1009)تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک ساڵ.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

سەروتار



# هەرێمی کوردستان لە دوڕێیانی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا

د.یوسف گۆران
لێپرسراوی مەڵبەندی دیراساتی گشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

ئاشکرایە هەرێمی کوردستان ٣٤ ساڵە وەک یەکەمین ئەزمونی حوکمڕانی کوردستانی سەربەخۆی دوای بڕانەوەی شەڕی سارد لەلایەن دوو هێزی سەرەکی (یەکێتی و پارتی) دامەزرا. ئەم هەرێمە هەر لە سەرەتاوە لەژێر چەتری سیاسی- ئەمنی ڕۆژئاواو قوربانی گەلی کوردستان لە ناوچەکەدا پارێزراو بووە. بەڵام دوای تێپەڕبونی ٣٤ ساڵ بەسەر ئەم ئەزمونە و گۆڕانکاری گەورە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم و عێراق و جیهان ڕوی داوەو لە ئێستادا بوونی هەرێمەکەمان بەم شێوەیەی ئێستا کەوتۆتە بەر پرسیاری جیددی ناوخۆیی و دەرەکی.

## گۆڕانی ژینگەی ئیقلیمی و جیهانی

لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک هەرێمەکەمان دروست بوو شەپۆلێکی جیهانی بۆ هاوکاریکردنی میللەتانی ژێردەست بەرپابوو، هەستکردنی ڕۆژئاوا بە سەرکەوتن لە شەڕی ساردا مەیلی هاوکاریکردنی دیموکراسی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەهێزکردبوو، بەم شێوەیە پرۆسەی ئاشتی فەلەستین و هاوکاری تەیموری ڕۆژئاواو وڵاتانی یوغسلافیای پێشوو سۆماڵیلاندو باشوری سودان کەوتنە بەر ئەو شەپۆلە جیهانیە، کوردستانیش سەرباری گوشارەی وڵاتانی ناوچەکە توانی سود لەم ژینگە جیهانیە نوێیە وەرگرێت و دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆیی دروست بکات. بەم شێوە چەتری پاراستنی ڕۆژئاوا هەرێمی لە مەترسییەکانی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە پاراست. تا ئاستێکی زۆریش لە دوای ڕوخانی سەددامیش (٢٠٠٣) بەردەوام بوو و بە تایبەت کاتێک هەڕەشەی داعش بەردەرگای هەرێمەکەمانی گرت و ڕۆژئاواش هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کرد لە بەرپەرچدانەوە و دورخستنەوەی ئەم مەترسیە ڕاستەقینەیە.

لەئێستادا وا دەرنەکەوێت بە هۆکاری جیاواز ڕۆژئاوا نە حەزو نە توانای گێڕانی ڕۆڵی جارانی نیە، لەلایەکەوە ئەوروپاییەکان کەپێشتر هاوکارێکی سەرەکی هەرێم بوون سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەن بۆ ئەو مەترسیانە لە دوای شەڕی ئۆکرانیا لەسەر ئەوروپا دروست بووە. ئەمریکاش کە هاوکاری سەرەکی هەرێم بووە دۆکترنی (عقیدە) سیاسی و ستراتیجی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و کەمتر چاوی لەسەر هەرێم و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بەم پێیە کوردستان ئیتر وەکو جاران ناتوانی پشت بە هاوکاری هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان ببەستێت و ڕەنگە زیاتر لە جاران پێویستی بە داڕشتنی سیاسی- ئەمنی نوێ بێت بۆ پاراستن و بەردەوامی هەرێمەکان.

**دەرکەوتنی هێزی ئیقلیمی گەورە**

لە ٣٤ ساڵی تەمەنی هەرێمەکەماندا سەرباری بوونی بەهێز وڵاتانی ئیقلیمی (بەتایبەت ئێران و تورکیا) لە هاوکێشە ناوخۆییەکانی هەرێم بەڵام هیچ کات - بەهۆی ئامادەیی بەهێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان- ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان نەبووە. ئەم ڕاستیە بەتایبەتی لەدوای ڕوخانی سەددام بەدی کرا کە گەلی کوردستان ئازادانە بەبێ بونی گوشاری ڕاستەقینە شێوەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ عێراقی نوێدا دیاری کرد.

بەڵام لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بەتایبەت دوای کشانەوەی فەرمی یەکەمی ئەمریکا (٢٠١١) هێزە ئیقلیمەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە ناوچەکە گێڕاو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر دۆخی جیۆپۆلەتیکی هەرێمەکەمان کرد. ئێران و تورکیا بەهۆی دەرکەوتنیان وەک هێزێکی ئیقلیمی توانادار ڕۆڵی گرنگیان لە عێراق و سوریا و لوبنان و زۆر وڵاتانی تر گێڕا، بێگومان کورستانیش کەوتە ژێر ئەم کاریگەریە. نەخوێندنەوەی دروستی گۆڕانکاریە ئیقلیمی و جیهانیەکان. هەرێمەکەمانی بەرەو هەڵەیەکی ستراتیجی وەک ریفراندۆم برد کە سەرەنجام پێگەی هەرێمی لە ناوچەکە لاوازکرد.

لە لایەکی ترەوە دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ ئیسرائیل ئاڕاستەی ستراتیجی بەرەو ڕۆژهەڵات و وڵاتانی زیاتر چڕ کردەوە و بەشێوەیەک بوە هۆی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دۆکتری ستراتیجی و ئەمنیەوە، بەم شێوەیە سێ وڵاتی ئیقلیمی زلهێز لە ناوچەکە دەرکەوتن و پێکدادانی ڕاستەوخۆ (ئێران- ئیسرائیل) و ناڕاستەوخۆ (تورکیا- ئیسرائیل) لەنێوانیاندا روویدا، ئەم دۆخە نوێیە کە دوای کشانەوەی لەسەرخۆی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە دروست بووە، پێدەچێت بۆ چەندین ساڵی تر هاوکێشەی سیاسی و پەیوەندییەکان لە ناوچەکەو لە کوردستانیش دیاری بکات.

**پێویستی گۆڕانکاری لە هەرێمی کوردستان**

وەک دەبینن ناوچەکەمان لە گۆڕانکاری جیۆپولەتیکی بەرچاودایە، ئەم گۆڕانکارییە ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکەشی وەک ئێران و تورکیا و سوریاو عێراق لوبنان و ئیسرائیلیش گرتۆتەوە. لەم دۆخەدا ئایا کوردستان وەک هەرێم ئەتوانێ وەکو جاران خۆی بەڕێوە ببات وەک ئەوەی هیچ ڕوی نەدابێت؟ ئایا ئەم دۆخە نوێیە هەڕەشەیە یان دەرفەتە بۆ هەرێمەکەمان؟ ئەگەر ئەو شێوە کلاسیکەی بەڕێوەبردنە بمێنێتەوە کوردستان و هەرێمەکەمان پارێزراو دەبن؟

لەڕوی سیاسیەوە هەرێم هیچ کات لە پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لە ساڵی ٢٠٠٦ وەک ئێستا دابەش و جەمسەرگیر نەبووە. ئەو گیانە هاوکاری و هەماهەنگیەی لە دوای ٢٠٠٣ وە لەلایەن سەرۆک مام جەلال و کاک مەسعود هەبوو، ئێستا لەنزمترین ئاستدایە، کابینەی نۆیەم بەئاشکرا شکستی حکومەتی لەئیدارەدانی کوردستان وەک یەك قەوارەی یەکگرتوو هەروەها مامەڵەی ناوچە جوگرافی و دانیشتوانەکەی بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە نیشان دا. لە لایەکی ترەوە پەراوێزخستنی جوگرافی و سیاسی ئابوری درزی گەورەی خستە نێو دامودەزگاکانی حکومەت و بە شێوەیەکی پراکتیکی دابەش کرد. سەرەنجام هەرێمەکەمان لەبری ئەوەی لەم دۆخە ناسکەی ناوچەکەمان بەهێز و یەکگرتو بێت ئەوەندەی تر لاواز بووە تەنانەت بۆ یەکەمین جار قسە لەسەر ئایندەی خودی هەرێم لە دەرەوەی هەرێمەکان دەکرێت!! لە ڕاستیشدا بونی مەیلی هەژمونکردن و پاوانخوازی لەلایەك و هەوڵی خۆڕاپسکاندن و قبوڵنەکردنی دەسەڵاتی سەپێندراو لەلایەکی ترەوە هەرێمەکەی خستۆتە بەردەم ئایندەیەکی مەترسیدار.

**دیدێك بۆ ئاینده**

ئاشکراشە بونی قەیرانی ناوخۆیی هەمەلایەن خەسڵەتێکی دیاری زۆربەی سیستمە سیاسی و حوکمڕانییەکانە، بەڵکو یەکێکە لە خەسڵەتە بەردەوامەکانی. ئەوەی لێرە جیاوازە ئەوەیە کە نەتەوەکان لە کاتی قەیراندا دانی پێدا دەنێن و هەوڵی چارەسەرکردنی بنەڕەتی دەدەن. ئەوەی لە هەرێم هەیە تەنها قەیرانی حوکمڕانی یان کابینەیەك نیە بەڵکو قەیرانی شێوەی حوکمڕانی و دەسەڵاتی دامودەزگاکانی دەوڵەت و فۆڕمی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکە. بۆیە چارەسەریش دەبێ بەو ئاڕاستەیە بێت.

لەمێژوودا چەند نمونەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی هەیە بەبێ ئەوەی ناچار بن دەوڵەتەکە بخەنە ژێر مەترسییەوە. کۆماری پێنجەمی سەردەم دیگول، کۆماری ڤایماری ئەڵمانیا و کۆماری تورکیا پاش هاتنی ئەردۆگان چەند نمونەیەکن لە گۆڕانکاری ناوخۆیی قوڵی دەوڵەت. هەرێمەکەمان بۆ ڕێگە گرتن لە مەترسی دووبەرەکی و

جەمسەرگیری زیاتر پێویستی بەسەر لەنوێ دروستکردنەوەی هەیە وەك (هەرێمێکی نوێ – یان دووەم) کە سەرلەنوێ لە دایك ببێتەو دەکرێ ئەم بنەمایانە ببنە خاڵی سەرەکی:

١- نزیك کردنەوەی دەسەڵات لە خەڵك بۆ زیاتر خزمەتکردنی، ئەویش لەڕێی بەهێزکردنی حکومەتە خۆجێییەکان و گواستنەوەی بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتە خزمەتگوزاریەکان بۆ پارێزگاکان وئیدارە سەربەخۆکان قۆرخ نەکردنیان و نەهێشتنەوەیان لە پایتەخت.

٢- دانانی یەك بەرنامە و یەك دید و بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانمان چ لەگەڵ عێراق چ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سەرجەم خەڵکی کوردستان و گەشەسەندنە ئابوری و سیاسیەکەی.

٣- دارشتنەوەی دۆکترنی سەربازی و ئەمنی لەسەر بنەمای دۆخی نوێمان بە رێکخستن و یەکخستنی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان و دروستکردنی پەیوندی بەهێز لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و سود وەرگرتن لە دەستوری عێراق و پێگەی کورد لە بەغداد و لە هاوپەیمانەکانمان چ لە عێراق و چ لە دەرەوە بۆ پاراستنی هەرێمەکەمان.

٤- دارشتنی بەرنامەیەکی نیشتمانی بۆ گەشەسەندنی ئابوری – کلتوری هاوسەنگ و یەکگرتو کە ئامانجی گەشەپێدانی هەمەلایەن و هەمەچەشنی ئابوری بێت، لەلایەکی تر کلتور و زمان و مێژوو کوردستان ڕۆڵی سەرەکی ببینێ لە یەکخستنی گیان و ناسنامەی نەتەوەیمان و دژ بەو سیاسەتە کلتورییە مەترسیدارەی ئێستا کە هەڕەشە بە یەکگرتویی ناسنامەی نەتەوەییمان دەکات.

لەکۆتاییدا لەم دۆخە ئاڵۆز و پڕ گۆڕانکاریانەی ئێستای ناوچەکە کورد و هەرێمەکەمان دەخاتە بەردەم دوڕیانەوە، یان وەکو ساڵانی ١٩٩٢،٢٠٠٦ ژیرانە هەڵسوکەوت دەکەن دەرفەتێك لە ناوچەکە بۆ بە هێزکردن و گەشەسەندنی هەرێمەکەمان دەدۆزنەوە، یان هەرێمەکەمان بەشێوەی ٢٠١٧ روبەڕوی لاوازی و بێ کاریگەر و دوبەرەکی زیاتر و مەترسیدارتر دەبێتەوە کە ئەنجامەکەی شکستی گەورەترین ئەزمونی بەڕێوەبردنی کورد دەبێت لە سەردەمی هاوچەرخدا.

# لێکەوتەکانی
# ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی لە عێراق

## لە ئەیلولی "٢٠٢٦" لەسەر هەرێمی کوردستان: یەخانگیری و سیناریۆکان



ناودار زیـاد
توێژەری سیاسی و مامۆستای زانکۆ

### دەستپێك و چوارچێوەیەکی گشتی

لە "٢٠١٤"وە، کاتێک ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەشێك لە خاکی عێراقی داگیرکرد و بەرەو هەرێمی کوردستان پێشڕەویی کرد، هەرێمی کوردستانی عێراق بووە سەرەکیترین هاوبەشی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی "ئۆپەراسیۆنی چارەسەری ڕەها" (Operation Inherent Resolve - OIR). دواتر، ئەم پەیوەندییە لە هەماهەنگییەکی سەربازییەوە بۆ پەیوەندییەکی ستراتیجی و ئابوری و دیبلۆماسی گۆڕا.
دوای سەرکەوتن بەسەر داعش و کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو خاکەی دەستی بەسەردا گرتبوو لە عێراق و سوریا، ئەرکەکانی هاوپەیمانان کەمتر بووەوە. لە ئەیلولی "٢٠٢٤"، بەگوێرەی ڕێککەوتنێکی ئەمنی لەنێوان ئەمریکا و عێراق پلانی کشانەوەی ئەم هێزانە بە دوو قۆناغ دانرا بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانان لە عێراق[1]. لە کانوونی دووەمی "٢٠٢٦"دا، لە بەیاننامەیەکدا، ئەو لیژنە سەربازییەی سەرپەرشتی کۆتاییهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانان دەکات، ڕایگەیاند کە "پرۆسەی چۆڵکردنی ڕاوێژکارانی هاوپەیمانان لە ناوچە فیدراڵییەکان -بەدەر لە هەرێمی کوردستان- کۆتایی هاتووە"[2]. واتا هەرێمی کوردستان بەدەر کرا لە پرۆسەی کشانەوەکە. هاوتەریب بەمە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی چل ڕۆژەی (ئەمریکا/ ئیسرائیل - ئێران) لە "٢٨"ی شوباتی "٢٠٢٦"، هەرێمی کوردستان جارێکی تر کەوتەوە ناو هاوکێشەیەکی جیۆپۆلەتیکی و بۆ ئەمریکا بایەخی ستراتیجی پەیداکردەوە. هەرچەندە، وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی عێراق، یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ وەزارەتی جەنگی

ئەمریکادا هەیە بۆ کۆتاییهاتنی کارەکانیان لەگەڵ پێشمەرگە لە ئەیلولی "٢٠٢٦"، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە لە ئایاری "٢٠٢٦" ڕایگەیاند ئامادەکاریی بۆ واژۆکردنی یاداشتێکی تازە دەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا لێکدانەوە بۆ ئەوە دەکەین کە کۆتاییهاتنی ئەو یاداشتی لێکتێگەیشتنە و ئەگەری کشانەوەی هاوپەیمانان لە ئەیلولی "٢٠٢٦"، چ لێکەوتەیەکی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت؟ ئایا هەرێمی کوردستان تا چەند دەتوانێت خۆی لە بەرامبەر زیادبوونی مەترسییە ئەمنییەکانی وەک داعش و بەشێك لە گروپەکانی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق ڕابگرێت؟ ئایا گوشارە سیاسییەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ سنووردارکردنی فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستان زیاد ناکات؟ ئایا دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە هەرێمی کوردستان زیاتر نابێت؟

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی زۆرترین لێکەوتەی ئەم کشانەوەیەی بەردەکەوێت: لەلایەکەوە، بەهۆی پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان کە ئامانجی هێرشە درۆنی و مووشەکییەکانی بەشێك لە گروپەکانی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی عێراقییە، لەگەڵ بوونی ناوچە جێناکۆکەکان کە بووەتە پەناگەیەك بۆ شانە نووستووەکانی داعش و بنکەیەك بۆ ئەو گروپانە کە لێیەوە هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان. لەلایەکی تریشەوە، پێگەی سیاسی هەرێم لەژێر کاریگەریی ئەکتەرە ناوخۆی و دەرەکییە نەیارەکاندایە، بۆ نموونە: لەڕووی ئەمنییەوە، لە دوو مانگی یەکەمی جەنگی چل ڕۆژەی ئێراندا زیاتر لە (٨٠٩) هێرشی ئاسمانی درۆنی و مووشەکی کرایە سەر هەرێم. لەڕووی ئابوری و داراییەوە، لە ئازاری "٢٠٢٣"وە بەهۆی ڕاگرتنی هەناردەی سەربەخۆی نەوت و بڕیاری دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە پاریس، حکومەتی هەرێم بە حکومەتی فیدراڵییەوە گرێدراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە، لە ئەگەری کشانەوەی هاوپەیمانان لە ئەیلولی "٢٠٢٦"، گریمانەی سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچە جێناکۆکەکان و لاوازبوونی پێگەی دانوستانکاری هەرێم لە بەرامبەر حکومەتی فیدراڵی، دەستوەردانی زیاتری لایەنە عێراقییەکان و دەوڵەتانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆی هەرێم دەکات.

بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان، توێژینەوەکە میتۆدی "شیکاریی ستراتیجی"(Strategic Analysis)بۆ دەستنیشانکردنی کاریگەرییە ئەمنی و سیاسی و ئابورییەکان بەکاردەهێنێت، لەگەڵ "ئامرازی پێشبینی و سیناریۆسازیی" (Foresight and Scenario Planning) بۆ داڕشتنی سیناریۆ جیاوازەکان بە مەبەستی بەرچاوڕوونی بۆ دوای ئەیلولی "٢٠٢٦".

**تەوەرەی یەکەم: زەمینەسازی و ڕێککەوتنی کشانەوە**

ئەم تەوەرەیە تیشک دەخاتە سەر پێگەی جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان لە ستراتیجی هاوپەیمانان و شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی کشانەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی لە عێراق دەکات. هەروەها، باس لەو هۆکارە کاریگەرانە دەکات کە بوونەتە هەوێنی داڕشتنەوەی پەیوەندییە ئەمنییەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا.

**یەکەم: پێگەی هەرێمی کوردستان لە ستر اتیجی هاوپەیمانان**

لە ساڵی "٢٠١٤"وە، هەرێمی کوردستان بوو بە خاوەن پێگەیەکی ستراتیجی لە چوارچێوەی ئەرکی هاوپەیمانان. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵێکی گرنگیان لە جەنگی دژی داعشدا دەگێڕا، بەتایبەت لە ناوچەکانی کەرکوک و موسڵ و شەنگال[٣]. هەروەها، بنکەی ئاسمانی هەریر لە نزیك هەولێر یەکێک بوو لە بنکە سەرەکییەکان کە لە چوارچێوەی "ئۆپەراسیۆنی چارەسەری ڕەها" (OIR)، بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە عێراق و سوریا بەکارهات. ئەم پەیوەندییە ستراتیجییە لەو کاتەوە چووە قۆناغێکی نوێوە کە هێزەکانی ئەمریکا لە ناوەڕاستی مانگی ئابی "٢٠٢٥" دەستیان کرد بە کشانەوەی بەشێک لە هێزەکانیان لە عێراق، کە بەشێکیان بەرەو سوریا و هەندێکی تریان بەرەو هەرێمی کوردستان گوازرانەوە. گۆڕانکارییەکان لە بنکە سەربازییەکانیدا بەو ئاراستەیەدا بوون کە هەرێمی کوردستان زیاتر وەك ناوەندێك بێت بۆ چالاکییە لۆجستییەکان و کاروباری ڕاوێژکاری و چالاکییە ئۆپەراسیۆنییەکان[٤]. دواتریش، بەهۆی جەنگی چل ڕۆژەی ئێران (٢٠٢٦) و گەمارۆدانی ئەو وڵاتەوە لەلایەن ئەمریکاوە، لەو ڕووەوەی هەرێمی کوردستان دراوسێی ئێرانە بۆ ئەمریکا لەلایەکی ترەوە بایەخی جیۆپۆلەتیکی پەیداکرد. وێڕای ڕەهەندە سیاسییەکەی، بەهۆی ئەوەی زۆرینەی لایەنە عێراقییەکان دژی مانەوەی هاوپەیمانن لە عێراق، بەڵام لایەنە کوردییەکان هیچ ناڕەزایەتییەکیان لەم بارەیەوە نییە و بۆ هاوپەیمانان و بەتایبەت ئەمریکا پشتیوانیکردنی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر دژایەتیکردنی لایەنە عێراقییەکاندا پارسەنگیان بۆ دەداتەوە.



کۆبوونەوەی بەرپرسانی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە و ڕاوێژکارانی هاوپەیمانان لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی چارەسەری ڕەها (OIR) - ٢٠٢٤

**سەرچاوە:**
Defense Visual Information Distribution Service
https://www.dvidshub.net/image/8811762/coalition-advisors-discuss-logistical-matters-with-peshmerga

## دووەم: ڕێککەوتنی بەغدا-واشنتۆن و جێگای هەرێمی کوردستان تێیدا

لە ئایاری "٢٠٢٤"، ئەمریکا و عێراق ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیجییان ئەنجامدا سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە عێراق. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە بەشێک لە هێزەکان پێش ئەیلولی "٢٠٢٥" کشانەوە و ئەوانی تریش تا کۆتایی "٢٠٢٦" لە ئەرکەکانیان بەردەوام دەبن[٥]. پلانی کشانەوەکە دوو قۆناغ لەخۆدەگرێت: لە قۆناغی یەکەمدا، لە بنکەی عەین ئەلئەسەد لە ئەنبار و فرۆکەخانەی بەغداد کشانەوە و بەرەو بنکەی ئاسمانی هەریر لە نزیك هەولێر گوازرانەوە[٦]. لە قۆناغی دووەمدا، ئەمریکا ئامادەیی یەکلایەنەی خۆی لە عێراق تا ساڵی "٢٠٢٦" پاراست، بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی داعش لە وڵاتی سوریای دراوسێ[٧]. خاڵی گرنگ لەم ڕێککەوتنەدا ئەوەبوو کە هەندێک لە هێزەکانی ئەمریکا پاش ساڵی "٢٠٢٦" لە بنکەی هەریر دەمێننەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش خواستی مانەوەیانی هەیە[٨]. بە نسبەت عێراقیش، لە کارنامە وزارییەکەی (عەلی زەیدی) بۆ کابینەی ئەم حکومەتە تازەیەی عێراق لە

تەوەرەی دووەمدا باس لە "کاراکردنەوەی ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیجی لەگەڵ ئەمریکا" دەکات[٩]. واتا، خواستێك لەلایەن ئەم حکومەتە تازەیەوە بەدیدەکرێت بۆ درێژکردنەوەی مانەوەیان، بەڵام هەم گرەنتیکراو نییە، هەم نازانرێت چۆن و لەژێر چ ناونیشانێکدا و لە کوێ جێگیر دەبن، لەکاتێکدا ئاماژەکان بۆ ئەوەن کە زیاتر لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە، چونکە هەم بۆ ئەوان پارێزراوترە هەم لایەنە عێراقییەکان لەناو خاکی هەرێمی کوردستان کەمتر هەستیارن بەم هێزانە بەراورد بەوەی لەناو خاکی عێراقدا بن.



سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق و فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا سەرۆکایەتیی یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای سەربازییان لە بەغدا کرد. ئەم لیژنەیە و لیژنە لاوەکییەکانی لە سەرەتای ساڵی "٢٠٢٤"ەوە کار بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ئەمنی و هەماهەنگی سەربازی نێوان هەردوولا دەکەن. تەوەری سەرەکی گفتوگۆکان بریتی بوون لە تاووتوێکردنی هەڕەشەکانی داعش، ژینگەی ئۆپەراسیۆنەکان و پەرەپێدانی تواناکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراق.

سەرچاوە:

https://www.dvidshub.net/ Defense Visual Information Distribution Service
image/8330167/higher-military-commission-principals-meeting

### سێیەم: هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر بڕیاری کشانەوەکە

١. ئەو گروپانەی لایەنگری ئێران دەکەن لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبی، لەم ساڵانەدا لەژێر چەتری حزب و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانیان دەرکەوتوونە و داوا دەکەن هێزە بیانییەکان عێراق بەجێبهێڵن[١٠]. لە مانگەکانی ئامادەکاری بۆ کشانەوەکە لە "٢٠٢٥"، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق ئاماژەی بەوە کرد کە "بوونی هێزەکانی ئەمریکا بووەتە چەقی ململانێی سیاسی و ئامانجی هێرشەکان بۆ سەر بنکە و بارەگای

هاوپەیمانان لە عێراق"[11]. لە جەنگی چل ڕۆژەی ئێرانیش تەواوی بنکە و بارەگای هاوپەیمانان لە عێراقدا بوونە ئامانجی هێرشەکانی گروپەکانی لایەنگری ئێران.

٢. لە سەروبەندی ئامادەکاری بۆ ڕێککەوتننامەی کشانەوەکە، زنجیرەیەک ڕووداو، وەک: کوشتنی حەسەن نەسروڵا ڕێبەری حزبوڵڵا لە ئەیلولی "٢٠٢٤"، کەوتنی ڕژێمی ئەسەد لە کانوونی یەکەمی "٢٠٢٤"، جەنگی دوازدە ڕۆژەی ئێران لە حوزەیرانی "٢٠٢٥"، بوونە هۆی لاوازبوونی هەژموونی ئێران لە سەرانسەری ناوچەکەدا[12]. ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی گوشارەکانی سەر حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ خێراترکردنی کشانەوەکە.

٣. بەهۆی جەنگی چل ڕۆژەی ئێرانەوە، حکومەتی فیدراڵی عێراق و بەتایبەت هەرێمی کوردستان بوونەتە گۆڕەپانێکی جەنگەکە و لەنێوان هەردوولادا گیریان خواردووە[13]، هەر لەژێر کاریگەریی ئەم جەنگەدا، ڕەنگە پەیوەندییە ئەمنییەکانی ئەمریکا و عێراق گۆڕانکاریی بەسەردا بێت بەو ئاقارەدا کە چوارچێوەیەکی دیکە بۆ مانەوەی هێزە سەربازییەکان دابتاشرێت.

٤. ئەم ئیدارەیەی ئەمریکا لە ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی وڵاتەکەدا، کە لە تشرینی دووەمی "٢٠٢٥" بڵاوبووەوە، باس لە پێداچوونەوە بە هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا دەکات لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەمریکا[14].

**تەوەرەی دووەم: لێکەوتە ستراتیجییەکانی ئەگەری کشانەوەکە لەسەر هەرێمی کوردستان**

ئەم تەوەرەیە لەو کاریگەرییانە دەکۆڵێتەوە کە پرۆسەی کشانەوەکە لەسەر هەرێمی کوردستان دروستی دەکات، هەر لە ئایندەی چاکسازییەکانی پێشمەرگەوە تا دەگاتە گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە بەرامبەر حکومەتی فیدراڵی و وڵاتانی ناوچەکە و... تادوایی.

**یەکەم: ئاستی ئەمنی و سەربازی**

**١. داهاتووی پرۆسەی چاکسازیی لە وەزارەتی پێشمەرگە و هاوکارییە دارای ولۆجستییەکانی هاوپەیمانان**

پرۆسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە یەکێکە لەو کۆڵەکانەی کە داهاتووی ئەمنیی هەرێمی کوردستانی پێوە بەستراوەتەوە، بەتایبەتی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەیلولی "٢٠٢٦". یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر ڕکێفی وەزارەتی پێشمەرگەدا، لە ساڵی "١٩٩٢"ەوە لە پێشینەی کارنامەی هەرێمی کوردستان بووە. ئەم پرۆسەیە لە ساڵی "٢٠٢٢"دا لەژێر چەتری هەماهەنگی ئەمریکا-هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی گرنگی بەدەستهێنا، بە ئامانجی گەیشتن بە یەکخستنی تەواوەتی تا ساڵی "٢٠٢٦"، هەرچەندە یەخانگیرییەکان وەک بەربەست ماونەتەوە.

ئێستاش، ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق، پێویستی هەبوونی هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتووی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە نوێیەکانی وەک پاشماوەکانی داعش و ناسەقامگیرییەکان زیاتر کردووە. لە کۆتایی شوباتی "٢٠٢٦" بە مەرسومێکی سەرۆکایەتیی هەرێم بڕیاردرا هێزەکانی یەکەی (٧٠) و (٨٠) لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەدا ناوەکەیان بگۆڕدرێت بۆ دەڤەری یەك و دەڤەری دوو[١٥]. بەشێك لەم هەنگاوە جێبەجێ کراوە و لەدوای ئەو بڕیارەشەوە بە مەبەستی باشتر بەڕێوەبردنی پرۆسەکە چەندین دیداری هاوبەش لەنێوان هاوپەیمانان و وەزارەتی پێشمەرگەدا ئەنجام دراوە. بەڵام، بابەتێك کە مایەی مشتومڕ بوو، بڕینی پشکی وەزارەتی پێشمەرگە بوو لە "سندوقی مەشق و پڕچەککردنی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەمریکا" (CTEF) بۆ ساڵی "٢٠٢٧"، بەڵام وەزارەتەکە لە (٢٠٢٦/٥/٣) لە بەیاننامەیەکدا ئەو زانیارییانەی ڕەتکردەوە کە باسیان لە بڕینی یارمەتییەکانی ئەمریکا دەکرد و ڕوونی کردەوە کە هاوکارییەکان بەپێی یاداشتی لێکتێگەیشتنی هاوبەش بەردەوامن. بەڵکو تەنها ئەو پاڵپشتییانە وەستاون کە پەیوەستبوون بە ئۆپەراسیۆنە ڕاستەوخۆکانی دژی داعش، ئەمەش بەهۆی کەمبوونەوەی قەبارەی داعش و گۆڕانی سروشتی چالاکییەکانیان، بەڵام پشتیوانییە دارایی و لۆجستییەکانی ئەمریکا تا ئەیلولی "٢٠٢٦" بەردەوام دەبن[١٦]. تا ئەو کاتەش دەردەکەوێت پرسی یەکخستنەوەکە و دابەشکردنیان بەسەر دەڤەرەکانی یەك و دوو تا چ قۆناغێك ڕۆیشتووە.

جگە لەوەش، لە بودجەی وەزارەتی جەنگی ئەمریکا بۆ "٢٠٢٦"، کۆتاییهێنان بە پرۆگرامی پاڵپشتی دارایی پێشمەرگەی دیاریکردووە، وەک ئەوەی لە یاداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی جەنگی ئەمریکا و وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمدا هاتووە. ئەم بودجەیە تیشک دەخاتە سەر پێشکەشکردنی ڕاوێژ و ئامادەکاری بۆ دوو فیرقەی تری وەزارەتی پێشمەرگە و دابینکردنی سەرچاوە بۆ خزمەتگوزارییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر[١٧].

بەم پێیە، دوای ئەیلولی "٢٠٢٦"، بەرپرسیارێتیی پاڵپشتیکردنی پێشمەرگە و ئەرکە دارایی و لۆجستییەکان دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق. ئەمەش دوو یەخانگیریی دەخاتەڕوو: یەکەمیان، ململانێ سیاسییەکانی نێوان حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر یەکخستنی هێزەکان و کاریگەریی کشانەوەی هاوپەیمانان لەسەر ئەم پرۆسەیە. دووەمیان، توانای دابینکردنی مووچە و تێچووی ئەم هێزانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەهۆی کێشە بەردەوامەکانی مووچە و بودجە و پشکی هەرێم لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا.



سێلێست وۆلاندەر، یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئەمریکا و شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری کاروباری پێشمەرگە، لە "٢١"ی ئەیلوولی "٢٠٢٢" لە هەولێر، ساتی واژۆکردنی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنی نوێکراوە لەنێوان وەزارەتی جەنگی ئەمریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم یاداشتنامەیە جەخت لە پابەندیی ئەمریکا دەکاتەوە تا ئەیلوولی "٢٠٢٦" بۆ پشتگیریکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، لەنێویاندا هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لە ئەرکی تێکشاندنی داعشدا.

سەرچاوە:

U.S. Department of War https://www.war.gov/Multimedia/Photos/igphoto/2003085927/?utm_source=chatgpt.com

## ٢. مەترسییەکانی داعش لە ناوچە جێناکۆکەکان دوای ئەگەری نەمانی هاوکارییەکانی هاوپەیمانان

ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق -بە دەربڕینی هەرێم "ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان"- کە دەکەوێتە پارێزگاکانی کەرکوك و نەینەوا و سەڵاحەدین و دیالەوە، مێژوویەکیان هەیە وەک پەناگەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و بەدیاریکراوی ڕێکخراوی داعش. سەرکردە تیرۆریستەکانی وەک ئەبوموسعەب زەرقاوی و ئەبوعومەر بەغدادی لەم ناوچانەدا حەشارگەیان هەبووە، هەروەها کەسانی وەک ئەبوبەکر بەغدادی و ئەبوئیبراهیم قورەیشی تێیدا چالاک بوون[١٨]. هەرچەندە، ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق-ئەمریکا سەرکەوتوو بوون لە کردنە ئامانجی

سەرکردەکانی داعش و چەندین سەرکردەی دیاریان لەناوبرد و بەگشتیش تا ساڵی "٢٠٢٥"، مەترسییەکانی داعش لە عێراق کەمبوونەتەوە، بەڵام پاشماوەکانی گروپەکە هێشتا لە ناوچە دوورەدەست و جێناکۆکەکان چالاکن[١٩]. ئێستاش، لە سایەی ئەگەری کشانەوەی هاوپەیمانان و دروستبوونی بۆشایی ئەمنی، داعش تاکتیکی نوێی بەکارهێناوە کە پشت بە "بۆشاییە ئەمنییە کوێرەکان" لە ناوچە دەشتایی و جێناکۆکەکان دەبەستێت. لەگەڵ ئەوەی، گواستنەوەی (٧٠٠٠) چەکداری داعش بۆ زیندانەکانی عێراق لە کانوونی دووەمی "٢٠٢٦"دا، هەنگاوێکی پێشگیرانە بوو بۆ ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی شکاندنی زیندانەکان لە سوریا، بەڵام یەخانگیرییەکی ئەمنی گەورەی بۆ داهاتوو دروستکردووە[٢٠]، چونکە داعش ئەم ناوچانە (دەشتاییەکانی عێراق و شەنگال و زنجیرە چیاکانی حەمرین) وەک حەشارگە و ناوەندی خۆڕێکخستنەوە بەکاردەهێنێت و ئەگەری نەمانی پشتیوانییە ئاسمانی و هەواڵگرییەکانی هاوپەیمانان دەقۆزێتەوە، بەتایبەت کە پاشماوەکانی داعش و شانە نووستووە نهێنییەکانیان لەم ناوچانەدا بەردەوام ئامادەییان هەبووە. لەم نێوەندەدا، هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ئەمنی گرنگ و هاوکار بۆ هێزەکانی ئەمریکا دابین دەکات، کە پشتگیریی حکومەت و خەڵکەکەشی لەگەڵدایە. بۆیە مانەوەی هێزەکان لە هەرێمی کوردستان ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا لە سوریا ئاسان دەکات و توانای چاودێری و بەرپەرچدانەوەی سەربازی لە دژی هەر مەترسییەکی ئەمنیش بەهێزتر دەکات[٢١].

### دووەم: ئاستی سیاسی و سەروەری

### ٣. کاریگەریی نەمانی هاوپەیمانان وەک ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتیی لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ

شارەزایانی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کۆتاییهێنان بە ئەرکی "هاوپەیمانان" لە عێراق بە واتای کشانەوەی تەواوەتی "هێزە ئەمریکییەکان" نایەت، کە زۆرینەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق پێکدەهێنن، بەڵکو گۆڕانکارییەکی ستراتیجییە لە پەیوەندییە ئەمنییەکانی نێوان واشنتۆن و بەغدا، لە قۆناغی نوێ و دواتری ئەم هاوکارییانەدا لەوانەیە جەخت لەسەر ڕاوێژکاری و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بکرێتەوە[٢٢]. لە ڕوانگەیەکی ستراتیجی فراوانتریشەوە، هەرێمی کوردستان و حزب و لایەنە سوننییەکانی عێراق بەردەوامن لە پشتگیریکردنی مانەوەی سەربازیی ئەمریکا، چونکە ئەوان ئەم ئامادەییەی ئەمریکییەکان وەک هاوسەنگییەک بۆ پاراستنی خۆیان لە ئەگەری باڵادەستی شیعە و هەژموونی وڵاتانی دراوسێ و گروپە چەکدارەکانی مقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق دەبینن[٢٣]. هەروەها، لە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا، ئەمریکییەکان هەمیشە ڕۆڵی ناوبژیوانیان گێڕاوە و بەهۆی ئامادەیی سەربازییانەوە، قسە و

بۆچوونەکانیان قورسایی زیاتری هەبووە، بەو پێیەی حکومەتی فیدراڵی باڵادەست و بەهێزتر بووە و حکومەتی هەرێمیش هاوپەیمان و پشتیوانی ئەمریکا بووە، بۆیە کشانەوەیان یان کەمبوونەوەی هێزەکانیان کاریگەریی دەکاتە سەر پێگەی هەرێمی کوردستان. جگە لەوەی، بە نەمانی هاوپەیمانان وەك ناوبژیوان، ڕەنگە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لەسەر بودجە و ماددەی (١٤٠) و بوونی حەشدی شەعبی لە ناوچە جێناکۆکەکان دووبارە توندتر ببێتەوە[٢٤].

**لە ئەیلولی "٢٠٢٤"، بەگوێرەی ڕێککەوتنێکی ئەمنی لەنێوان ئەمریکا و عێراق پلانی کشانەوەی ئەم هێزانە بە دوو قۆناغ دانرا بە مەبەستی کۆتایهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانان لە عێراق.**

**٤. گوشاری لایەنە عێراقییەکان لەسەر کونسوڵخانەکان و نوێنەرایەتییە سەربازییەکان**

چەندین نوێنەرایەتیی دیبلۆماسی و پێگەی سەربازی هاوپەیمانان بەتایبەت ئەمریکییەکان لە عێراقدا هەن کە لەلایەن هێزە سەربازییەکانی خۆیانەوە کۆنترۆڵ کراوە. ئەمەش، لەلایەن بەشێك لە حزب و هێز و لایەنە عێراقییەکانەوە وەك پێشێلکاریی سەروەری عێراق هەژمار دەکرێت و ئێرانیش پێی وایە ئەم شوێنانە بۆ مەبەستی دژایەتیکردنی ئەوان بەکاردەهێنرێن. لەم نێوانەدا هەم عێراق بووەتە گۆڕەپانی پێکدادان و ململانێ و هەم سەروەری خاکەکەی پێشێل دەکرێت.
بەهۆی شەڕ و گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، چەندین دیبلۆماتی ئەمریکا لە جەنگی دوازدە ڕۆژەی "٢٠٢٥" و پاشان جەنگی چل ڕۆژەی "٢٠٢٦"، عێراقیان بەجێهێشت، بەڵام باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداد و کونسوڵخانەکەیان لە هەولێر و بنکەی ئاسمانی هەریر و... هیتریش بەردەوامن لە کارەکانیان. هاوکات، بەشێك لە لایەنە عێراقییەکان گوشاری بەردەوام دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو نوێنەرایەتییە دیبلۆماسیانەی لەژێر کۆنترۆڵی ئەمنی هێزەکانی هاوپەیمانانداندان بگەڕێنرێنەوە ژێر کۆنترۆڵی تەواوەتی هێزە ئەمنییەکانی عێراق[٢٥]. تەنانەت، لە جەنگی چل ڕۆژەدا، تەواوی ئەم بنکە سەربازی و نوێنەرایەتییە دیبلۆماسیانە بوونە ئامانجی هێرشی ئێران و گروپەکانی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق. جگە لەوەی، هەم ئەم گروپانە و هەم ئێرانییەکان پێیان وایە ئەمریکا ئەم شوێنانە وەک بنکەیەکی سەربازی بەکاردەهێنێت و هاوکاریی حزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی ئێرانی لێوە دەکات و سەروەری خاکی عێراق پێشێل دەکات[٢٦].

لەبەر ئەم فاکتەرانە، لایەنە سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەتی ئەوانەی نزیکن لە ئێران، جەخت لە کۆتایپهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانان دەکەنەوە. لەم بارەیەوە، کاتێك لە کانوونی دووەمی "٢٠٢٦" هێزەکانی ئەمریکا کشانەوەی خۆیان لە بنکەی عەین ئەلئەسەد ڕاگەیاند، خودی عەباس عێراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ هاوتا عێراقییەکەی، فواد حوسێن، ڕایگەیاند کە "تاران خۆشحاڵە بە چۆڵکردنی هێزە ئەمریکییەکان لە بنکەی ئاسمانی عەین ئەلئەسەد لە ڕۆژئاوای عێراق" و ئەم کارەی وەک "هەنگاوێک بۆ چەسپاندنی سەربەخۆیی و سەروەریی سیاسی عێراق" لە قەڵەمدا[٢٧].

**سێیەم: ئاستی هەرێمایەتی**

**٥. زیادبوونی دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری هەرێمی کوردستان**

دوای کشانەوەی هاوپەیمانان بۆشاییەکی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، کە ڕەنگە وڵاتانی دراوسێ هەوڵی پڕکردنەوەی بدەن، بەتایبەت کاتێك کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بەردەوامی هەبێت:

- **ئێران**: ئەم وڵاتە، وای دەبینێت هەرێمی کوردستان لە دوو لایەنەوە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی وڵاتەکەی، ئەوانیش: بوونی بنکەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکییەکان، لەگەڵ بوونی حزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان. دەرئەنجامەکانی ئەم تێڕوانینە بەتایبەت لە جەنگی چل ڕۆژەدا چڕتربووەوە، چونکە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگەکەدا ئێران و گروپە چەکدارەکانی نزیك لە ئێران لە عێراق هێرشەکانیان لە ناوخۆی عێراق بۆ سەر بنکەی ئەمریکی و هاوپەیمانان و حزبە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران چڕکردەوە. ئەمریکا و ئیسرائیلیش گروپە چەکدارەکانی نزیك لە ئێرانیان لە عێراق کردە ئامانج. لەم نێوانەدا هەرێمی کوردستان زیانێکی گەورەی بەرکەوت بەهۆی ئەوەی بوو بە گۆڕەپانێکی سەرەکی جەنگەکە، چونکە تەنها لەنێوان "٢٨"ی شوباتی "٢٠٢٦" و "٢٤"ی نیسانی "٢٠٢٦"دا، کۆی هێرشەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان گەیشتە زیاتر لە (٨٠٩) هێرش کە جگە لە زیانی ماددی بووە هۆی کوژرانی (٢٢) کەس و برینداربوونی (١٠١) کەسی تر[٢٨]. ئامانجی ئەم هێرشانەش بریتی بوون لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، کونسوڵخانەی ئەمریکا، بنکەی ئاسمانی هەریر، بارەگاکانی پێشمەرگە، نوێنەرایەتییە دیبلۆماسییەکان، کێڵگەکانی وزە و کەمپ و بنکەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران[٢٩]. تەنانەت، دوای ئاگربەستی کاتیی نێوان ئەمریکا و ئێران، هێرشەکان بۆ سەر کەمپ و بنکەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بەردەوام بوون.

- **تورکیا**: تورکیاش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، نزیکەی سێ دەیەیە ئامادەیی

سەربازیی لە هەرێمی کوردستان هەیە و لە ساڵی "٢٠٢٢"شەوە لە چواچێوەی ئۆپەراسیۆنی "چنگ قفڵ" بەردەوام کاری لەسەر بەرفراوانکردنی بنکە و بارەگا سەربازییەکانی کردووە. بەڵام، دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا کە لەلایەن تورکیاوە بە "تورکیای بێ تیرۆر" ناودەبرێت و بڕیاری ساڵی "٢٠٢٥"ی پەکەکە بۆ دانانی چەک و ئەو هەنگاوانەی بۆ جێبەجێکردنی نراون، ڕەنگە ببێتە هۆی گۆڕانکاریی لە هەڵوێست و ئامادەیی تورکیادا[٣٠]. بەڵام بەو پێیەی هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەیە لە سەرەتادایە و کێشەی هێزەکانی سوریای دیموکرات "هەسەدە" لە سوریا چارەسەر نەبووە و هێزەکانی پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاك)، کە باڵی درێژکراوەی پەکەکەی ئێرانە و ئەندامە لە کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)، کە ڕێکخراوی چەتری کۆکەرەوەی حزبە ئاپۆچییەکانە، لە دەرەوەی پرۆسەی چەکداماڵینەکە ماوەتەوە، بۆیە تورکیا بەردەوام دەبێت لەسەر پەیوەندییە ستراتیجییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، تاکو پلان و ئەجێنداکانی خۆی لەبارەی پرۆسەی ئاشتییەوە جێبەجێ بکات.

**تەوەرەی سێیەم: ئایندەبینی و سیناریۆکان**

لەم تەوەرەیەدا، سەبارەت بە ئایندەی هێزەکانی هاوپەیمانان دوای ئەیلولی "٢٠٢٦" و لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان سێ سیناریۆمان داڕشتووە، لەسەر بنەمای گۆڕاوەکانی، وەك: ئاستی مەترسییە ئەمنییەکان دوای کشانەوە، ڕێژەی سەرکەوتنی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە، هەڵوێستی حکومەتی فیدراڵی بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم و ئاستی دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ. سەرباری ئەوەی، پێشبینیکردنی ئەم بابەتە بەهۆی ململانێکانی ئەمریکا و ئێران ئاسان نییە و ڕەنگە لە ئەگەری ڕوودانی هەر پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراودا هیچ یەکێك لەم سیناریۆیانە نەیەنە دی:

**سیناریۆی یەکەم: بەردەوامبوونی هەماهەنگی و پشتیوانییەکان**

لەم سیناریۆیەدا، کە زۆرترین ئەگەری ڕوودانی هەیە، واشنتۆن دوای ئەیلولی "٢٠٢٦" بەردەوام دەبێت لە ئامادەیی سەربازی و هەواڵگریی خۆی لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش، ڕەنگە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی نوێی دووقۆڵیدا بێت لەگەڵ هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، بەجۆرێک کە ئەرکە ستراتیجییەکان دەگۆڕێن، بەڵام بنکە سەربازییەکان بە چالاکی دەمێننەوە.

ئەم سیناریۆیە، دوو پاڵنەری سەرەکی هەیە، ئەوانیش: یەکەم، ئەمریکا لە دیدگای ستراتیجی خۆیدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر "٢٠٢٦" باس لە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هاوبەشەکاندا دەکات، بۆ ئەمەش پێویستی بە هەر یەکێك لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی دەبێت وەك هاوبەشێکی ستراتیجی[٣١]. هەروەها، لە بودجەی وەزارەتی

جەنگی ئەمریکادا بۆ ساڵی "٢٠٢٧" لە چوارچێوەی "سندوقی مەشق و پڕچەککردنی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر – Counter-ISIS Train and Equip Fund” (CTEF) بڕی (١١٩) ملیۆن دۆلاری بۆ عێراق تەرخانکردووە. ئەمەش نیشانەی پابەندی درێژخایەنی ئامادەیی سەربازی ئەمریکایە لە عێراقدا[٣٢]. دووەم، خواستی حکومەتی عێراق بۆ درێژەدان بە کاری هاوبەش لەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی هاوپەیمانان بەردەوامی هەیە، بۆ نمونە لە کانوونی یەکەمی "٢٠٢٥"، وەزیرانی بەرگری هۆڵەندا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا سەردانی بەغدا و هەولێریان کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕێککەوتننامە ئەمنییەکان. ئەوکات فواد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق، ڕایگەیاند "ئێستا گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی تری وەک فەڕەنسا بۆ ئەم مەبەستە بەردەوامە"[٣٣]. دوای ئەمەش چەندین جاری دیکە بەرپرسانی باڵای عێراق و هەرێمی کوردستان باسیان لە خواستی درێژەدان بە هاوکاری و پەیوەندییە ئەمنییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیماناندا کردووە و کۆتا ئاماژەش لەم بارەیەوە، لە کارنامەکەی (عەلی زەیدی)دا هاتووە کە لە سەرەتای ئایاری "٢٠٢٦" بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەتی فیدراڵی پێشکەشی کرد، کە تێیدا خواستی حکومەتی عێراق بۆ درێژەدان بە ڕێککەوتنی ستراتیجی لەگەڵ ئەمریکا نیشان دەدات[٣٤].

**کە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی زۆرترین لێکەوتەی ئەم کشانەوەیەی بەردەکەوێت: لەلایەکەوە، بەهۆی پێگەی جوگرافی هەرێمی کوردستان کە ئامانجی هێرشە درۆنی و مووشەکییەکانی بەشێك لە گروپەکانی بەرەی مقاوەمەی ئیسلامی عێراقییە، لەگەڵ بوونی ناوچە جێناکۆکەکان کە بووەتە پەناگەیەك بۆ شانە نووستووەکانی داعش و بنکەیەك بۆ ئەو گروپانە کە لێیەوە هێرش دەکەنە سەر هەرێمی کوردستان. لەلایەکی تریشەوە، پێگەی سیاسی هەرێم لەژێر کاریگەریی ئەکتەرە ناوخۆی و دەرەکییە نەیارەکاندایە.**

هاوکات، ئەم سیناریۆیە چەندین بەربەستیشی هەن، لەوانە: یەکەم، چڕبوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان، ڕەنگە ببێتە مایەی نیگەرانبوونی حکومەتی فیدراڵی عێراق و وا هەست بکەن زیاتر پشتیوانی هەرێمی کوردستان دەکەن[٣٥]. دووەم، ڕەنگە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی ئارام و سەلامەت نەبێت و ئەم هێزانە قەبارەی ئامادەییان لە هەرێمی کوردستان و عێراق کەمبکەنەوە بەتایبەت بەهۆی هێرشی بەردەوامی گروپەکانی

مقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق بۆ سەر بنکە و بارەگاکانیان[٣٦]. سێیەم، کێشە و ململانێ ناوخۆییەکان هەم لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێم هەم لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا، وادەکات نەتوانن بە پرۆژەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان‌دا بکەن[٣٧].

لە ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیەدا، هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەن پێگەیەکی بەهێزتر لە دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، پرۆسەی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە خێراتر دەبێت و توانای هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش زیاد دەکات.

**سیناریۆی دووەم: کشانەوەی تەواوەتی**

لەم سیناریۆیەدا، کە ئەگەری ڕوودانی مامناوەندە، هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەیلولی "٢٠٢٦" بە تەواوەتی دەکشێنەوە. پەیوەندییە ئەمنییەکان تەنها لە ئاستی ڕاوێژکاریی دیبلۆماسی و ئاڵوگۆڕی زانیاریدا دەمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ هێزێکی سەربازی هاوپەیمانان لە ناوخۆدا ئامادەییان هەبێت.

ئەم سیناریۆیە، چەند پاڵنەرێکی لە پشتەوەیە، وەك: یەکەم، لاوازبوونی شەرعیەتی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم دوای زیاتر لە ساڵ و نیوێك لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و لاوازبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان لای واشنتۆن. دووەم، داهات و ئابوری عێراق (٩٥٪) پشت بە نەوت دەبەستێت و لە ئەگەری دابەزینی نرخی نەوتدا عێراق تووشی ناسەقامگیریی دەبێت و توانای دابینکردنی تێچووە ئەمنییەکانی کەمدەبێتەوە. سێیەم، ئەو لایەنە سیاسیانەی عێراق کە لە ئێرانەوە نزیکن، بەردەوام فشار دەکەن بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانان. چوارەم، ئەم ئیدارەیەی ئەمریکا لە "ستراتیجی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەمریکا "٢٠٢٦" لە چەندین شوێندا باس لە کۆتاییهێنان بە "جەنگە ناکۆتاکان" دەکات و ئیدارەی بایدن تۆمەتبار دەکات بەوەی درێژەی بەم جەنگانە داوە، ئەمەش ئەگەری کشانەوەی یەکجاری زیاتر دەکات[٣٨].

هاوکات، چەندین بەربەست لە بەردەم ئەم سیناریۆیەدا هەیە، لەوانە: یەکەم، ئەگەری کشانەوەی هاوپەیمانان لە ناوچەکە، هاوتەریب بە گواستنەوەی (٧٠٠٠) چەکداری داعش بۆ زیندانەکانی عێراق لە "٢٠٢٦"، بۆشایی ئەمنی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا دروست دەبێت و وادەکات داعش سوود لەو بۆشاییە ئەمنییە وەربگرێت و دووبارە سەرهەڵبداتەوە[٣٩]. دووەم، لەم کاتەدا کە ئەمریکا و هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان ئامادەن، بەگوێرەی داتاکانی "فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان" تەنها لە ماوەی دوو مانگی یەکەمی جەنگی ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێران (٢٠٢٦)، ئێران و گروپەکانی نزیك لە ئێران (٨٠٩) هێرشیان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە[٤٠]، ئەگەر لە هەرێم بکشێنەوە

ئەوا دەستوەردانی ئێران لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت و ئەمەش لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەواندا یەکناگرێتەوە.
لە ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیەدا، بۆشایی ئەمنی لە ناوچە جێناکۆکەکان لەلایەکەوە مەترسی داعش گەورەتر دەکات، لەلایەکی تر مەترسی پێکدادانی نێوان هێزە عێراقییەکان و پێشمەرگە زیاتر دەبێت. هەروەها پێگەی دانوستانی حکومەتی هەرێم بەرامبەر حکومەتی فیدراڵی لاواز دەبێت.

**سیناریۆی سێیەم: مانەوەی بارودۆخەکە وەك خۆی**

لەم سیناریۆیەدا، کە ئەگەری ڕوودانی لاوازە، ئەم بارودۆخە سەربازییەی ئێستای هاوپەیمانان و ئەمریکا وەك خۆی دەمێنێتەوە، بە لایەنی کەمەوە لە کورت مەودادا. پاڵنەرەکانی ئەم سیناریۆیە بریتییە لە: یەکەم، ناسەقامگیری و نائارامی دۆخی ناوخۆی عێراق. دووەم، ئەگەری درێژەکێشانی ململانێکانی ئەمریکا و ئێران. سێیەم، خواستی هەردوو ئیدارەی ئەمریکا و حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مانەوەی ئەم هێزانە. چوارەم، ئەگەری زیادکردنی چالاکی و جموجۆڵەکانی داعش.

> **لە ئایاری "٢٠٢٤"، ئەمریکا و عێراق ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستر اتیجییان ئەنجامدا سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە عێراق. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە بەشێک لە هێزەکان پێش ئەیلولی "٢٠٢٥" کشانەوە و ئەو انی تریش تا کۆتایی "٢٠٢٦" لە ئەرکەکانیان بەردەوام دەبن.**

بەربەستەکانی بەردەم ئەم سیناریۆیە: یەکەم، فشاری ئێران و بەشێك لە لایەنە عێراقییەکان بۆ دەرچوونی ئەم هێزانە لە خاکی عێراق. دووەم، نەمانی مەترسی تیرۆر و داعش. سێیەم، لاوازبوونی ئەمریکا لە ناوچەکە. چوارەم، هێرش و پەلاماری بەردەوام بۆ سەر هێزەکانیان و ناچارکردنیان بە کشانەوە.
لەم سیناریۆیەدا، هەرێمی کوردستان هاوشێوەی ئێستا وەك گۆڕەپانی ململانێکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و لایەنە نەیارەکانی ئەمریکا دەمێنێتەوە. هاوکات، بەهۆی هەستکردن بە پشتیوانی نێودەوڵەتیی هەست بە پارێزراوی زیاتر دەکات.

**تەوەرەی چوارەم: دەرهاویشتە ستراتیجییەکان و پێشنیازەکان**

ئەم تەوەرەیە پوختەی دەرهاویشتە ستراتیجییەکانی قۆناغی دوای ئەیلولی "٢٠٢٦" دەخاتەڕوو، لەڕێگەی هاوسەنگکردنی مەترسییە ئەمنییەکان و ئەو دەرفەتە سیاسیيانەی دەکرێت بقۆزرێنەوە. هەروەها، کۆمەڵێک پێشنیاریش بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی پێگەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی قەوارەکە پێشکەش دەکات.

**یەکەم: مەترسییەکان و دەرفەتەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە قۆناغی دوای "٢٠٢٦"**

بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی لە ئەیلولی "٢٠٢٦"دا دیمەنێکی ستراتیجی ئاڵۆزی بۆ هەرێم دروستکردووە. ئەم قۆناغە لەلایەک مەترسییە ئەمنییەکان دەردەخات و لەلایەکی تریشەوە دەرفەتێکە بۆ گۆڕینی ستراتیجیی خۆپارێزی و بەهێزکردنی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

> **پڕۆسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە یەکێکە لەو کۆڵەکانەی کە داهاتووی ئەمنیی هەرێمی کوردستانی پێوە بەستراوەتەوە، بەتایبەتی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەیلولی "٢٠٢٦".**

**١. لەبارەی مەترسییەکانەوە**

- **لە ئاستی ئەمنی و سەربازی:** گەورەترین مەترسی بریتییە لە داعش، کە هەرچەندە لەڕووی سەربازییەوە لاواز بووە، بەڵام بەردەوامە لە دروستکردنی تۆڕی کارکردن لە ناوچە جێناکۆکەکاندا و سوود لە بۆشاییە ئەمنییەکانی نێوان هێزەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و هێزەکانی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت و دەست دەکات بە چالاکی و جموجۆڵ. هەروەها، نەمانی هاوکاری ئاسمانی و هەواڵگریی هاوپەیمانان ئەم بۆشاییە قووڵتر دەکات و دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەماهەنگییە ئەمنییەکانی نێوان هێزە فیدراڵییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە.
- **لە ئاستی سیاسی:** کشانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانان وەک ناوبژیوان و پارێزەرێکی ناوخۆیی، کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی توندتر دەکاتەوە، بەتایبەت کە لە کارنامەکەی (عەلی فالح زەیدی) بۆ کابینەی تازەی حکومەتی فیدراڵی، هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ چارەسەرکردنی پرسی بودجە و مووچەی هەرێم و ماددەی (١٤٠) و دۆسیەی نەوت[٤١]. سەرەڕای ئەوەش، تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵ و نیوێك بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی

کوردستاندا بەبێ پێکهێنانی حکومەت، هەرێمی کوردستانی ڕووبەڕووی یەخانگیریی سیاسی و ئابوری کردووەتەوە.

- **لە ئاستی هەرێمایەتی**: هەرێم زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی وڵاتانی دراوسێ و هەم لەلایەن ئێرانەوە گوشار لەسەر حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد دەکات، هەم لەلایەن تورکیاوە بەهۆی بوونی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاك) لەناو "هاوپەیمانیی حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" کە لە کۆتایی شوباتی "٢٠٢٦"دا لەنێوان حزبە کوردییە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا دروست بوو، چونکە تورکیا، پژاك بە درێژکراوەی پەکەکە دەزانێت بەو پێیەی ئەندامی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)یە.

### ٢. لەبارەی دەرفەتەکانەوە

لەگەڵ ئەم مەترسییانەشدا، قۆناغی دوای ئەیلولی "٢٠٢٦" هەندێک دەرفەتی ستراتیجی بۆ هەرێمی کوردستان دەرەخسێنێت:

- لە کۆتایی شوباتی "٢٠٢٦" مەرسومی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەرچوو بۆ ئەوەی هێزەکانی یەکەی (٧٠) و (٨٠) بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و ناوەکەیان بگۆڕدرێت بۆ دەڤەری یەك و دەڤەری دوو[٤٢]. بەمەش، ئەگەر پرسی کشانەوەی هاوپەیمانان ببێتە پاڵنەری سەرەکی بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ئەوا ئەم هەنگاوە گرنگە دەبێتە بنەمایەکی ستراتیجی ئەمنی بۆ بەرگریکردن لە هەرێم لە غیابی ئەمریکا و هاوپەیمانان‌اندا.

- دەکرێت هەرێم پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانان‌اندا لەڕووی دیبلۆماسی و ئابوری و کەرتەکانی دیکەوە پتەوتر و بەرفراوانتر بکات، بەجۆرێك لاوازبوونی سروشتی پەیوەندییە سەربازی و ئەمنییەکە بە بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسی و ئابورییەکە قەرەبوو بکاتەوە.

- دەکرێت ئەمە دەرفەتێك بێت بۆ ئەوەی هەرێم وەك ناوەندێکی دیبلۆماسی ناوچەیی دەربکەوێت و لە کەرتەکانی دیکەی وەبەرهێناندا پەرە بە خۆی بدات، لەبەر ئەم خاڵانە: یەك، پەیوەندییەکانی هەرێم و کەنداو بەرەو هاوبەشییەکی ستراتیجی ئابوریی فراوان لە کەرتەکانی وزە و کشتوکاڵ و ژێرخان هەنگاو دەنێت. ئەگەر تەنها ئیمارات بە نمونە وەربگرین دەبینین ئەو وڵاتە (نوێنەری ئابوری بۆ هەرێم) دیاریکردووە بە مەبەستی زیادکردنی وەبەرهێنانی وڵاتەکە لە هەرێم بۆ سەرووی (٣) ملیار دۆلار[٤٣]. دوو، هەرێمی کوردستان لە گرژییەکانی نێوان حکومەتی ڕاگوزەری سوریا و "هەسەدە"دا لە سەرەتای "٢٠٢٦"دا ڕۆڵی ناوبژیوانی بینی، کە دەکرێت هەرێم ئەم مۆدێلە ڕۆڵگێڕانە دیبلۆماسییە ناوچەییە بەرفراوانتر بکات. سێ، هەوڵەکانی واشنتۆن بۆ دووبارەکردنەوەی بۆری نەوتی هەرێم بۆ تورکیا لە ساڵی "٢٠٢٥"دا، نیشانەی ئەوەیە کە هەرێم توانای ئابوریی هەیە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیی

ناوچەیی گەورەتر[٤٤]. چوار، ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران بەهۆی فشارەکانی ئەمریکاوە لاواز ببێت، ئەوا هەرێمی کوردستان دەتوانێت وەک ناوەندێکی دیبلۆماسی نوێ لە ناوچەکەدا ڕۆڵی زیاتر بگێڕێت.

- بەهۆی بەردەوامی ستراتیجی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و توندڕەوی و ململانێکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا، هەرێمی کوردستان وەک ناوەندێکی دیفاکتۆ بۆ چالاکییە سەربازییەکانی ئەمریکا دەمێنێتەوە. ئەمەش، پێگەی هەرێم هاوشێوەی ئێستا لەڕووی جیۆپۆلەتیکی و نێودەوڵەتییەوە بە بەهێزی و گرنگی دەهێڵێتەوە.

> **شارەزایانی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کۆتاییهێنان بە ئەرکی "هاوپەیمانان" لە عێراق بە واتای کشانەوەی تەواوەتی "هێزە ئەمریکییەکان" نایەت، کە زۆرینەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق پێکدەهێنن، بەڵکو گۆڕانکارییەکی ستراتیجییە لە پەیوەندییە ئەمنییەکانی نێوان واشنتۆن و بەغدا، لە قۆناغی نوێ و دواتری ئەم هاوکارییانەدا لەوانەیە جەخت لەسەر ڕاوێژکاری و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بکرێتەوە.**

**دووەم: پێشنیازەکان**

**١. بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان:** لەبەر ئەگەری کەمبوونەوەی ڕۆڵی هاوپەیمانان، باشترە پرۆسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە خێراتر بکرێت و وەزارەتی پێشمەرگە دووربخرێتەوە لە ململانێ سیاسییەکان، بەتایبەت پنتاگۆن و کۆنگرێسی ئەمریکا پێویستیان بەوەیە ببینن ئەو بودجەیەی بۆ پێشمەرگە تەرخانیان کردووە بووەتە هۆی پێشکەوتن لە چاکسازییەکانی ئەو هێزەدا. لەپاڵ ئەوەشدا، باشترە هەرێم هەماهەنگییەکانی لەگەڵ وڵاتانی وەک بەریتانیا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا و فەڕەنسا بەرفراوانتر بکات. لە پەیوەندییەکانی دەرەوەشدا "فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان" و "نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە" ڕەنگدانەوەی تەواوی هەرێمی کوردستان و دامودەزگا فەرمییە شەرعییەکانی بێت نەك حزبێکی سیاسی دیاریکراو.

**٢. بۆ حزب و لایەنە سیاسییەکان:** حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێم باشترە گوتارێکی دیبلۆماسی یەکگرتوویان بەرامبەر حکومەتی فیدراڵی هەبێت و هەمووان ڕێکبکەون لەسەر داڕشتنی ستراتیجێکی هاوبەش و نیشتمانی و یەکگرتوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەرەوە. هەروەها، هەموویان هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ چالاکترکردنی لیژنە و

ئۆپەراسیۆنە هاوبەشە سەربازی و ئەمنییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی.
**٣. بۆ دیبلۆماسی هەرێم**: باشترە ئەولەویەت بدرێت بە یارمەتیدانی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئۆپەراسیۆنەکانیان دژی تیرۆر (داعش) لە سوریا و عێراق، و ڕەخساندنی زەمینە و ئامادەکاری بۆ یاداشتنامەیەکی دیکەی لێکتێگەیشتن لە دوای ئەیلولی "٢٠٢٦"، لەگەڵ کردنەوەی دەرگای هەرێمی کوردستان بەڕووی وڵاتانی دراوسێ و کەنداو و ڕۆژئاوا بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری، هاوتەریب بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان.

**پوختە و ئەنجامگیری**

ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی لە ئەیلولی "٢٠٢٦" لە عێراق، جگە لە گۆڕانکارییە سەربازییەکان، وەرچەرخانێکی جیۆپۆلەتیکیش دروست دەکات و هەرێمی کوردستان دەخاتە ناو جەرگەی هاوکێشەیەکی تێکەڵ بە مەترسی و دەرفەت. یەخانگیرییەکانی ئەم کشانەوەیە بۆ هەرێمی کوردستان بریتین لە سەرهەڵدانەوەی مەترسییەکانی داعش و گروپە چەکدارەکان لە بۆشاییە ئەمنییەکانی ناوچە جێناکۆکەکان، بەهۆی نەمانی پشتیوانیی هەواڵگری و ئاسمانی و لاوازبوونی پێگەی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە پرسە چارەنووسسازەکانی وەک بودجە و نەوت و ماددەی (١٤٠) و زیادبوونی گوشار و دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆیی هەرێم. سەرەڕای ئەم مەترسییانە، ئەم قۆناغە هاوکات دەکرێت ببێتە دەرفەتێکی نیشتمانیش بۆ هەرێمی کوردستان تاوەکو لەڕێگەی خێراکردنی پرۆسەی یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لەگەڵ وڵاتانی بڕیاربەدەست و یەکخستنی گوتاری سیاسی بەرامبەر حکومەتی فیدراڵی، قەوارە دەستوورییەکەی بپارێزێت. سەرئەنجام، وەك خۆئامادەکردنێك بۆ ئەگەری کشانەوەی هاوپەیمانان گرنگە هەرێمی کوردستان ستراتیجیبوون بە ناوەندێکی دیبلۆماسی و ئابوری و وەبەرهێنان پەیڕەو بکات بە پابەندبوون بە یەکڕیزیی ناوخۆیی وەك بەهێزترین گرەنتی بۆ مانەوە و سەقامگیربوون لە جەرگەی هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە و ململانێکانی زلهێزاندا.

لیستی سەرچاوەکان

١ - Congressional Research Service، Iraq، IF10404، Congress.gov، 09/29/2025: https://www.congress.gov/crs-product/IF10404 [Accessed; 20/4/2026].

٢ - Iraq Completes Withdrawal of US-Led Coalition from Federal Bases، Transitions to Bilateral Security Ties، Kurdistan 24، 18/01/2026: https://www.kurdistan24.net/en/story/888154 [Accessed; 20/4/2026].

٣ - Iraq to End Coalition Mission in Baghdad and Ain al-Asad by September، Advisor Says، Kurdistan24، August17،2025:https://www.kurdistan24.net/en/story/858342[Accessed;20/4/2026].

٤ - Mohammed A. Salih، Redeployment or Withdrawal: Evaluating U.S. Troop Drawdown in Iraq، Gulf International Forum، October 27، 2025: https://gulfif.org/redeployment-or-withdrawal-evaluating-u-s-troop-drawdown-in-iraq [Accessed; 20/4/2026].

٥ - Pentagon Confirms U.S. Troop Reduction in Iraq، Transitioning Mission to Erbil and Syria، Kurdistan24، October 1، 2025: https://www.kurdistan24.net/en/story/866862 [Accessed; 22/4/2026].

٦ -US-Iraq deal to begin troop withdrawal by 2025، full exit by 2026، L'Orient Today، September 7، 2024: https://today.lorientlejour.com/article/1426373 [Accessed; 23/4/2026].

٧ - PBS NewsHour، U.S. troops will leave some bases in Iraq under deal to end mission fighting Islamic State، September 27، 202: https://www.pbs.org/newshour/world/us-troops-will-leave-some-bases-in-iraq-under-deal-to-end-mission-fighting-islamic-state [Accessed; 24/4/2026].

٨ - Michael Knights، After Operation Inherent Resolve: The Future of U.S.-Iraq Security Relations، The Washington Institute for Near East Policy، September 24، 2025: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/after-operation-inherent-resolve-future-us-iraq-security-relations [Accessed; 24/4/2026].

٩ - دەقی کارنامەی کابینەکەی عەلی زەیدی، ماڵپەڕی کەناڵ ٨، ٧ی ئایاری ٢٠٢٦: https://channel8.com/kurdish/news/203878 [سەردان: 9/5/2026].

١٠ - US withdraws from Iraq's Ain al-Asad Airbase، maintains presence in Kurdistan region، The Jerusalem Post، January 19، 2026: https://www.jpost.com/middle-east/article-883842 [Accessed; 26/4/2026].

١١ - Michael Knights، After Operation Inherent Resolve: The Future of U.S.-Iraq Security Relations، Ibid. [Accessed; 26/4/2026].

١٢ - US-Iraq deal to begin troop withdrawal by 2025، full exit by 2026، Ibid. [Accessed; 26/4/2026].

١٣ - Iran War: Iraqi Kurdistan's Uniquely Fraught Position، Foreign Policy، March 31، 2026: https://foreignpolicy.com/2026/03/31/iraq-iran-war-kurdistan [Accessed; 29/4/2026].

١٤ - 2025 National Security Strategy. Washington، DC: The White House، December 2025: https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-Security-Strategy.pdf [Accessed; 29/4/2026].

١٥ - سۆران حوسێن، وەزارەتی پێشمەرگە: ئێستا لەمپەری بەردەم یەکخستنی پێشمەرگە لاچووە، ماڵپەڕی کەناڵی رووداو، ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٦: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2702202611 [سەردان:

[1/5/2026].
١٦ - ڕاگەیەندراوێک لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایاری ٢٠٢٦: https://shorturl.at/sGy2S [سەردان: 5/5/2026].
١٧ - Counter-ISIS Train and Equip Fund (CTEF) FY2026 Budget Justification، U.S. Department of Defense، 2026: https://comptroller.war.gov/Portals/45/Documents/defbudget/FY2026/FY2026_CTEF_J-Book.pdf [Accessed; 9/5/2026].
١٨ - Michael Knights، Peshmerga Reforms: Navigating Challenges، Forging Unity، Foreign Policy Research Institute، October 31، 2023: https://www.fpri.org/article/2023/10/peshmerga-reforms-navigating-challenges-forging-unity [Accessed; 27/4/2026].
١٩ -Congressional Research Service (CRS)، Ibid. [Accessed; 1/5/2026].
٢٠ - Iraq: Security Risk Assessment and Terrorist Threat in 2026، Special Eurasia، February 1، 2026: https://www.specialeurasia.com/2026/02/01/iraq-security-terrorism-risk [Accessed; 3/5/2026].
٢١ - Caleb Weiss and others، Remaining، Waiting for Expansion (Again): The Islamic State's Operations in Iraq and Syria، Hudson Institute، December 5، 2024: https://www.hudson.org/international-organizations/remaining-waiting-expansion-again-islamic-states-operations-iraq-syria [Accessed; 7/5/2026]. And Mohammed A. Salih، Ibid. [Accessed; 7/5/2026].
٢٢ - US Forces to Stay in Kurdistan Region Until 2026 Despite Iraq-Wide Drawdown، Kurdistan 24، August 20، 2025: https://www.kurdistan24.net/en/story/858989 [Accessed; 8/5/2026].
٢٣ - Mohammed A. Salih، Ibid. [Accessed; 9/5/2026].
٢٤ - Baghdad Announces Withdrawal of US-Led Coalition from Iraq Except Kurdistan، The Arab Weekly، January 19، 2026: https://thearabweekly.com/baghdad-announces-withdrawal-us-led-coalition-iraq-except-kurdistan [Accessed; 10/5/2026].
٢٥ - Iraq Announces Full Withdrawal of US-Led Coalition from Non-Kurdish Regions، Times of Israel، January 18، 2026: https://www.timesofisrael.com/iraq-announces-full-withdrawal-of-us-led-coalition-from-non-kurdish-regions [Accessed; 10/5/2026].
٢٦ - Seth J. Frantzman، With Iraqi Militia Attacks on US Forces، Iraq Edges Toward Iran War Frontline، Jerusalem Post، March 2، 2026: https://www.jpost.com/middle-east/iran-news/article-888439 [Accessed; 10/5/2026].
٢٧ - Baghdad Announces Withdrawal of US-Led Coalition from Iraq Except Kurdistan، Ibid. [Accessed; 10/5/2026].
٢٨ - Despite the Ceasefire، Iran and Affiliated Groups Continue Attacks on the Kurdistan Region of Iraq، community Peacemaker Teams، April 24، 2026: https://cpt.org/2026/04/24/despite-the-ceasefire-iran-and-affiliated-groups-continue-attacks-on-the-kurdistan-region-of-iraq [Accessed; 11/5/2026].
٢٩ - Ahmad Sharawi، Iran's War Against Regional States: UAE Bore the Brunt، Iraqi Kurdistan Still Under Fire، FDD's Long War Journal، April 2026: https://www.longwarjournal.org/archives/2026/04/irans-war-against-regional-states-uae-bore-the-brunt-iraqi-kurdistan-still-under-fire.php [Accessed; 11/5/2026].
٣٠ - Congressional Research Service (CRS)، Ibid. [Accessed; 11/5/2026].

٣١ -2026 United States Counterterrorism Strategy، The White House، Washington، DC، May 2026: https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2026/05/2026-USCT-Strategy-1.pdf [Accessed; 12/5/2026].
٣٢ - Office of the Under Secretary of Defense (Comptroller)، Department of Defense Fiscal Year 2027 Budget Request Overview، U.S. Department of Defense، Washington، DC، 2026: https://comptroller.war.gov/Portals/45/Documents/defbudget/FY2027/FY2027_Budget_Request_Overview_Book.pdf [Accessed; 14/5/2026].
٣٣ - After the Coalition: Evaluating the Next Steps for Foreign Forces in Iraq and Syria، New Lines Institute، January 3، 2026: https://newlinesinstitute.org/global-security-mil-priorities/after-the-coalition-evaluating-the-next-steps-for-foreign-forces-in-iraq-and-syria [Accessed; 14/5/2026].
٣٤ دەقی کارنامەی کابینەکەی عەلی زەیدی، سەرچاوەی پێشوو. [سەردان: ٢٠٢٦/٥/٩].
٣٥ - Michael Knights، After Operation Inherent Resolve: The Future of U.S.-Iraq Security Relations، Ibid. [Accessed; 14/5/2026].
٣٦ - Baghdad in the Crosshairs Again، IPS Journal، April 2026: https://www.ips-journal.eu/topics/foreign-and-security-policy/baghdad-in-the-crosshairs-again-8951 [Accessed; 11/5/2026].
٣٧ - Political Deadlock Has Left Iraq's Kurdistan Region Dangerously Exposed Amid Iran War، Chatham House، April 29، 2026: https://www.chathamhouse.org/2026/04/political-deadlock-has-left-iraqs-kurdistan-region-dangerously-exposed-amid-iran-war [Accessed; 11/5/2026].
٣٨ -2026 United States Counterterrorism Strategy، Ibid. [Accessed; 15/5/2026].
٣٩ - Iraq: Security Risk Assessment and Terrorist Threat in 2026، Ibid. [Accessed; 15/5/2026].
٤٠ - هێرشی درۆنی و مووشەکی کراوەتە سەر هەرێمی کوردستان و ٢٠ هاووڵاتی شەهید بوون، فەرمانگەی میدیا و زانیاری، حکومەتی هەرێمی کوردستان، نیسانی ٢٠٢٦: https://shorturl.at/hu0pK [سەردان: 4/5/2026].
٤١ - دەقی کارنامەی کابینەکەی عەلی زەیدی، سەرچاوەی پێشوو. [سەردان: ٢٠٢٦/٥/٩].
٤٢ - سۆران حوسێن، سەرچاوەی پێشوو. [سەردان: ٢٠٢٦/٥/٢].
٤٣ - سەروەر محمد عبداللە، پەیوەندییەکانی کەنداو و هەرێمی کوردستان: گۆڕان لە پاڵنەرە سیاسییەکانەوە بۆ ستراتیجیەتی ئابوری، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠٢٦: https://visionfoundationiq.org/detail?id=1243 [سەردان: 13/5/2026].
٤٤ - Undiplomatic Diplomacy Jeopardizes Improvements in US-Iraqi Relationship، Arab Center DC، December 31، 2025: https://arabcenterdc.org/resource/undiplomatic-diplomacy-jeopardizes-improvements-in-us-iraqi-relationship [Accessed; 11/5/2026].

# کوردستان لە سەردەمی نادڵنیایی و بەرزەخدا



د. سەردار عزیز
توێژەر و لێکۆڵەری سیاسی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ خوێندنەوەی پێگە و ڕۆڵی کوردستان لە دونیای ئێستادا. ئەم هەوڵە لە ڕێگای سودبینین لە چەمکی بەرزەخ لە کەلتوری ئیسلامیدا و سەرلەنوێ مانابەخشینەوە بۆ بەکارهێنانی لە پێناو خوێندنەوەی دۆخی ئێستای کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی ئەنجام دەدات. بەرزەخ سات و شوێنە. وەک ساتەشوێن، ئەوانەی کە تیایدا ئامادەن لە داهاتوو دەڕوانن و هەوڵدەدەن داهاتوو لە قەڵەم بدەن. وەک چۆن لە کەلتوری ئیسلامیدا بەرزەخ ساتەشوێنی پێش بەهەشت و دۆزەخە، لە دونیادا بە هەمان شێوە، بەڵام بەهەشت و دۆزەخ بۆ هەریەکێک جیاوازە.

بە گشتی لە ساتەوختی بەرزەخدا، هێزی ڕووت دەبێتە بنەما. بنەما و خەسڵەتە لیبراڵەکان، یان دونیای ڕابوردوو، هەموو بەرەو لە ناوچوون دەچن، وەک ماف، ئازادی، جیاوازی و دیموکراسی. کوردستان لە هەناو ئەم ساتەشوێنەدا، لە قاڵب دەدرێت و هەوڵدەدات خۆی و دەوروبەری لە قاڵب بدات. بۆیە هەوڵدان، فشار، نادیاریی و گرژی خەسڵەتی ئەم سەردەمەن. لە سەردەمی لیبراڵدا کورد بە ئاستێکی بێوێنە لە مێژوویدا بواری پێدرا لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا و بە ئاستێکی باش ئەیجینسی پەیداکرد. هەموو ئەمانە دەکەونە مەترسییەوە لە گەڕانەوە بۆ دۆخی پاش لیبراڵی پڕ لە مشێوی و ململانێ و ناسەقامگیریی. بەرزەخییبوون لە داهاتوودا تێناپەڕێت، بەڵکو دەبێتە خەسڵەتێکی سەرەکی دۆخی دونیا، بە تایبەتی بۆ هێزە بچوکەکان.

## پێشەکی

لە دونیادا ئێستا سەردەمی بەرزەخە. بەرزەخ پانتایی نێوەندییە. لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا ئەو سات و شوێنەیە لەنێوان مەرگ و هەستانەوەدا، (گۆڕ). ئەم لە نێوەندابوونە لە ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتیدا دونیای ئەمڕۆیە.

بەرزەخ جێهێشتنی دونیایەکە، بەبێ گەیشتن بە دونیایەکی تر، ساتەوەختی گواستنەوەیە. گەرچی وشەی بەرزەخ خۆی لە زمانی فارسی ناوەندییەوە هاتووە، بەڵام لە ئایینای ئیسلامیدا چەمکێکی چەسپیوە، بیرمەندانی گەورەی وەک غەزالی و ئیبن عەرەبی و ئەوانیتر قسەیان لێکردوە. لە ڕاستیدا بۆ ئێمە مانا زمانییەکەی چەمکەکە گرنگ نییە، چونکە ئێمە سەر لەنوێ دەیچەمکێنینەوە. چەمکاندن بە مانای هەوڵدان بۆ پێدانی مانایەکی تایبەت بە وشەیەک، بۆ ئەوەی وەک کلیلێک بێت بۆ تێگەیشتن یان تێگەیشتنێکی نوێ. ئەم دیدە زیاتر دۆلۆزییە، وەک لە سیمیناری "١٥"ی نیسانی ساڵی "١٩٨٠"دا، دەربارەی لیبنتز، دۆلۆز باس لە چەمک دەکات وەک کردەی فەلسەفاندن[١].

دیارە، گەر بەرزەخ ڕەگێکی ئایینی و تیولۆجی هەیە، ئەوا چەمکی[٢]"interregnum" لای بیرمەندی چەپی ئیتالی گرامشی زیاتر ڕەهەندێکی دونیایی هەیە. گرامشی باس لە گواستنەوە ناکات لەنێوان دوو دونیادا، بەڵکو باس لە قەیرانی پارتی کۆمیونیست دەکات، بەتایبەتی لەنێوان دوو نەوەدا. بەم پێیە زیاتر جەخت لە سەر قەیرانی ناو حیزب دەکات. هەرچەندە ئەم دیدە زۆر بە بەرفراوان بەکاربراوە. ئەم سەردەمی گواستنەوەیە، بەتایبەتی کاتێک بە ئاسانی بەڕێوەناچێت، ئەوا دەبێتە سەردەمی وەحشەکان، وەک گرامشی دەڵێت، چونکە پشێویی و ناسەقامگیری و توندوتیژی زاڵ دەبێت.

ئەوەی باشترە لە چەمکی بەرزەخدا، بە بەراورد بە چەمکەکەی گرامشی، ئەوەیە کە ڕەنگە ناکۆتابێت، یان ئەو ساتە-شوێنەیە کە بۆ هەریەکێک لە نیشتەجێبوانی مانایەکی تایبەتی هەیە. وەک لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بەرزەخ پەیوەستە بە ستاتۆی کەسەکەوە.

لە پرۆسەی چەمکاندندا، ئێمە هەمان مانای دینی بەرزەخ بەکارناهێنین. بۆ نمونە ئێمە ناگوێزینەوە بۆ قەبر، وەک لە بەرزەخی دینیدا باسی دەکرێت. بەڵکو ئەو دونیایەی کە تیایداین دەبێت بە بەرزەخ. بەم شێوەیە بەرزەخ دۆخە، کە مانا و خەسڵەتی شوێنەکە دەگۆڕێت لە ئەنجامدا ئەوانەی کە تیایدان توانا و ڕۆڵیان دەگۆڕێت. ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە داهاتووشیان بگۆڕێت. بەرزەخ ئەو ساتەشوێنەیە کە دەبێت لێیەوە بگوێزینەوە بۆ سات و شوێنێکی تر، گەرچی خەیاڵیش بێت، کە مەرج نیە فەراهەم بێت. بەڵام خەسڵەتی گواستنەوە و ناجێگری و نادڵنیایی خەسڵەتە سەرەکییەکانی دونیا و سەردەمی بەرزەخین. بەم پێیە، بەرزەخ سات و شوێنی پێش بەهەشت یان دۆزەخە. بەو مانایە دەکرێت داهاتوو، بەهەشت بێت یان دۆزەخ. بەڵام ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت جەنگ و ململانێیە بۆ داڕشتن و

لە قاڵبدانی ئەو داهاتووە، بەوەی بەهەشت بێت یان دۆزەخ. دیارە هیچ داهاتوویەک نییە کە بۆ هەموان بەهەشت بێت هەروەها بۆ هەموان دۆزەخ بێت، بۆیە بەهەشت و دۆزەخ یان تێکەڵبوونی هەردووکیان بۆ هەر لایەک یان هێزێک یان دەوڵەتێک تایبەتە، لە نێویاندا کوردستانیش.

ئەو دۆخە نوێیەی کە دێت لە هەموو ئاستێکدایە، لە ئاستی ئابوریی، کۆمەڵایەتی، کەلتوری، ژیاری و جیوپۆلەتیکی. دونیای ئەمڕۆ کە خەسڵەتەکانی بریتین لە باڵادەستی ئەمریکا و لە گەڵیدا ڕۆژئاوا، باڵادەستی لیبرالیزم، بەتایبەتی لە مۆدی نیولیبرالیزمدا، باڵادەستی دیموکراسی، بەتایبەتی دیموکراسیی نوێنەرایەتی، هەروەها باڵادەستی ئابوریی بازار، هەموو لە قەیراندان[٣].

لە بەرزەخدا لۆجیکی هێز هەیە. لۆجیکی هێز بە توندی ئامادەیی هەیە، چونکە داهاتوو ڕوون نییە. هەر کاتێک داهاتوو ڕوون نەبوو، ئەوا گرژی و توندوتیژییەکان زۆرتر دەبن. بۆ نمونە تیورەیەک هەیە کە دەڵێت: لە شەڕی ساردا، دۆخی شەڕەکە بەگشتی بە ساردی مایەوە، چونکە هەردوو بەرەی سۆڤیەت و کەپیتالیزم بڕوایان وەهابوو کە داهاتوو بۆ ئەوانە. کاتێک تۆ داهاتووت مسۆگەرە، خۆت لە شەڕ دەپارێزیت؛ چونکە شەڕ ئەگەری هەیە ئەو داهاتووە خراپ بکات، وەک بیرمەندی سیاسی بولگاریی ئیڤان کریستێڤ[٤] جەختی لە سەر دەکاتەوە. بەرزەخی ئەمڕۆ ئایدیۆلۆژیای سەرەکی تیایدا خودی هێزە. ئەمە گەرچی وەها دەردەکەوێت کە خەسڵەتێکی سەرەکی سەردەمی بەرزەخیی بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دەرئەنجامی دۆخی ئەو دونیایەیە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەخوازێت بەجێیهێڵێت. بۆ نمونە ئەمریکا خۆی بە بەهێز دەزانێت، نەک بەوەی باشە یان لایەنگریی کرانەوە و دیموکراسی و ئازادییە، وەک جاران بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکو بەوەی هێزی هەیە، هێزی ڕوتی سەربازیی. ئەمە لە ئەدەبیاتی پەنتاگۆندا دەبینین بەتایبەتی لە چەمکی کوشندەیی lethality[٥] .

لە ساتەشوێنی بەرزەخدا دەسەڵات لە ناوناچێت، بەڵکو پەرتەوازە دەبێت. پەرتەوازەبوون یانی زەمینەی ڕکەبەریی، ململانێ، ترس، هەروەها نەمانی بنەمای نەرمەکانی پەیوەندیی. بۆ نمونە لە سەردەمی تاکجەمسەریی ئەمریکیدا ئێمە چەمکی وەک دەسەڵاتی نەرم[٦] یان دەوڵەتی بازرگانیی[٧] یان کۆتایی جەنگمان بەرچاو دەکەوت. ئەم چەمکانە چیدی لە سەردەمی بەرزەخدا بوونێکی ئەوتۆیان نییە.

بەرزەخ تەنها ساتی چاوەڕوانی نییە بۆ ئەوەی کە دێت، بەڵکو ساتی لە قاڵبدانی داهاتووە. بەڵام هەموو توانای لە قاڵبدانیان نییە، بۆیە هەندێک بەبێ توانا چاوەڕوانن و هەوڵدەدەن خۆیان بگونجێنن. ئەمە لاوازترین دۆخە، لایەک تیایدا بژی، بەڵام دەکرێت دۆخی زۆرینەش بێت، چونکە زۆرینەی لاواز یان نازانن گەمەکان بکەن، یان ناتوانن.

**تەوەری یەکەم: پاڵنەرەکانی گۆڕانکاریی**

پاڵنەرەکانی گۆرانکاریی لە دونیادا زۆر و جیاوازن، دەکرێت بە گشتی بکرێن بە دوو بەشەوە: گۆڕانکارییەکانی ناو ڕۆژئاوا، گۆڕانکارییەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا.

**یەکەم: گۆڕانکارییەکانی ناو ڕۆژئاوا**

گەورەترین پاڵنەر لە ڕۆژئاوا، دۆخی ناوەوەی ئەمریکایە. ڕەنگە گەورەترین گۆڕانکاریی ناو کۆمەڵگای ڕۆژئاوا خۆی لە نایەکسانی و نادادپەروەریی دابەشکردنی ساماندا بێت لەنێوان توێژی کەمینەی سەرەوە لەگەڵ زۆرینەی خەڵکی. ئەم جیاوازییە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا لەنێوان کەمینەی یەک لە سەد و ئەوانیتردا بە ئاستێکە بێوێنەیە. ئەم جیاوازییە کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان.

چەمکی نایەکسانی، یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو دونیای ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی دونیا، بەتایبەتی ڕۆژئاوا. ئەمرۆ ناوەند و دەزگا و کۆنفرانسی زۆر هەن تایبەت بەم بوارە. ڕاپۆرتی گلۆبالی نایەکسانیی[٨] تەنها یەکێکە لە دەرکەوتەکانی ئەم بوارە. نایەکسانی لە ئەمرۆدا لە هەموو ڕوویەکەوە لە نایەکسانیەکانی ڕابردوو لە مێژوودا جیاوازە. ئەمرۆ لە ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لە ئەمریکا توێژێک لە ملیاردێری تەکنەلۆجی بوونیان هەیە، کە خاوەن ئەخلاق و دیدی و تێڕوانینی تایبەتی خۆیانن، کە لەگەڵ بەرژەوەندی و سودی زۆرینەی کۆمەڵگادا تەبا نییە. ئەم توێژە، جیاواز لە توێژە دەوڵەمەندەکانی ڕابردوو پەیوەندییەکی نزیک و ئۆرگانیان لەگەڵ تەکنەلۆجیادا هەیە و لەگەڵ مرۆڤیشدا لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و قەیراناوییدایە، بەتایبەتی هەژاران.

سەرهەڵدان و ڕۆڵ و توانا و وزە و و کاریگەریی ئەم کەسانە و کۆمپانیاکانیان لە مێژوودا بێوێنەیە. ئەم کۆمپانیایانە بنەماکانی بوون و سەرکەوتن و کاریگەری و ماف لە هەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەگۆرن. بەگشتی مرۆڤەکان بۆ سەرکەوتوو و سەرنەکەوتوو دابەش دەبن. سەرنەکەوتوو هەموو توانا و مافێک لە دەست دەدات[٩].

مرۆڤەکان لە ڕێگای میگا-تەکنەلۆجییەکانەوە، سەروەریی لە دەست دەدەن، جێیان دەگیرێتەوە، پەراوێزدەخرێن و لە ئەنجامدا دەبنە بوونەوەرێکی بێکار و بێکاریگەر. لە مێژوودا، کاتێک داهێنانێکی نوێ هاتووەتە ئاراوە، هەندێک جۆر لە کاری لە ناوبردوە، بەڵام زۆر جۆر کاری نوێی دروستکردوە. بەڵام ئەمە بۆ تەکنەلۆژیای باڵا، بەتایبەتی ژیریی یان هۆشمەندی زیرەک وەها نییە، وەک دارۆن ئاچەمئۆغلۆ جەختی لە سەر دەکاتەوە[١٠].

دەکرێت بڵێین کە زۆینەی ئەم توێژە دەخوازن ئابوری و سیستەمێکی نامرۆڤی دروست بکەن. مەبەستمان لە سیستەمی نامرۆڤی چییە؟ وەک کەمێک ڕوون کردنەوە لەم بوارەدا: لە پاش شۆرشی پیشەسازی، توێژێک پەیدابوو لە ڕۆژئاوا کە وەک کرێکار ناسران. خەڵکێک

کە پیشەسازی و کار و بەرهەمهێنانی پێویستی پێیان بوو. ئەم خەڵکانە لە گوندەکان و لە بواری کشتوکاڵییەوە هاتن بۆ شارەکان و لە دۆخی سەختی ژیان و ژیاریدا دەژیان. فەلسەفەی مارکسیزم ڕەنگدانەوەی ئەمەیە، هەروەها ئەدەبیاتی کەسانی وەک چارڵز دیکینز بە وردی باسی سەختی ئەم جۆرە ژیانە دەکات. بەڵام هەمیشە لە ناو کۆمەڵگادا کێشەی ئەوە هەبوو کە چۆن ئەم توێژە نوێیە، لە کاتێکدا پێویستن، بەڵام ئەم پێویستبوونەی خۆیان نەکەنە بنەمای ئەوەی دەستکەوتی سیاسی و ئابوری زیاتر و کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنن.
کرێکار بوو بە فیگەر و چەمکێک لە ناو دونیای ئابوری و پیشەسازی و سیاسی و پاشان ئەدەبی و کۆمەڵایەتی. چۆنێتی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەم توێژەدا هەمیشە دیاریکەری سروشتی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بووە.

> **بە گشتی لە ساتەوختی بەرزەخدا، هێزی ڕووت دەبێتە بنەما. بنەما و خەسڵەتە لیبراڵەکان، یان دونیای ڕابوردوو، هەموو بەرەو لە ناوچوون دەچن، وەک ماف، ئازادی، جیاوازی و دیموکراسی. کوردستان لە هەناو ئەم ساتەشوێنەدا، لە قاڵب دەدرێت و هەوڵدەدات خۆی و دەوروبەری لە قاڵب بدات. بۆیە هەوڵدان، فشار، نادیاریی و گرژی خەسڵەتی ئەم سەردەمەن.**

لە ئێستادا ئەم توێژە بە هۆکاری گەشەی تەکنەلۆجی، سەرهەڵدانی وڵاتی چین و وڵاتانی تری جیهانی باشور، لەگەڵ کۆچبەریدا، لە دۆخێکدایە کە وەها دەبینێت کە دەبێت ڕۆژئاوا خۆی دابڕێت لە دونیا و بایەخ بە خۆیان بدات. ئەم دۆخە ئابورییە، پۆشەریی کەلتوری و ئایینی و فیکریشی بۆ دروستبووە. تێزی جێگرەوەی مەزن، یەکێکە لەم دەرکەوتانە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە پەنابەران، بەتایبەتی موسڵمانان ئاوێزانی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا نابن، بۆیە ئامانجیان ئەوەیە کە جێگای کەلتوری ڕۆژئاوا بگرنەوە، بۆیە دەبێت وەک مەترسی و جێگرەوە مامەڵەیان بکرێت[11]. بەڵام وەرچەرخانی ئابوری و پاشان کۆمەڵایەتیی ڕەگی تایبەتی هەیە: کە بە هێواشی لە حەفتاکانەوە دەستی پێکرد. لێرەدا چیرۆکێک بە کورتی دەگێڕمەوە، هەتا بتوانین وێنای ئەم گۆڕانکارییە بکەین.
با وەهای وێنای بکەین کە جۆ سمس لە ئۆهایو دەژی. بە تایبەت لە شاری یونگستاون Youngstown کە دەکرێت نمونەیەکی زۆر باش بێت. ئێستا ئەم ناوچەیە لە ئەدەبیاتی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەمریکیدا بە پشتێنەی ژەنگین دەناسرێت. مەبەست لە پشتێنەی ژەنگین ئەوەیە کە شوێنگەلێکن کە بە هۆی فەرامۆشکردنی ئاسن و پۆڵا و

تەنەکەی زۆرەوە، کە هەموو پاشماوی کۆمپانیاکانن، ژەنگیان هەڵهێناوە. ژەنگ دەبێت ئاماژە و سیمبول بۆ کۆتایی، فەرامۆشی و نەمان. لە هەمانکاتدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سەردەمێک لەو جێگایەدا کارگە و کۆمپانیا و بیزنیس هەبووە[١٢].

لە ناوەڕاستی شەستەکان گەورە کۆمپانیای ئەمریکی جی ئێم یان جێنڕاڵ مۆتۆر، کارگەی وەهای هەبوە بۆ پۆڵا کە بە هەزاران کرێکار بە داهاتی باش کاریان تیایدا کردوە. بەڵام لە حەفتاکان جی ئێم بەهۆی هەرزانبوونی گواستنەوە و کرانەوەی دونیا، بڕیاری دا لە دەرەوەی ئەمریکا پۆڵا بهێنێت بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێلەکانی کە هەرزانتر دەکەوت لە سەری، سەرباری کواڵیتی نزمتر. لە ئەنجامدا لە ناوەڕاستی حەفتاکان کارگەی پۆڵا لەو شارەدا داخرا. بەڵام ئەمە هەر بە پۆڵاوە ناوەستێت، بەڵکو بۆ پاککردنەوە و خۆشەکردنی پۆڵا پێویستت بە ئاگر یان گەرماییە، ئەمەش لە کانە خەڵوزەکانی ناوچەکەوە دابین دەکران. بۆیە ئەوانیش داخران.

وردە وردە لە نەوەدەکان ئەو شارانە لە ئەنجامدا بوونە چۆڵەوانی. هەرچەندە ئۆباما لە "٢٠١٠" هەوڵی بوژانەوەی ئەم کەرتەی دا، بەڵام وەها دیارە سەردەمەکەی تێپەڕیوە، چونکە ئەگەر بێتوو کۆمپانیاکانیش دەست بە کار ببنەوە، ئەوا بە هۆی گەشەی تەکنەلۆجییەوە، پێویستیان بە هێندە دەستی کار نییە. کەواتە ڕۆبۆتبوون، لە کرۆکی فاشیزمدایە. لە دەرئەنجامی ئەمەدا کرێکارانی کانگاکانی خەڵوز، کرێکارانی کارگەکانی پۆڵا، هەروەها کرێکارانی کارگەکانی ئۆتۆمبیل، هەموو بێکاربوون. ئەو شوێنانەش ژەنگیان هەڵهانی. ئەم جێگایانە لە ئەمریکا پێیان دەوترێت پشتێنەی ژەنگین.

ئەم خەڵکانە هەموو منداڵی باوانێک بوون کە لەو جێگایانەدا کاریان کردبوو و جۆرێک لە دڵنیاییان هەبوو کە ئەوانیش درێژە بەو کارانە دەدەن. بەڵام جیهانگیریی (وەک گۆڕینی دۆخی سەرمایەداریی) لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆجی، بوونە هۆکاری گۆڕانکارییەکان و کۆتایی هاتن بە سەردەمێک و کەلتورێک و جۆرێک لە ژیان. کاتێک لایەنگرانی ماگا (ئەمریکا جارێکی تر مەزن بکەرەوە) فەنتازیای ئەوەیان هەیە کە جارێکی تر ئەمریکا مەزن بکەنەوە، مەبەستیان گەڕانەوەیە بۆ ئەو سەردەمە. بەڵام ئەمە تەنها لە پەیمانی سیاسییەکاندا بوونی هەیە. کە یانی لە واقیعدا بوونی نییە. بەڵام نوخبەی ماگا ئەمانە ختۆکە دەدات و هانیان دەدات بە مەبەستی دەستکەوتی سیاسی، نەک گۆڕینی واقیع.

چینی تەکنۆ-ملیارێر کە لە سەرەتادا مەیلی جیهانگەریی و کرانەوەی دونیایان هەبوو، زوو گۆڕان بۆ ئەم ڕەوتە، هەندێکیان بە باوەڕ، وەک ئیلۆن ماسک و پیتەر تەیل، هەندێکیان بە سود و خۆپاراستن، وەک جەیف بەیزۆس و ئەوانیتر. ئەم وەرچەرخانەی ناوەوەی ڕۆژئاوا بووە بە پاڵپشتی هاتنی ڕەوتی فاشیزم لە ڕۆژئاوا. لەم ڕووەوە ڕەوتی فاشیزم، دژ بە کرانەوە و جیهانگریی و خەسڵەتەکانی تری وەک ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و کۆچ و دادپەروەرییە.

هەموو ئەمانە تەنها لە ناو کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا نامێننەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەیە لە سەر کۆمەڵگاکانی تر لە دەرەوەی ڕۆژئاوا.

دیارە کێشەکانی ناو کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا، تەنها لە ئاستی ئابوریدا نییە. لە کاتێکدا لە سەردەمی لیبرالیزمدا ڕەوتێکی بەهێز هەبوو بۆ پیاداچونەوەی مێژوو و یادەوری ڕۆژئاوا، کرانەوە بەرامبەر بیانی و جیاواز، ئەم ڕەوتە ڕوبەڕوی پەرچەکردارێکی توندبوەوە، چونکە توێژی فاشیستی ڕۆژئاوایی ناخوازێت پیاداچوونەوە و کرانەوەی بکاتە بنەمای دونیابینی. لەم ڕووەوە سیستەمی خوێندن و مەعریفە تووشی قەیران بوو، بە تایبەتی خوێندنی ڕەخنەیی[١٣].

دەرئەنجامی جیوپۆلەتیکی ئەم گۆرانکارییە، ڕۆژائاوا، یان لەم دۆخەدا ئەمریکا، کاتێک لە ناوەوە دەگۆڕێت: ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لە دەرەوە و دونیا دەبێت. ئەم ڕەوتە نوێیەی ناو دونیای سیاسەتی ئەمریکی وەها دەبینن کە ئەمریکا دەبێت سودی بۆ ئەمریکا بێت، نەک بۆ ئەوانیتر. ئەمە کرۆکی دونیابینی ڕەوتی ئەمریکا تەنها یان تەنها ئەمریکا یان ئەمریکا پێش هەموان، America Fristە. وەک بینیمان ئەمریکا هەموو هاوکارییەکانی بۆ وڵاتانی دەرەوە کۆتایی پێهێنا، کە لە ڕێگەی یوئێس ئەیدەوە پێشکەشی دەکرد. ئەم هەنگاوە، کۆمەڵێک مانای کرداریی و سیمبولی و سیاسیی هەیە. لە ئاستی کرداریدا خەڵکێکی زۆر لە دونیادا پەنایان بۆ ئەم هاوکارییانە دەبرد و سەرچاوەی ژیان و بژێوییان بوو، بەتایبەتی خەڵکانێکی نەخۆش لە ئەفریقا[١٤]، هەموو ڕووبەڕووی سەختی و دژواری زۆر بوونەوە.

> **لە دونیادا ئێستا سەردەمی بەرزەخە. بەرزەخ پانتایی نێوەندییە. لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا ئەوسات و شوێنەیە لەنێوان مەرگ و هەستانەوەدا، (گۆڕ). ئەم لە نێوەندابوونە لە ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتیدا دونیای ئەمڕۆیە.**
> **بەرزەخ جێهێشتنی دونیایەکە، بەبێ گەیشتن بە دونیایەکی تر، ساتەوەختی گواستنەوەیە.**

لە ئاستی سیمبولیدا مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمریکا بایەخ بە هاوکاریی و یارمەتی ئەوانیتر نادات. گەلێک یان وڵاتێکە تەنها سود و بەرژەوەندیی خۆی دەوێت. لە ڕوی سیاسییەوە، کۆتایی بوو بە ئەو جۆرە دەسەڵاتەی کە جۆزیف نای ناوی نا، دەسەڵاتی نەرم. بەڵام ئەمریکا نەک تەنها کشایەوە لە دونیا، بەڵکو لە ڕاستیدا بوو بە مایەی هەڕەشە و ناسەقامگیری و توندوتیژی. ئەمە نەک تەنها لە ئاستی هاوکارییەکاندا، بەڵکو لە ئاستی سەربازی و دارای و پشتیوانیشدا[١٥]. دەرئەنجامی ئەمە، گەڕانەوەیە یان گواستنەوەیە بۆ دۆخێک کە تیایدا دونیا دەبێت جێگای ململانێی زلهێزەکان و هەر یەک لە زلهێزەکان دەبنە خاوەن پانتایی

قەڵەمڕەویی خۆیان. بۆ نمونە ئەمریکای لاتین دەبێتە ناوچەی قەڵەمڕەویی ئەمریکا. ئەمەش نەک تەنها لە هێرش ئەمریکا بۆ سەر ڤەنزوێلا، بەڵکو بە ڕاشکاوانە لە دۆکومێنتی ستراتیجی نیشتمانی ئەمریکیدا ئاماژەی پێدراوە.

بەڵام ئەو توێژەی کە لە پەرچەکرداری لیبرالیزمدا هاتنە سەر دەسەڵات، تەنها کێشەیان لەگەڵ دونیادا نییە، بەڵکو کێشەی زۆریان لەگەڵ ڕکەبەرەکانیانە لە ناوەوە. ئەمەش بنەمای ئەو شەڕی ناوخۆییە لە ئەمڕۆ لە ئەمریکادا هەیە، هەرچەندە هێشتا شەڕێکی ناوخۆیی ساردە، بەڵام ڕەنگە بەبێ گۆڕینی بۆ شەڕی ناوخۆی گەرم ئاسان نەبێت چارەسەر بکرێت. شەڕی ناوخۆیی ئەمریکی تەنها لە ئاستی ناوخۆدا نەبوو، بەڵکو بەشێکی زۆری کیشوەری ئەوروپا وەک بنەما و هاندەر و مۆدێلی ئەم ڕەوتەی ناو ئەمریکا دەبینرێت، بۆیە شەڕی فاشیزمی ئەمریکی دژ بە سیستەمی لیبرالیزم و دیموکراسیی ئەوروپیشە. ئەمە بە زەقیی لە وتارەکەی جەی دی ڤانسدا لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ زۆر بە زەقیی درا بە ڕووی ئەوروپییەکاندا.

دەرئەنجامی ئەمە، دروستبوونی ململانێ و گرژییە لەنێوان بەشی زۆری ئەوروپا و ئەمریکادا. ئەم ململانێیە تەنها لە بواری کەلتور و بەها و کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو گواستراوەتەوە بۆ بواری سەربازی، ئابوری و جیوپۆلەتیک.

لە کاتێکدا ئەوروپا سەربازیی نییە یان وەک بەشێک لە ناتۆ، وەهای دەبینی کە پێویستی بە سوپای نیشتمانی خۆی نییە، ئەوا ڕاستەوخۆ وەک لایەنێکی لاواز و بێ دەسەڵات و بێکاریگەر دەرکەوت، بەتایبەتی کاتێک ئەمریکا ناتۆ کۆنترۆڵ دەکات.

دژایەتی ئەوروپا، هەروەها دژایەتی بەها دیموکراتی و لیبرالەکانە. لە دەرئەنجامدا دەکرێت چەند ڕوانگەیەک هەڵێنجێنین:

**أ:** ئەمریکا وەها لە سەردەمی باڵادەستی خۆی دەڕوانێت کە بە زیانی ئەمریکا شکاوەتەوە. وەک راشکاوانە لە دۆکیومێنتی ستراتیجیی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکادا ئاماژەی پێکراوە[١٦].

**ب:** ئەمریکا نەک هەر پاڵپشتی بەها لیبرالەکانی وەک ئازادی، مافی کەمینە، دیموکراسی و هاوکاریی ناکات بەڵکو دژیەتی، ئەمە بەتایبەتی لە ناوەوەی ئەمریکا و هەروەها لە وڵاتانی وەک کەنەدا و ئەوروپا. بەڵام پشتیوانی نەکردنی دیموکراسی لە دەرەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی زۆری هەیە لە سەر کوردستان.

**ج:** شەڕی ناوەوەی ڕۆژئاوا، چ لە ئاستی ئەمریکا یان لەنێوان ئەمریکا و ئەوروپا و کەنەدا، وەها دەکات کە پێگە و ڕۆڵی ئەو هێزانە لە دونیادا کەم ببنەوە.

**د:** هەموو ئەمانە پێودانگی جیوپۆلەتیکی زۆریان هەیە. کە دەکرێت بگوترێت دونیا دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی کە دۆخی ململانێ و ناسەقامگیریی هەمیشەییە، کە کورد تیایدا وەک لایەنێکی بێ دەوڵەتی، بێ هێزی، بێ دەزگا، زۆر زۆر لە جاران زیاتر دەبێتە قوربانی،

چونکە لە ڕابردودا کوردستان بە ڕاستەوخۆ بەشێک نەبووە لە دونیا، وەک ئێستا.

**دووەم: گۆڕانکارییەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا: هەڵکشانی چین**

گەورەترین دیاردەی گۆڕانکاریی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەڵکشانی چینە. بەتایبەتی گۆڕانی چین لە کاتێکی کەمدا. چین لە کۆتایی حەفتاکان پاش مردنی ماو تسی تۆنگ، دەگوێزێتەوە بۆ قۆناغی کرانەوە بەرامبەر سەرمایەدارییدا. ئەم گۆڕانکارییە لە سەردەمی دینگ ژیاو پینگدا ڕوودەدات.

لە ساڵی "١٩٧٨" کاتێک دینگ ژیاو پینگ ڕیفۆرم و کرانەوەی ڕاگەیاند تەنها چەند ساڵێکی کەم بە سەر مەرگی ماو تسی تۆنگدا تێپەڕبی بوو. چین هێشتا لەژێر باری سیاسەتە چەوتەکانی ئەودا بە دەست هەژارییەکی کوشندەوە دەیناڵاندا. داهاتی ساڵانەی تاک لەو سەردەمەدا لە چین تەنها (٢٠٠) دۆلار بوو[١٧]. بەو مانایە چین یەکێک بوو لە هەژارترین وڵاتانی دونیا.

لە مانگی دوانزەی ساڵی "١٩٧٨" پلینۆیومی سییەمی حیزبی کۆمیونیستی چینی بەستراو دەسەڵاتی دینگ ژیاو پینگ تیایدا زیاتر چەسپێنرا. دینگ سیاسەتی چاکسازی و کرانەوەی ڕاگەیاند. چاکسازیی بەمانای گۆڕینی ئابوری وڵات لە ناوەوەی چین بە ئاراستەی ئابوریی بازاڕ یان سەرمایەداری، کرانەوە بە مانای کرانەوە بەڕووی کۆمەڵگای دەرەوەدا، بەتایبەتی کۆمەڵگای دونیای سەرمایەداری. ئەمە بژاردە نەبوو، هێندە ناچاریی بوو.

> **لە بەرزەخدا لۆجیکی هێز هەیە. لۆجیکی هێز بە توندی ئامادەیی هەیە، چونکە داهاتوو ڕوون نییە. هەر کاتێک داهاتوو ڕوون نەبوو، ئەوا گرژی و توندوتیژییەکان زۆرتر دەبن. بۆ نمونە تیورەیەک هەیە کە دەڵێت: لە شەڕی سارددا، دۆخی شەڕەکە بەگشتی بە ساردی مایەوە، چونکە هەردوو بەرەی سۆڤیەت و کەپیتالیزم بڕوا یان وەهابووکە داهاتوو بۆ ئەوانە.**

ماو لەو جۆرە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییە تەقلیدییانەبوو کە هەرچەندە دەیزانی لە سەر ڕێگای هەڵەیە، بەڵام توانای دانپیانانی هەڵەی خۆی نەبوو، لەوەش خراپتر بڕوای بە چاکسازیی نەبوو، بەڵکو نکوڵی و دژایەتی دەکرد. بۆیە هەتا مردنی هەنگاوی ئەوتۆ نەنرا. سەردەمی پاش ماو، بە سەردەمی سیاسەتی پشیلە دەناسرێت، کە دینگ بە سود وەرگرتن لە دەربڕینێکی کۆنی چینی وتی: گرنگ نییە پشیلە ڕەنگی ڕەشە یان سپی، گرنگ ئەوەیە مشک بگرێت.

جێگەی ئاماژە پێدانە، زمانی دەربڕینی چینی هەموو پڕپەتی لە ئاماژەسازی و میتافۆر و لە هەمانکاتدا هەموو ئەم دەربڕینانە ڕەگی مێژویی قووڵیان هەیە.
بەو مانایە ئایدۆلۆژیا گرنگ نییە، بەڵکو ئەنجام یان دەرئەنجام شەرتە. چین لەو ساتەوە بەبێ وەستان گەشە دەکات و لە ئێستادا تەنها هێزە لە چەندین ئاستدا کە توانای ڕکەبەری ئەمریکای هەیە، هەرچەندە هێشتا لە ئاستی سەربازیدا ئەم ململانێیە ناڕوونە. هەرچەندە بۆ لێکۆڵەری ناسراو ڕەش دوشی[١٨]. گەمەیەکی دوور خایەن لە لایەن چینەوە لە ئارادایە.
چین پاش گۆڕانکاری و بەهێزبوونی لە ناوەوە، دەستی بە پەلکێشان کرد بە دونیادا، دیارترینیان دەستپێشخەری پشتێنەو ڕێگایە (BRI)، کە بە چەندین شێوازی جیاواز، بۆ نمونە ژێرخان، کەلتور، دیجیتاڵ، ڕێگا، بەندەر بە دونیادا تەشەنە دەکات. ئەم پەلکێشانەی چین بەچڕی لە ناوچەی ئاسیا و ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەچێت، ئەو سێ پانتاییەی کە بەشەکانی کوردستانی تیادایە.
دەکرێت بوترێت کە ئێستا چین لە زۆر ئاستدا جەمسەرێکە لە جەمسەرەکانی هێز لە دونیادا و بەو ئاراستەیە کاردەکات. ئەوەی گرژی دروست دەکات لەم دۆخەدا ئەوەیە کە ڕۆژئاوا چاوەڕوان بوو بە دەوڵەمەندبوونی چین ببێتە مایەی بە دیموکراسیبوونی چین، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. بۆیە چین بەو ئاراستەیەدا نەچوو کە چاوەڕوانکرابوو، ئەمەش وەها دەبینرێت کە لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی بەریەککەوتن، یان ڕکەبەری درێژخایەن. بەڵام لە ئێستادا چین مۆدێلێکە کە لە ئاستی ئابوری و حوکمڕانی و کەلتوری و خوێندن و دەسەڵاتی نەرمدا کاریگەری گەورەی هەیە. کوردستان بە چڕی لە مابەینی چین و ئەمریکادایە، زیاتر لە کاتی ڕاڤەکردنمان بۆ کاریگەرییەکان لە سەر کوردستان ئاماژەی پێدەدەین.
چین لە دۆخێکدایە کە بە کاوەخۆیی لە ئەمریکا دەڕوانێت و سود لە هەڵە و شەڕ و قەیرانەکانی دەبینێت. بۆ نمونە کاتێک ئەمریکا لە سەردەمی جۆرج بوشدا دێت بۆ عێراق، کۆمپانیای هواوی دەرفەتی ئەوە دەبینێتەوە کە چۆن ببێت بە بەشێک لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی سیستەمی تیلیکۆمیونیکەیشنی عێراق. بۆیە هەر زوو کەسێکیان دەنێرنە سلێمانی و پاشان چەند نوێنەرێکی ئاسیاسێل بەپەلە بانگهێشتی شاری شینزین دەکەن کە بنکەیەکی سەرەکییانە هەیە[١٩] بۆ ڕاهێنان بە کارمەندانی ئاسیاسێل، وەک ئیڤا دو[٢٠] لە کتێبی مالی هواویدا ئاماژەی پێدەدات. ئەمە دەبێتە بنەمای پەیوەندییەک کە هەتا ئێستا بەردەوامە و دەتوانین بڵێین کە هواوی کۆمپانیای سەرەکی پشتی سیستەمی تیلیکۆمینیکەشنی ئاسیایە لە ناوچەکە.
چین بەوەی لەو سنورەی دەرچوو کە ڕۆژئاوا چاوەڕێی دەکرد و زیاتر بەهێز بوو لەوەی کە بۆی چاوەڕوانکرابوو. ئەمەش وەها دەکات کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا ناچاربن بە ڕکەبەری بۆ سنوردارکردنی. بەڵام چین زۆر ئاوێزانی دونیایە، بۆیە دابرانی ئاسان نییە. لە هەمانکاتدا چین

مۆدێل و ئابوری و خەسڵەتی خۆی بۆ دونیا دەهێنێت. لەنێویاندا کوردستان. چین سیاسەتی هاوپەیمانی پیادە ناکات. بەو مانایە لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا هاوپەیمانی نییە، بەڵکو لە بری ئەوە چەندین جۆر لە پەیوەندیی هەیە، کە بە گشتی ئابوری و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و بازرگانی و وزەیین.

هەڵکشانی چین بۆ پرسی کورد لە چەندین رووەوە زیانبەخشە. لە سەرقاڵکردنی رۆژئاوا، لە کەمکردنەوەی بایەخ بە کەمینە و جیاواز، لە دژایەتی دیموکراسی و جەختکردنەوە لە گەشە، لە ئەستەمبوونی پەیوەندی و فشار لە سەری.

> **گەورەترین پاڵنەر لە رۆژئاوا، دۆخی ناوەوەی ئەمریکایە. رەنگە گەورەترین گۆڕانکاریی ناو کۆمەڵگای رۆژئاوا خۆی لە نایەکسانی و نادادپەروەریی دابەشکردنی ساماندا بێت لەنێوان توێژی کەمینەی سەرەوە لەگەڵ زۆرینەی خەڵکی. ئەم جیاوازییە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا لەنێوان کەمینەی یەک لە سەد و ئەو انیتردا بە ئاستێکە بێوێنەیە. ئەم جیاوازییە کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان.**

ئەگەر ئەمریکا و لەگەڵیدا ئەوروپا لەگەڵ چیندا سیاسەت لە ئاستی دونیادا دەکەن، یان هێزی جیهانین، ئەوا هەندێک هێزی هەرێمایەتی هەیە کە لە ئەنجامی دۆخی نوێ رۆڵیان بۆ پەیدا دەبێت، سێ هێز لێرەدا ئاماژە پێدەدەین، کەنداو، ئیسرائیل لەگەڵ تورکیا. دیارە ئێران ئەو هێزە هەرێمییەیە کە ئێستا لە پرۆسەی چونەدەرەوە یان کردنە دەرەوەدایە، بەڵام مەرج نییە بە تەواوی بچێتە دەرەوە یان بکرێتە دەرەوە، بەتایبەتی لە عێراق کە ئێران بە تەواوی هەموو جومگەکانی ئەو وڵاتەی داگیرکردوە، لە رێگای دروستکردنی ئەسێمبلیجێکی ئاڵۆزەوە وەک تەونی جاڵجاڵۆکە.

**یەکەم: کەنداو**

کەنداو لە کاتێکدا دەکرێت وەک یەک یەکەی هێز یان هێزی هەرێمی ببینرێن، کە خۆی لە ئەنجومەنی هاریکاریی وڵاتانی کەنداوی عەرەبیدا دەبینێتەوە، بەڵام یەکبوونەکەیان لە ئاستێکی سنورداردایە، چونکە کێشەی زۆر و جیاواز لەنێوان وڵاتاندا هەیە. دەکرێت بوترێت کە کەنداو بریتیە لە سعودیە و وڵاتانی تر. لە هەناو هەموو وڵاتانی تری کەنداودا ترسێک لە سعودییە هەیە وەک وڵاتێکی گەورەی کاریگەر لە ناوچەکە، بەتایبەت بە بەراورد

بە وردە دەوڵەتەکانی کەنداو. ئەم ترسە بەرامبەر عێراق و ئێرانیش هەیە. بە جۆرێک کە ئامادەیی ئەمریکا لە کەنداو تەنها بۆ ئێران نییە، بەڵکو بۆ دوورخستنەوە مەترسی عێراق و سعودیەشە، وەک لە ململانێکانی ئەم دوایەی نێوان سعودیە و ئیمارات و پێشتر لەنێوان سعودیە و قەتەردا زەقبوویەوە. هەروەها دەکرێت هاوکاریی سعودیە بۆ بەحرەینیش بە جۆرێکی بچێتە ئەم خانەیەوە.

بەڵام سەرەتا گرنگە ئاماژەیەک بە چۆنێتی خۆ ئاراستەکردنی وڵاتانی کەنداو بکەین بۆ دونیای پاش ڕۆژئاوا، یان دونیای پاش تاک جەمسەریی، یان دونیای پاش ئەمریکا. وڵاتانی کەنداو بە ئاراستەیەکی تایبەت و ناوازەدا دەڕۆن لە هەناو سیاسەت و ئابوری و ململانێ هێزدا لە دونیادا. ئەم وڵاتانە گەرچی لە ناو خۆیاندا لە ململانێیەکی زۆر چڕدان، بەتایبەت لەنێوان هەرسێ کەسایەتییە دیارەکانی وەک محمد بن سەلمان، محمد بن زاید لەگەڵ میری قەتەر تەمیم، بەڵام پێکەوە خاوەن کۆمەڵێک پلانی ستراتیجیین، لەڕووی ئابوری و سیاسی و جیوپۆلتیکییەوە.

هەموو ئەم وڵاتانەی کەنداو پلانی ستراتیجییان ئەوەیە کە چۆن بگوێزنەوە بۆ دونیای پاش نەوت، ئەمەش بە سودبینین لە سەرچاوە و داهاتی نەوت.

وڵاتانی کەنداو لە پرۆسەی گواستنەوەدا پێویستیان بە چەند بنەمایەک هەبوو: یەکەم، ئاسایش، دووەم، ژێرخان، سێیەم، دابینکردنی بنەماکانی فرەکردنی سەرچاوەکانی داهات، چوارهەم، دەستی کاری هەرزان.

لەڕووی ئاسایشەوە کەنداو بە گشتی پشت بە ئەمریکا دەبەستێت، بەڵام نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل بوو بە یەکێکی تر لە بنەماکانی دابینکردنی ئاسایشیان بەتایبەتی لە ڕێگای ڕێکەوتنی ئیبراهیمییەوە. هەرچەندە نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل تەنها ڕەهەندی ئاسایشی نییە، بەڵکو ڕەهەندی تەکنەلۆجی و ئابوری و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی گۆڕینی ئەمریکا دروست دەبێت.

لە سەرووی ئەمانەوە کەنداو لە دونیادا لە ئاستی باڵادا پێویستیان بە دیاربوون هەیە، وەک کۆمەڵێک وڵاتی بچوک. لەم پێناوەدا کاری دروستکردنی باڵەخانەی بەرز، یان میوانداریی جامی جیهانی تۆپی پێ، لەو دیاردانەن کە کەنداو بۆ دەرکەوتن و دیاربوونی سودی لێدەبینێت. بۆ نمونە دروستکردنی کەناڵی الجزیرە لە نەوەدەکان لە قەتەر لە پێناو دەرکەوتنی قەتەربوو لە ناوچەکە، بە جۆرێک جەزیرە وەک وەزارەتی دەرەوەی قەتەر بوو.

کەواتە کەنداو بە سودبینین لە داهاتی زۆری نەوت، دەخوازن ئەو بنەمایانە بونیادبنێن کە زەمینەی ئابوری پاش-نەوت دروست دەکات. بۆ نمونە دروستکردنی بەندەری جەبەل عەلی لە دوبەی. ئەم بەندەرە یەکێکە لە گەورەترین بەندەرە دەستکردەکانی جیهان. بیست و چوار

ساڵە وەک باشترین بەندەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەژمار دەکرێت. ئەم بەندەر پەیوەندی بە (١٥٠) بەندەری ترەوە هەیە لە جیهاندا. هەبوونی تەکنەلۆجیا نوێ، شوێنی ستراتیجی وەهای لێدەکات لە دڵی پرۆسەی گواستنەوە و بازرگانی ناوچەکە و جیهاندا بێت.
وەک دەردەکەوێت، بەندەری جەبەل عەلی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کەنداو لە هەناو تۆڕی جیهانی گواستنەوە و بازرگانیدایە، بە هۆی بوونی ژێرخان و تەکنەلۆجیا و پێگەوە، توانای دابینکردنی ئەم کار و خزمەتانەی هەیە .

**دەرئەنجامی جیوپۆلەتیکی ئەم گۆرانکارییە، ڕۆژئاوا، یان لەم دۆخەدا ئەمریکا، کاتێک لە ناوەوە دەگۆڕێت: ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لە دەرەوە و دونیا دەبێت. ئەم ڕەوتە نوێیەی ناو دونیای سیاسەتی ئەمریکی وەها دەبینن کە ئەمریکا دەبێت سودی بۆ ئەمریکا بێت، نەک بۆ ئەوانیتر.**

سەرباری دابینکردنی ژێرخان کەنداو بە هۆی بوونی سەرمایەوە هەوڵیاندا کە نەوت و غاز بگۆڕن بۆ بنەمای پیشەسازیی، بەتایبەتی لە بواری پەین و پەترۆکیمیاوی و بواری تردا. کەنداوییەکان توانای ئەمەیان هەبوو، چونکە سەرچاوەی سەرەتایی و سەرمایەیان هەبوو بۆ گەشەدان بەم بوارە. وڵاتانی تری ناوچەکە بۆ نمونە عێراق خاوەن ئەو سەرمایەیە نییە، هەتا بتوانێت بە ئاسانی نەوت لە سامانی سروشتییەوە بۆ بنەمای پیشەسازیی بگوێزێتەوە. دیارە پیشەسازیبوونی ئابوریی لە سەر بنەمای نەوت، هەروەها بواری ناڕاستەوخۆشی هەیە. ئەگەر پەینی کیمیاوی و پەترۆ کیمیاوییەکان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە نەوت غازەوە، بوارەکانی تری وەک پۆڵا، چیمەنتۆ و ئەڵەمنیوم ناڕاستەوخۆ پەیوەستن، بەتایبەتی بە سودبینین لە بوونی وزەی زۆری هەرزان. هەروەها ژیری دەستکردیش، چونکە بەڕێوەبردنی هۆشمەندی دەستکرد پێویستی بە وزەی زۆرە، کەنداویش خاوەن وزەی زۆری هەرزانە، چ وزەی فۆسڵ، چ وزەی نوێبووەوە.
لەم ڕێگایەوە کەنداوییەکان هەوڵیان دەدا کە لاوازییەکانیان بگۆڕن بۆ سەرچاوەی هێز. بۆ نمونە دەکرێت بڵێیت شوێنی کەنداو چەندێک ستراتیجییە هێندەش قەیراناوییە. بەڵام ئەگەر بتوانیت ئاسایش دابین بکەیت ئەوا لاوازی دەبێتە مایەی هێز. لەم ڕووەوە کەنداو ئامانجیان ئەوەبوو کە لە کاتێکدا پشت بە ئەمریکا دەبەستن لەڕووی سەربازییەوە، لە هەمانکاتدا بە چڕی لەگەڵ زلهێزەکانی تری وەک چین لەڕووی ئابورییەوە پەیوەندیی پتەو بکەن. هەروەها بەو ئاستەی دەتوانن سود بە ئێران بگەیەنن، چ لەڕووی دارایی یان دروستکردنی پەیوەندیی یان هەوڵدان بۆ ڕێگریی لە شەڕ. سەرباری ئەمانە لەگەڵ ئیسرائیلدا کرانەوە، لە بەر هۆکاری

وەک چڕکردنەوە پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریکا، دەست گەیشتن بە هۆشمەندی دەستکرد و هەروەها دابینکردنی تەکنەلۆجیای سەربازی لە سەردەمی گۆڕانکاریی ئەمریکا بەتایبەتی لە ناوەوە.

هەموو ئەمانە بنەمای ئەو بونیادە دروست دەکەن کە پێی دەڵێن ئەندازەسازیی ئاسایشی. کرۆکی ئەم ئەندازەسازییە لە هەندێک بنەمادایە: یەکەم کرانەوە بەڕوی هەموان، سود گەیاندن بە هەموان، هەروەها هەوڵدان بۆ هاوسەنگیکردنی نەیارەکان بە یەکتر، لە پێناو مانەوە بە سەقامگیر.

بێگومان ئەم ئەندازەسازییە یان ئارکیتێکچەر، کۆمەڵێک لاوازی هەبوو، یەکەم، ئەو هێزانەی کە دەیانخواست ڕازییان بکەن، ناتەبایی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە. بەو مانایە کەنداو ناتوانێت ناتەباییەکانیان بسڕێتەوە هەرچەندە هەوڵبدات ئاراستەی سیاسی و ئەمنیان بگۆڕێت یان هەرچەندە هەوڵبدات سودیان پێبگەیەنێت.

ئەوەی ئەمە زیاتر ئاڵۆزدەکات کەنداو نێچیرێکی گەورەیە لە ململانێکاندا، هەتا بتوانرێت بخرێتە لاوە. بۆیە کەنداو هەمیشە کارتێکی لاوازە و ئاسان بەڵام کاریگەر لە سەر هەموان. بۆیە هەوڵی کەنداوییەکان کە گوایە ناوازەن یان لە دەرەوەی ڕەوتە سیاسی و ئەمنیەکانی ناوچەکەن، دەکرێت بڵێن ئامانجیان ئەوەبوو کە بگوێزنەوە بۆ بوون بە پانتاییەک جیاواز لە دوروبەری خۆیان و بوون بە بەشێک لە ئابوری و سیاسەتی جیهانی.

بەڵام کەنداو تەنها وەک هێزێکی هەرێمی یان ئیقلیمی ئابوری و پیشەسازی و بازرگانی نەبوون، بەڵکو خاوەن جۆرێکی تایبەت لە سیاسەت و جیوپۆلەتیک بوون. دەکرێت سیاسەتی کوتلەی کەنداو بە ناسیاسیبوون بچەمکێنین. ناسیاسیبونی کەنداو خۆی لە دژایەتی کەنداودا دەبینییەوە بۆ دیموکراسی. کەنداو نەک هەر دژ بە دیموکراسییە لە ناو وڵاتانی خۆیاندا، بەڵکو دژ بە دیموکراسییە لە دەوروبەری خۆیشیدا، چونکە دەترسێت بوونی دیموکراسی لە وڵاتانی دراوسێ کاریگەریی هەبێت لە سەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوەوە. وڵاتانی ناوچەکە لە عێراقەوە بۆ سوریا و لوبنان و میسر و سودان و تونس و ئەوانیتر هەموو باجی ئەم دژایەتییەی دیموکراسی کەنداو دەدەن.

کەنداو لەم پێناوەدا سودی لە پارە، پەیوەندیی لەگەڵ زلهێزەکان، ئایین لەگەڵ مۆدێلی کرێخۆریی بینیوە، هەروەها میدیاش. لە پێناو هەبوونی ڕۆڵی زیاتر لە داهاتوودا کەنداو زۆر لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە بواری ژیریی دەستکرددا پێشەنگ بێت. بەتایبەتی کە وزەی هەرزانی هەیە و وەهای دەبینێت کە کرۆکی ئابورییە لە داهاتوودا. مۆدێلی چینی وانەیەکی بە جیهاندا، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز ناتوانیت لە بوارێکدا ڕکەبەریی بکەیت کە ئەوانیتر کۆنترۆڵیان کردووە. بەڵکو باشترە لەو بوارانەدا ڕکەبەریی بکەیت هێشتا کۆنترۆڵ نەکراوە. ئەمە لە بواری پیشەسازیی ئۆتۆمبێلدا لە چین زۆر زەقبوو. بەڵام لە کەنداو لە بواری ژیریی

دەستکردندا یان ئەی ئایدا.
ئەمڕۆ کەنداو ڕووبەڕووی داهاتویەکی نادیار دەبێتەوە. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییان لەگەڵ ئێران و هەروەها عێراقدا بە خراپی دەمێنێتەوە. ئەگەری زۆر هەیە لەگەڵ عێراقدا خراپتربێت. ئێران لە ڕێگای هێزە لاینگرەکانییەوە لە هەوڵی ئەوەدایە کە پەیوەندیی نێوان عێراق و کەنداو خراپ بێت. لە عێراقدا تۆوی ئەو خراپبوونە زۆرە، وەک لە کێشەی نێوان بەسرە و کوێتدا بە زەقی دەیبینین.

**شەڕی ناوخۆیی ئەمریکی تەنها لە ئاستی ناوخۆدا نەبوو، بەڵکو بەشێکی زۆری کیشوەری ئەوروپا وەک بنەما و هاندەرو مۆدێلی ئەم ڕەوتەی ناو ئەمریکا دەبینرێت، بۆیە شەڕی فاشیزمی ئەمریکی دژبە سیستەمی لیبرالیزم و دیموکراسیی ئەوروپیشە. ئەمە بە زەقیی لە وتارەکەی جەی دی ڤانسدا لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ زۆربە زەقیی درا بە ڕووی ئەوروپییەکاندا.**

ئەوەی گومانی تیادا نییە کەنداو وەک خۆی نامێنێتەوە. ئەمەش کاریگەریی دەبێت لە سەر ناوچەکە و کوردستانیش. کەنداو بە ئەگەری زۆرەوە لە سوریا خۆی تۆکمەتر دەکات، سود لە حەشامەتی مرۆیی سوریا دەبینێت بۆ فشار و ئیدارەدانی عێراق و لوبنان. لەم ڕووەوە سوننەی عێراق کە ئێستا پشتیوانیان هەیە، دەکرێت وەک جارن لاواز بێ پشت و پەنا نەبن، بە تایبەتی کە تورکیا و سوریا و کەنداو و هەروەها ئیسرائیل و ئەمریکاش لە سەر ئەم ئاراستەیەن. ئەمە بەتایبەتی کە عێراق خاوەن سیاسەتی ئیقلیمی خۆی نییە، بەڵکو ئێران سیاسەتەکەی دادەڕێژێت. بۆ نمونە دابرانی عێراق لە دراوسێکانی سیاسەتی ئێرانە، هەتا عێراق بەدیلی نەبێت بۆ ئێران. ئەمەش لە ڕێگای فەسائیلەکانەوە دەکات. هەروەها وەک لە سیاسەتی هەناردەی نەوتی عێراقدا بینیمان کە چۆن ڕێگریی لە فرە سەرچاوەکردنی هەناردەی نەوت، یان بە تایفیکردنی مەلەفی نەوت، زیانی گەورەی لە عێراقدا کاتێک کە گەرووی هورمز داخرا لە لایەن ئێرانەوە.
ئاماژەکان وەها دەردەکەون کە ئەمریکا عێراق وەک نەیار دەبینێت. ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر جۆری مامەڵە. کوردستانیش ڕاستەوخۆ لە قورگی ئەم پەیوەندیانەدایە. دەرئەنجامی ئەمە، پەرتبوون و لاوازبوونی کوردستان، دروستنەبوونی حکومەت، هێرشی زۆری بێ ڕێگری، و فشاری زۆری حکومەتی عێراقییە.

**دووەم: ئیسرائیل**

ئیسرائیل بۆ وڵاتان و گەلانی ناوچەکە وڵاتێکی زیاتر داخراوە. لە هەمانکاتدا بوونی وەک دەسەڵاتێکی هەرێمی هەتا بێت زیاتر دەبێت. کورد بە ئاسانی ئیسرائیلی بۆ ناناسرێت، چونکە پەیوەندییەکان لەنێوان دژایەتی باوەڕپی و دۆستایەتیی سۆزاوییدان، هەردوو جۆرە تێگەیشتنەکە دوورە لە تێگەیشتنی زانستی و واقیعی. لایەک وەها دەبینێت کە ئیسرائیل باڵادەست دەبێت، لایەکی تریش ڕۆژەکان دەژمێرێت بۆ کۆتایی هاتنی. لەنێوان ئەم دوو دیدە ناعەقلانییەدا دەکرێت تێگەیشتنێکی واقیعی بوونی هەبێت.

ئیسرائیل لەناوەوە بە دوو ئاراستەی دژ بە یەک گەشە دەکات، لە کاتێکدا لە ئاستی زانستدا لە دونیادا پێشڕەوە، بەڵام لە ئاستی سیاسەت و شوناس و کۆمەڵایەتی، زیاتر بەرەو دینداری و ناعەقلانی دەڕوات[٢١].

لە کاتێکدا هەندێک بڕوایان وەهایە کە ئەم پەرتبوونە مایەی قەیرانە بۆ ئیسرائیل، کەسانی تری وەک دایانا پینتۆ بڕوای وەهایە کە لەناوەوەی ئیسرائیل وەها نابینرێت. لە ڕاستیدا ئەو دیدەی دایانا دەیخاتە بەرچاو ئەوەیە کە ئیسرائیل لەو تێگەیشتنە حازرباشانەی جاران دوورکەوتوەتەوە. ئیسرائیل نە لە سایەی ئەوروپادایە و نە کوتومت جێبەجێکەری سیاسەتی ئەمریکایە، بەڵکو خاوەن سیاسەتی خۆیەتی.

ئەوەی جێگای سەرنجە تێکەڵبوونی دین و زانستە لە سیاسەتی ئیسرائیلدا، کە ئیسرائیل بە ئاقارێکی ترسناکدا دەبات. لە کاتێکدا دین خەیاڵی توند و گەورە و زۆرجار ناعەقلانی بۆ دروست دەکات، بۆ نمونە ئیسرائیلی گەورە، لە هەمانکاتدا زانست توانای پێدەبەخشت بۆ فەراهەمکردنی ئەم ناعەقلانییەتە.

ئەم پێکەوەبوونەی زانست و سیاسەت وەهای لە ئیسرائیلییەکان کردوە کە تەنها بڕوایان بە ترس و توندوتیژی هەبێت. ئەمە گەرچی توانایان پێدەبەخشت، بەڵام نایانکات بە هێزێکی هەرێمی. گەر کەسێک لێت بترسێت مانای وا نییە قبوڵت دەکات.

لە لایەکی ترەوە ئیسرائیل بەهۆی کشانەوەی ئەمریکا زیاتر دەبێتە هێزێکی هەرێمی، ئەوەش وەها دەکات هەتا هێزەکانی تر لە ناوچەکە پەنای بۆ بەرن، لە سەرەوەی هەموویانەوە ئیمارات. ئیمارات کە دەخوازێت خۆی لە ئێران و سعودیە بپارێزێت و باڵادەستی بە سەر سیستەمی بەندەرەکانی ناوچەکەدا هەبێت بەتایبەتی لە بابالمندب، لەم ڕووەوە سیاسەتی ئیمارات ڕووبەڕووی هەردوو سعودیە و ئێران دەبێتەوە. دیدی ئیماراتی وەهایە کە یەمەن ببێت بە سێ بەشەوە، بەشی باشوری سەر بە ئیمارات بێت، بەشی حەزرەمەوتی ناوەندێک بێت لەگەڵ سعودیەدا، بەشی باکوری بۆ حوسییەکان بێت و ئێران ڕازی بکات. ئیسرائیل ڕازییە بەم پلانە. سعودیە دژیەتی. ئەم دۆخە و دۆخی تر، بەتایبەتی لە سوریا، وەها لە ئیسرائیل دەکات کە ئەکتەرێکی سەرەکی داڕێژەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت لە پاش ئەمریکا.

بۆ کورد، تورکیا و سوریا لەگەڵ ئێراندا لەم پرۆسەیەدان. ئیسرائیل لە سودی نییە دوژمنایەتیی کورد بکات، بەڵام ناشبێتە دۆستی. بەڵکو وەک ئەکتەرێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات لە میانەی پرۆژە و پرۆسەکانی. بۆ کورد ئیسرائیل هەمیشە بە لایەنێکی ئاڵۆز دەمێنێتەوە، کە مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئاسان نابێت، بە تایبەتی کاتێک تورکیاش گەرچی بە ناڕاستەوخۆ دێتە ناو ململانێکەوە.

> **گەورەترین دیاردەی گۆڕانکاریی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەڵکشانی چینە. بەتایبەتی گۆڕانی چین لە کاتێکی کەمدا. چین لە کۆتایی حەفتاکان پاش مردنی ماو تسی تۆنگ، دەگوێزێتەوە بۆ قۆناغی کرانەوە بەرامبەر سەرمایەدارییدا. ئەم گۆڕانکارییە لە سەردەمی دینگ ژیاو پینگدا ڕوودەدات.**

ئیسرائیل چونکە تەنها خاوەن هێزی ڕەقە، هاوکاریی لەگەڵ کورددا ئاسان نییە. وەک هێزی نەرم هەر هاوکارییەکی بۆ کورد زیانی لە سود زیاترە، چونکە ئیسرائیل نەک تەنها لە ناوچەکە بەڵکو لە دونیادا قەیرانی قبوڵکردنی هەیە، ئەمە بەتایبەت لە ئەمریکا.

**سێیەم: تورکیا**

دۆخی تورکیا دەکرێت وەها کورتبکرێتەوە کە دۆخی ئەردۆگانە. بەم پێیە، ئەردۆگان تورکیا وەها دەبینێت کە دەبێت ئەو حوکمی بکات. ئەم باوەڕە پێچەوانەی دیموکراسییە. لە ڕاستیدا ئەم دیدە زیاتر لە دیدی دیکتاتۆرییەوە نزیکە. لە سیستەمی دیکتاتۆریدا، دەوڵەت یان وڵات تەنها پانتاییەکە، کە دەبێت دیکتاتۆر بە تاقانە حوکمی بکات. بەڵام بە پێچەوانەوە لە سیستەمی دیموکراسیدا، خەڵک و وڵاتە بڕیار دەدەن کە کێ حوکمیان بکات.
ئەردۆگان لەم پرۆسەیەدا توشی ئالنگاریی زۆر دەبێتەوە، چونکە سیستەمەکە بە تەواوی وەک وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، کە بریتیبێت لە زەمینەساز بۆ حوکمی تاکە کەسێک. ئێستا تورکیا لەم ساتەوەختەدایە. ساتەوەختێک کە ئایا دەتوانێت سیستەمەکە بگۆڕێت بۆ ئەوەی بەتەواوی بەبێ ڕکەبەر ئەردۆگان هەتا لە ژیاندا ماوە حوکم بکات. لەم پێناوەدا هەموو ئامرازەکان خراونەتە کار وەک دادگا، ترس، پۆلیس، هەروەها بەندیخانە. ژمارەی کەیس دادگاکان لە تورکیا ئێجگار زۆرە، ژمارەی بەندییەکان لە تورکیا نزیکەی نیوملیون کەس دەبێت[٢٢].

ئەم پرۆسەی گۆڕینی وڵاتێک بۆ کەسێک، تورکیا لە هەناو گرژییەکی درێژخایەندا دەهێڵێتەوە. بەڵام تورکیا وەک وڵاتانی تری ناوچەکە نییە کە ببێتە مایەی دەستتێوەردانی دەرەکی بە ئاسانی، چونکە هیچ کام لە زلهێزەکانی ناوچەکە و دونیا ئەوەیان ناوێت. لە هەمانکاتدا هەبوونی گەلێکی ناسیونالیستی توند و سوپایەکی ئەندامی ناتۆ ئەم کارە قورستر دەکات. تورکیا بۆ ڕۆژئاوا وەک بوونەوەرێکی دووڕوو دەبینرێت، مەبەست لە دووڕوو مونافیق نییە، بەڵکو جووت ناسنامە. بۆ نمونە ڕۆژئاوا بە ئاگایە و هاندەرە کە تورکیا لەگەڵ هێزی تیرۆریستیدا پەیوەندیی هەبێت. ڕەنگە کەیسی ئەحمەد شەرع یەکێک بێت لە کەیسە دیارەکان. وەک بینیمان کە ڕۆژئاوا هەوڵدەدات لەم ڕێگایەوە پەیوەندیی دروست بکات و ئیدارەی بدات. بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە تورکیا ئەم کارە تەنها بۆ ڕۆژئاوا ناکات، بەڵکو خەون و پرۆژەی هەرێمی خۆی هەیە. وەک هەموو دەسەڵاتخوازەکان، ئەردۆگان دەخوازێت نەک تەنها لە ناوەوە بەڵکو لە دەوروبەر و دونیادا ڕۆڵی هەبێت، هەتا بتوانێت بە سودی تۆکمەکردنی پێگەی ناوەوەی سودی لێببینێت.  بۆ نمونە بوونی دوژمنێکی دەرەکی بە سودە بۆ یەکخستنی ناوەوە و کپکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی ناوەوە.
دەرئەنجامی ئەمە ئەوەیە کە تورکیا بە وەرچەرخاندا دەڕوات. ئەم وەرچەرخانە پێویستی بە یەکخستنی سیستەمە کۆنەکە هەیە، کە خۆی لە پارتی چەهەپەدا دەبینێتەوە[٢٣].
ئەم پرۆسەیە لە چەند بنەمای سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە: یەکەم، نەهێشتنی ڕێگریی یان ئالانگاریی بۆ دەسەڵاتی هەمیشەیی ئەردۆگان و زەمینەسازن بۆ جێنیشنکردنی کەسێکی سەربەخۆیی پاش خۆی، دووەم، لە قاڵبدانی سیستەم، سێیەم، دروستکردنی گرژی کۆنترۆڵکراو.
پرسی کورد لێرەدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە. کورد، وەک ئەکتەرێکی دەرەکی و ناوەکی، دەتوانن ڕۆڵ ببینن و ڕۆڵیان پێبدرێت لە هەناو سیستەمی چەسپاندنی دەسەڵاتخوازیی لە تورکیا. ئەوەی پێی دەوترێت پرۆسەی ئاشتی بەشێکە لەم پرۆسەیە. چ وەک نەمانی نەیار و چ وەک هاوکاریی ئاکەپە بەرامبەر جەهەپە.  بەڵام تورکیا بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت، چونکە لە وڵاتانی تری ناوچەکە دینامیکییەتی زیاتری هەیە.

**تەوەری سێیەم: کوردستان لە بەرزەخدا:**

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بە گۆرانکاریی هێزە جیهانی و ئیقلیمییەکان کرد، لە خوارەوە بە کورتی ئاماژە بە کاریگەرییەکانی لە سەر کوردستانی باشور دەکەین.

**یەکەم: دۆخی گشتی**

کاتێک دونیا و کوردستانیش لە بەرزەخدان. ئێمە لە سەردەمی پۆست-مۆدێرنەداین. ئەمە

تەنها دەربڕینێک یان زاراوەیەکی فەلسەفیی بێ پەیوەند نییە، بەڵکو دەربڕی کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەت و ئاڵۆزە. لەوانەش: نەمانی راستی، نەمانی چەسپیوی، ڕەوابوونی هەموو چیرۆکێک، نەمانی چیرۆکی (هەقایەت) گەورە، زاڵبوونی شوناس و نەمانی سازش و ڕێکەوتن. هەرچەندە ئەم خەسڵەتانە ڕەنگە وەک کایەی مەعریفی نەیەنە ناو دونیای ئێمەوە، بەڵکو بە گەورەیی و بە زەقی لە دونیای ئێمەدا ئامادەییان هەیە. ئەم ئامادەییە بە گشتی دوو جۆرە، جۆری یەکەم، لە ڕێگای زاڵبوونی پۆستمۆدێرنە لە دونیادا، لە کوردستانیش لاسایی و پیادە دەکرێتەوە. دووەم، لە ناو کورددا خۆی، وەک خیتابی باو لە دونیا، بەبێ ئاگایی لە پاشخانی قوڵی.

> **چین پاش گۆڕانکاری و بەهێزبوونی لە ناوەوە، دەستی بە پەلکێشان کرد بە دونیادا، دیارترینیان دەستپێشخەریی پشتێنەوڕێگایە (BRI)، کە بە چەندین شێوازی جیاواز، بۆ نمونە ژێرخان، کەلتور، دیجیتاڵ، ڕێگا، بەندەر بە دونیادا تەشەنە دەکات. ئەم پەلکێشانەی چین بەچڕی لە ناوچەی ئاسیا و ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەچێت، ئەو سێ پانتاییەی کە بەشەکانی کوردستانی تیادایە.**

لە هەمانکاتدا پۆست-مۆدێرنە تەنها زیان بەخش نییە، چونکە لە هەمانکاتدا دەرفەت دەدات بە چیرۆکی بچوک، وەک چیرۆکی کورد، بەتایبەتی لە دۆخی پەرتەوازەییەدا. لە هەمانکاتدا زەمینەی ناناوەندێتی خۆش دەکات، وەک فیدرالیزم بۆ نمونە. هەرچەندە فیدرالیزم بنەمایەکی لیبرالە، بەڵام لە جەختکردنەوەی پۆستمۆدێرنە لە سەر شوناس و فەیراناویی بوونی پیادەکردنی دەسەڵات، فیدراڵیزم چانسی فەراهەمبوونی باشترە.
بەڵام پۆستمۆدێرنە لە لاوازبوونی ئەمریکای جیهانیدا، لە زۆر ڕووەوە دەکەوێتە ژێر فشارەوە؛ بۆ نمونە، گەڕانەوە بۆ ناوەندگەرێتی و دەسەڵاتی پیاوی بەهێز و فەرامۆشکردنی دیموکراسی و ماف و ئازادییەکان. لە دۆخێکی وەهادا کورد بە گشتی ناتوانێت بە باشی بزانێت چی گۆڕاوە و چی دەگۆڕێت و چی مەترسییە و چی دەرفەتە. لە سەردەمی شل و نادڵنیای و ڕەوابوونی هەموو شتێک، کوردیش پێویستی بە چیرۆکی خۆی و گێڕانەوەی خۆی و لە سەروی هەمویەوە هێزی خۆی هەیە. ئەمە وەک ژینگەی گشتی دۆخەکە.

**دووەم: سەردەمی دەسەڵاتی ڕووت**

میشێل فۆکۆ قسەیەکی هەیە دەڵێت: "لە بەندیخانەدا دەسەڵات ڕووتە"[٢٤]. ڕووت لێرەدا بەمانای ئەوەی پیادەکردنی دەسەڵات لە شوێنێکی وەک بەندیخانە پێویستی بە ڕازاندنەوە و شاردنەوە و ڕووپۆشکردن و نەرمی نواندن و خەسڵەتەکانی تر نییە، بەڵکو لە جێگایەکی وەک بەندیخانەدا دەسەڵات وەک زەبر، وەک تەعزیب، وەک توندوتیژیی بەڕێوەدەچێت.

لە دونیای نێودەوڵەتیدا بەرەو سەردەمی دەسەڵاتی نیمچەڕووت دەچین. ئەوانەی کە بەبێ هیچ پێچ و پەنایەک ئەم دۆخە دەردەبڕن، ئیسرائیلییەکان و ئیدارەی ئێستای ئەمریکایە. لای ئیسرائیلییەکان دیدێکی ستراتیجی هەیە. لەوە بترسە کە لێت ناترسێت. بەو مانەیە هەر هێز و لایەنێک کە لێت نەترسا، ئەوا دەبێت لێی بترسیت. کەواتە کرۆکی پەیوەندییەکە لە سەر ترسە. بۆ ئەوەی بمێنیتەوە و ئەجینداکانت پیادە بکەیت، دەبێت هەموان لێت بترسن. ترسیش لە ڕێگای سەربازی و تەکنەلۆجی و تواناکانی تری هاوشێوەیەوە بەرجەستە دەبێت. لە دوا کۆڕبەندی ئەنتالیا لە تورکیا باڵوێزی ئەمریکا بۆ تورکیا، تۆم باراک، ڕستەیەکی هەیە دەڵێت: "تەنها بنەمایەک لەم ناوچەیەدا کە مایەی ڕێزە، دەسەڵاتە"[٢٥].

ئەم دەربڕینە کۆمەڵێک ئاماژەی هەیە: یەکەم، خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هێشتا لە دۆخی ئاژەڵیدان، تەنها ڕێزی توندوتیژی دەگرن. دووەم، بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست نابێت باس لە دیموکراسی و ماف و ئازادیی بکەین، بەڵکو دەبێت جەخت لە ترس و زەبر و توانای کوشتن بکەینەوە. سێیەم، بۆ ئەوەی توشی شکست و پشێوی نەبین دەبێت پشتیوانی بەرپرسی خاوەن دەسەڵات بکەین. چوارهەم، لەگەڵ زەبردا دەبێت پەرە بە ئابوری و بازرگانی بدەین.

هەموو ئەمانە لە سودی کورد نییە، چونکە بۆ کورد بە دەستهێنانی دەسەڵات، لە نەبوونی دەوڵەتدا ئەستەمە. وەک لایەنێکی نادەوڵەتی، کورد هەمیشە خاوەن دەسەڵاتێکی سنوردار دەبێت، بۆیە ماف و ئازادی و دیموکراسی نەک گرنگە بۆی، بەڵکو وجودییە.

هەڵەیەک کورد نابێت بیکات ئەوەیە کە لەگەڵ ڕەقی دەسەڵاتخوازی زیاتر نەبێت دەسەڵاتخواز بەتایبەتی لە ناوخۆی خۆیدا، چونکە لە بڕی هێز لاوازیی بۆ دروست دەکات.

**سێیەم: لاوازبوونی هێزی جیهانی: چڕبوونەوەی ململانێی هەرێمی**

ئەمریکا گەرچی وەک بەهێزترین هێزی دونیا دەمێنێتەوە، بەڵام ڕەفتار و بەرژەوەندی و مامەڵەی لە زۆر ئاستدا دەگۆڕێت. لەم ڕووەوە ئەمریکا دەخوازێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجێبهێڵێت و ئەرکەکەی بە هێزێکی ئیقلیمی بپارێزێت. هێرش بۆ سەر ئێران لە کرۆکی ئەم پرۆسەدایە. هەروەها سازشپێکردنی کەنداو و ئیسرائیل لەم ڕێگایەیە. بەڵام ئەم دۆخە وەها دیارە بە ئاسانی فەراهەم نابێت. بۆ ئیسرائیل ئەستەمە ببێت بە هێزێکی هەرێمی.

ڕەنگە ئیسرائیل بتوانێت ببێت بە گورزوەشێنێکی کوشندە، بەڵام بوون بە هێزێکی ئیقلیمی پێویستی بە لە گورز زیاترە. ئیسرائیل ناتوانێت بە ئاسانی دەسەڵاتی نەرم و شەرعیەت و قبوڵکردن بە دەست بهێنێت. ئەمە بەتایبەتی گەر ئەمریکا ڕۆڵ و پێگەی لاوازبێت. لەم ڕووەوە بۆشایی ئیقلیمی دروست دەبێت. ئەم بۆشاییە پڕ دەبێت لە توندوتیژی. ئەم بۆشاییە بۆ کورد ساتەوەختی دەرفەتییانە دەڕەخسێنێت، بەڵام کورد بە پەرتەوازە و بێ ڤیژنی و بێ دەزگای و بێهێزی ناتوانێت بیقۆزێتەوە. بۆیە بۆ ئەوەی بتوانێت سود لە دەرفەتەکان ببینێت و خۆی لە قەیرانەکان بپارێزێت؛ کورد دەبێت وەک یەکەیەک هەبێت نەک وەک کۆمەڵە هێزی پەرتەوازەی دژ بەیەک.

**چوارەم: پلەبەندی نوێی ناوچەکە:**

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڵاتان بۆ چەند جۆرێک پۆلێن دەبن. وڵاتانی هەرێمی یان خاوەن پێگەی ئیقلیمی وەک ئیسرائیل لە سەرووی هەموانەوە، پاشان تورکیا، ئینجا کەنداو، بەڵام وەک یەکگرتوویەکی قەیراناوی. ئێران بە ئەگەری زۆرەوە دەبێتە وڵاتێکی تیرەتۆریی خاوەن پێگەی سنوردار. لە خوار ئەم وڵاتانەوە، وڵاتانی تری وەک سوریا، عێراق، ئوردون، دەبنە تێکەڵەیەک لە پانتایی هێزەکانی تر، جۆلانێکەر لەنێوان هێزەکان و بەگشتی ناسەقامگیر، جگە لە ئوردون.

> **چین لە دۆخێکدایە کە بە کاوەخۆیی لە ئەمریکا دەڕوانێت و سود لە هەڵە و شەڕو قەیرانەکانی دەبینێت. بۆ نمونە کاتێک ئەمریکا لە سەردەمی جۆرج بوشدا دێت بۆ عێراق، کۆمپانیای هواوی دەرفەتی ئەوە دەبینێتەوە کە چۆن ببێت بە بەشێک لە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی سیستەمی تیلیکۆمیونیکەیشنی عێراق. بۆیە هەرزووکەسێکیان دەنێرنە سلێمانی و پاشان چەند نوێنەرێکی ئاسیاسێل بەپەلە بانگهێشتی شاری شینزین دەکەن کە بنکەیەکی سەرەکییانە هەیە.**

عێراق لێرەدا بۆ هەرێمی کوردستان جێگەی بایەخە. عێراق بنەماکانی ناسەقامگیری زۆرە، بەڵام لە داهاتوودا زۆرتر دەبێت. عێراق وەک هێزی جێبەجێکەری ئەجێندای ئێرانی ڕووبەڕووی وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل و ئەمریکاش دەبێتەوە. سوریا ئەگەر بە فەرمیش نەبێت دەبێتە کارتێکی فشاری گەورە لە سەری بەتایبەتی پاش گەڕانەوەی دیمەشق بۆ

سوننە یان ئەمەوییەت.

بانگهێشتی باڵوێزی عێراق لە وڵاتانی کەنداو، سەرەتای پرۆسەیەکە کە وڵاتانی کەنداو و عێراق زیاتر لە یەکتر دادەبڕێن[٢٦].

جارێک ڕوون نییە، ئەم دابرانە بە چ ئاراستەیە دەڕوات، بەڵام ئەوەی ڕوونە کە ناتوانرێت بە ئاسانی چاوپۆشین لە عێراق بکرێت لە بەرامبەر هێرشەکانیدا بۆ سەر ئەو وڵاتانە.

**پێنجەم: سەرهەڵدانی دەوڵەتی مامناوەندی و دەوڵەتی جۆلانێکەر**

هەرچەندە وەها باوە کە وڵاتانی مامناوەند وەک یەک یەکەی هاوشێوە مامەڵە بکرێن، بەڵام لە ڕاستیدا من وەهای نابینم. وڵاتانی مامناوەند، ئەو وڵاتانەن کە توانای ئەوەیان هەیە لە زۆر بواردا پشت بە خۆیان ببەستن، بۆ نمونە کەنەدا، فەرەنسا، ئوسترالیا. ئەم وڵاتانە لە زۆر ڕووەوە جیاوازن، بۆ نمونە لە وڵاتانی تری جۆلانێکەر، بۆ نمونە وڵاتێکی وەک پاکستان، تورکیا، یان هەندێک لە وڵاتانی ئاسیای ناوەند. جیاوازییەکە ڕەنگە لەوەدابێت کە وڵاتانی مامناوەند ڕەنگە بتوانن پێکەوە هێزی سێیەم دروست بکەن، وەک مارک کارنی سەرۆک وەزیرانی کەنەدا لە داڤۆس داوای کرد. بەڵام وڵاتانی جۆلانێکەر ناتوانن. وڵاتانی جۆلانێکەر هەمیشە جۆلانێ دەکەن لە پێناو بەدیهێنانی سود و پشتیوانی لە وڵاتانی گەورە. بۆیە ڕەفتاریان جیاوازە. زۆربەی وڵاتانی کوردستان و دەوروبەری کوردستان وڵاتانی جۆلانێکەر دەبن. وڵاتانێک کە بە ناچاریی لە نەوان زلهێزەکانی دونیادا جۆلانێ دەکەن، بەڵام بەگشتی براوە نین. وڵاتانی جۆلانێکەر زۆر زیاتر لە وڵاتانی بێلایەنی پاش کۆنفرانسی باندۆنگی "١٩٥٥" دەچن. مارک کانی[٢٧] لە داڤۆس زۆر بە ڕاشکاوانە وتی: تێکەڵبوون integration لە سیستەمی جیهانیدا بوونی نییە، تەنها ئیدیعایە.

زاڵبوونی وڵاتانی جۆلانێکەر، ناسەقامگیریی لە ناوچەکە زیاتر دەکات. لەنێو وڵاتانی جۆلانێکەردا، عێراق دەبێت لەنێوان چەندین لایەندا جۆلانێ بکات، چین و ئەمریکا، ئێران و ئەمریکا، کەنداو و ئێران، شیعە و سوننە، کورد و عەرەب، تورکیا و ئێران و زۆر لایەنی تر.

بەڵام ئەم هاوسەنگکردنە ئاسان نابێت لە کاتێکدا عێراق بۆ فەراهەمکردنی ئەم هاوسەنگییە پێویستی بە دەزگا دەبێت کە عێراق نیەتی، هەروەها پێویستی بە ناوەندی توێژینەوەی قووڵ دەبێت کە نیەتی. بۆیە ململانێی هێزە پەرتەوازە جیاوازەکان و بەرژەوەندیی تایبەتیان بە سەر دۆخەکەدا زاڵ دەبێت. ئەمەش وەها دەکات دەستوەردانی دەرەکی زیاتر بێت. هەموو ئەمانە دۆخەکە بۆ کورد قورستر دەکەن. کورد لەیاری هاوسەنگکردندا پەرت دەبێت. پەرتبوونی ئاسانە، چونکە بنەماکانی هاوبەشبوونی کەمترە لە بنەماکانی پەرتبوون. کورد پێویستی بە یەکبوونە، لەم پێناوەدا پێویستی بە دەزگا و مەعریفەیە. بەڵام بە پێشبینیکردن لەسەر بنەماکانی ئێستا لەسەر بنەمای دەزگا و مەعریفە کە کورد حوکمداریی بکات زۆر سەخت دەبێت.

**شەشەم: ناوخۆ-دەرەوە: دەرەوە -ناوخۆ**

بە زۆری سیاسەتی دەرەوە وەها دەبینرێت کە بواری دەوڵەتە و دەوڵەت یەکەی سەرەکییە تیایدا. دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتدا، لە میانەی کێبڕکێ و هاوپەیمان و جەنگ و ئاشتی و ئەم بوارانەدا پرۆسەی پەیوەندیی نێودەوڵەتیی دێتە ئاراوە، ئەم بوارە بە ئای ئار یان پەیوەندیی نێودەوڵەتیی ناسراوە. لە هەمانکاتدا بوارێک هەیە کە بە ڕاڤەکردنی سیاسەتی دەرەوە ناسراوە foreign policy analysts ئەم بوارە وەها دەبینێت کە ناوەوەی دەوڵەت لە سەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت کاریگەرە.

کوردستان دەرەوە و ناوەوەی نییە، بەڵکو دەرەوە و ناوەوە یەک یەکەن. ئەمە لاوازییەکی گەورەیە. بێگومان دەرەوە و ناوەوە لەیەکتر دانابڕین، بەڵام دەبێت ناوەوە لە قاڵبدەری دەرەوە بێت. چۆن ئەم هاوکێشەیە دروست بکەین، ئەمە دەبێت کرۆکی سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت.

> **لەڕووی ئاسایشەوە کەنداو بە گشتی پشت بە ئەمریکا دەبەستێت، بەڵام نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل بوو بە یەکێکی تر لە بنەماکانی دابینکردنی ئاسایشیان بەتایبەتی لە ڕێگای ڕێکەوتنی ئیبراهیمییەوە. هەرچەندە نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل تەنها ڕەهەندی ئاسایشی نییە، بەڵکو ڕەهەندی تەکنەلۆجی و ئابوری و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی گۆڕینی ئەمریکا دروست دەبێت.**

لەم ڕووەوە دارشتنی ستراتیجی دەرەوە و ناوەوە بۆ کوردستان پێویستییە. بۆ نمونە، لە کوردستان گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونیی زۆر زیاد دەبێت. هەژاری، جیاوازیی نێوان خەڵکەکان، لەگەڵ دیاردەی نوێی وەک سینیسیزم. سینیسیزم ئەو دۆخەیە کە تیایدا کەسەکان باوەڕ بە پرۆسە، بە کۆمەڵگا، بە بوونی باش و خراپ لە دەست دەدەن و هەرشتێک ببێت نایانحەپەسێنێت و ئاساییە. ئەمە لە پشت ئەپاسی یان دوورکەوتنەوە لە سیاسەت، لە دەنگدان، لە بەشداریی کۆمەڵایەتی. ئەم دۆخە هەموو کایەی سیاسی لە کۆمەڵایەتیبوون و کۆمەڵگاییبوون بەتاڵ دەکاتەوە. دیموکراسیی بەبێ هاوسۆزی، بەبێ باوەڕبوون بە ترس و بەرژەوەندیی گشتی، فەراهەم نابێت. سینیسیزم یان بەدبینی، کاریگەریی لە سەر هەر تاکێک جیاوازە، هەندێک وەها لێدەکات کە تەنها بۆ خۆیان هەوڵبدەن، هەندێکی تر وەها لێدەکات کە باوەڕیان بە هیچ نەمێنت، هەندێک بەرەوە توندوتیژی و هەندێک بەرەو خەمۆکیی دەبات. هەریەک لەمانە کاریگەریی خراپی لە سەر سەرتاپای کۆمەڵگا هەیە. سیسنیسزم ڕاستەوخۆ

دەرئەنجامی سیستەمی سیاسی و ئابورییە. تەشەنەکردنی جنێو، گاڵتە، دوورەپەرێزی، دەنگنەدان هەموو ئاماژەن بۆ تەشەنەکردنی ئەم دۆخە لە کوردستان.

**حەوتەم: گۆڕانی دۆخی شەڕ**

کوردستان لە دەوڵەتی بچوک، بچوک ترە یان لاوازترە. لەم ڕووەوە ئەگەر دەوڵەتی بچوک لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا هەمیشە ناچارە بە پەیوەستبوون بە دەوڵەتی گەورەوە، ئەوا ئەم پەیوەستبوونە بۆ کوردستان ناچاریترە. هیچ بوارێک هێندەی بواری گۆڕانی سروشتی شەڕ لەم ڕووەوە بەبایەخ نییە. شەڕ نامرۆیی دەبێت و دۆخی بەرزەخیی یاسکانی شەڕ تیایدا ئەگەر لە ناونەچن زۆر لاواز دەبن و هێزەکان بەپێی توانا و پێویستی پێوە پەیوەستن. بۆیە دەبێت تێروانین بۆ هێزی چەکدار و ڕێکخستن و مۆدێرنەیزەیشنکردن و پەیوەستکردنی بە دونیاوە بژاردە نییە بەڵکو ناچارییە.

**دەرئەنجام**

کۆتایی شەڕی سارد و سەردەمی تاک جەمسەریی قۆناغی زێرین بوو بۆ مێژوی کورد. هیچ ساتێکی تر لە مێژوویدا کورد هێندە قورسایی و ئامادەیی نەبووە لە ناوچەکە، بەتایبەتی لە عێراق. ئەم سەردەمی تاک جەمسەرییە بەرەو کۆتایی دەڕوات. ئێستا قۆناغی بەرزەخە. کورد سەرباری دەرفەتی زۆر نەیتوانی سود لە هەموو دەرفەتەکان ببینێت کە بۆی هەڵکەوت. لە سەردەمی بەرزەخ و ئەگەری فرەجەمسەربوونەوەی دونیا، کورد دەکەوێتە بەردەم فشار و هەڵبەز و دابەزی زۆر. لە کاتێکدا کورد لە یەک نزیکبووەوە، بەڵام توانای یەکگرتنی نەبوو. بۆیە هێشتا بنەماکانی هەڵوەشانەوەی زۆرە. بۆ نمونە، هەڵوەشانەوە وەک نەتەوە، لە ڕێگای دنەدانی پێکهاتەکانی ناوەوەی، وەک لەگەڵ ئێزیدی و لوڕ و زازایی و ئەوانیتردا دەیبینین. هەروەها گەمەی جیوپۆلەتیکی جیهانی و ئیقلیمی کورد لەگەڵ خۆیدا لوول دەدات.

لە سەرووی هەموو ئەمانەوە کوردستان چیدی وەک جاران نییە. ئێستا کوردستان بە زۆری شارنشینن. ئەمە لەرووی ئاسایشەوە دەرئەنجامی گەورەی هەیە. شار دەبێت هەموو شتێکی بۆ دابین بکرێت. ئەمەش خاڵێکی لاوازیی گەورەیە. بەڵام شار کورد مۆدێرن دەکات. ئەمەش خاڵێکی ئەرێنی گەورەیە.

## لیستی سەرچاوەکان

**1-**Gilles Deleuze، Seminar on Leibniz: Philosophy and the Creation of Concepts Lecture 01، 15 April 198. https://deleuze.cla.purdue.edu/wp-content/uploads/2020/01/01a-GD-Leibniz-15-04-1980-Final-YouTubeUpdate-Rev-2023-4.pdf

**2-** SELECTIONS FROM THE PRISON Notebooks London. ANTONIO GRAMSCI 1971

**3-** Milan Babic. Let's talk about the interregnum: Gramsci and the crisis of the liberal world order. International Affairs، Volume 96، Issue 3، May 2020، Pages 767–786، https://academic.oup.com/ia/article/96/3/767/5712430

**4-** The End of the Long 20th Century | Ivan Krastev on the Crisis of Liberal Order https://www.youtube.com/watch?v=f8gTRQQqxAw

**5-** Asymmetric Warfare Grou. Defining and Assessing Lethality Sgt. 1st Class Zachary J. Krapfl. February 20th، 2019 https://www.armyupress.army.mil/Journals/NCO-Journal/Archives/2019/February/assessing-lethality

**6-** Joseph S. Nye، Jr. Soft Power Foreign Policy No. 80، Twentieth Anniversary (Autumn، 1990)، pp. 153-171 (19 pages) https://www.jstor.org/stable/1148580

**7-** Kemal Kirişci The transformation of Turkish foreign policy: The rise of the trading state. New Perspectives on Turkey، no. 40 (2009): 29-57. https://www.esiweb.org/pdf/news_id_412_5%20-%20Article%20Kemal%20Kirisci.pdf

**8-** Global Justice Project https://inequalitylab.world/en/global-justice-project

**9-** What does a tech oligarchy look like? https://www.hks.harvard.edu/faculty-research/policy-topics/science-technology-data/what-does-tech-oligarchy-look

**10-** Daron Acemoglu. AI Is Not Improving Productivity: Nobel Laureate https://www.youtube.com/watch?v=UXK-LJ1VoDs

**11-** Natinal Immigration Forum. The 'Great Replacement' Theory، Explained https://forumtogether.org/wp-content/uploads/2021/12/Replacement-Theory-Explainer-1122.pdf

**12-** NYT. 2025. A MAGA Senator Promised Hope for a Dying Ohio Mill. Then Reality Set In. https://www.nytimes.com/2025/11/09/business/ohio-paper-mill-private-equity.html

**13-** Jill Anderson. The State of Critical Race Theory in Education. https://www.gse.harvard.edu/ideas/edcast/22/02/state-critical-race-theory-education

**14-** Karen Feldscher. USAID shutdown has led to hundreds of thousands of deaths. November 20، 2025. https://hsph.harvard.edu/news/usaid-shutdown-has-led-to-hundreds-of-thousands-of-deaths/

**15-** Brands، Hal. The Eurasian Century: Hot Wars، Cold Wars، and the Making of the Modern World. 2025. https://www.youtube.com/watch?v=4rywNzAA40o

**16-**National Security Strategy of the United States of America November 2025 https://www.whitehouse.gov/wp-content/uploads/2025/12/2025-National-

Security-Strategy.pdf
**17-** NTRODUCTION JACQUES DELISLE | AV ERY GOLDSTEIN China's Economic Reform and Opening at FortyPast Accomplishments and Emerging Challenges
https://www.brookings.edu/wp-content/uploads/2019/04/9780815737254_ch1.pdf
**18-** Rush Doshi 2012 A Review of Rush Doshi's "The Long Game: China's Grand Strategy to Displace American Order" https://www.cfr.org/articles/review-rush-doshis-long-game-chinas-grand-strategy-displace-american-order
**19-** Administration Center، Zone A، Huawei Shenzhen campus
https://www.huawei.com/en/media-center/multimedia/photos/facilities/shenzhen-headquarter-a
**20-** Eva Dou. 2025. House of Huawei: Shortlisted for the Financial Times Business Book of the Year 2025.
https://www.amazon.co.uk/House-Huawei-History-Powerful-Company/dp/0349146470
**21-** Diana، Pinto. 2013. Israel Has Moved
https://www.amazon.co.uk/Israel-Has-Moved-Diana-Pinto/dp/0674073428
**22-** Stat Watch. 2025. Turkey: Political prisoners must be freed as part of drive to end prison overcrowding
https://www.statewatch.org/news/2025/may/turkey-political-prisoners-must-be-freed-as-part-of-drive-to-end-prison-overcrowding
**23-** Alper Coşkun. The Latest Challenge to Türkiye's Democracy: Crippling the Main Opposition Party
https://carnegieendowment.org/emissary/2025/09/turkey-erdogan-chp-opposition-imamoglu-election-democracy
**24-** Intellectuals and power: A conversation between Michel Foucault and Gilles Deleuzehttps://libcom.org/article/intellectuals-and-power-conversation-between-michel-foucault-and-gilles-deleuze
**25-** DRM News. LIVE: US Ambassador to Turkey Tom Barrack Speaks at Antalya Diplomacy Forum
https://www.youtube.com/watch?v=jmE5oXT9bCY&pli=1&authuser=1
**26-** سكاي نيوز عربية الخارجية السعودية تستدعي سفيرة العراق في المملكة
https://www.skynewsarabia.com/middle-east/1863813-الخارجية-السعودية-تستدعي-سفيرة-العراق-المملكة
**27-** Davos 2026: Special address by Mark Carney، Prime Minister of Canada
https://www.weforum.org/stories/2026/01/davos-2026-special-address-by-mark-carney-prime-minister-of-canada/



# داهاتووی ڕۆژئاوای کوردستان و پێویستی ستراتیجی خۆپارێزیی باشوور

لوقمان گوڵدڤێ
دکتۆرا لە لێکۆڵینەوەی ئێرانناسی، ئەندامی بەرنامەی خوێندنی باڵا لە زانکۆی ڕۆژئاڤا

**پوختە**

ئەم بابەتە شیکاریی بۆ ئایندەی سیاسی و ئەمنی ڕۆژئاوای کوردستان لە چوارچێوەی پرۆسەی یەکگرتن و تێکەڵبوون لەگەڵ حکومەتی کاتی سوریا دەکات و کاریگەرییەکانی لەسەر باشووری کوردستان هەڵدەسەنگێنێت. بە پشتبەستن بە پاشخانی مێژووی سیاسەتی دژ بە کورد لە سوریا، حەسەکە بۆ کورد لە ڕۆژاڤا زۆر ستراتیجییە. لە توێژینەوەکەدا پرۆسەی یەکگرتن وەک ڕێبازێکی ڕاست و یەکلایەنە پێناسە نەکراوە، بەڵکو وەک پرۆسەیەک کە بە قەیران و ناکۆکی نێوان لایەنەکان خۆدەنوێنێت پێناسەدەکرێت.

لە توێژینەوەکەدا سێ سیناریۆی سەرەکی یەکگرتن خراوەتەڕوو:

١- یەکگرتنێک کە تێیدا هێزە کوردییەکان بە ناسنامەی خۆیان وەک گروپێک دەپارێزرێن.

٢- یەکگرتنێک کە بە ئامانجی ڕاکێشان و هەڵمژینی هێزە کوردییەکان بە تێپەڕبوونی کات بەڕێوەدەبرێت.

٣- یەکگرتنێک کە سروشت و ناوەڕۆکەکەی بە فشاری ئەکتەرە دەرەکییەکان و هەلومەرجی جیۆستراتیجی دیاری دەکرێت.

ئەم سیناریۆیە لەسەر بنەمای داینامیکی ناوخۆیی سوریا و ڕۆڵی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی وەک تورکیا، ئەمریکا و ئیسرائیل هەڵدەسەنگێندرێت.

لە کۆتاییدا، بابەتەکە باس لەوە دەکات کە دوای شەڕی مانگی یەکی ساڵی "٢٠٢٦"، پرسی سەرەکی یەکگرتن یان یەکنەگرتن نییە، بەڵکو پاراستنی یەکڕیزی هێزە کوردییەکان و

ناسنامەکەیان لە چوارچێوەی قەوارەی دەوڵەتی سووریادایە. لە وتارەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە دەرئەنجامی پرۆسەکە دەتوانێت ببێتە مۆدێلێک بۆ سیاسەتی دەوڵەتانی دیکە بەرامبەر کوردستان بەتایبەتی لە باشووری کوردستان لە دژی ئاستی خۆبەڕێوبەری و فیدراڵییەکەی، هەر بۆیە پێویستە لە ئێستاوە ئامادەکاری ستراتیجی و ئایدیۆلۆژی بکرێت.

## پێشەکی

کاتێک مرۆڤ سەیری ئەگەرەکانی ئایندەی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، بە ناچاری بە سیناریۆکانی پەیوەست بە پرۆسەی یەکگرتنەوە کە بەردەوامە، دەست پێدەکات. ئەم سیناریۆیە چۆن بەرەوپێش دەچێت و بە چ ئەنجامێک کۆتایی دێت، کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت باشووری کوردستان دەبێت. سەرەتا بە کورتی پێداچوونەوە بە پاشخانی مێژوویی کوردەکانی سوریا و ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان لەدوای ساڵی "٢٠١٢" دەکەین، بەو پێیەی سیناریۆی ئەگەری تەنها پەیوەندیی بە سوریا و کوردەوە نییە، هەوڵدەدەین چارەنووسسازترین فاکتەر و ئەکتەرەکان دەستنیشان بکەین و پێناسەی بکەین بۆ ئەوەی شیکاریمان بۆ سیناریۆکان لە خەیاڵ و گریمانەدا و بەبێ بنەمایەکی مێژووی و توخمەکانی ئەکتەر و فاکتەری سیاسیی لەسەر شانۆکە نەمێنێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئێمە سەرنج دەخەینە سەر ئەو زانیارییانەی دەربارەی پرۆسەکە کە لایەنی کوردی بە یەکگرتنی دیموکراسیی ناوی دەبات و حکومەتی کاتیی سوریاش تەنها بە تۆڵەسەندنەوە ناوی دەبات، چونکە سیناریۆکانی پەیوەست بە پرۆسەکە بەجۆرێکە کە مرۆڤ دەتوانێت زۆرترین پێشکەوتن ببینێت. بۆ ئەمەش لەڕێگەی تەلەفونی و دیداری ڕووبەڕوویش سوودمان لە هەندێک سەرچاوەی کوردی نزیک لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان وەرگرتووە.

### ١- بە لە بەرچاوگرتنی پاشخانی حەسەکە بۆچی ئەم شارە بۆ مانەوە گرنگە؟

ئەندرۆ جەی تابلەر، یەکێک لە نووسەرانی بابەتێک کە زۆر لەپێشتردا سەبارەت بە سیناریۆ ئەگەرییەکان کە بۆ پەیمانگای واشنتۆن لە چوارچێوەی چاودێریی سیاسیدا نووسراوە، گفتوگۆی تەلەفۆنی نێوان دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا و ئەحمەد ئەلشەرع، سەرۆکی سوریا بە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە لە واژۆکردنی ئاگربەست لە "٢٩"ی "١"ی "٢٠٢٦" دەزانێت، سەرەتا سەرنج دەخاتە سەر دوو لایەنی پرسەکە بۆ ڕوونکردنەوەی بڕیارەکە: حەسەکە دەبێتە پرسی یەکلاکەرەوە، کە بەرگریکردنەکەی "هەسەدە" – کورتکراوەی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بە زمانی ئینگلیزی (SDF) – وەک بابەتی مەرگ و ژیان لە قەڵەم دەدات، ئەمریکاش هەوڵدەدات کێشەی ئەمنیی پەیوەست بە زیندانییەکانی داعش چارەسەر بکات[١].

حەسەکە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بابەتی ژیان و مانەوەیە، چونکە پەیوەندیی وشکانی و ڕێڕەوەی زەمینی بە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە کە تا ڕادەیەکی بەرچاو کراوەتەوە، تەنیا لەوێ بوونی هەیە و ئەو دەرفەتانەی داهاتی ئابوری کە پشت بە پیشەسازیی نەوت دەبەستن لەم ناوچەیەن. هەر ئامادەبوونێکی سیاسیی لەسەر زەوی پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی ئیدارەی حەسەکە هەیە، بەتایبەت بەهۆی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و پیشەسازیی نەوتەکەیەوە. پێش ئەوەی ڕوو لە سیناریۆی ئەگەرەکان بکەین، با سەرەتا سەیری پاشخانی مێژوویی ئەم ناوچەیە بکەین.

ئۆتۆنۆمی یان خۆبەڕێوبەریی بۆ حەسەکە لە دوایین قۆناغی سەرپەرشتیکاری فەرەنسا پێش جەنگی جیهانی دووەم لە لایەن ئەکتەرە کورد و مەسیحییەکانەوە ڕاگەیندرا و پێشنیازی پەیوەندیدار بۆ دەسەڵاتدارانی فەرەنسا کرا؛ واتە هەوڵێکی کراوە و چالاکانەی لۆبیکردن بۆ ئۆتۆنۆمی لە پارێزگای حەسەکە هەبوو. ئەم هەوڵانە پەیوەندیدار بە مافەکانی کورد و ئەگەری ئۆتۆنۆمی تەنانەت پێش شکستی خویبوون لە شۆڕشی ئاگریشدا پێشتر ئامادە بوون. بۆ نمونە هەر لە ساڵی "١٩٢٨"دا پێنج کورد کە لە پەرلەمانی سووریا بوون لۆبییان دەکرد بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی فەرمی لە ناوچە کوردنشینەکاندا[٢]. هەڵە نابێت ئەگەر بڵێین سیاسەتەکانی حکومەتەکانی ناوەندیی سوریا لەدوای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەم هەوڵانەی ئۆتۆنۆمی کورد و مەسیحییەکانەوە هەیە. لە سەردەمی دامەزرانی سوریادا، بێجگە ئەزموونی دەوڵەتانی عەرەبی دەرەوەی سیستەمی سەرپەرشتیکاری لە ساڵی "١٩١٨" تا "١٩٢٠"، فەرەنسا هێزی دیاریکەر و یەکلاکەرەوە بوو. سنوورەکانی ئێستای نێوان سوریا و کۆماری تورکیا ساڵێک پێش دامەزراندنی کۆماری تورکیا دیاریکراون و لە ڕاپۆرتی سەربازیی فەرماندەی فەرەنسی ئەندریا کۆلۆنێل "١٩٢٣"دا دەبینرێت کە چۆن ململانێ سەربازییەکان تا ساڵی "١٩٢٢" ئەم هێڵە سنوورییەیان پێناسەکردووە.

دوای سەربەخۆیی سوریا، کە بەهۆی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی "١٩٤٦" و سێ ساڵ کودەتای سەربازیی دواکەوت، گۆڕانکارییەکی بەردەوام لە سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندیی لە دیمەشقدا بەرەو دوورخستنەوەی کورد لە دەزگای سیاسی و هوشیاریی سیاسی و دەرخستن لە کوردبوون، دەبینین. سەرژمێری تایبەتی ساڵی "١٩٦٢" کە تێیدا حکومەتی دیمەشق کۆتایی بە ڕەگەزنامەی (١٢٠) هەزار کورد هێنا[٣]، سەرەتای دیار بۆ ئەم سیاسەتانە بوو. داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی پشتێنەی عەرەبی، کە بە گوێرەی ڕۆژنامە عەرەبییەکانی ئەو سەردەمە مەبەست لێی "ئازادکردنی عەرەبییەت لە جزیرێ" بوو[٤]، لە ساڵی "١٩٧٣" بەدواوە جێبەجێ کرا؛ (٤) هەزار بنەماڵەی عەرەب لە هۆزی والدە لە (٤١) گوند نیشتەجێبوون و هەروەها چەکدار بوون. ئەم سیاسەتە لە سەردەمی حافز ئەسەددا بەردەوام بوو، بە

گشتی (١٤٠) هەزار کورد لە ناوچەکە دەرکران و عەرەب لە (٣٣٢) گوندی ئەم هەرێمەدا نیشتەجێ کران[٥]. ئەم سیاسەتانە بە هاوبەشی لەگەڵ سیاسەتەکانی قڕکردن و دیارنەمانی کورد جێبەجێ کران؛ بۆ نمونە لە ساڵی "١٩٦٧"دا هەموو نیشانەکانی بوونی کورد لە سوریا لە کتێبی خوێندن لابران و تۆمارکردنی ناوی کوردی قەدەغە کرا و هتد[٦]. قەدەغەکردنی کتێب لە سەردەمی ئەدیب شیشەکلیدا دەستی پێکرد، واتە "١٩٥١-١٩٥٤"[٧]، بەڵام دەبینین لە ماوەی پێش مردنی حافز ئەسەد، فەرمانەکانی قەدەغەکردنی فرۆشتنی کاسێت بە زمانی کوردی، وەک فەرمانی ژمارە (١٢٢)، درێژەیان بەم سیاسەتە دا. ئەم فەرمانانە کاریگەریان هەبوو نەک بە جێبەجێکردنیان، بەڵکو بەهۆی بوونیانەوە، دەوڵەت دەیتوانی هەرکاتێک بیەوێت جێبەجێیان بکات[٨]. ئەم سیاسەتە سیستماتیکیە بۆ پەراوێزخستن و سڕینەوەی کورد لە سوریا، بووە هۆی لاوازبوونی کورد تا ساڵانی هەشتاکان.

**حەسەکە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بابەتی ژیان و مانەوەیە، چونکە پەیوەندیی وشکانی و ڕێڕەوەی زەمینی بە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە کە تا ڕادەیەکی بەرچاو کراوەتەوە، تەنیا لەوێ بوونی هەیە و ئەو دەرفەتانەی داهاتی ئابوری کە پشت بە پیشەسازیی نەوت دەبەستن لەم ناوچەیەن. هەرئامادەبوونێکی سیاسیی لەسەرزەوی پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی ئیدارەی حەسەکە هەیە، بەتایبەت بەهۆی کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و پیشەسازیی نەوتەکەیەوە. پێش ئەوەی ڕوو لە سیناریۆی ئەگەرەکان بکەین، با سەرەتا سەیری پاشخانی مێژوویی ئەم ناوچەیە بکەین.**

کورد کە لە دیمەشقەوە تا حەلەب، لە ئەسکەندەریە تا عەفرین و تەنانەت هێڵی چیای عەبدولعەزیز، تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئەکتەر و بکەرێکی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتیی خاکەکانی سوریای ئەمڕۆ بوون، دوای ڕووخانی عوسمانییەکان و تا سەربەخۆیی سوریا، هەوڵی پاراستنی شووناس و ناسنامەی خۆیان دا. بۆیە سیاسەتەکانی حکومەتەکانی ناوەندیی سوریا لە بنەڕەتدا هەوڵیان دەدا کورد لە سوریا بکەنە بابەتی چەوساندنەوە. خوێندنەوەی کتێب لەسەر کوردەکانی سوریا وەک ڤانلی "١٩٦٨"، "١٩٩٢"، تەجل "٢٠٠٩"، یڵدز "٢٠٠٥"، گونتەر "٢٠١٤" پشتگیریی ئەم گریمانەیە دەکات. هەروەها خوێندنەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی ناو ئەرشیفی عوسمانی و فەرەنسی کە مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی

شەخسیی بیدۆزێتەوە، بنەمایەک بۆ ئەمە ئامادە دەکات[٩]. هەرچەندە ڕژێمی حافز ئەسەد هەندێکجار بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی کەمینەکان لە ڕێگەی هاوپەیمانیی ڕێژەییەوە، بەدوای سازشێکدا دەگەڕا؛ بەڵام جەوهەری ئەم سیاسەتە نەگۆڕ بوو. لە بەرامبەر ئەم پاشخانە مێژووی و کۆمەڵایەتییەدا ساڵانی "٢٠١١" و "٢٠١٢" زەمینەی خۆڕێکخستن و ژیانەوەی کوردیان خۆش کرد، ئەمەش هاوکات لەگەڵ شەڕی داعش، کوردی بۆ گرنگترین ئەکتەری سەربازی لە سوریا گۆڕی، بەتایبەت کە بوونە بەشێک لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش. بەڵام لە کۆتاییدا هێرشی گشتی حکومەتی کاتی سوریا بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بووە هۆی ڕۆژانی بەرخۆدان و ماتەمینی. ئەم ڕۆژانەی ماتەمینی بۆ هەموو کوردستان بە ئازار بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڵوێستێکی جەماوەریی یەکگرتوویانە، خۆی بەسەر پارتە سیاسییەکانی کورددا سەپاند[١٠]. بێگومان پارتە کوردییەکانی دەرەوەی سوریا لاوازی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە لاوازی خۆیان دەزانن و ئەمەش تەوەرێکە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تر لەسەر دینامیکی کۆمەڵایەتیی ناوخۆی کورد لە دەوڵەتە جیاجیاکاندا.

**٢. سێ ڕووی یەکگرتن: وەک زۆرترین سیناریۆ ئەگەرییەکان بۆ دۆخی ئێستا**

پێش واژۆکردنی ڕێککەوتنی "٢٩"ی ژانویە، ئەندرۆ جەی تابلەر ڕایگەیاند کە هێزە کوردییەکانی سووریای دیمۆکرات شەڕی حەسەکە وەک شەڕی مان و نەمان دەبینن. ئەم ناوچەیە تاکە خاکە لە ڕۆژاڤای کوردستان کە هاوسنوورە لەگەڵ باشووری کوردستان و هەر بۆیە لە ڕوانگەی کوردەوە لەڕووی ستراتیجییەوە بابەتی ژیان و مانەوەیە. ئەم دەربڕینە لەدوای ڕێککەوتنی ئاگربەستی "١٨"ی ژانویە بەکارهێنرا، کە تێیدا لایەنەکان لێدوانی جیاوازیان دەربڕی. لەوێدا لە مادەی پێنجەمدا ئاماژە بە یەکگرتنی تاکەکەسی هێزەکانی SDF دەکات، لە مادەی حەوتەمدا ئاماژە بە دانانی پارێزگارێک بۆ حەسەکە دەکات لە دیمەشقەوە، مادەی (١٠) ئاماژە بە بەشداریکردنی کورد لە ئیدارەی حکومەتی دیمەشق دەکات، لە مادەی (١١) یشدا ئاماژە بە مافە زمانەوانی و کولتوورییەکانی کورد دەکات، بەڵام هیچ بنەمایەک نییە بۆ ئەوەی لە دەستوور یان یاساکاندا جێبەجێ بکرێت. ئەو پرسە گرنگانەی کە دەبنە هۆی قەیرانەکان ڕوون نین، بەڵام ڕوونە کە مۆرکی دەوڵەتی تورکیای لەسەر بووە، بۆیە بێ هۆ نییە کە "ڕاگەیاندننامەی ڕۆژنامەوانی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی تورکیا لە "١٨"ی ژانویە، ژمارە (٩)، پێشوازی لەم ڕێککەوتنە کردووە، کە بە "ڕێککەوتنی ئاگربەست و یەکگرتنی تەواو" ناوی بردووە، وەک بەشێک لە هەوڵەکانی ئەلشەرع بۆ بنیاتنانی سەقامگیریی ستایشی کردووە، "لەسەر بنەمای یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی وڵات" (کۆماری تورکیا). ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ قسەی دڵی تورکیادایە و بۆ تورکیا خۆشەویستە. ئەمە لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی "١٩"ی ژانویەی نێوان ترەمپ و ئەلشەرعەوە ڕوونە. بەشێوەیەکی فەرمی ترامپ داوای لە

ئەلشەرع کرد کە گرنگی بە دیلەکانی داعش بدات. بەڵام ئاگاداری ئەوە نین کە چ شتێکی دیکە لە دەرەوەی ئەم ڕاگەیاندنە فەرمییانەوە گوترابێت؛ بەڵام چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ بەرپرسێک کە لەو کاتەدا بەشداری کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکاندا کردووە و نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت(١) دەڵێت: "ترەمپ ویستویەتی هێرشەکە بۆ سەر کورد ڕابگرێت، ئەگەرچی دەستبەجێش نەبێت". بەپێی زانیارییەکانی ئەم کەسە کە ئاگاداری ڕووداوەکانە، کاتێک سیناتۆری ئەمریکی لیندسی گراهام خاوەن کاریگەری – و بەتایبەتی لەسەر ترەمپ – لە ئیسرائیل بووە، لایەنی ئیسرائیلی لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی داوای لێکردووە کاریگەریی لەسەر ترەمپ هەبێت بۆ ئەوەی هێرشەکانی ئەلشەرع ڕابگرێت و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ترەمپ لەگەڵ ئەلشەرعیش دەرئەنجامی ئەمە بوو. کاتێک سەیری دەکەین، دەبینین کە لیندسی گراهام لە "١٦"ی ژانویە دەگاتە ئیسرائیل، دوای ئەوەی لەگەڵ سیناتۆری دیموکرات ڕیچارد بلومێنتال لە کۆنگرێسی ئەمریکاوە یاسای ڕزگارکردنی کوردان کە ئێستا وەستاوە، لە کۆنگرێسی ئەمریکادا پێشکەشکرد[١١].

ئەگەر سەیری ئەو ڕوانین و ئارگیومێنتە سەرەکییەی کە لە پشت هێرشی ئەلشەرعەوەیە بکەین؛ تێدەگەین کە پشتی بە ستراتیجی یەکپارچەیی خاکی سوریا و دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سوریا بە سوپا و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی خۆیەوە بەستبوو؛ ئەمەش بەڕوونی تیۆری دروستبوونی دەوڵەت "١٩٢١"ی وێبێرمان بیردەخاتەوە. بەڕاستی زۆرێک لە شرۆڤەکاران نەبوونی سوپایەکی یەکگرتوو کە نوێنەرایەتیی گەل بکات لە سەردەمی دوای ئەسەددا بە لاوازی سەرەکی ئیدارەی نوێ لە دیمەشق دەزانی. هەرچەندە زۆرێک لە هێزە سەربازییەکان بە فەرمی یەکخران، بەڵام بارودۆخی سەر زەوی جیاواز بوو- پێکهاتەی بنەڕەتیی هێزەکانی گروپە سەربازییەکان و فەرماندەییەکانیان وەک خۆی مایەوە- و ئەم دۆخەش بۆ خەڵک دیار بوو[١٢].

لەم ڕووەوە هەڵە نابێت ئەگەر بڵێین بەپەلەترین پرس بۆ حکومەتی نوێ لە دیمەشق پرسی پرۆسەی یەکگرتنە لەگەڵ ئیدارەی خۆسەر کە لە ئێستادا تەنها لە ڕۆژئاوای کوردستان مانای هەیە. ئێمە لە شێوازی ئەنجامدانی هەنگاوەکانی یەکگرتنەوە تێدەگەین کە لایەنەکان لەسەر هیچ شتێک ڕێکناکەون و پرۆسەکە لە بنەڕەتدا پرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکانە لەنێوان لایەنەکاندا. دۆسیە سەرەکییەکانی پەیوەست بە یەکگرتنەوە پەیوەندیی بە هێزە چەکدارەکانەوە هەبوو، واتە هێزەکانی سەر بە هێزەکانی سوریای دیموکرات و هێزە ئەمنییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان. جگە لەو ڕێزپەڕ و ئیستسنایانەی کە بەهۆی قەیرانەکانەوە بووە هۆی دانانی سەرۆکی شارەوانی کۆبانێ، دۆخی ئێستا ناکۆکییەکی ڕوونی نێوان لایەنەکان لەسەر پرسی یەکگرتن لە زۆر بواردا نیشان دەدات. دواتر باس لە پێناسە جیاوازەکانی چەمکی یەکگرتن لە لایەن لایەنەکانەوە دەکەین، بەڵام بۆ ئێستا با سەرنج لە یەکێک لەو قەیرانانە بدەین کە لە ناوچە مەدەنی و ناسەربازییەکان سەریهەڵداوە.

لە ناوەڕاستی مانگی نیساندا، لە چوارچێوەی یەکخستنی سیستەمی داد، شاندێکی ئیدارەی دیمەشق چوونە حەسەکە و بینای دادگای ناوەندی، کۆشکی دادیان گرتە دەست. بەڵام کاتێک هەمان شاند چوونە قامیشلۆ، قەیرانێکی نوێ لەوێ سەریهەڵدا. ئیدارەی خۆسەر دەیەوێت سیستمی دادەکەی وەک بلۆکێکی یەکگرتوو لە پرۆسەی یەکگرتن وەربگیرێت و حکومەتی ناوەندیش دەیەوێت دەستبەسەرداگرتنی حەسەکە لە قامیشلۆ دووبارە بکاتەوە. هەرچەندە ڕەنگە لە ڕووکەشدا پرسەکە سادە دەرکەوێت، بەڵام وا نییە. واتە مەسەلەکە تەنها کۆنترۆڵکردنی بینای دامودەزگاکانی دادپەروەری نییە. مەسەلەکە ئەوەیە کە لە دە ساڵی ڕابردوودا سیستەمی یاسایی لە ڕۆژئاوای کوردستان لە چاو دەوڵەتی ناوەندیی سوریا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە: پەیڕەوکردنی فرەژنی لە ڕۆژئاوای کوردستان قەدەغەیە و بابەتە ئیدارییەکانی پەیوەست بە سیستمی داد، وەک تۆمارکردنی ناوی منداڵان لە نفووس و دایرەی تۆماری هاووڵاتییان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە[١٣]. کاتێک لایەنەکان بەهۆی گۆڕانی تەواوەتی بیرۆکەکان سەبارەت بە پرۆسەی یەکگرتنەوە ڕووبەڕووی قەیرانێک دەبنەوە، دەبینین لەبری ئەوەی لەسەر پرسی قەیرانەکە وردبینەوە و مکوڕ بن ڕوو لە لایەن و ڕەهەندی دیکە دەکەن. بۆ نەرمکردنی ئەم قەیرانانە و دانانی لە دۆخێکی ئیدارەییدا، لایەنەکان یان لە بوارەکانی دەرەوەی قەیرانەکان هەنگاو هەڵدەگرن یان ستراتیجی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنێکی سەربازیی بەڕێوەدەبەن.

**دوای سەربەخۆیی سوریا، کە بەهۆی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی "١٩٤٦" و سێ ساڵ کودەتای سەربازیی دواکەوت، گۆڕانکارییەکی بەردەوام لە سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندیی لە دیمەشقدا بەرەو دوورخستنەوەی کورد لە دەزگای سیاسی و هوشیاریی سیاسی و دەرخستن لە کوردبوون، دەبینین.**

با سەرەتا ئەوە لەبەرچاو بگرین کە چۆن لەم کاتەدا کە دانوستانەکانی یەکگرتن لە کۆبانێ وەستابوون، لە بوارەکانی دیکەدا هەنگاونران بۆ ئەوەی کە ڕێگا نەدرێت قەیرانەکە بەردەوام بێت و دۆخەکە تووشی وەستان نەبێت، لەڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرچاوەیەک کە ئاگاداری گفتوگۆکانی کۆبانێیە(٢)، زانیمان کە قەیرانێک لەنێوان لایەنەکاندا لەسەر پرسی دوورخستنەوەی میلیشیاکان لە گوندە کوردنشینەکانی دەوروبەری کۆبانێ دروست بووە. حکومەتی دیمەشق بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئەوەی لە توانایدایە

دەیکات، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستا ناتوانێت ئەو پرسە خێراتر چارەسەر بکات. بەمەبەستی هێورکردنەوەی ئەم قەیرانە و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ماونەتەوە کە پەیوەندییان بە پرۆسەی یەکگرتنەوە هەیە، حکومەتی دیمەشق لەڕێگەی پارێزگاری حەلەبەوە کاندیدی کوردی "ئەلماز ڕۆمی" بۆ سەرۆکی شارەوانی، دەستنیشانکرد. زۆرێک لە دەزگاکانی هەواڵ لەسەر ئەم دامەزراندنە ڕاپۆرتیان کردووە[١٤]، بەڵام خوێندنەوەی ورد ڕێگە بە مرۆڤ دەدات بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم دامەزراندنە بە مەبەستی هێورکردنەوەی قەیرانی ئێستای کۆبانێ بووە.

نموونەیەکی دیکە دەتوانێت مەسەلەی ڕادەستکردنی تەرمی شەهیدانی هێزەکانی سوریای دیمۆکرات بێت. کاتێک لە مەیدانەکەدا بووین، لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە زانیمان لە "٢٧"ی نیسانی "٢٠٢٦"دا- کە ئیدارەی دیمەشق سەدان تەرمی ڕادەستی ئیدارەی ڕۆژئاوای کوردستان کردووە و ئەو تەرمانەش، دوای ناسنامە، ڕادەستی بنەماڵەکان کران. ئێمە نەمانتوانی بە دڵنیاییەوە ژمارەی تەرمەکان پشتڕاست بکەینەوە، بەڵام بەو زانیارییانەی سەرچاوەکان پێشکەشی کردون، مەزەندە دەکرێت ئەم ژمارەیە لە دەوروبەری (٨٠٠) کەس بێت، دەتوانین بهێنینە پێش چاومان کە قەیرانەکان لە بوارەکانی تری یەکگرتنەوە، وەک دادپەروەری، دەتوانن ببنە بنبەست، بەڵام لایەنەکان هەوڵدەدەن بە هەنگاونان لە دەرەوەی ناوچەی قەیران و ڕێگری نەکردن لە پرۆسەکە قەیرانەکە کەم بکەنەوە. سەرچاوەیەکی بەشدار لە پرۆسەکانی دانوستاندن و یەکگرتن دووپاتی کردەوە کە ڕادەستکردنی تەرمەکان یەکێک بوو لەو هەنگاوانەی پێشوو کە حکومەتی ناوەندی ڕایگەیاندبوو دەیگرێتەبەر، بەڵام جێبەجێنەی کردبوو(٢).

ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی قەیرانەکان فرە لایەنە. لەلایەک دەوڵەتی نوێ پێکدەهێنرێت و سەرکردەکەی هەست بە لاوازی دەکات و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەرتاسەری سوریا بە ڕێگەیەک بۆ شکاندنی ئەو لاوازییە دەبینێت. لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی ئەم حکومەتە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە بە چەندین فاکتەر و ئەکتەر سنووردارە.

سەرەڕای ئەوەش، سەرچاوەیەك لە بەرزترین ئاستدا کە ئاگاداری دیدارەکانە لەگەڵ حکومەتی کاتی سوریا(٣) دەڵێت: "دانوستاندن لەگەڵ کورد گەیشتووەتە بنبەست". بە وتەی سەرچاوەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، تەنانەت پێش شەڕەکەش بڕیارێک هەبووە کە شەڕ لەنێوان هێزەکانی سوریای دیموکرات و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت بە مەبەستی دروستکردنی هاوسەنگییەکی نوێ لەنێوان دیمەشق و کورددا ئەنجام بدرێت: "بەم شەڕە تورکیا و ئەمریکا دەیانویست هاوسەنگی هێز لە دژی کورد بشکێنن".

بە واتایەکی تر دەوڵەتی تورکیا شەڕی هەڵگیرساند، زەمینەی بۆ ئامادە کرد؛ بەریتانیا و ئەمریکا هەردووکیان خوازیاری کشانەوەی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە دێرەزۆر و ڕەقە

بوون؛ تەنانەت لەبەرئەوەی لایەنی کوردی ویستی باسی وردەکارییەکانیش بکات، وایکرد قەیران لەگەڵ ئەمریکییەکان دروست ببێت: "خۆیان ماندوو کرد، قەیرانێکیان وروژاند و هۆکاری دروستبوونی قەیران لەگەڵ تۆم باراک، نەکشانەوە لە دێرەزۆر بوو".
بەگوێرەی سەرچاوەکە، ئێستا هاوسەنگییەک هەیە کە بە دڵی کورد نییە، بە دڵی حکومەتی کاتی سوریاش نییە و بە دڵی تورکیاش نییە و ڕێککەوتنی "٢٩"ی "١" دەرئەنجامی ئەم هاوسەنگییە یە.
سەبارەت بە پرۆسەی یەکگرتنەوە، سەرچاوەکە دان بەوەدا دەنێت کە بەپێی ئامانجەکە ناڕوات: "دیمەشق دەیەوێت هێزەکانی سوریای دیموکرات بەتەواوی بخرێتە ژێر دەسەڵاتی شامەوە. هەموو شتێک بە دیمەشقەوە ببەسترێتەوە." لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە دەکات کە بەشێک لە لایەنگران و ئەندامانی هێزە هاوپەیمانەکان لەگەڵ ئەلشەرع لە پرۆسەکە ڕازی نین و دەیانەوێت تایبەتمەندیی ناوچە کوردنشینەکان بەتەواوی لەناو بچێت؛ هەروەها ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی یەکگرتنەکە. هەروەها ئاماژە بە ململانێی سەرەکی لە پرۆسەکەدا دەکات. هەست دەکەین سەرچاوەکە ئاگادارە کە لایەنی کوردی و دیمەشق مانایەکی جیاواز بە چەمکی یەکگرتنەوە دەبەستنەوە: "کورد دەیەوێت دەرفەتەکانی بپارێزێت و فراوانتر بکات و دەرفەتەکانی بکاتە هەمیشەیی، یەکگرتن بەو شێوەیە ناڕوات کە لەلایەن هەر لایەنێکەوە پلانی بۆ دانراوە، چاوەڕوانی لایەنەکان و ئەو مانایانەی کە بە یەکگرتنەوە دەیبەستنەوە جیاوازن".

> **کورد کە لە دیمەشقەوە تا حەلەب، لە ئەسکەندەریە تا عەفرین و تەنانەت هێڵی چیای عەبدولعەزیز، تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئەکتەر و بکەرێکی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتیی خاکەکانی سوریای ئەمڕۆ بوون، دوای ڕووخانی عوسمانییەکان و تا سەربەخۆیی سوریا، هەوڵی پاراستنی شووناس و ناسنامەی خۆیان دا.**

لە سەرچاوەکە دەپرسین ئەگەری شەڕ بۆ لایەنی کوردی چییە، ئەویش دەڵێت ئەگەری شەڕ هێشتا بوونی هەیە، بەڵام جددیترین بەربەستی بەردەمی ئەگەرچی نافەرمیش بێت، ڕۆڵی گەرەنتیکاریی هێزی دەرەکییە. دیارە لایەنی کوردی خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات کە پرسەکانی پەروەردە و زمانی کوردی و مەنهەجی کوردی بۆ یەکگرتن قورسترین دۆسیە دەبن. جگە لەوەش پرسی نەوت یەکێکە لە فایلە سەختەکانیش، چونکە لایەنی کوردی دەیەوێت ئەو

کۆمپانیایانەی کە هەر لە سەردەمی شۆڕش و دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی خۆسەرەوە هەبوون بەردەوام بن لە ڕۆڵی خۆیان لە کارپێکردنی بیرە نەوتییەکاندا.
سەبارەت بە ئەکتەرە دەرەکییەکان، لە سەرچاوەکەوە تێدەگەین کە زانیاریی ڕاستەوخۆی هەیە کە تورکیا لەگەڵ یەکگرتندایە، بەڵام لەگەڵ مافە بەکۆمەڵ و دەستەجەمعییەکاندا نییە؛ هەروەها دۆخی ئێستا سەبارەت بە یەکگرتن هەڵوێستێکی بێلایەنی وەرگرتووە. بەڵام سەرچاوەکە باسی ئەوە دەکات کە زانیاریی هەیە کە ئەکتەری سەرەکی بۆ پرسە جیۆستراتیجییەکان ئیسرائیلە. هەروەها داواکارییەک لەلایەن ئەمریکاوە بۆ کورد هەبووە بۆ ئەوەی پێگەی بەهێز لە حکومەت لە دیمەشق بگرن: "ئەمریکا داوای لە ئێمەی کورد کردووە پێگەی بەهێز لە حکومەتی ناوەندیدا بگرین، ئەم ئەگەرە تا ئێستاش وەک سیناریۆیەکی بەهێز لەسەر مێزە، واتە دەتوانێت ڕۆڵی کورد لە بنیاتنانی سوریای نوێدا گرنگ بێت".
بەم زانیارییانە لەم سەرچاوەیە، پێموایە خوێندنەوەی چەمکی یەکگرتن لەلایەن لایەنەکانەوە لێرەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. لایەنی کوردی ڕۆژئاڤا، تەنانەت پێش ئەم دوایین دۆخەش، پێشتر ئەو پرۆسەیەی بە 'یەکگرتنی دیموکراسی' ناوبردبوو[١٥]، بەڵام حکومەتی ناوەندیی ئەلشەرع هەمیشە لەڕووی دامەزراندنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەرانسەری خاکی سوریادا لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی دەڕوانی و وشەی عەرەبی (ئیندیماج)یش بۆ ئەمەش بەسوودە، وەک چۆن جێنچ باسی ئەم تێڕوانینە و هەڵە ستراتیجییەکانی ئیدارەی ڕۆژئاڤا دەکات"٢٠٢٦"؛ لێرەدا دەبینین کە مانای ئیندیماج بۆ هەردوولا پێش و دوای شکستی سەربازی هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان گۆڕاوە. لە لێدوانە گشتییەکانی هەردوولاشەوە دەبیستین کە لایەنی کوردی ئەو شتەی ویستوویەتی بەدەستی ناهێنێت، بەڵکو هەوڵدەدات دەستکەوت و مافە دەستووری و یاساییەکانی هێشتا پارێزراو بێت و بۆ دەستکەوت و ماف لەو پرۆسەیەدا بگۆڕێت، کە بە یەکگرتنی دیموکراسیش ناودەبرێت[١٦]. لایەنی بەرامبەر نایەوێت لە دەستکەوت و مافە بەکۆمەڵەکانی کورد نزیک بێتەوە و دەیەوێت بەتەواوی وەک پرۆسەیەکی کارگێڕیی لە چوارچێوەی دەوڵەتسازیدا ئەو پرسە بەڕێوەببات، هەواڵەکانی ئاژانسی هەواڵی فەرمی سوریا سانا لەسەر چاوپێکەوتنی ئەلشەرع لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی فەرمی تورکیا ئەنادۆڵ ئەجانسی باشترین نمونەی ئەمەیە[١٧]. بە واتایەکی تر، لایەنەکان پرۆسەکە بە یەک ناو نابەن، هەروەها مانای جیاواز بۆ پرۆسەی یەکگرتن دادەنێن؛ لەم حاڵەتەدا دەتوانین باس لە سێ ڕێگای ئەگەری بۆ پێشەوە بۆ یەکگرتن بکەین:
أ- یەکگرتنێک کە تێیدا هێزە سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەک گروپێک پارێزراون.
ب- یەکگرتن بە چین چین بۆ قووتدان و وردە وردە تواندنەوە: سەرەتا کورد وەک هێزێک قبوڵ بکەن، بەڵام دواتر قوتی بدەن یان وەک گروپێک لە دامودەزگاکانی بڕیاردان و دامەزراوە ئەمنییەکان دووریان بخەنەوە و پەراوێزبخرێن و بسڕدرێنەوە.

ج- یەکگرتنێک کە بنەما سەربازییەکەی بەپێی فشاری هێزە دەرەکییەکان لە قاڵب دەدرێت.
هەر سێ سیناریۆکە کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەوڵەتانی دراوسێ بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانیان بەرامبەر بە کورد دەبێت. بەو پێیەی پرسەکە شکستی ئیدارەیەکی خۆسەری کوردییە، باشووری کوردستان دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە حکومەتی عێراقی ڕەنگە ئەم پرۆسەیە وەک مۆدێلێک بۆ کەمکردنەوەی ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتەکانی کورد لە باشووری کوردستان بەکاربهێنێت.

**ئەگەر سەیری ئەو ڕوانین و ئارگیومێنتە سەرەکییەی کە لە پشت هێرشی ئەلشەرعەوەیە بکەین؛ تێدەگەین کە پشتی بە ستراتیجی یەکپارچەیی خاکی سوریا و دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سوریا بە سوپا و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی خۆیەوە بەستبوو؛ ئەمەش بەڕوونی تیۆری دروستبوونی دەوڵەت "١٩٢١"ی وێبێرمان بیردەخاتەوە.**

کام لەم سێ ڕێگا ئەگەرییە بۆ یەکگرتن نزیکتر دەبێتەوە لە بەدیهێنان، ئایا ئەم سیناریۆیانە کاریگەریان لەسەر یەکتر دەبێت، یان هیچیان بە تەنیا بەدی ناهێنرێن و پێکهاتەیەک دروست دەبێت؛ وەڵامی ئەم پرسیارانە بەندە بە دوو فاکتەرەوە: (أ) سەرکەوتنی سیاسەتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان- بۆ یەکگرتن. (ب) ڕووداوەکانی ئەو شەڕەی کە جیۆستراتیجی ڕۆژئاوای کوردستان دەگۆڕێت.

**٢.أ. یەکگرتن کە تێیدا هێزە سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وەک گروپێک پارێزراون.**

با سەرنجی تایبەتمەندییە ئاشکراکانی ئەگەری یەکەم بدەین. بەپێی ئەم سیناریۆیە، یەکگرتنی هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان سەرکەوتوو دەبێت و بەردەوام دەبێت؛ واتە لیوا کوردییەکان وەک گروپێک یەکگرتوو دەمێننەوە، فەرماندەیی فەرمییان دەبێتە فەرماندەیی تێکەڵاو، واتە وەک لیوا کوردییەکان لەنێو خۆیاندا یەکگرتوون، بەڵام ژێردەستەی فەرماندەیی گشتی سوریان، واتە ناسنامەی لیوا سەربازییە کوردییەکان پارێزراو دەبێت.
بەم شێوەیە کورد لەگەڵ ناسنامەکەیدا یەکدەگرێت. لەڕووی بەڕێوەبردنی ئەمنییەوە، ئەمە بەو مانایە دەبێت کە کورد لە سیزرێ و کۆبانی وەک ئەکتەرێکی ئۆتۆنۆم - یان باشتر بڵێین نیمچە سەربەخۆ - لە بابەتە ئەمنییەکاندا دەمێنێتەوە.
ئەو داتایانەی کە لە ئێستادا پشتگیری لەم سیناریۆیە دەکەن، ئەوەیە کە قۆناغی

یەکخستنی ئەمنی بە فەرمی دەستی پێکردووە. فاکتەرێکی دیکە کە ئەم سیناریۆی یەکگرتنە بەهێزتر دەکات ئەوەیە کە حکومەت لە دیمەشق دەتوانێت سوود لە هێزێکی وەها بەهێز و دیسپلینکراو و تاقیکراوی شەڕ بۆ سەقامگیریی خۆی لەم قۆناغەی بنیاتنانی دەوڵەتدا وەربگرێت. بەڵام بەهێزترین فاکتەر یەکێکە لە زلهێزە دەرەکییەکان، ئەویش ئیسرائیلە، کە بە گوتەی سەرچاوەکەمان کە ئاگاداری گفتوگۆکان و پرۆسەی یەکگرتنە لە بەرزترین ئاستدا، پێی وایە ئیسرائیل تەنانەت ئەگەر ڕاستەوخۆش دەستوەردان نەکات فشار دەخاتە سەر دیمەشق. هۆکاری ئەم فشارە بەگشتی بە ڕەچاوکردنی جیۆستراتیجی بۆ ئیسرائیل ڕوون دەکرێتەوە:

**یەکەم**: وەک ناوچەیەک لە نێوان ئێران و باقی سوریا و لوبنان، جزیرێ دەتوانێت وەکو ناوچەیەک بۆ کۆنترۆڵکردن لەسەر زەوی بێت بۆ ئەوەی ئێران لە ڕێگەی زەمینەوە نەگاتە لوبنان.

**دووەم**: یەکگرتنێک کە ناسنامەی کورد و هێزی ئەمنیی تیایدا پارێزراو بێت، دەتوانێت وەک مۆدێلێکی ئاشتەوایی بۆ دروزەکان لە باشووری سوریا، سویداش بێت.

مەترسی زۆر هەیە لەسەر ئەم سیناریۆیە، وەک مەزلوم عەبدی لە بەرزترین ئاستدا ئاماژەی پێکردوە و ئەوەش لەشکرکێشی سەربازییە بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان لەلایەن هێزی دژبەرەوە. لەم حاڵەتەدا ڕەنگە فشارەکانی فەرماندەیی گشتی سوریا و حکومەتی ناوەندیی سوریا لە کۆتاییدا ڕێکخستن و هێزە ئەمنییەکانی کورد ناچار بکەن بەبێ شەڕ بچنە ناوچەکە یان بە گوتەی مەزلوم عەبدی، کورد "تا کۆتایی شەڕ دەکات"[١٨]، ئەم پرۆسەی یەکگرتنە شکست دەهێنێت.

ئاماژەگەلێک هەن کە هەم ئەم ئەگەرە بەهێزتر دەکەن و هەم لاوازی دەکەن. یەکێک لەوانە گەڕانەوەی عەفرینە و گفتوگۆکان سەبارەت بە دانانی کورد لەناو هێزە ئەمنییەکاندا، کە بەڵگەی ئەرێنین بۆ یەکگرتنەوەیەک لەسەر بنەمای قبوڵکردنی کورد؛ ئەرێنیترین نیشانە لەم بارەیەوە لێدوانی سیپان حەمۆیە کە ئێستا جێگری وەزیری بەرگریی سوریایە. دەڵێت لە پرۆسەی گەڕانەوەی عەفرین، وەزارەتەکەیان دەیەوێت گەڕانەوەی شەڕڤانەکانی هێزی سووریای دیمۆکراتیک چ وەک سەرباز لەناو سیستەمی سەربازیی ئێستادا لە عەفرین و چ وەک مەدەنی بێت و وەریدەگرن[١٩]. جگە لەوەش گەڕانەوەی عەفرین پەیوەستە بە کێشەی جددی و ڕوونە کە سەرۆکی ئێستای ئیدارەی عەفرین کە حکومەتی کاتی قبوڵکردووە، زۆر شت نازانێت کە چی ڕوودەدات[٢٠]، بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەوڵدەدەن چارەسەرێک لەنێوان ئەو عەرەبانەی کە لە ناوچەکانی دیکەوە کۆچیان کردووە و زەوی و موڵکی کوردیان داگیرکردووە، خاوەن موڵکەکان بدۆزنەوە. یان موڵکەکە بە کرێ بدەنە عەرەبەکان یان عەرەبەکان بگێڕنەوە ناو کەمپەکانی پەنابەران. لەڕاستیدا ڕاپۆرتێکی "٥"ی نیسانی "٢٠٢٦"،

لەلایەن ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ (SOHR) دەریدەخات کە کوردان لە گەڕانەوە بۆ عەفرین، سەرەڕای ڕێککەوتنەکەیان هەراسان دەکرێن. تەنانەت لە ڕۆژی گەڕانەوەیاندا، عەرەبەکان دروشمی ڕەگەزپەرستانە بەڕوویاندا دەڵێنەوە و سوکایەتیی بە ئاڵای کورد دەکەن و دەیدڕێنن[21]. هەروەها ڕاپۆرتێکی دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەندامانی پێشووی ئاسایشی عەفرینی پێش داگیرکاری کە گەڕاونەتەوە عەفرین بانگهێشت کراون بۆ ناوەندە ئەمنییەکانی شارەکە کە لەلایەن حکومەتی کاتی سوریاوە بەڕێوەدەبرێن[22]، ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەراسانکردن لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە.

> **جگە لەو ڕیزپەڕو ئیستسنایانەی کە بەهۆی قەیرانەکانەوە بووە هۆی دانانی سەرۆکی شارەوانی کۆبانێ، دۆخی ئێستا ناکۆکییەکی ڕوونی نێوان لایەنەکان لەسەرپرسی یەکگرتن لە زۆربواردا نیشان دەدات.**

لەلایەکی دیکەوە فشارەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانی کورد لە ناوچەکەدا کاریگەریی لەسەر حکومەتی ناوەندیی سوریا دەبێت، ئەمەش کاریگەریی دەبێت بۆ ڕێگریکردن یان لەناوبردنی یەکگرتنێکی سەرکەوتوو.

### ٢.ب. یەکگرتن بە ئامانجی لەخۆگرتن وتواندنەوە

لێرەدا بە هەمان مەرجە سەرەتاییەکانی سیناریۆی سەرەوە دەست پێدەکەین. پێکهاتە سەربازییە کوردییەکان کە لە حەسەکە و کۆبانێ بوونیان هەیە، بەشێوەیەکی کاتی دەپارێزرێن. بەڵام لەم سیناریۆیەدا ستراتیجی دیمەشق بریتیدەبێت لە گرتنەبەری سێ هەنگاوی سەرەکی بە تێپەڕبوونی کات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو هێزانەی کە وەک بلۆکێک یەکگرتوون و شووناس ناسنامەی بەکۆمەڵیان لەناوببات. ئەم سێ هەنگاوە بریتین لە:

أ- ئەفسەر و فەرماندەکان دووبارە دەستنیشان دەکرێنەوە.

ب- یەکەکانی ئێستا دابەش دەکرێن و بۆ ناوچەی نوێ دیاری دەکرێن.

ج- پێکهاتەی بنەڕەتی زنجیرەی فەرماندەی ناوەندی دەبێت.

ئەمە فۆرمێکی کلاسیکی بنیاتنانی دەوڵەتە، کە بناغە تیۆریەکانی بە ئاسانی لە ماکس ویبێردا دەدۆزرێتەوە. بیرۆکەی سەرەکی ئەو ئەوەیە کە "دەوڵەت کۆمەڵگەیەکی مرۆییە کە قۆرخکاریی بەکارهێنانی ڕەوای هێزی فیزیکی لە چوارچێوەی خاکێکی هەبوودا بەدەستهێناوە"[23]. ئەم بیرۆکەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێکهاتەی دەوڵەتە مۆدێرنەکان لەسەر ئەو ڕاستییە

دامەزراوە کە گروپەکانی دەرەوەی دەوڵەت کە خاوەنی ئەم هێزە فیزیکییەن، وردە وردە چەکیان لێدەسەندرێتەوە یان کۆنترۆڵ دەکرێن یان دەخرێنە ناو دامەزراوەی ناوەندییەوە. ئەگەر بەم شێوەیە بنەمای قۆرخکاریی وێبێر قبوڵ بکەین، دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە دەوڵەتی ناوەندیی سوریا (بە فەرمی هێشتا کۆماری عەرەبی سوریا) ستراتیجی تواندنەوە و هەڵمژینی هێزە کوردییەکان بگرێتەبەر، سەرەتا یەکخستنی هێزە کوردییەکان و دواتر تواندنەوە و هەڵمژینیان. لەم ڕووەوە چارڵز تیلی و لێدوانەکەی "جەنگەکان دەوڵەت دروست دەکەن" بنەمایەکی تیۆریمان بۆ دەڕەخسێنن و دەپەرژێتە سەر هێزە ڕکابەرەکانیش؛ هەرچەندە مەبەست لە دروستکردنی دەوڵەتە مۆدێرنەکانە لە ئەوروپا، بەڵام دەتوانین ئەم بیرۆکەیە لەبەرچاو بگرین.

کاتێک مرۆڤ ئاوڕێک لە ڕابردوو دەداتەوە، هێورکردنەوە، هاوکاریکردن، یان نەهێشتنی ئەو ڕکابەرە دابەشکەرانەی فەرمانڕەوا، وەک کردەوەیەکی بەرز، باڵا، پێشبینیکراو دەردەکەوێت کە مەبەست لێی هێنانەدی ئاشتییە بۆ نەتەوەیەک؛ بەڵام ئەم کارە بێ پێچ و پەنا بەپێی لۆژیکی فراوانکردنی دەسەڵات ئەنجام دراوە[٢٤].

دەتوانین لە دۆخەی ئێستای دابەشبوون لەناو دەوڵەتی سوریادا بڕوانین و وا بیربکەینەوە کە ئەم دابەشبوونەی ئێستا لەپێناو چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیدا، کورد ناخاتە ڕیزی پێشەوە بۆ لێدان، بەڵام لۆژیکێکی لەو شێوەیە دواجار دەبێتە هۆی لانیکەم لەخشتەبردن و ناچالاککردنی تەواوەتی کورد.

ئەگەر لە سیناریۆی یەکگرتندا دەوڵەتی ناوەندیی ستراتیجێکی لەو شێوەیە بگرێتەبەر و ئەکتەرە کوردەکان ئیرادە و هێزی وەستانەوەیان نەبێت، دواجار لەڕووی هێزی سەربازییەوە دەرئەنجامەکانی هەست پێدەکرێت: هێزە سەربازییە کوردییەکان بە تێپەڕبوونی کات هێزی خۆیان لە هاوسەنگی هێزدا لەدەست دەدەن و دواتر دەبنە یەکێک لە هێزە ئاساییەکانی ناو یەکەکانی سوپای سوریا.

ئەمە نهێنیەکی کلاسیکی بنیاتنانی دەوڵەتە کە هەم لە رامانی وێبێر و هەم لە ڕوانینی تیلیدا دێتە بەرچاو. بناغەکانی کە ڕێگە بە لۆژیکی دەوڵەتی ناوەندیی دەدەن، هیچ دەسەڵاتێکی هاوتەریب قبوڵ ناکەن. بەڵام بۆ بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت فشاری ئەکتەری دەرەکی واتە دەوڵەتی تورکیاش لەبەرچاو بگیرێت. جگە لەوەش، هەرکاتێک سەقامگیری و هێمنی لە سوریا دابمەزرێت، چیدی ئەو پێویستییەی ئێستا کە حکومەتی ناوەندیی بە ناچاری لە شێوەی پاراستن و قوبووڵکردنی شووناس و ناسنامەی کوردیدا، قبووڵی کردووە، نامێنێت؛ تەنانەت ڕەنگە ئەم شێوازە لە ڕوانین داهاتووی ئەم پرۆسەی یەکگرتنە بە تەواوەتی دەستنیشان بکات.

دەکرێت ئەم سیناریۆیە بگەڕێندرێتەوە بۆ دوو هۆکار:
(أ) ڕەتکردنەوەی سیاسیی توند لەلایەن کوردەوە.
(ب) خۆڕاگری کورد بەرامبەر بە تێکەڵبوونی غەیرە کورد لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.
لە هەر حاڵەتێکدا ئەمە یەکێکە لەو سیناریۆیانەی کە ئەگەری زۆرە لە درێژخایەندا ڕووبدات، کاتێک هەم دەوڵەتی ناوەندیی سوریا وەک بەهێز خۆی جێگیر کرد و هەم کورد تاڕادەیەکی زۆر لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا هەڵمژرا.

**٢.ج. یەکگرتن لەسەربنەمای هێزی سەربازیی بە فشاری دەرەکی جێگیردەبێت.**
لەم سیناریۆیەدا ئەوە داینامیکی ناوخۆیی سوریا نییە، بەڵکو ئەکتەرە دەرەکییەکان، هەستکردن و حیسابکردنی هەڕەشەکان بۆ سەر ئاسایشی خۆیانە، کە فشار دەخاتە سەر سوریا بۆ جێبەجێکردنی مۆدێلێکی یەکگرتنی سەربازی. ئەگەر پرۆسەی ئاشتی لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و پەکەکەدا نەچێتە پێشەوە، دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بین کە دەوڵەتی تورکیا سەرهەڵبداتەوە و فشار بخاتە سەر هێزە سەربازییە کوردییەکان بۆ ئەوەی بەتەواوی لە سنوور بکشێنەوە و دەوڵەتی سوریاش ئەمە بەسەر لایەنی کوردیدا بسەپێنێت.

**ئەوهۆکارانەی کە دەبنە هۆی قەیرانەکان فرە لایەنە. لەلایەک دەوڵەتی نوێ پێکدەهێنرێت و سەرکردەکەی هەست بە لاوازی دەکات و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەرتاسەری سوریا بە ڕێگەیەک بۆ شکاندنی ئەولاوازییە دەبینێت. لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتی ئەم حکومەتە چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە بە چەندین فاکتەرو ئەکتەرسنووردارە.**

لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە دۆخی ئێستای شەڕ و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێتە هۆی ئەوەی ئیسرائیل زیاتر تێوەگلابێت و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە حەسەکەشەوە بکاتە گۆڕەپانێکی ستراتیجی بۆ پچڕاندنی پەیوەندیی وشکانی نێوان ئێران و لوبنان. لەم حاڵەتەدا کاریگەریی دەستبەجێ لەسەر یەکگرتن نابینین، بەڵکو کاریگەریی لە جوگرافیای سەربازیدا دەبینین. لەوانەیە هێزی کوردی و غەیرە کورد لە کوێ جێگیر بکرێن، بەپێی ئەو مەترسییەی کە بۆ سەر ئیسرائیل هەست پێدەکرێت، جیاواز بێت. هەندێک ناوچە دەبنە ناوچەی مەترسی زیاتر. ئەگەر ئەمە ڕووبدات، هێزە کوردییەکان بە خەسڵەتەکانی خۆیانەوە دەمێننەوە، بەڵام ڕەنگە دووبارە جێگیربکرێنەوە، ڕەنگە تەنانەت لە دەرەوەی ڕۆژئاواش بێت و دەسەڵاتیان لە

ڕۆژئاوا لاواز بێت.
ئەم سیناریۆیە بەندە بە ڕووداوە سەربازییە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چیتر پرسیارەکە ئەوە نابێت کە ئایا کورد یەکدەگرێت یان ڕێککەوتنێکی فراوان جێبەجێ دەکات. پرسیارە سەرەکییەکان بۆ ئەم سیناریۆیە ئەوە دەبێت کە ئایا هێزە سەربازییە کوردییەکان لە درێژخایەندا بەردەوام دەبن؟ ئایا ئەو هێزانە تەنیا لە ڕۆژئاوا یان لە ناوچەکانی دیکەی سووریاش بە هەمان شێوە جێگیر دەکرێن؟

### ٣. دەرەنجام

لە هەر سێ سیناریۆی یەکگرتندا، مەسەلەکە ئیتر ئۆتۆنۆمی و خۆسەریی و دارمان نییە، بەڵکو جێگیرکردنی هێزە کوردییەکان و ناسنامەی کوردە لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی سەربازیی کورد و پاراستنی ناسنامە و تایبەتمەندییان لەناو دامەزراوەکاندا. ئەم پرۆسەیە لە ئێستادا زیاتر وەک پرۆسەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان بەرەوپێش دەچێت. ڕوون نییە کە ئەم ئامرازە تا چەند دەتوانێت بۆ پرۆسەی یەکگرتن بەسوود بێت.
هەروەها لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە چاودێرانی سیاسیی لەدوای دامەزراندنی حکومەتی کاتی سوریا گۆڕانکارییان لە داینامیکی دەسەڵاتدا بەدیکرد، بەڵام لایەنی کوردی بە هەسەدەشەوە یان ئەمەیان نەبینی یان بە هەڵە حیسابیان بۆ کرد، چ لەڕووی هێزی سەربازیی خۆیانەوە، چ لەڕووی توانای بەرخۆدانیانەوە، چ لەڕووی هێزی بازاڕیانەوە لەگەڵ حکومەتی کاتی سوریا[٢٥]. کام لە کەموکوڕییەکان دەستنیشانکراون؟ چ وانەیەک لە هەڵەکانیان وەرگیراوە؟ ئایا هێزی کوردی هیچ دەسەڵاتێکی لە دەوڵەت و دەسەڵاتدا ماوەتەوە یان نا؟، ئەوە دیاری دەکات کە پرۆسەی یەکگرتن بەرەو کوێ دەڕوات و ئاستی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ناوچە کوردییەکان تا چەند بەرز دەبێتەوە؟ هیچ کام لە سێ سیناریۆکەی یەکگرتن ئەگەری بە تەواوی بێوێنە و تاقانە نین؛ ڕووداوەکان و سیاسەتی لایەنی کوردی و بەهێزیی حکومەتی کاتی سوریا دیاری دەکات کە کامیان ئەگەری زیاترە. کاریگەریی ئەم کارە لە بەشەکانی تری کوردستانیش هەست پێدەکرێت، بەڵام مەترسی گەورە ئەوەیە کە حکومەتێکی ناوەندیی عێراق ئەمە وەک مۆدێلێک بۆ کەمکردنەوەی ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بەکاربهێنێت. بۆ ناوەندە ستراتیجییەکانی باشووری کوردستان هەڵە نابێت ئەگەر بڵێین یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانیان دەبێت ئامادەکاریی فیکری بێت بۆ سیناریۆیەکی لەو شێوەیە.

**تێبینی**

(١) لە "٢٣"ی نیسان بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ سەرچاوەکە کرد.

(٢) لە "٢٣"ی نیسان بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ سەرچاوەکە کرد.

(٣) لە "٢٠"ی نیساندا ڕووبەڕوو قسەم لەگەڵ کرد؛ ئەم سەرچاوەیە لە "١٠"ی ئازارەوە زانیاریی وردی لەسەر دانوستانەکان هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان:

1 . Tabler، Andrew J. et al. (January 21، 2026). "Kurdish Collapse in Northeast Syria? Key Things to Watch". Di nava The Washington Institute for Near East Policy.  Herî dawî lêhatnihêrîn 23'yê Nîsana 2026'an: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/kurdish-collapse-northeast-syria-key-things-watch

2 . Gunter، Michael. (2014). Out of Nowhere: The Kurds in Syria in Peace and War. London: Hurst and Company.

٣ . بڕوانە Tejel، Jordi. (2009). Syria's Kurds: History، Politics and Society. New York û London: Routledge.

4 . Vanly، Ismet Cherif. (1968). Le problème kurde en Syrie، Publication du Comité pour la défense des Droits du Peuple kurde: s.l.

5 . Tejel، Jordi. (2009).pp. 61-62

٦ . هەمان سەرچاوە: ٦٢

٧ . هەمان سەرچاوە: ٦٣

٨ . بۆزارسلان ١٩٩٧: ١٦٤، کە لە تەجێل ٢٠٠٩: ٦٣-٦٤دا ئاماژەی پێکراوە

٩ . بۆ نموونە سەیری گوڵدڤی ٢٠٢٥ و ٢٠٢٦ب بکە

١٠ . بۆ شایەتحاڵییەکانی من لەو سەردەمەوە، بڕوانە گوڵدڤی ٢٠٢٦a

11 . Graham، Lindsay. 'Press Release: Graham، Blumenthal Introduce Save The Kurds Act'. Herî dawî lê hat nihêrîn 26'ê Nîsana 2026'an li ser navnîşana li jêr:
https://www.lgraham.senate.gov/public/index.cfm/2026/1/graham-blumenthal-introduce-save-the-kurds-act

12 . Alghambi، Hannan. (2026). 'The Syria Question: Regional Responses and Implications for Middle East Stability'. Di nava: Gulf Research Center، 2026 Strategic Dossier January 2026.p. 58

13 . The National Context. (2026). 'Courts، Coercion and Control: Why SDF-Damascus Integration Is Hitting Its Real Test'. https://thenationalcontext.com/why-sdf-damascus-integration-is-hitting-its-real-tests/

١٤ . بڕوانە ANF. (10 Nîsan، 2026). 'Almaz Romî named Mayor of Kobanê'. https://english.anf-news.com/freedom-of-the-press/almaz-romi-named-mayor-of-kobane-84838

١٥ . Khani، Shoresh. (September 9، 2025). 'Peace Without Horses!.. Assimilation and Integration in Syria'.   https://nlka.net/eng/peace-without-horses-absorption-and-integration-in-syria/

١٦ . سەیری ڕووداو ٢٠٢٦ بکە Rûdaw. (24 Sibat، 2026). 'Mazlum Abdi: Şam hükümeti ile anlaşma bozulursa sonuna kadar savaşırız'. https://www.rudaw.net/turkish/middleeast/syria/24022026

17 . SANA. (16 Nîsan، 2026). 'President al-Sharaa: Türkiye has been supporter of Syrian revolution for 14 years'. https://sana.sy/en/presidency/2310929/

١٨ . ڕووداو ٢٠٢٦

19 . ANHA. (2 Gulan، 2026). In interview with ANHA Agency، Siban Hamo outlines SDF integration into Syrian Army. https://hawarnews.com/en/in-interview-with-anha-agency-siban-hamo-outlines-sdf-integration-into-syrian-army

20 . Al-Tamimi، Aymenn Jawad. (30 Çile، 2026) 'A Field Report from Afrin: Assessing the Prospects for Return of Displaced Kurds: Property Restitution، Security Conditions، and Minority Rights in Northwest Syria'. Middle East Forum، https://www.meforum.org/mef-reports/a-field-report-from-afrin-assessing-the-prospects-for-return-of-displaced-kurds

21 . SOHR. (5 Nîsan، 2026)a

22 . SOHR 2026b

23 . Weber، Max. (1921). 'Politik als Beruf'. Di nava Gesammelte Politische Schriften (396-450). München. P.396

24 . Tilly، Charles. (1985) 'War Making and State Making as Organized Crime'. Di nava Peter Evans، Dietrich Rueshemeyer، and Theda Scocpol (edîtor)، Bringing state back. Cambridge: Cambridge University Press: 169-187. P. 175

٢٥ . بڕوانە Yacoubian، Mona، û Todman، Will. (22 Çile، ٢٠٢٦) 'How Syria Can Succeed in Integrating the Kurds'. https://www.csis.org/analysis/how-syria-can-succeed-integrating-kurds



# عێراق لە سایەی کاریگەریی و لێکەوتەکانی جەنگی چل ڕۆژەدا

گۆران قادر
توێژەر و لێکۆڵەری سیاسی

## پێشەکی

لە سایەی هەڵکشانی ڕکابەری لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا، سیستمی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاریی خێرا بەخۆوە دەبینێت و ڕکابەرییەکە ڕەهەندە سەربازییەکان تێدەپەڕێنێت و بوارەکانی نفوزی سیاسی و ئابوری و ئەمنیشی گرتووەتەوە. لەم نێوەندەشدا عێراق پێگەیەکی ستراتیجیی گرنگی هەیە، چونکە وەك خاڵی یەکتربڕی بەرژەوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانە، جگە لەوەی کە دەکرێت گۆڕەپانێکی کارلێکی ڕاستەوخۆ بێت لەنێوان هێزە ڕکابەرەکاندا.

جەنگی ئەمدواییەی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەدژی ئێران، کە بە جەنگی چل ڕۆژە ناودەبرێت، واقیعێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە تێیدا دوبارە پێکهێنانەوەی هاوسەنگی هێزی لە ناوچەکەدا لێدەکەوێتەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر عێراق دروست دەکات. لەلایەك فشارە ئەمریکییەکان بۆ کەمکردنەوەی نفوزی ئێرانی، بەهێزتر کرد، لەلایەکی ترەوە ئێرانیش هەوڵدەدات کە بوون و ئامادەیی خۆی لەنێو عێراقدا لەڕێگەی ئامرازگەلێکی جۆراوجۆر بچەسپێنێت، لەنێویاندا گروپە چەکدارەکان و هێزە سیاسییەکانی هاوپەیمانیی خۆی. لە سایەی ئەم پێکداچوونە ئاڵۆزەدا، دەکرێت عێراق خۆی بەرانبەر بەخانگیرییەکی ستراتیجی ببینێتەوە کە بریتییە لە چۆنییەتی پارێزگاریکردن لە هاوسەنگیی ناوخۆی و دەرەکی، بەبێ هەڵخلیسکان بەرەو بەرەیەکی دیاریکراو، چونکە هەر هەڵخزانێك ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی لێکەوتەی مەترسیدار لەسەر ئاستی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی، ئەمە جگە لە کاریگەرییە ئابورییەکەشی. بەم پێیەش لەم بابەتەدا هەوڵی شیکاریی پێگەی عێراق دەدەین

لەنێوان هەژموونی ئێران و فشارەکانی ئەمریکادا، لەڕێگەی تاوتوێکردنی کاریگەرییەکانی جەنگەکە و خستنەڕووی ئەگەرە پێشبینیکراوەکان و هەڵسەنگاندنی توانای عێراق لەسەر تەبەنیکردنی سیاسەتی هاوسەنگییەکی کاریگەر.

ئەم بابەتە لە سێ تەوەر پێکدێت. لە تەوەری یەکەمدا جەنگی چل ڕۆژە و هەڵوێست و دۆخی عێراق لەنێوان هەژموونی ئێران و فشارەکانی ئەمریکادا، هەڵوێستی گروپە چەکدارەکان لە ماوەی جەنگی چل ڕۆژەدا دەخاتەڕوو. تەوەری دووەمیش گرنگی دەدات بە باسکردنی کاریگەرییەکانی جەنگەکە لەسەر عێراق و لێکەوتەکانی لەسەر ئاستی ئەمنی، سیاسی، ئابوری و ستراتیجی. تەوەری سێیەمیش پێشبینی سیناریۆی جیاواز دەکات بۆ ئایندەی جەنگەکە و لێکەوتەکانی، بە هەردوو ئەگەری دەستپێکردنەوەی جەنگ و فراوانبوونی لەسەر ئاستی هەرێمی، یان بەردەوامبوونی ئاگربەست و گۆڕانی بۆ لێکتێگەیشتنی سیاسی. پاشان خستنەڕووی چەند دەرەنجامێك.

**تەوەری یەکەم: جەنگی چل ڕۆژە و هەڵوێستی حکومەتی عێراق و گروپە چەکدارەکان**

**یەکەم: جەنگی چل ڕۆژە و عێراق لەنێوان هەژموونی ئێران و فشارەکانی ئەمریکادا**

دوای ماوەیەك لە کۆکردنەوەی هێز و تەواوکردنی ئامادەکارییە سەربازییەکان و بنبەستبوونی هەوڵە دبلۆماسییەکان بۆ ڕێگری لە ڕوودانی جەنگەکە، سەرەنجام لە بەرواری "٢٠٢٦/٢/٢٨" جەنگی نێوان ئێران- ئسرائیل و ئەمریکا، لە ئاکامی هەڵکشانی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەك و ئێران لەلایەکی تر، بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و زیادبوونی نفوزی هەرێمیی تاران، هەڵگیرسا[١].

ئیسرائیل ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەم هەڵکشاندنی دۆخی سیاسی و سەربازییەکان دژ بە ئێران و تەبەنی ستراتیجییەتێکی دەکرد کە کاردەکات بۆ ڕێگریکردن لە ئێران کە ببێتە هێزێکی هەرێمیی بە هەژموون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتیش لە هەردوو بواری سەربازی و ئەتۆمی[٢].

لەڕووی سیاسیشەوە، دەکرێت جموجووڵی ئیسرائیل وا شیکاریی بۆ بکرێت لە چوارچیوەی هەوڵەکانیدایە بۆ پارێزگاریکردن لە تەرازووی هێزە هەرێمییەکان و ڕێگریکردن لە ئێران لە پتەوکردنی پرۆژە هەرێمییە هەنووکەییەکانی کە لەسەر پشتیوانیکردنی گروپە چەکدارە مەیلدارەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دامەزراوە. ئیسرائیل وەك هەڕەشەیەکی ستراتیجی درێژخایەن لە درێژکراوەی نفوزی ئێرانی دەڕوانێت، بۆیە تەبەنی سیاسەتی سڵپێکردنەوە یان سڵپێکردنەوەی خۆپارێزی(الردع الوقائي) دەکات کە ئامانج لێی لاوازکردنی تواناکانی ئێرانە پێش گەیشتنی بە قۆناغی سەرکەوتنی سەربازیی یان ئەتۆمی.

کارکردن بۆ هەڵکشاندنی دۆخەکە لەدژی ئێران بووە هۆکارێك بۆ پتەوبوونی یەکگرتوویی

سیاسی لەنیوخۆی ئیسرائیلدا، بەتایبەت لەسایەی ئەو ئاڵنگارییە ئەمنییانەی کە لەدوای جەنگی غەززەوە ڕووبەڕووی بوەوە. بەڵام لەبەرانبەریشدا ئەم کارە بووە هۆی زیادبوونی ئەگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هەرێمیی گشتگیر کە چەند لایەنێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی دیکەی گرتەوە[٣].

جەنگەکە نزیکەی چل ڕۆژی خایاند و تێیدا هێرش کرایە سەر دامەزراوە ستراتجییە گرنگە سەربازی، ئەمنی، زانستی، ئابوری، وزە و هێڵەکانی دەریاوانی. جگە لە بەکارهێنانی گروپە چەکدارەکان وەك ئامرازگەلێکی فشاری ناڕاستەوخۆ. پاش چل ڕۆژیش ڕووبەڕووبوونەوەکان بە ئاگربەستێکی تا ڕادەیەك لاواز کۆتاییان هات، بەبێ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسیی گشتگیر، کە ئەمەش ئەگەرەکانی دوبارە ئاڵۆزبوونەوەی دۆخەکەی بەکراوەیی هێشتووەتەوە.

عێراق لەماوەی جەنگەکەدا بەو تواناییانەی کە لەبەردەستدا بوو لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و هێشتنەوەی عێراق وەك ناوەندێکی بێلایەن، بەڵام لەبەرئەوەی کە عێراق حاڵەتێکی جیۆسیاسی ئاڵۆزە و لە پێگەیەکدایە کە دەبێتە خاڵێك لە خاڵەکانی پێکداچوون و یەکتربڕینی نفوزی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەوڵەکانی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و لەنێوان هەژموونی ئێران و فشارەکانی ئەمریکادا بێلایەنی، شاش و لاوازدا دەبێت.

لەماوەی جەنگەکەدا حکومەتی عێراق سیاسەتێکی پیادەکرد کە بێلایەنییەکی ڕێژەیی پێوە دیاربوو، وەك هەوڵێك بۆ بەدوورگرتنی عێراق لە تێوەگلانی ڕاستەوخۆ لە ململانێکەدا، ئەمەش بەهۆی هەستیاریی پێگە جوگرافییەکەی و پێکداچوونی پەیوەندییە سیاسی و ئەمنییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی ململانێکەدا(ئەمریکا و ئێران). لەم سۆنگەیەشەوە(محمد شیاع سودانی) سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق لە چەندین لێدواندا ڕەتیکردەوە کە خاکی عێراق بۆ دەستدرێژی کردنە سەر ئێران بەکاربهێنرێت، هەروەها جەختی لە پێویستیی ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق و ڕێگریکردن لە فراوانبوونی جەنگەکە کردەوە. پێشتریش سودانی لە سەردانیدا بۆ ئەمریکا داوای دانبەخۆداگرتن و ڕێگریکردن لە هەڵخزانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ جەنگێکی هەرێمیی گشتگیر، کردبوو، جەختیشی کردبووەوە لەوەی کە عێراق لە هەوڵی پارێزگاریکردن لە سەقامگیریی ئیقلیمی و خۆلادان لە هەڵکشانی سەربازیدایە. هەر لەمبارەیەوە وەزیری دەرەوەی عێراق ئاشکرایکرد کە حکومەتی عێراق هەوڵە دبلۆماسییەکانی خۆی بەچڕی دەخاتەگەڕ بۆ ڕێگریکردن لە فراوانبوونی ململانێکە و هۆشیاریشی دا لەوەی کە جەنگ لێکەوتەی مەترسیداری لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و سەقامگیریی سیاسی و ئابوریی دەبێت، بەتایبەتیش بۆ عێراق کە ڕەنگە ببێتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. هەروەها وتەبێژی حکومەتی پێشووی عێراقیش دوپاتی کردەوە کە بەغداد هەموو جۆرە پێشێلکارییەکی سەروەرییەکەی یان بەکارهێنانی خاکەکەی بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ هەرێمییەکان ڕەت دەکاتەوە، جەختی لەوەشکردەوە کە عێراق

سیاسەتی هێورکردنەوە و گفتوگۆ دەگرێتەبەر بۆ ڕێگرتن لە هەڵخزان بەرەو جەنگێکی فراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەم هەڵوێستەی عێراق ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانیەتی لە بەدیهێنانی هاوسەنگییەك لەنێوان پەیوەندییە ستراتیجییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و پەیوەندییە سیاسی و ئەمنییەکانیشی لەگەڵ ئێراندا. جگە لە هەوڵی حکومەتی عێراق بۆ پارێزگاریکردن لە سەقامگیریی نێوخۆی و ڕێگریکردن لە گروپە چەکدارەکان لە پەلکێشکردنی وڵات بەرەو ململانێیەکی هەرێمیی کراوە. بەڵام بەردەوامبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکان لەنێوان ئێران و ئەمریکا -ئیسرائیلدا، ڕادەی ئەو فشارانەی خستەڕوو کە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، لەگەڵ ئەستەمبوونی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی سەربەخۆی تەواو لەسایەی کێبڕکێی هەرێمی و نێودەوڵەتیی لەسەر ڕاکێشانی نفوز لەنێو عیراقدا. لەلایەکی دیکەوە، ئەمریکاش هەوڵدەدات بۆ هاوسەنگ کردنەوەی دۆخەکە لەڕێگەی ئامڕازەکانی فشارە جیاجیاکانی وەك بوونی سەربازی و پشتیوانیی دامەزراوەیی حکومەتی عێراق، هاوشان بە بەکارهێنان یان هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی سزا ئابورییەکان بۆ کەمکردنەوەی نفوزی ئێرانی، تا دوبارە هاوسەنگی بگێڕێتەوە[٤].

لەبەرئەوەی عێراق پشت بە ئابوریەکی کرێخۆری(رەیعی) دەبەستێت، کە نەوت سەرچاوەکەیەتی، ڕەنگە زیاتر بکەوێتە ژێر مەترسی کاریگەربوون بەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی لە ژینگەی هەرێمیدا ڕوودەدەن، بەتایبەت لە سایەی ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی کە بەنەرێنی کار لە هەناردەی وزە و ئاسایشی ڕێڕەوە دەریاییەکان دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت دۆخی عێراق بەپێی ئەگەرەکان بگۆڕێت، بۆ نمونە: بەردەوامبوونی ئەم هاوسەنگییە شاش و لاوازە (کە دەکرێت ئەگەرێکی بەهێز بێت بۆ ڕوودان) لە مەودای نزیکدا، لە سایەی مکوڕبوونی عێراق لەسەر خۆلادان لە داخڵبوونی تەواو بە هەر میحوەرێك[٥]. یان ئەگەری زیادبوونی فشارە ئەمریکییەکان بەجۆرێك ببێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی نفوزی ئێران، بەڵام ئەم ئەگەرە عێراق دەخاتە بەردەم ئاڵنگاریی ناوخۆیی پەیوەندار بە پێکهاتەی سیستمی سیاسی و ئاڵۆزییەکانی. یاخود پێشبینیکردنی بوونی عێراق بە گۆڕەپانێکی ململانێ لە ئەگەری هەڵکشانی ڕووبەڕووبوونەوەکان لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا، کە ئەمەش ڕەنگە ببێتە هەڕەشەیەك لەسەر سەقامگیریی ناوخۆیی بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. هەربۆیە دەکرێت بوترێت کە ئایندەی عێراق بەند دەبێت لەسەر ڕادەی تواناکانی بۆ پتەوکردنی دامەزراوەکانی و پیادەکردنی سیاسەتێکی دەرەوە کە زیاتر سەربەخۆیی پێوەدیار بێت، بەجۆرێك کە بتوانێت دۆخی هاوسەنگییە لاوازەکە تێپەڕێنێت و بەرەو پێگەیەکی سەقامگیرتر و کاریگەرتر لە ژینگەی هەرێمیدا بڕوات[٦].

**دووەم هەڵوێستی گروپە چەکدارەکان لە ماوەی جەنگی چل ڕۆژەدا**

بەهۆی فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، دۆخێکی سیاسیی ئاڵۆزی وەها لە عێراق هاتووەتە کایەوە، حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق لە هەوڵی گرتنەبەری سیاسەتێکی هاوسەنگیی لەنێوان هەردوو لای جەنگەکەدان، بەڵام ئەم سیاسەتە زۆربەی کات کاریگەرییەکەی سنووردار بووە[٧]، چونکە ئەم گروپانە کە بە یەکێك لە هێزە کاریگەرەکان لەناوخۆی عێراق دادەنرێن و خاوەنی هێز، ئەجێندا و پشتیوانی جیاوازی دەرەکیین.

بەگشتی هەڵوێستی گروپە چەکدارەکان لەکاتی جەنگی چل ڕۆژەدا بوو بووە دوو بەشەوە و بە هەڵوێستی جیاواز لە جەنگەکەیان ڕووانی. کە بەشێکیان بێدەنگبوون و هیچ کردەیەکی سەربازییان ئەنجام نەدا و هیچ کاردانەوەیەکی کردارییان نەنواند، بەڵام بەشێکی دیکەیان لەژێر چەتری بەناو مقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق و لەژێر ناوی خوازراو و گروپی نەناسراوادا بە پاساوی جیاواز، کە لە بازنەی پشتیوانی لە ئێران دەسوڕایەوە، کەوتنە هەڕەشەکردن لە بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوکارانی لە ناوچەکەدا، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی موشەك و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن)ەوە، چەندین کردە و هێرشی سەربازییان ئەنجام دا.

> **لە سایەی هەڵکشانی ڕکابەری لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا، سیستمی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاریی خێرا بەخۆوە دەبینێت و ڕکابەرییەکە ڕەهەندە سەربازییەکان تێدەپەڕێنێت و بوارەکانی نفوزی سیاسی و ئابوری و ئەمنیشی گرتووەتەوە.**

بۆیە لە ماوەی جەنگەکەدا ئەم گروپانە بە موشەك و درۆن چەندین هێرشیان کردە سەر ئامانجە ئەمریکی و ئیسرائیلییەکان، هەروەها لە هەندێك لە هێرشەکانیاندا بنکەی سەربازی و دامەزراوەی لۆجستیان لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە هەولێر و دەوروبەری بەئامانج گرت، بە بەهانەی هەبوونی بەرژەوەندیی ئەمریکی و هێزی بیانی لەناو هەرێمدا. بەجۆرێك تەنها تا کۆتاییەکانی مانگی ئاداری "٢٠٢٦" گەیشتە زیاتر لە (٤٥٠) هێرش، کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی زیاتر لە (١٠٠) کەس و زیانگەیاندن بە چەندین دامەزراوەی سەربازی و نەوتی و مەدەنی[٨].

لە ئاستی دەرەوەشدا بەشێك لە هێرشە درۆنی و موشەکییەکانی ئەم گروپانە وڵاتانی کەنداویشی گرتەوەوەك (ئیمارات، سعودیە، بەحرەین، قەتەر و کوەیت)، ئەمەش لە

چوارچیوەی وەڵامدانەوەی فراوانی ئێراندا لەژێر ناوی (بەڵێنی ڕاستی ٤)، کە تێیدا ئێران و هێزە هاوپەیمانەکانی بنکە و پێگە ئەمریکی و ئیسرائیلییەکانیان لە ناوچەکەدا بەئامانج گرت. هەندێك لە ڕاپۆرتە میدیاییەکان باسیان لەوە کردووە کە بەشێك لەم هێرشانە لەنێو خاکی عێراقەوە ئەنجامدراوە، کە ئەمەش مەترسییەکانی فراوانبوونی ئەم جەنگەیان زیاتر کرد، بەشێوەیەك کە وڵاتانی ناوچەکە بگرێتەوە، سەرەڕای زیادبوونی فشارەکانیش لەسەر حکومەتی عێراق.

لەلایەکی ترەوە هەندێکی تر لە گروپە چەکدارەکان بێدەنگییان هەڵبژارد و پێوەی پابەند بوون و بەشداربوونی خۆیان لە هیچ کردەیەکی سەربازیی ڕاستەوخۆدا ڕانەگەیاند، کە ئەمەش وەك خواستی ئەوان بۆ خۆلادان لە هەر کاردانەوەیەکی ئەمریکی و ئیسرائیلی بۆ بەئامانج گرتنی بنکە و پێگەکانیان لەناو عێراقدا، لێکدەدرێتەوە. ئەم جیاوازییەش لە هەڵوێستی گروپە چەکدارەکاندا دەکرێت ڕەنگدانەوەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێوان ئەو گروپانە بێت دەربارەی چۆنیەتی بەشداریکردن لەم ململانێیەدا. کە وەك باسکرا هەندێکیان بژاردەی ڕووبەڕووبوونەوەی کراوەیان بۆ پشتیوانیکردنی ئێران پەیڕەو کرد، لە کاتێکدا هەندێکی تریان بۆ پارێزگاریکردن لە نفوز و بەرژەوەندیی ناوخۆیی خۆیان و تێکەڵ بوونیان لە پرۆسەی سیاسی، خۆلادانیان لە تێوەگلانی ڕاستەوخۆ پەسەند کرد[٩].

جەنگی چل ڕۆژە دەریخست کە گروپە چەکدارە مەیلدارەکان بەلای ئێراندا وەك یەك پارچەی تەواو و یەکگرتوو کارناکەن، بەڵکو لێکدانەوەکانیان بەپێی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و سروشتی بەرژەوەندییەکانیان لەناو عێراقدا دەگۆڕێت. هەروەها دەکرێت وا لێکبدرێتەوە کە جەنگەکە شاشی و لاوازی دۆخی ئەمنی لە عێراقدا دەردەخات، بەتایبەت لەکاتی بەکارهێنانی خاکی عێراق لە ئەنجامدانی کردە سەربازییەکاندا. کە ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆکارێک کە بەغداد بخاتە بەردەم یەخانگیری گەورەی پەیوەندار بە پاراستنی سەروەرییەکەیەوە و ڕێگریکردن لە هەڵخزانی وڵات بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی هەرێمیی گشتگیری مەترسیدار.

**تەورەی دووەم: کاریگەرییەکانی جەنگەکە لەسەر عێراق و لێکەوتەکانی**

جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل لەدژی ئێران وەك خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ لەو ژینگە ستراتیجییەی کە دەوری عێراقی داوە، لێیدەڕوانرێت، کە لێکەوتەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستە جیاوازەکانی سیاسی و ئەمنی و ئابوریی هەبووە. لە جەنگەکەدا بەهۆی هەبوونی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر خاکەکەی و هەبوونی نفوزی گروپە چەکدارەکانی وابەستە بە ئێران لەنێوخۆیدا، عێراق خۆی وەك دەوڵەتی ڕووبەڕووبووەی ناڕاستەوخۆ خۆی بینیەوە.

لەم بارەوە جەنگی چل ڕۆژەی ئەمریکا-ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا کۆمەڵێك کاریگەری و

لێکەوتەی جیاواز و گەورەی لەسەر عێراق هەبووە، کە دەتوانرێت لە چوارچێوەی چەند ئاستدا بخرێنەڕوو:

١- لەسەر ئاستی ئەمنی: لەسەر خاکی عێراق هەڵکشانی گوڕی، هێرشە ناڕاستەوخۆکان چ لەڕێی بە ئامانجگرتنی بنکە و بارەگا سەربازییەکان، یان لەڕێی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان(درۆن) و موشەکەوە، حکومەتی عێراقی خستە بەردەم ئاڵنگاریی گەورە بۆ سەپاندنی سەروەری خۆی و کۆنترۆڵکردنی گروپە چەکدارەکان. ئەم هەڵکشانە بووە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی گرژیی ناوخۆیی و زیادکردنی ئەگەرەکانی هەڵخزان بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی فراوانتر لەنێو خاکی عێراقدا. لەم ڕووەوە مقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق ڕۆڵێکی دیاری لە جەنگەکەدا گێڕا و هەندێك لەو گروپانەی خۆیان بە بەشێك لە پێکهاتەی مقاوەمەی ئیسلامی دادەنا و بەرپرسیارێتیی خۆیان لە ئەنجامدانی هێرشی موشەکی و درۆنی دژ بە ئامانجە ئەمریکی و ئیسرائیلییەکان ڕاگەیاند. ئەمەش وایکرد لە وڵاتانی کەنداوەوە لەپای بەشداربوونیان لە بەئامانجگرتنی هەندێك دامەزراوە و ژێرخانی ئابوریی ئەو وڵاتانە پەنجەی تۆمەتیان بۆ ڕابکێشرێت. کە بەم هۆیەشەوە دۆخی ئەمنیی ناوچەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر چوو[١٠].

لەسەر ئاستی ناوچەکەش گرژییەکی دبلۆماسیی دروست بوو، وڵاتانی کەنداو چەند بەیاننامەیەکیان دەرکرد و بەرپرسیارێتیی هێرشکردنە سەریان خستە ئەستۆی عێراق، لەوەی کە نەیتوانیووە ڕێگری لە بەکارهێنانی خاکەکەی بکات، کە بە بۆچوونی ئەو وڵاتانە بووە بە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی وڵاتانی دراوسێی عێراق[١١]. لەمرووەشەوە عێراق دڵنیایی دا بە وڵاتانی ناوچەکە کە بەهەموو شێوەیەك ڕەتیدەکاتەوە خاکەکەی ببێتە خاڵی دەستپێکی هەر هێرشێك بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە.

**جەنگی ئەمدوایییەی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەدژی ئێران، کە بە جەنگی چل ڕۆژە ناودەبرێت، و اقیعێکی نوێی هێنایە ئاراوە کە تێیدا دوبارە پێکهێنانەوەی هاوسەنگی هێزی لە ناوچەکەدا لێدەکەوێتەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر عێراق دروست دەکات.**

٢- لەسەر ئاستی سیاسی: لەناوخۆی عێراقدا لەنێو دەستەبژێری حوکمڕان دۆخی دابەشبوون و پەرتبوون بەدیدەکرێت، بەتایبەت لەنێوان ئەو هێزانەی کە مەیلیان بەلای پاراستنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ ئەمریکادا و ئەو هێزانەی کە ئێران وەك هاوبەشێکی ستراتیجی دەبینن کە ناکرێت دەستبەرداری بن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر پرۆسەی دروستکردن و بڕیاردان دەبێت، کە بەم هۆیەوە ئاڵۆزتر بووە و کەم تواناتر بووە بەڕووی وەڵامدانەوەی

خێرای قەیرانەکاند[١٢]. هەروەها بووەتە هۆی دواخستنی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و گۆڕانکاریی لە هەڵوێست و تێڕوانینی پێکهاتەکانی عێراقدا.

٣- لەسەر ئاستی ئابووری: عێراق بەشێوەیەکی دژبێژی کاریگەر بوو بە جەنگەکە، لەلایەك جەنگەکە بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، کە ئەمەش بۆ خەزێنەی گشتی داهاتی زیاتری وەدەستخستووە، لەلایەکی ترەوە بووەتە هۆی دروستبوونی دۆخێك لە ناسەقامگیری و بەهۆیەوە وەبەرهێنانی بیانی و دەرەکی پاشەکشەی کردووە. هەروەها جەنگەکە بووە هۆی گرانبوونی تێچووی گواستنەوە و دڵنیایی(بیمە)، بەتایبەتی لەسایەی ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی دەریاوانی و کاری گواستنەوەی ئاوی بووەوە لە کەنداو و گەرووی هورمزدا، کە بووەتە هۆی دابەزینێکی گەورەی هەناردەکردنی نەوت، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی حکومەت، ئەمانە جگە لە ترسی ڕاگرتنی دۆلار لەلایەن ئەمریکاوە. ئەم کارەش لە ئاییندەدا ڕەنگە ببێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی ئاستەنگ لە بەردەم دابینکردنی خەرجییەکانی عێراق، بەتایبەتی ئەگەری ئەوە لە ئارادایە لە چەند مانگی داهاتوودا کێشە بۆ مووچەی فەرمانبەران دروستبێت، چونکە کورتهێنانی بەردەوامی بودجە و دابەزینی داهاتی نەوت، لەوانەیە حکومەتی عێراق ناچار بکات بەدوای بەدیلی خێرا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دارایی بگەڕێت، لەوانەش ڕەنگە عێراق ناچار ببێت پەنا بۆ قەرزی نوێی دەرەکی ببات.

٤- لەڕووی ستراتیجیشەوە: جەنگ پەردەی لەسەر شاشی و لاوازیی پێگەی عێراق هەڵماڵی، کە هێشتا دوچاری کاریگەرییە دەرەکییەکانە، بەهۆی لاوازیی دامەزراوەکانی و پشتبەستنی بە هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم قەیرانە ڕەنگە دەروازەیەك بکاتەوە بۆ دوبارە پێناسەکردنەوەی ڕۆڵی هەرێمیی عێراق، ئەگەر بتوانێت تەبەنی سیاسەتێکی دەرەکی سەربەخۆتر و هاوسەنگتر بکات. بە لێڕوانینی ئایندەش، لەوانەیە کاریگەریی لێکەوتەکانی ئەم جەنگە لەسەر عێراق بەردەوامی هەبێت، جا چ لەڕێی بەردەوامبوونی فشارەکانی ئەمریکاوە، یان لەڕێی هەوڵەکانی ئێران بۆ پارێزگاریکردن لە نفوزی خۆی، کە ئەم دۆخەش پێدەچێت وابکات کە ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو لایەدا ئاڵنگارییەکی بەردەوام بێت بۆ سیاسەتی عێراق.

**تەوەری سێیەم: ئایندەی جەنگەکە و لێکەوتەکانی**

بۆ ئایندەی جەنگی نیوان ئەمریکا و ئێران لە ئێستادا کە بە ئاگربەستێکی کاتی لاواز وەستاوە، بەشێوەیەکی سەرەکی پێشبینی دوو سیناریۆی سەرەکی دەکرێت، کە بریتین لە:

**یەکەم: دەستپێکردنەوەی جەنگ و فراوانبوونی لەسەر ئاستی هەرێمی**

لە سایەی بەردەوامیی ڕەگوڕیشەی ناکۆکییەکان لەنێوان هەردوولادا، چ ئەوانەی کە

پەیوەندارن بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران یان بە نفوزی هەرێمی ئێران، هێشتا ئەگەری دوبارە دەستپێکردنەوەی جەنگ لەنێوان ئەمریکا و ئێران لە ئارادایە و رێکەوتننامە کاتییەکان یان ئاگربەستە شاش و لاوازەکان هۆکارە قووڵەکانی ململانێکە چارەسەر ناکەن، بەڵکو تەنها تەقینەوەیان دوادەخەن.

بەگشتی لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی جەنگدا، وا پێشبینی دەکرێت کە شێوازێکی فراوانتر وەربگرێت و جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ شەڕی بەوەکالەتیش لەخۆبگرێت و چەند گۆڕەپانێکی وەك سوریا و لوبنان و کەنداویش بگرێتەوە. هەروەها ڕەنگە ژێرخانی وزە و کەشتیوانی دەریایی تووشی گرفتی گەورەتر بکات و بیانخاتە ژێر فشاری توند و گەورەوە، بەتایبەت لە گەرووی هورمز و وڵاتانی دەوروبەریدا.

**بەهۆی فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، دۆخێکی سیاسیی ئاڵۆزی وەها لە عێراق هاتووەتە کایەوە، حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق لە هەوڵی گرتنەبەری سیاسەتێکی هاوسەنگیی لەنێوان هەردوو لای جەنگەکەدان، بەڵام ئەم سیاسەتە زۆربەی کات کاریگەرییەکەی سنووردار بووە، چونکە ئەم گروپانە کە بە یەکێك لە هێزە کاریگەرەکان لەناوخۆی عێراق دادەنرێن و خاوەنی هێز، ئەجێندا و پشتیو انی جیاوازی دەرەکیین.**

هەڵکشانی گرژی و ئاڵۆزییەکان کاریگەریی لەسەر حکومەتی نوێی عێراق دەبێت و ڕەنگە حکومەت ناچار بێت کە بڕیارگەلێکی قورس سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و ئەمریکا و ئیدارەدانی دۆسیەی گروپە چەکدارەکان دەربکات. هەروەها ڕەنگدانەوەی ناوخۆیی لەسەر پێکهاتەکان ڕەنگە بەجۆرێك بێت کە پێشهات و گۆڕانکارییە هەرێمییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر بونیادی ناوخۆیی عێراق رەنگبداتەوە، کە پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان (شیعە و سوننە و کورد) دوبارە دابڕێژێتەوە و بەرەو ئاڵۆزتریان ببات، جگە لە ترازان و پەرتبوونی زیاتر لەناوخۆی هەریەك لەم پێکهاتانە. کە لە ئەگەری هەڵکشانی گرژییەکاندا، ڕەنگە پەرتبوون و دابەشبوونەکان لەنێو پێکهاتەی شیعەدا لەنێوان ئەو هێزانەی کە مەیلیان بۆ ئێران هەیە، لەگەڵ ئەو هێزانەی کە بانگەشەی سەربەخۆیی بڕیاری نیشتمانی دەکەن قووڵتر ببێتەوە. هەروەها لەناو ماڵی سووننەدا لەوانەیە جیاوازی و ناکۆکی دەربارەی هەڵوێست لەسەر ئەمریکا و ڕۆڵەکەی لە عێراق بێتە کایەوە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، دابەشبوونەکان پەیوەندارە بە سروشتی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغداد، هێزە هەرێمییەکان لە نمونەی ئێران و تورکیا، هەروەها ئەمریکا.

بۆیە دەکرێت یەکگرتوویی ناوخۆیی عێراق وابەستە بێت بە ڕێڕەوی ململانێی هەرێمی و بە توانای دەستەبژێری سیاسی بۆ ئیدارەدانی ناکۆکییەکان لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەییدا.
سەبارەت بە گروپە چەکدارەکانیش، ئەم گروپانە لەهەر هێز و لایەنێکی دیکە زیاتر کاریگەرن بە گۆڕانکارییەکان لە ململانێ هەرێمییەکەدا، لە ئەگەری هەڵکشانی گرژییەکاندا ڕەنگە هێز و نفوزیان لە ئاکامی زیادبوونی خواست لەسەر ڕۆڵە ئەمنی و سەربازییەکانیان زیاتر ببێت[١٣].
لەم سیناریۆیەدا پێدەچێت ئەمریکا هەوڵی سەپاندنی سزای زیاتر بدات و بەرەو فراوانکردنی بواری ئەم سزایانە هەنگاو بنێت، بەشێوەیەك کە گروپەکان و سەرکردەکانیان و پشتیوانکارە داراییەکانیان زیاتر بگرێتەوە، لەگەڵ ئەو کۆمپانیا و رووکارە ئابورییانەی پەیوەندارن بەم گروپانەوە. هەروەها ڕەنگە لە ئەگەری سەلماندنی ئاسانکاریی بۆ مامەڵەی دارایی نایاسایی ڕێکارەکانی سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر حکومەتی عێراق و دانانی کۆتوبەندی زیاتر بەسەر سیستمی بانکی عێراقدا بگرێتەوە. هەروەك بەم دواییانە بەهۆی هێرشی گروپە چەکدارییەکانی عێراق بۆ سەر بنکە و ناوەندە سەربازی و دبلۆماسییەکانی ئەمریکا لە عێراق، واشنتۆن بڕیاریداوە وەك سزایەك بۆ سەر بەغداد، تەواوی هاوکارییە دارایی و سەربازییەکانی بۆ هێزە ئەمنییەکانی عێراق ڕابگرێت.
ئەم کارەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پشتیوانیی لۆجستی بۆ هێزی ئاسمانی عێراق و پرۆگرامەکانی مەشق و ڕاهێنان دەبێت، پێدەچێت ئەم کارەش بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی هێرشی گروپە چەکدارەکان بەتەواوی دەوەستێت و دەسەڵاتدارانی عێراق هەنگاوی کردەیی دەنێن بۆ هەڵوەشاندنەوەی گروپەکانی نێو بەرەی مقاومە لە عێراق[١٤]. وەك چۆن بە بڕیاری وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا بڕی (٥٠٠) ملیۆن دۆلاری عێراق کە داهاتی نەوتی فرۆشراوە، لە بانکی فیدراڵیی ئەمریکا دەستی بەسەرداگیراوە و ئەو بڕیارەش لەچوارچێوەی ڕێکارەکانی واشنتۆنە لە دژی بەغداد، بەهۆی بەردەوامیی هەژمورنی میلیشیا شیعەکان بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە. جگە لەمانەش لەم سیناریۆیەدا ئەگەری پتەوکردنی هەماهەنگی هەیە لەگەڵ هاوپەیمانەکانیی ئەمریکا بۆ سەپاندنی سزای فرەلایەنی، کە ئەمەش دەکرێت هۆکارێك بێت بۆ زیادکردنی کاریگەریی سزاکان[١٥]. هەروەها ڕەنگە ئامرازی فشاری تایبەت بەکاربێت وەك بەئامانجگرتنی تۆڕەکانی پەیوەندی یان پشتیوانیی لۆجیستی لە چوارچێوەی ستراتیجێکی گشتگیرتردا بۆ لە قاڵبدانی نفوزی ئەم گروپانە.
بەتێپەڕبوونی کات تا دێت سزای سەر گروپە چەکدارەکان فراوانتر دەبن، بەجۆرێك کەسایەتیی سەرکردەی مەیدانی و ئیداریی زیاتر بگرێتەوە، ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ لاوازکردنی ژێرخانی ڕێکخستن و ئابوریی ئەم گروپانە و کەمکردنەوەی نفوزیان لەنێو عێراقدا.
وەك ئەوەی لە "٢٠٢٦/٤/١٧"دا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، داوا لە حکومەتی عێراق کرد گروپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران هەڵبوەشێنێتەوە. هەڕەشەی سزادانی توندیشی لەوانە

کرد پشتیوانیان دەکەن.
ڕەهەندی ئابوریی بە یەکێك لە گرنگترین ڕەهەندەکانی ئەم جەنگ و ململانێیە دادەنرێت. لەم ڕووەشەوە بەو پێیەی گەرووی هورمز شاڕێیەکی گرنگ و زیندووە بۆ هەناردەکردنی نەوتی وڵاتانی ناوچەکە بە عێراقیشەوە، بەردەوامی لە تێکچوون و داخراوییەك لە گەرووەکەدا کاریگەریی جیهانی، ناوچەیی و عێراقی ڕاستەوخۆی لێدەکەوێتەوە. داخستنی گەروەکە ڕاستە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەشێوەیەکی بەرچا و بە ئەنجامیش بەدیهاتنی داهاتێکی دارایی کورت مەودا بۆ عێراق، بەڵام داهاتەکەی سنووردارە، چونکە داخستنی گەروەکە واتە وەستانی هەناردەی نەوتی عێراق لەڕێگەی گەرووەکە و تێکچوون و ناجێگیریی بازاڕەکان. ئەمە جگە لەوەی داخراوی گەروەکە هۆکارە لە بەرزبوونەوەی تێچووی گواستنەوە و دڵنیایی(بیمە) کە بە نەرێنی کاریگەریی دەخاتە سەر ئابوریی عێراق، کە بە ڕادەیەکی زۆر پشت بە هاوردە دەبەستێت.

**جەنگی چل ڕۆژە دەریخست کە گروپە چەکدارە مەیلدارەکان بەلای ئێر اندا وەك یەك پارچەی تەواو و یەکگرتوو کارناکەن، بەڵکو لێکدانەوەکانیان بەپێی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران و سروشتی بەرژەوەندییەکانیان لەناو عێر اقدا دەگۆڕێت.**

لەڕووی سیاسیشەوە ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆی زیادبوونی فشارە ناوخۆییەکان لەسەر حکومەت بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان و خراپبوونی ئاستی خزمەتگوزارییەکان. هەربۆیە دەکرێت بوترێت کە کاریگەریی ئابوریی ململانێکە سروشتێکی دژبێژی لەنیوان دەستکەوتی کاتی و مەترسیی هەیکەلیی درێژخایەن هەیە[١٦].
بەگشتی لەم سیناریۆیەدا (هەڵگیرسانەوەی جەنگەکە) دەکرێت دوو پێشبینی بۆ هەڵوێستی عێراق بکرێت، **یەکەمیان** بریتیە لە توانای ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا، کە ڕوودانی ئەم پێشبینیە لەڕووی واقیعییەوە نزیکترینە، کە تێیدا عێراق هەوڵدەدات پارێزگاریی لە پەیوەندییە هاوسەنگەکانی بکات لەگەڵ هەریەك لە ئەمریکا و ئێران بەبێ لایەنگیریکردنی هیچ لایەکیان. ئەم دۆخەش پشتبەست دەبێت بە درکپێکردنی دروستکەرانی بڕیاری عێراقی بۆ مەترسییەکانی لایەنگیری و بۆ سروشتی پێگەی سیاسی و جوگرافیی عێراق. لەسەر ئاستی سیاسی، ئەم حاڵەتە پیویستی بە ئیدارەدانێکی ورد دەبێت بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکان، بەشێوەیەك تێیدا پارێزگاریی بکرێت لە هاریکاریکردن لەگەڵ ئەمریکا لە بواری ئەمنی و

ئابوری، لە هەمان کاتدا بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێراندا لە بواری سیاسی و بازرگانی. لەڕووی ئەمنیشەوە ئەم دۆخە یەخانگیری گەورە دەسەپێنێت، کە خۆی لە کۆنترۆڵکردنی گروپە چەکدارەکان و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانیان وەك ئامرازێ لە ململانێی هەرێمیدا، دەبینێتەوە. هەروەها پێویستیی بە پتەوکردنی ڕۆڵی دەوڵەتە وەك چەترێکی کۆکاری سەرجەم هێزەکان. لەڕووی ئابووریشەوە دەکرێت عێراق سوود لەم هاوسەنگییە وەربگرێت لەڕێگەی هەمەچەشنکردنی شەراکەتەکانی و پستنەبەستن تەنها بە یەك لایەنی دیاریکراو. هاتنەدی ئەم ئەگەرە بێ مەترسی نییە، چونکە توانایەکی زۆر و بەرزی پێویستە بۆ ئیدارەدانی هاوسەنگییەکان بە گونجاوی، کە ڕەنگە لە ئەگەری هەڵکشانی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە(ئێران و ئەمریکا) دوچاری داڕوخان ببێتەوە. سەرەڕای ئەمەش هێشتا ئەم حاڵەتە باشترین و گونجاوترین بژاردە دەبێت بۆ جێبەجێکردن و کەم تێچووترین دەبێت لە مەودای دووردا.

ئەگەری **دووەم** بریتییە لە بوونی عێراق بە گۆڕەپانی ململانێ، لە ئەگەری شکستهێنانی عێراق لە پارێزگاریکردن لە هاوسەنگیی هەڵوێستیدا دێتەئاراوە، کە ڕەنگە بۆ گۆڕەپانی ململانێی ڕاستەوخۆ لەنێوانی ئەمریکا و ئێراندا بگۆڕێت. لەوانەیە ئەم ئەگەرە ڕووبدات لە گریمانەی هەڵکشانی گرژی و ئاڵۆزییەکاندا، یان لە شکستی حکومەت لە کۆنترۆڵکردنی گروپە چەکدارەکاندا. لەم ڕووەوە ڕەنگە عێراق هەڵکشانی سەربازیی فراوان بەخۆوە ببینێت، کە بەئامانجگرتنی بنکە و بارەگا سەربازییەکان و ژێرخانی ئابوریی لێبکەوێتەوە، کە ببێتە هۆکاری تێکچوونی دۆخی ئەمنی. هەروەها لەوانەیە دابەشبوون و پەرتبوونە نێوخۆییەکانیش ڕوو لە زیادبوون بکەن و دامەزراوەکانی دەوڵەتیش لاواز بن. لە بواری ئابوریشدا ئەم حالەتە دەکرێت لێکەوتەی کارەساتباری هەبێت، کە تێیدا وەبەرهێنانەکان پاشەکشە دەکەن و هەناردەی نەوت بە نەرێنی کاریگەر دەبێت و فشارەکان لەسەر کەرتی ئابوریی زیاتر دەبن. هەر بۆیە دەکرێت ئەم ئەگەرە بە خراپترین دابنرێت، بەڵام یەکێکە لە ئەگەرەکان کە دەکرێت لە سایەی بەردەوامبوونی گرژی و ئاڵۆزییە هەرێمییەکاندا بێتەئاراوە.

**دووەم: بەردەوامبوونی ئاگربەست، یان گۆڕانی بۆ لێکتێگەیشتنی سیاسی**

بەهۆی قووڵی و فرە لایەنیی ناکۆکی و کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا، ئەگەرێکی نزیك نییە ئەم دوو وڵاتە بەم زووانە بگەنە ڕێکەوتنێکی بەردەوام و گشتگیر و جێگیر، لە باشترین حاڵەتدا پێشبینی دەکرێت لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئاگربەست لەنێوان ئەمریکا و ئێران، ڕێکەوتنێکی سیاسیی سنووردار یان ئیدارەدانی قەیرانەکەی لێبکەوێتەوە، کە ڕەنگە ئەم کارە دەرگا بەڕووی قۆناغێك لە سەقامگیرییەکی ڕێژەیی لە ناوچەکەدا بکاتەوە. بەڵام ڕەنگە ئەم سەقامگیرییە شاش و لاواز و بێ گرەنتی بێت.

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا کە ڕێڕەوی پێشهات و گۆڕانکارییەکان هەرچۆنێک بن، ڕەنگە حکومەتی نوێی عێراق ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی گەورە ببێتەوە. بەڵام پێدەچێت لە ئەگەری خاوبوونەوەی گرژییەکاندا حکومەت ڕووبەرێکی فراوانتری بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ناوخۆیی هەبێت، بەڵام ئەمەش پێویستی بە ڕێژەیەک لە سەربەخۆیی سیاسی هەیە. لە هەردوو ئەگەرەکەدا سەرکەوتنی حکومەت وابەستە دەبێت بە بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان فشارە دەرەکییەکان و پێداویستییە ناوخۆییەکان. هەروەها لاوازیی دامەزراوە سیاسییەکان لە دەرکردنی بڕیاری ستراتیجیی سەربەخۆ ڕەنگە لە تواناکانیان کەمبکاتەوە[١٧].

سەبارەت بە پێکهاتەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە دۆخی هێوریدا، ڕەنگە دەرفەتی زیاتر بۆ نزیکبوونەوە و ڕێکەوتنی گشتگیر بێتەئاراوە و فاکتەرە دەرەکییە هەرێمی و جیهانییەکان لەمپەرەکانی بەردەم ئەم پرسە خاو بکەنەوە، بەڵام ئەمەش لە سایەی جیاوازییە سیاسییە قووڵەکاندا بە سنووورداری دەمێنێتەوە. هەر بۆیە لەم دۆخەشدا دوبارە ڕەنگە یەکگرتوویی ناوخۆیی عێراق وابەستە بێت بە ڕێڕەوی ململانێی هەرێمی و بە توانای دەستەبژێری سیاسی بۆ ئیدارەدانی ناکۆکییەکان لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەییدا.

**بەگشتی لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی جەنگدا، وا پێشبینی دەکرێت کە شێوازێکی فراو انتروەربگرێت و جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ شەڕی بەوەکالەتیش لەخۆبگرێت و چەند گۆڕەپانێکی وەك سوریا و لوبنان و کەنداویش بگرێتەوە. هەروەها ڕەنگە ژێرخانی وزە و کەشتیو انی دەریایی تووشی گرفتی گەورەتر بکات و بیانخاتە ژێر فشاری توند و گەورەوە، بەتایبەت لە گەرووی هورمز و وڵاتانی دەوروبەریدا.**

سەبارەت بە گروپە چەکدارەکان لە ئەگەری ڕوودانی هێوربوونەوەدا ڕەنگە بکەونە ژێر فشاری زیاتری ناوخۆیی و دەرەکی بۆ دوبارە تێکهەڵکێش کردنیان لەنێو دامەزراوەکانی دەوڵەت یان کەمکردنەوەی چالاکییە سەربازییەکانیان، کە ئەمەش هۆکارێك دەبێت بۆ لەقاڵبدانی زیاتری ئەم گروپانە و کەمکردنەوەی کاریگەریيان. بەڵام لە هەردوو ئەگەرەکەشدا چارەنووسی ئەم گروپانە بەندە بە توانای دەوڵەت لە سەپاندنی سەروەری خۆی و هەروەها بە سروشتی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێزە هەرێمییەکان.

**دەرەنجام**

لە ئەنجامی باسکردنی ئەم بابەتەدا دەگەینە ئەوەی کە عێراق ڕەنگە بکەوێتە بەردەم هاوکێشەیەکی ستراتیجیی ئاڵۆز، کە لەڕێی کارلێکی نێوان فشارەکانی ئەمریکا و نفوزی ئێران، لەناو ژینگەیەکی هەرێمیی پڕ لە پێشهات و گۆڕانکاریی توند و خێرا سیما و شێوەی بەدەردەکەوێت. بەپێی شیکارییەکان ناتوانرێت دەربارەی پێگەی عێراق تێگەیشتنی ڕوون هەبێت بە دابڕینی لەم ڕکابەرییە، بەڵکو عێراق بە یەکێك لە گرنگترین گۆڕەپانە ناڕاستەوخۆکان دادەنرێت. کە دەکرێت وەك دەرەنجام لەم خاڵانە بروانرێت:

١- بژاردەی لایەنگیریکردنی تەواوی هەر لایەك (ئێران یان ئەمریکا) مەترسی گەورەی تێدایە لەسەر سەروەری و سەقامگیریی ناوخۆیی عێراق، کە ڕەنگە ببێتە هۆی قووڵکردنەوە و زیادبوونی دابەشبوون و پەرتبوونی سیاسی و کۆمەڵگەیی.

٢- ئەگەری نزیك لە واقیعەوە خۆی لە تەبەنیکردنی سیاسەتێکی هاوسەنگیی نەرمدا دەبینێتەوە، کە دەرفەت بۆ عێراق برەخسێنێت تا پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی بکات لەگەڵ هەردوولادا بەبێ تێوەگلان لە ململانێی ڕاستەوخۆوە. کە سەرکەوتنی ئەم بژاردەیەش پێویستی بە توانای سیاسی و دامەزراوەیی ئاست بەرز هەیە، کە ڕەنگە لە ئێستادا ئەو توانایانە بەتەواوی لە بەردەستدا نەبن.

٣- ئاڵنگاریی هەرە گەورە لەبەردەم عێراقدا تەنها دەرەکی نییە، بەڵکو ناوخۆییشە و خۆی لە لاوازیی دامەزراوەکانی دەوڵەت و فرەیی ناوەندەکانی بڕیار و بەردەوامیی کاریگەریی بکەرە نادەوڵەتییەکاندا دەبینێتەوە.

٤- ڕەهەندی ئابوریی فاکتەرێکی گرنگە ئەگەر نەوترێت یەکلاکەرەوەیە لە دیاریکردنی ڕێڕەوی عێراقدا، چونکە پشتبەستنی زیاد لە پێویست بە نەوت ڕەنگە دوچاری شۆک و بەرکەوتی دەرەکی بکات.

لەبەر ڕۆشنایی پێشهات و گۆڕانکارییە خێراکان، ڕوون دەبێتەوە کە عێراق ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ستراتیجی دەبێتەوە، کە خۆی لە چۆنیەتی ئیدارەدانی پێگەکەی لەنێوان دوو هێزی ڕکابەری یەکتردا، کە ئەمریکا و ئێرانن، دەبینێتەوە. جەنگی ئەمدواییەش دەریخست کە عێراق هێشتا بەدوور نییە لە کەوتنە ژێر کاریگەریی ململانێ دەرەکییەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا هەل و دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدایە بۆ دوبارە ناساندنەوەی ڕۆڵی هەرێمیی خۆی. جێگۆڕکێ بەخۆکردن لە گۆڕەپانی ململانێ بۆ بکەری هەرێمی پێویستیی بە دوبارە بنیادنانەوەی دەوڵەتە لەگەڵ پتەوکردنی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی و تەبەنیکردنی سیاسەتێکی هاوسەنگ کە توانای بەسەر ئیدارەدانی ڕکابەریی نێودەوڵەتیدا بشکێت. لە کۆتاییدا دەکرێت بوترێت کە داهاتووی عێراق تەنها بە ڕێڕەوی ململانێی نێوان هێزە گەورەکان دیاری ناکرێت، بەڵکو بە توانای ناوخۆیی لە ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە پێگەی جیۆسیاسیی خۆی و گۆڕینی لە

سەرچاوەیەکی هەڕەشەوە بۆ سەرچاوەیەکی هێز، بەدیدێت.

## لیستی سەرچاوەکان

1- World Bank، Middle East، North Africa، Afghanistan & Pakistan Economic Update: Challenges of Conflict and Industrial Policies for Development، Washington DC، April 2026، Date of site visit: 2026/4/24، Available at: https://www.worldbank.org/en/region/mena/publication/middle-east-north-africa-afghanistan-and-pakistan-economic-update

٢- موقع الامصار للدراسات السياسية و الامنية والاقتصادية، دور وحسابات إسرائيل في التصعيد مع إيران، تأريخ الزيارة ٢٠٢٦/٤/٢٦، التفاصيل على الرابط الآتي: https://www.alamssar.com/٤٦٣٢٨٤. كما ينظر في الصراع الإيراني الإسرائيلي، أحمد علي حسين، دار أمجد للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، عمان، ٢٠٢١، ص٨٤. كما ينظر: https://share.google/hIiVT١RGYnFohtqjl،

٣- فراس إلياس، "العراق في بنية الصراع الأميركي-الإسرائيلي مع إيران: حين تتحول الدولة إلى مسرح للصراع الإقليمي، مركز الجزيرة للدراسات، تاريخ الزيارة: ٢٦/٤/٢٠٢٦.، الرابط: https://studies.aljazeera.net/ar/article/٦٤٧٩

٤- نفس المصدر

٥- المصدر نفسه

٦- المصدر نفسه

٧- فالح عبد الجبار، الدولة والمجتمع المدني في العراق، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، الطبعة الثانية، ٢٠١٧، ص ص ٩٣- ١٦٨.

٨- "تصعيد بكردستان العراق، مسيرات تستهدف أربيل و دهوك و فصائل تتبنى الهجمات"، الجزيرة نت، ٢٠٢٦/٤/١، تاريخ الزيارة: ٢٨/٤/٢٠٢٦، الرابط:
https://www.aljazeera.net/amp/news/٢٠٢٦/٤/١/%D٨%D٨%AA%D٨%B٥%D٨%B٩%D٩

**9-** Iran vows to continue attacks on Israel، US bases Rudaw، 28/2/2026، date of visit: 2026/4/29، Link: https://www.rudaw.net/english/middleeast/280220261

١٠- دول خليجية تتصدى لهجمات صاروخية ومسيرات إيرانية، الجزيرة نت، ٢٠٢٦/٣/٢٥، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٦/٤/٣٠، الرابط: **https://www.aljazeera.net/news/٢٠٢٦/٣/٢٥/% AF%D٩ %D٨٤-%AE-**

١١- موجة جديدة من الاستهدافات الإيرانية على دول الخليج"، الجزيرة نت، ٢٠٢٦/٢/٢٨، تأريخ الزيارة: ٢٠٢٦/٤/٢٩، الرابط: https://www.aljazeera.net/news/٢٠٢٦/٢/٢٨/%D٨%B١% %D٩ %٧

١٢- The Guardian، Iraqi leaders face balancing act as Iran conflict exposes deep rifts، ٢٠٢٦/٤/٣، Date of visit: ٢٠٢٦/٤/٣٠، Link: https://www.theguardian.com/world/٢٠٢٦/apr/٠٣/iraq-deep-rifts-balancing-act-iran-war ، As seen: Francesco Salesio Schiavi، Iran-Aligned Militias Jeopardize Iraq's Gulf، reset، Date of visit: ٢٠٢٦/٥/٧، Link: Stimson Center، https://www.stimson.org/٢٠٢٦/iran-aligned-militias-jeopardize-iraqs-gulf-reset/

١٣- ينظر الى حمد جاسم محمد، مستقبل العراق بين الانقسام الداخلي والأطماع الإقليمية، شبكة النبأ المعلوماتية، تأريخ الزيارة: ٢٠٢٦/٤/٣٠، الرابط: https://annabaa.org/arabic/print/١٩٥٦ . تم اخذ الفكرة الرئيسية من هذا المصدر و اعتماده كأساس.

١٤- The New York Times، "Iraq، U.S. Dollar Shipments and Iran Tensions،" **By Erika Solomon and Raja Abdulrahim**، ٢٠٢٦/٤/٢٢، Date of visit: ٢٠٢٦/٥/١، Link: https://www.nytimes.com/٢٠٢٦/٠٤/٢٢/world/middleeast/iraq-us-dollars-shipment-iran.html.

١٥- موقع الشرق الاوسط، تقرير: امريكا توقف شحنات الدولار للعراق، تأريخ الزيارة: ٢٠٢٦/٥/١، الرابط: https://aawsat.com/%D٨%A٧%D٩%٨٤%D٨%B٩%D٨%A٧%D٩%٨-%DA٧% A٨%D٩

١٦- ينظر الى: أميمة مجيد، عام ونصف بلا موازنة، العراق يواجه شللا خدميا متصاعدا، الجزيرة. نت، تأريخ الزيارة ٢٠٢٦/٥/١٣، متاح على الرابط الآتي: https://www.aljazeera.net/ebusiness/٢٠٢٦/٥/١٣/%D٨%B٩%D٨%A%D٩%٨٦%D٨%B٥%D.

كما ينظر الى: ميثاق مناجي العيسى، "تحديات الحكومة العراقية الجديدة بين الضغوط الداخلية والتعقيدات الإقليمية"، شبكة النبأ المعلوماتية، متاح على الرابط الآتي: https://amp.annabaa.org/arabic/authorsarticles/٤٦٢٧٤

كما ينظر الى: تصاعد الحرب سيجعل العراق أمام فوضى أمنية، الجزيرة. نت، تأريخ الزيارة: ٢٠٢٦/٤/٢٩، متاح على الرابط الآتي: https://www.aljazeera.net/news/٢٠٢٦/٣/١٦/%D٩٨٤-%D٩D٨%D٨٢.

وينظر ايضا: Iraq risks Arab ties as Iran-aligned groups strike Gulf nations"، Al Jazeera، ٢٠٢٦/٣/٣٠، Date of visit: ٢٠٢٦/٤/٢٩، Link:: https://www.aljazeera.com/news/٢٠٢٦/٣/٣٠/iraq-risks- -groups-strike-gulf-nations.

١٧- احمد عيد، العراق يلتقط أنفاسه اقتصاديا بعد الهدنة...تحسن تدريجي، العربي الجديد، تأريخ الزيارة: ٢٠٢٦/٤/٣٠، متاح على الرابط الآتي: https://www.alaraby.co.uk/economy/%D٨%A٧ %A٨. وينظر الى: احمد الدباغ، مع قرب انتهاء مهلة ترمب لإيران.. العراق في قلب العاصفة"، الجزيرة نت، تأريخ الزيارة: ٢٠٢٦/٤/٣٠، متاح على الرابط الآتي: https://www.aljazeera.net/politics/٢٠٢٦/٤/٧/%D٩%٨٥%D٨%B٩-%D٩% %D٩%٨٢.



# هەڵکشانی ململانێ و نائارامی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: بنیادنانی هاوپەیمانیی بەرگریی سێقۆڵی تورکیا، پاکستان و سعودیە

د. فەرەیدون ساڵح حمەزۆراب
پسپۆڕ لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

## پێشەکی

لە ئێستادا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی شەڕی غەززەوسەرهەڵدان و هەڵکشانی ململانێی سەربازیی ئەمریکا-ئیسرائیل دژ بەئێران و گروپەچەکدارە پرۆکسییەکانی لە لوبنان و عێراق، ئەمە جگە لە بەسەربازیکردنی گەرووی هورمز، بە قەیرانێکی قووڵی ناسەقامگیرییدا تێدەپەڕێت. هێرشی موشەکی و درۆنی ئێران بۆ سەر بەشێک لە وڵاتانی کەنداو، وایکردووە کە متمانەی وڵاتانی ناوچەکە بە گەرەنتییە ئەمنییەکانی ڕۆژئاوا بۆ پاراستنیان کەمبێتەوە. لەئەنجامدا، مۆدێلە تەقلیدییەکانی هاوپەیمانێتیی پاشەکشەیان کردووە و هێزە ناوچەییەکان بەدوای هاوپەیمانێتییەکی فرەچەشنترو سەربەخۆتردا بگەڕێن.

لەم چوارچێوەیەدا، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر هەوڵەکانی سێ هێزی ئابوری و سەربازی دیاری زۆرینە مسوڵمانی وەک تورکیا، پاکستان و عەرەبستانی سعودیە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی بەرگریی سێقۆڵی. ئەم هاوپەیمانێتییە ئامانجیەتی توانا پیشەسازییە بەرگرییەکانی تورکیا، هێزی سەربازی و ئەتۆمی پاکستان و سەرمایەی دارایی سعودیە یەکبخات بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێزی ناوچەیی و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی ستراتیجی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکان بە کۆمەڵ. پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە ئایا تورکیا، پاکستان و سعودیە دەتوانن هاوپەیمانێتییەکی بەرگریی سێقۆڵیی کاریگەر پێکبهێنن، دەرئەنجامە جیۆپۆلەتیکییەکانی بلۆکێکی لەم شێوەیە چی دەبن؟ ئارگومێنتی سەرەکی توێژیەنەوەکە ئەوەیە کە ئەم ڕێکخستنە ئەمنییە لە داهاتوویەکی نزیکدا نابێتە هاوپەیمانییەکی بەرگریی هاوبەشی تەواو لە شێوەی ناتۆدا. بەڵکو وەک

سەکۆیەک بۆ هاوکاریی پیشەسازیی سەربازی، ئاڵوگۆڕی هەواڵگری و ڕاهێنانی هاوبەش کاردەکات. ئەم مۆدێلە زۆرترین ئەگەری جێبەجێکردنی هەیە و دەتوانێت ببێتە بەرەیەکی "جەمسەرێکی" ئەمنیی کاریگەر کە لە داهاتوودا وڵاتانی تری کەنداو و باکووری ئەفریقاش بگرێتەوە، کاریگەرییەکی تاڕادەیەک قووڵ لەسەر هاوسەنگی هێز لەدوای جەنگی ئەمریکا-ئیسرائیل دژ بەئێران دروست بکات. توێژینەوەکە پاشخانێک بۆ دروستبوونی هاوپەیمانییەکە دەخاتەڕوو، دواتر تیشک دەخاتەسەر پاڵنەرەسەرەکییەکانی هاوپەیمانییەکە، پاشان پایەکانی هاوپەیمانی و ئاستەنگەکانی بەردەمی شیدەکاتەوە. لەکۆتاییدا چەند سیناریۆیەک بۆ پێشبینیکردنی ئایندەی هاوپەیمانێتییەکە دەخاتەڕوو.

**تەوەری یەکەم: پاشخانی مێژووی هاوپەیمانیی بەرگریی سێقۆڵی**

لە ناوەڕاستی ساڵانی "٢٠٢٠"ەوە، سیستەمی جیۆپۆلەتیکی و ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاریی و لێکدابڕانێکی پێکهاتەیی قووڵی بەخۆیەوە بینی.ژێرخانی ئەمنیی ناوچەکە کە لەڕووی مێژوویەوە بە هاوسەنگییەکی ناجێگیری هێز لەنێوان دەوڵەتە نەتەوەییە عەرەبییەکان، ناوچەی نفوزی ئێران و بلۆکی هاوپەیمانیی ڕۆژئاوادا پێناسە دەکرا، لە ئێستادا گۆڕانکارییەکی پێکهاتەیی توندی بەسەردا دێت. ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە بەهۆی زنجیرەیەک قەیران و ململانێی یەک لەدوای یەکەوە سەریهەڵدا کە لە ساڵی"٢٠٢٦"دا پێیان نایە قۆناغێکی هەستیارەوە و ناوچەکەیان خستە ناو دۆخێکی قووڵی لێکدابڕانی ستراتیجییەوە[1].

هۆکاری سەرەکیی ئەمەش شەڕی غەززە و هێرشەکانی ئەیلولی "٢٠٢٥"ی ئیسرائیل بوو بۆ سەر دەوحە. بێدەنگی و ڕێگرینەکردنی ئەمریکا لەو هێرشە، سەرەڕای بوونی گەورەترین بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە قەتەر، سەلماندی کە گەرەنتییە ئەمنییەکانی ئەمریکا جێگەی متمانە نین. ئەمەش وای لە وڵاتانی عەرەبی کرد درک بەوە بکەن کە لە مەترسییەکانی ئیسرائیل پارێزراو نین و تێبگەن کە ئەمریکا هەمیشە ئەولەویەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆی و ئیسرائیل دەدات[2].

لەپاش هەڵگیرسان و هەڵکشانی جەنگی ئەمریکا-ئیسرائیل دژ بەئێران لە شوباتی "٢٠٢٦"دا، وڵاتانی کەنداو ڕووبەڕووی هێرشی موشەکی و درۆنی چڕی ئێران بوونەوە، ئەمەش وەک پاڵنەرێکی بەهێز بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی بەرگریی ڕۆڵی بینی، چونکە ئەم شەڕە خاڵە لاوازەکانی گەرەنتییە ئەمنییەکانی ڕۆژئاوای دەرخست و پێویستی خێرای کارەکتەرە هەرێمییەکانی بۆ پەرەپێدانی چوارچێوەیەکی سەربەخۆ بۆ بەرپەرچدانەوە سەلماند. لە نێوەندی ئەم ناسەقامگیرییە ستراتیجییەدا، چەمکی هاوپەیمانییەکی بەرگریی سێقۆڵی لە نێوان تورکیا، پاکستان و عەرەبستانی سعودی وەک ستراتیجییەکی خۆپارێزی سەریهەڵدا. ئەم دەستپێشخەرییە کە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕیالیزمی بەرگریکارانەدا هەیە، هەوڵیدا

سەقامگیریی هەرێمی لە ڕێگەی یەکخستنی سیستماتیکییانە خاڵە بەهێزە تەواوکەرەکانی سێ هێزی کاریگەریی زۆرینە مسوڵمانەوە بپارێزێت.[٣] بنچینەی پێکهاتەیی ئەم چوارچێوە سێقۆڵییە لە "١٧"ی ئەیلوولی "٢٠٢٥"دا دامەزرا، کاتێک شازادەی جێنشینی سعودیە محەمەد بن سەلمان و سەرۆکوەزیرانی پاکستان شەهباز شەریف، ڕێککەوتنی "بەرگریی هاوبەشی ستراتیجیی"یان لە ڕیازی پایتەختی سعودیە واژۆ کرد. ئەم پەیماننامە مێژووییە، دەیان ساڵ لە هاوکاریی سەربازیی دووقۆڵیی بەهێز، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر نافەرمی، کردە فەرمی و گەیاندییە ئاستی پێکهاتەیەکی بەرپەرچدانەوەی پشتبەستوو بە پەیماننامە، کە ماددەیەکی بەرگریی هاوبەشی هاوشێوەی ناتۆی لەخۆگرتووە، کە تێیدا هاتووە "هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر وڵاتێکی ئەندام تێیدا، بە هێرش بۆ سەر هەموو ئەندامەکان هەژمار دەکرێت"[٤].

بۆ ڕیاز، ڕێککەوتنەکە چەترێکی ئەمنیی زۆر گرنگی دابین کرد - کە لەلایەن هاوپەیمانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمییەوە پاڵپشتی دەکرێت - لە دژی ئەو هەڕەشە پەرەسەندوانەی کە لە ململانێکەی ئێران و زیادبوونی پێداگریی سەربازیی ئیسرائیلەوە سەرچاوەیان گرتووە. بۆ پاکستانیش، جێپێی ستراتیجیی خۆی لە کەنداودا بە دامەزراوەیی کرد و هێڵە ئابوورییە گرنگەکانی بەهێزتر کرد و مەودای جیۆپۆلەتیکیی خۆی فراوانتر کرد.

لەژێر ڕۆشنایی زیادبوونی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان تورکیا، سعودیە و پاکستان لە باشووری ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا، ئەگەری دروستبوونی هاوپەیمانییەکی بەرگریی سێقۆڵی لە نێوان ئەنقەرە، ئیسلام ئاباد و ڕیاز دروستکرد، کە دەتوانێت هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەیدا دابڕێژێتەوە. بە پشتبەستن بە پەیماننامە دووقۆڵییەکەی سعودیە-پاکستان، لە سەرەتای ساڵی "٢٠٢٦"دا هەوڵەکان خرانەگەڕ بۆ فراوانکردنی پەیماننامەکە تا وڵاتی تورکیاش بگرێتەوە. تا مانگی کانوونی دووەمی "٢٠٢٦"، وەزیری بەرهەمهێنانی بەرگریی پاکستان، ڕەزا حەیات هەڕاج، ڕایگەیاند دوای نزیکەی ساڵێک لە دانوستانی چڕ، ڕەشنووسی ڕێککەوتنێکی بەرگریی لەنێوان هەر سێ وڵاتدا ئامادە کراوە[٥]. ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەوڵێکی پێشبینیکراو بۆ خۆپارێزی لە بەرامبەر پەرەسەندنی توندوتیژی لە ناوچەکەدا و ئاماژەی بەوەش کرد کە ڕێککەوتنە پێشبینیکراوەکەی نێوان ئەو سێ هێزە "جیاوازە لە ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکەی نێوان سعودیە و پاکستان" و "پێویستی بە کۆدەنگییەکی کۆتایی لەنێوان ئەو سێ وڵاتەدا" هەیە[٦].

لە هەمان چوارچێوەدا، وەزیری دەرەوەی تورکیا، هاکان فیدان، بە ئاشکرا پشتڕاستی کردەوە کە گفتوگۆی چالاک سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی بەرگریی لەگەڵ پاکستان و سعودیە لە ئارادایە، جەختی لەسەر هەوڵەکانی ئەنقەرە بۆ بەهێزکردنی خاوەندارێتیی هەرێمی لە چوارچێوەی ئاسایشی بە کۆمەڵدا کردەوە، بەڵام ڕەتیکردەوە کە تا ئێستا هیچ ڕێککەوتنێک واژۆ کرابێت[٧]. ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە فیدان بە

"پێویستی بۆ بەهێزکردنی هاوکاری و متمانەی ناوچەیی و تێپەڕاندنی دۆخی بێ متمانەیی و ئەو کەلینانەی لێی کەوتووەتەوە، کە لە ناوچەکەدا بووەتە هۆی دەرکەوتنی هێزی باڵادەستی دەرەکی یان شەڕ و ناسەقامگیریی بەهۆی تیرۆرەوە، وەسفی کرد. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە سەرجەم وڵاتانی ناوچەکە بۆ دروستکردنی پلاتفۆرمێکی هاریکاریی سەبارەت بە پرسی ئاسایش یەکبگرن"، جەختی لەوە کردەوە کە ئەگەر "وڵاتانی پەیوەندیدار متمانەیان بە یەکتر هەبێت دەکرێت پرسە ناوچەییەکان چارەسەر بکرێن"[٨].

**لە ئێستادا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی شەڕی غەززەوسەرهەڵدان و هەڵکشانی ململانێی سەربازیی ئەمریکا-ئیسرائیل دژبەئێران و گروپەچەکدارە پرۆکسییەکانی لە لوبنان و عێراق، ئەمە جگە لە بەسەربازیکردنی گەرووی هورمز، بە قەیرانێکی قووڵی ناسەقامگیرییدا تێدەپەڕێت.**

لەڕاستیدا بنەما ئەزموونییەکانی ئەم گفتوگۆیە بۆ کانونی دووەمی ساڵی "٢٠٢٤" دەگەڕێتەوە، کاتێک بەرپرسانی باڵای سەربازیی هەر سێ وڵات لە شاری ڕاوەلپیندی لە پاکستان لە چوارچێوەی پلاتفۆرمی هاوکاریی بەرگریی سێقۆڵیدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کەرەستەی تەکنەلۆژیای بەرگریی کۆبوونەوە، توێژینەوە و پەرەپێدان، یەکخستنی سەرچاوە زانستی و تەکنیکی، دارایی و مرۆییەکان[٩]. دواتر پێنجەمین کۆبوونەوەی هاوکاریی پیشەسازیی بەرگریی تورکیا-عەرەبستانی سعودی-پاکستان لە شاری ئەستەنبوڵ بەڕێوەچوو، کە پشتڕاستی کردەوە پرۆسەکە لە چوارچێوەی دیپلۆماسیی ڕەمزی بۆ ڕاوێژکارییە دامەزراوەییە بەردەوامەکان تێپەڕیوە[١٠].

### تەوەری دووەم: پاڵنەرەکانی هاوپەیمانیی بەرگریی سێقۆڵی

#### یەکەم: پاڵنەری ئەمنی-جیۆپۆلەتیکی

دارمانی هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاڵنەری سەرەکییە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی ئەمنیی سێقۆڵی لەنێوان تورکیا، پاکستان و سعودیە. ململانێی سەربازیی توندی نێوان ئەمریکا/ ئیسرائیل و ئێران، کە لە هەڵمەتی زۆرترین فشارەوە لە "٢٠١٨-٢٠٢٠" و تیرۆرکردنی ژەنەڕاڵ قاسم سولەیمانیەوە[١١] و شکستی دەستپێشخەرییە دیپلۆماسییەکانی "٢٠٢١-٢٠٢٣" کە بووە هۆی خێراکردنی ئاستی پیتاندنی ئەتۆمی ئێران، پەرەیسەندووە بۆ هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ژێرخانی سەربازی و ئەتۆمیی ئێران[١٢] و بووەتە هۆی لاوازکردنی

قووڵی ئێران و تۆڕی پرۆکسییەکانی لە ناوچەکەدا (وەک حیزبوڵڵا، حوسییەکان و میلیشیاکانی عێراق و سوریا). لە ئەنجامی ئەم لاوازبوونەی ئێراندا، ئیسرائیل پێگەی خۆی وەک هێزێکی هەژموونگەری بێڕکابەر و خاوەن چەکی ئەتۆمی لە ناوچەکەدا جێگیر دەکات. دروستبوونی ئەم هەڕەشە نوێیە ئەو هۆکارە سەرەکییەیە کە پاڵ بەم سێ وڵاتەوە دەنێت یەکبگرن[١٣].
چونکە لەدۆخێکی وەهادا تورکیا کە وەک هێزێکی ناوچەیی دەرکەوتووە هەست بەمەترسی ڕاستەقینە دەکات، جا مەترسییەکە لەسەر یەکگرتوویی دەوڵەتەکەی بێت یان لەسەرنفوز و هەژموونی بێت لەناوچەکەدا. لەم ڕووەوە پاش شەڕی غەزە و فرانخوازی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا بۆ لوبنان وسوریا، تورکیا وەک هەستکردن بەمەترسی ڕاستەقینە بۆسەر ئارامی ناوخۆی وڵاتەکەی و بەکارنەهێنانی "کارتی" دۆزی کورد لەلایەن ئیسرائیلەوە، پرۆسەی تورکیایەکی بێ تیرۆر"پرۆسەی ئاشتی" لە"٢٦"ی تشرینی دووەمی "٢٠٢٤"دا دەستپێکرد. جگە لەوەش بە مەبەستی ڕاگرتنی نفوزی ئەو وڵاتە لە سوریادا پاش ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە سوریا ڕوبەڕووی هێرشی ئاسمانی ئیسرائیل بوویەوە. لەماوەی جەنگی ئەمریکا-ئیسرائیل دژ بە ئێران لەمانگی شوباتی "٢٠٢٦"دا هەندێک بابەت و ڕاپۆرتی شیکاریی بڵاوکرانەوە کە ئاماژە بە ئەگەری بەئامانج گرتنی تورکیایان دەکرد لەلایەن ئیسرائیلەوە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران[١٤]. هەرچەندە تورکیا لە ساڵی "١٩٥٢"ەوە ئەندامی ناتۆیە، بەڵام دوای گرژییەکانی سەر سوریا سیاسەتێکی بەرگریی سەربەخۆتری پەیڕەوکردووە، ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و کرێنی چەک، کە ڕەنگدانەوەی ئاراستەیەکی ناوچەیی بەرفراوانترە لە لاوازبوونی متمانە بە گرەنتییە ئەمنییەکانی دەرەوە. پاڵنەری تورکیا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نوێ لە هەستێکی قووڵی گەمارۆدانی ستراتیجییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەنقەرە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست وەک کایەی گرنگی دەریایی بۆ نفوز و کاریگەرییەکانی دەبینێت، کە لە دۆکتۆرینی دەریایی ‹نیشتمانی شین› (Mavi Vatan) دا جەختی لەسەرکراوەتەوە. ئیسرائیلێکی بەهێز، کە بارگرانی هەڕەشەی ئێرانی لەسەر نەبێت، بە شێوەیەکی هێرشبەرانە مافی وزە دووپات دەکاتەوە و هاوبەشییەکانی لەگەڵ یۆنان و قوبرس لە ڕێگەی چوارچێوەی East Med بۆ هەڕەشەکردن لە سنووری دەرییاییەکانی تورکیا بەکاردەهێنێت[١٥]. پاڵپشت بەم فاکتەرانە و بەئامانجی پاراستنی وڵاتەکە و نفوز و کاریگەریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تورکیا بڕیاری چوونە ناو هاوپەیمانێتیی پاکستان و سعودیەی دا. ڕەنگە پاش جەنگی ئێران لە دۆخێکدا کە ئیسرائیل ببێتە هێزێکی خاوەن هەژموون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ هیندستاندا کە ڕکابەری پاکستانە، وادەکات کە جۆرێک لە مەترسی بۆ پاکستان دروستبکات، ئەمەش پاڵنەرێک دەبێت بۆ پاکستان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی بەرگریی لەگەڵ تورکیا و سعودیەدا.
ئەوەی ئەمە زیاتر ئاڵۆز دەکات، لاوازبوونی متمانەیە بە گرەنتییە ئەمنییەکانی ئەمریکا بۆ

عەرەبستانی سعودی، وەڵامی لاوازی ئەمریکا بۆ هێرشە درۆنەکانی ساڵی "٢٠١٩"ی سەر ئارامکۆ و کشانەوەی پاتریەکانی موشەکی پاتریۆت و ساد (THAAD) لە ساڵی "٢٠٢١"دا کە وا دەبینین کە پابەندبوونەکانی ئەمریکا بوونەتە مەرجدار. خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ لە "٩"ی ئەیلوولی "٢٠٢٥" ڕوویدا، کاتێک لە کاتی دانوستانەکانی ئاگربەستدا هێرشێکی ئاسمانی ئیسرائیل دەوحەی قەتەری کردە ئامانج، پێشێلکارییەکی ئاشکرای سەروەریی دەوڵەتێک کە میوانداری بنکەیەکی سەربازیی گەورەی ئەمریکا دەکات، کە تەنها بە سەرکۆنەکردنی ساردی واشنتۆن وەڵام درایەوە. جگە لەو هێرشە درۆنی و موشەکیانەی کە لەلایەن ئێرانەوە کرایەسەر وڵاتانی کەنداو لە ئەنجامی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، ئەمە لوتکەیەکی نائاسایی وڵاتانی عەرەبی لێکەوتەوە و ئاماژە بوو بۆ پچڕانێکی ڕوون لە تێڕوانینی مەترسیدارانە بۆ گەلانی عەرەبی و ئیسلامی[١٦]. چەند ڕۆژێک دواتر، ڕێککەوتنی بەرگریی ستراتیجیی هاوبەشی سعودیە و پاکستان بەفەرمی ئەنجامدرا بۆ عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی تری کەنداو، متمانەپێکردن بە هێزەکانی دەرەوە زۆر جێگەی پرسیار بووە[١٧].

> **لە ناوەڕاستی ساڵانی "٢٠٢٠"ەوە، سیستەمی جیۆپۆلەتیکی و ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاریی و لێکدابڕانێکی پێکهاتەیی قووڵی بەخۆیەوە بینی.ژێرخانی ئەمنیی ناوچەکە کە لەڕووی مێژووییەوە بە هاوسەنگییەکی ناجێگیری هێزلەنێوان دەوڵەتە نەتەوەییە عەرەبییەکان، ناوچەی نفوزی ئێران وبلۆکی هاوپەیمانیی ڕۆژئاوادا پێناسە دەکرا، لە ئێستادا گۆڕانکارییەکی پێکهاتەیی توندی بەسەردا دێت.**

**دووەم: پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و ڕێڕەوەکانی وزە**

هەر سێ وڵات پێگەی گرنگیان لەسەر نەخشەی بازرگانی و وزەی جیهانیدا هەیە. تورکیا، عەرەبستانی سعودی و پاکستان پێگەیەکی سەرەکییان لە نەخشەی پێکەوەبەستنی ناوچەکەدا هەیە، کە لە گەشەکردندایە. تورکیا لە دڵی پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان (Development Road Project)دایە، لەگەڵ عێراق و خۆی وەک ناوەندێکی گرنگ جێگیر دەکات کە کەنداو بە بازاڕەکانی ئەوروپاوە دەبەستێتەوە. پاکستان میوانداری ڕاڕەوی ئابوریی چین-پاکستان (CPEC) دەکات، کە یەکێکە لە دەستپێشخەرییە سەرەکییەکانی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگای چین (BRI)، ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە بە دەریای عەرەبییەوە دەبەستێتەوە. عەرەبستانی سعودی، لەڕێگەی دیدگای "٢٠٣٠"ەوە، جوگرافیای ستراتیجی بە

درێژایی دەریای سوور لەگەڵ توانایەکی دارایی بەرچاو تێکەڵ دەکات، کە دەبێتە هاوبەشێکی سروشتی بۆ پرۆژەکانی پێکەوەبەستن و هەمەچەشنکردن بە قەبارەیەکی گەورە. بنیاتنان لەسەر ئەم جۆرە هەماهەنگییەی پێکەوەبەستن دەتوانێت ڕێگە بە هەر سێ ئەکتەرەکە بدات کە دیدگا ناوچەییەکانیان لە فراوانکردنی هاوکارییە ئابورییەکاندا جێگیر بکەن.




نەخشەی هێڵی ئاسنی لە عەرەبستانی سعودیەوە بۆ تورکیا درێژدەبێتەوە

سەرچاوە:

Anadolu Ajansi.2026. https://www.aa.com.tr/tr/info/infografik/51589

بە واتایەکی تر، هاوکاریی بەرگریی لەوانەیە خاڵی دەستپێک بێت، بەڵام پێکەوەبەستن دەتوانێت ببێتە ئاسۆی ستراتیجی داهاتوو[18]. هەماهەنگیی ئەمنی لە نێوانیاندا دەتوانێت لە پاراستنی ئەم ڕێگایانەدا لە دژی ناسەقامگیری ڕێگای بازرگانی و گوستنەوەی وزە لەناوچەکەدا هاوکاربێت. لە ئەنجامی شەڕی ئێران و داخستن و گەمارۆی گەرووی هورمز کە کاریگەریی لەسەر دۆخی ئابوری، و بازاڕی کاڵا و وزەی جیهان کردووە، بەمەبەستی پەرەپێدانی سیستەمێکی گواستنەوەی ناوچەیی یەکگرتوو، لە مانگی مایسی ئەم ساڵ تورکیا لەگەڵ سعودیە و سوریا و ئوردن پرۆژەی زیندووکردنەوەی هێڵی ئاسنی حیجاز کە لە تورکیاوە لەڕێگەی سوریا و ئوردنەوە درێژ دەبێتەوە بۆ سعودیە و بۆ گواستنەوەی مرۆیی و کاڵاکان لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا وەک بەدیلێک بۆ پچڕانی ڕێگا دەریاییەکان ڕاگەیاند[19].

**سێیەم: قووڵکردنەوە و هەمەچەشنکردنی هاریکاریی لە بواری پیشەسازیی بەرگریدا**

لەم ساڵانەی دواییدا هاریکارییە بەرگرییەکانی سعودیە-پاکستان و تورکیا-پاکستان بە ڕەهەندەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا قووڵتر دەبنەوە. ئەم پرۆسەیە دەرفەت بە لایەنەکان دەبەخشێت کە بڕیارگەلێک بدەن کە کەمتر پشتبەستوو بن بە کۆتوبەندە سیاسییەکانی سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان لەبواری پیشەسازیی سەربازیدا. هەرچەندە هەر سێ وڵات ئامانجیان پچڕانی پەیوەندییەکانیان نییە لەگەڵ واشنتۆن، بەڵام لە هەوڵی کەمکردنەوەی پشتبەستنی تاکلایەنەدان .پێکهاتە سێقۆڵییە پێشنیازکراوەکە تەواوکارییەکی بەرچاو پێشکەشدەکات. هێزی دارایی و توانای وزەی سعودیە، بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمیی پاکستان و ژێرخانی پیشەسازیی بەرگریی تاڕادەیەک پێشکەوتووی تورکیا. ئەم تێکەڵەیە دەرفەتی گرنگ دەڕەخسێنێت بە ئاراستەی بنیاتنانی هاوپەیمانییەکی ئەمنیی سەربەخۆتر و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی چەک و ئامرازی سەربازیی بەرگری[20].

پەیوەندییە بەرگرییەکانی تورکیا لەگەڵ پاکستان پێشینەیەکی دیاریان هەیە. لە ساڵی "٢٠٢٠"، هەردوو وڵات ڕێککەوتنێکیان بەبڕی (١.٥) ملیار دۆلار بۆ دروستکردنی چوار کەشتی جەنگی PN MILGEM بۆ هێزی دەریایی پاکستان واژۆکرد. لە ئێستادا یەکەم کەشتی ڕادەست کراوە، کە ئەمەش نەک تەنها هێمایە بۆ مۆدێرنکردنی هێزی دەریایی، بەڵکو بۆ هاوکاریی قووڵی پیشەسازیش. لە دەرەوەی پلاتفۆرمە دەریاییەکان، ئەنقەرە و ئیسلامئاباد لە بەرنامەکانی مۆدێرنکردنی فڕۆکە و تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا هاوکاریان کردووە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی فراوانیی پەیوەندییەکانە[21].

لەم نێوەندەدا، عەرەبستانی سعودی وەک کڕیارێکی گرنگی بەرهەمە بەرگرییەکانی تورکیا دەرکەوتووە، بەتایبەتی لە بواری فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا. ئەو ڕێککەوتنانەی کە تایبەتن بە کڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی شەڕکەری جۆری بایراکتار ئاکنجی بووەتە جێی بایەخی ئەو

وڵاتە، جگە لەوەش ڕێککەوتنەکە بوارەکانی وەک: سیستەمی بەرگریی ئاسمانی پێشکەوتووی وەک پرۆژەکانی وەک فڕۆکەی جەنگیی نیشتمانیی تورکیاTAI KAAN ، بوارەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، ڕاهێنان و چاککردنەوەی درێژخایەن دەگرێتەوە، کە دیسانەوە ئاماژەیە بۆ هاوبەشی نەک تەنها کڕین. چوارچێوەیەکی سێقۆڵی چەترێک دەستەبەر دەکات کە لەژێریدا ئەو جۆرە دەستپێشخەرییە دووقۆڵیانە بتوانرێت فەراهەم بکرێن، فراوان بکرێن و لەڕووی ستراتیجییەوە یەکبخرێن[٢٢].

**چوارەم: دیدگای هاوبەش بۆ دۆسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئەم دواییە لەناوچەکەدا، لە چەندین خاڵی گرژیی هەرێمیدا بوونەتە هۆی لێکنزیکبوونەوەیەکی ستراتیجیی ڕوون لەنێوان تورکیا و سعودیە. ئەم لێکنزیکبوونەوە گەشەسەندووەی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیان، کە پێشینە بە سەقامگیریی دەوڵەتی ناوەندی، یەکپارچەیی خاک و سنووردارکردنی هەژموونی جیۆپۆلەتیکیی ڕکابەرەکان دەدات، پاڵنەرێکی بنەڕەتی و گرنگە بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانێتییەکی بەرگریی سێقۆڵیی فراوانتر لەگەڵ پاکستاندا.

> **لەژێر ڕۆشنایی زیادبوونی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان تورکیا، سعودیە و پاکستان لە باشووری ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقادا، ئەگەری دروستبوونی هاوپەیمانییەکی بەرگریی سێقۆڵی لە نێوان ئەنقەرە، ئیسلام ئاباد و ڕیاز دروستکرد، کە دەتوانێت هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوەیدا دابڕێژێتەوە.**

لە ناوچەی سوریا و کەنداو، تورکیا و سعودیە تا دێت زیاتر تێڕوانینە ئەمنییەکانیان هاوئاهەنگ دەکەن. لە یەمەن، تورکیا بە رادەیەکی زۆر هاوهەڵوێست بووە لەگەڵ پێداگریی سعودیە لەسەر یەکپارچەیی خاکی یەمەن و بە ئاشکرا ئیدانەی دەستێوەردانەکانی ئێران و پشتیوانیکردنی بۆ چەکدارە حوسییەکانی کردووە. بە هەمان شێوە لە سوریا، لە کاتێکدا ئیسرائیل پاڵپشتی لە سوریایەکی لاواز و لامەرکەزیی دەکات، هەردوو وڵات بوونی دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز و سەقامگیر نەک وەک بژاردەیەک، بەڵکو وەک بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی بنەڕەتی دەبینن. ئەوان بە شێوەیەکی کارا هاوهەڵوێستن لە پشتیوانیکردنی حکومەتە نوێیەکەی بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد شەرع بۆ سەقامگیرکردنی سوریا، هەر بۆیە هەردوو

وڵات فشاریان خستە سەر سەرۆکی ئەمریکا بۆ هەڵگرتنی سزاکان لەسەر حکومەتی کاتیی سوریا. پاڵنەرەکانی تورکیا بریتیبوون لەدامەزراندنی دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز و کۆتایی هێنان بە پرۆژەی ڕۆژئاوا، کیانێکی کوردی و تواندنەوەی هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەپەگە و یەپەژە لەڕێگەی خستنەناو سوپای سوریا و گەڕاندنەوەی پەنابەرە سورییەکان، سعودیەش هەوڵدەدات بۆ لەکارخستنی میلیشیاکانی سەر بە ئێران، بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیی ماددەی هۆشبەری کەپتاگۆن، کەمکردنەوەی بەرچاوی هەژموونی ئێران. لە کۆتاییدا، هەردوو دەوڵەتەکە لە ئامانجی سەرەکیدا هاوبەشن، کە بریتییە لە گەڕاندنەوەی دەوڵەتێکی مەرکەزی کارا و خاوەن سەروەری یەکگرتوو لە سوریا[٢٣]. ئەم هاوئاهەنگییە دووقۆڵییە بە قووڵی بۆ دەریای سوور و قەرنی ئەفریقا درێژدەبێتەوە. لە سودان، هەردوو وڵات بە بەهێزی پشتیوانی لە هێزە چەکدارەکانی سودان (SAF) دەکەن بە سەرۆکایەتیی ژەنەراڵ عەبدولفەتاح بورهان لە دژی گروپە چەکدارەکانی وەک هێزەکانی پشتیوانیی خێرا (RSF)، کە لەلایەن ئیماراتەوە پشتیوانی دەکرێن. بۆ سعودیە، سەقامگیریی دەریای سوور پێویستییەکی حەتمییە بۆ پاراستنی پرۆژەکانی دیدگای "٢٠٣٠" و ڕێڕەوە بازرگانییە دەرياییە گرنگەکان. لە هەمان کاتدا، تورکیا وەک دەروازەیەکی ستراتیجی و ئابوریی گرنگ بۆ سیاسەتە فراوانەکەی لە ئەفریقا دەڕوانێتە سودان. پاکستان بە بەهای (١،٥) ملیار دۆلار فڕۆکەی هێرشبەری لە جۆری "Karakorum-٨" و زیاتر لە (٢٠٠) فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سیخوڕی و هێرشی خۆکوژی و سیستەمی پێشکەوتووی بەرگریی ئاسمانی و فڕۆکەی مەشقی لە جۆری "Super Mushshak" لەگەڵ ئەگەری ئەوەی گرێبەستەکە فڕۆکەی جەنگی لە جۆری "JF-١٧"یش لەخۆبگرێت، کە بە هاوبەشی لەگەڵ چین بەرهەم دەهێنرێت و دەفرۆشێت بەسودان، کە دەنگۆی ئەوە هەیە سعودیە ڕۆڵی لەم گرێبەستەدا هەبێت جا بە پارەدارکردن بێت یان بە نێوەندگیری[٢٤].

بە هەمان شێوە لە سۆماڵ، هەردوو پایتەختەکە وەبەرهێنانی گەورەیان لە بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی کردووە. تورکیا بنکەیەکی ئەمنیی گەورەی دروستکردووە، لەڕێگەی مەشقپێکردنی دەیان هەزار کارمەندی ئەمنی و دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانەوە، لە کاتێکدا سعودیە ئەم دواییە لەڕێگەی ڕێککەوتنێکی گەورەی ساڵی "٢٠٢٣" بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگریی ڕۆڵی خۆی قووڵتر کردووەتەوە. زیاتر لەمەش، هەردوو دەوڵەت ڕەتیان کردەوە وەک ئیسرائیل دان بە ناساندنی سەربەخۆیی سۆماڵی لاند"دا بنێن. هەردووکیان سۆماڵێکی یەکگرتووی سەقامگیر وەک ناوەندێکی زۆر گرنگ بۆ پاراستنی ڕێڕەوە دەریاییە جیهانییەکان دەبینن[٢٥].

تەنانەت لەو ناوچانەی پێشتر جێگەی ململانێبوون وەک لیبیا، ڕیاز و ئەنقەرە خاڵی هاوبەش دەدۆزنەوە. بە دوورکەوتنەوە لە ڕکابەرییەکانی پێشوویان، سعودیە بە بێدەنگی

لەڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی (دانپێدانراوی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە) لە تەرابلوس زیاتر خۆی لە هەڵوێستی تورکیا نزیک کردووەتەوە، کە ئەمەش نیشانەدەری بایەخدانی سەرەکی هاوبەشە بە دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی دانپێدانراو لەبری دەسەڵاتی میلیشیایی پەرتەوازە. هەرچی تایبەتە بە دۆسیەی ئێران، سەرەڕای بوونی پەیوەندیی سیاسی و دیپلۆماسی هاوبەش ل نێوان هەرسێلایەن و ئێران، بوونی هەماهەنگی لەنێوان ئیسلام ئاباد و تاران لە بوارە سەربازییەکاندا، ئێران بەلای ڕیاز و ئەنقەرەوە وەک ڕکابەرێکی ناوچەیی لە چەندین دۆسیەدا دەمێنێتەوە، بەڵام هەردووکیان کۆکن لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵیدا لەڕێگەی دیپلۆماسی، دیالۆگ و سیاسەتی کۆنترۆڵکردن، لە هەمان کاتیشدا حەز بە مامەڵەی سەربازیی ناکەن لەگەڵیدا.

**لەم ساڵانەی دو اییدا هاریکارییە بەرگرییەکانی سعودیە-پاکستان و تورکیا-پاکستان بە ڕەهەندەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا قووڵتر دەبنەوە. ئەم پرۆسەیە دەرفەت بە لایەنەکان دەبەخشێت کە بڕیارگەلێک بدەن کە کەمتر پشتبەستوو بن بە کۆتوبەندە سیاسییەکانی سەرچاوە ڕۆژئاو اییەکان لەبواری پیشەسازیی سەربازیدا.**

ئازەربایجان بەستراوەتەوە بە هاوپەیمانییەکی سەربازیی سێقۆڵییەوە لەگەڵ تورکیا و پاکستان کە وای لێکرد مەشقی سەربازیی هاوبەش لەنێوان هەر سێ لایەندا ئەنجام بدات. لە ئەیلوولی" ٢٠٢١" لەژێر ناوی "سێ برا"، هەروەها ئەنقەرە و ئیسلامئاباد پاڵپشتی باکۆیان کرد لە گەڕاندنەوەی هەرێمی Thunder Block"ناگۆرنۆ کاراباخ"، سەرەڕای ئەوەی کە پاکستان فڕۆکە جەنگییەکانی خۆی لە جۆری ( (F١٧کە بە هاوبەشی لەگەڵ چین دروستی کردوون، هەناردەی ئازەربایجان کردووە دوای تەیارکردنیان بە موشەک و ئامێری ئەلیکترۆنی تورکی. سەرباری ئەوەی کە هەرسێ لایەنەکە ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامین و ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پرسەکانی جیهانی ئیسلامیدا هەیە، دۆسیەی غەززە وەک یەکێک لە گرنگترین پرسە هاوبەشەکانی نێوانیان دەرکەوت. سەرەڕای ڕەخنەگرتنیان لە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و پاڵپشتی واشنتۆن بۆی، ئەو سێ وڵاتە ڕەچاوی ڕێککەوتنی ئاگربەستی نێوان گروپە فەلەستینییەکان و ئیسرائیلیان کرد، کە لە میسر بە ئامادەبوونی خودی سەرۆکی ئەمریکا واژۆ کرا[٢٦].

یەکگرتویی سعودیە و تورکیا لەسەر قەیرانەکانی ناوچەکە و ئامانجە هاوبەشەکانیان (وەک پاراستنی ڕێڕەوە دەریاییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران)، زەمینە خۆش دەکات بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی ئەمنیی سێقۆڵیی فەرمی، لەپێناو نیشاندانی هێزێکی یەکگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیادا.

**پێنجەم: دژایەتیکردنی ئەجێندای پێکهاتە و کەمایەتییە نەتەوەیی و هێزە چەکدارەکانیان**

بە تێڕوانینی ئەم سێ دەوڵەتە ئەوەی دڵەڕاوکێکانیان زیاتر دەکات، ئەو مەترسییە بەردەوامانەن کە پەیوەندییان بە ئەجێنداو چالاکییەکانی پێکهاتەو کەمایەتییە نەتەوەییەکانەوە هەیە، کە لە نیمچە دورگەی عەرەبییەوە تا قەرنی ئەفریقا درێژ دەبنەوە. کاتێک کە پێکەوە سەیری ئەم سێ وڵاتە دەکرێت، دەبینین کە هەرسێ لا لەسەر هەڵمەتە سەربازییەکانی ئیسرائیل، بڵاوبوونەوەی ململانێ و ناسەقامگیریی لەناوچەکەدا، دژی بوون و چالاکییەکانی هێزە چەکدارەکانی پێکهاتەو کەمایەتییە نەتەوەییەکانن لە ناوچەکەدا.
تورکیا لەگەڵ ئەوەی کە ڕکابەرێکی هەرێمی ئێران بووە لەناوچەکەدا، بەڵام لە ئێستادا هەموو هەوڵە دیبلۆماسیەکانی بۆ وەستاندنی شەڕ و مانەوەی ڕژێمی ئیسلامی ئێران چڕکردووەتەوە. جگە لەوەی کە لەدۆخی ڕووخانی ئەو ڕژێمەدا و گۆڕانکاریی لەو وڵاتەدا، ڕەنگە ئیسرائیل بەپاڵپشتی ئەمریکا ببێتە هێزێکی خاوەن ئەزموون و هاوسەنگی هێز لەناوچەکەدا بگۆڕێت، کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر پێگەو نفوزی تورکیا لە ناوچەکەدا دەبێت. هەروەها تورکیا وا دەبینێت کە ڕووخانی رژێم لە ئێران و وێرانبوونی ژێرخانی، کارەساتی مرۆیی و ئەگەری شەڕی ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە، ڕەنگە ببێتە هۆی کۆچکردنێکی بەکۆمەڵ بۆ وڵاتەکەی. بەتایبەت کە یەکێتیی ئەوروپا سنوورەکانی خۆی توندوتۆڵ کردووە، بەمەش تورکیا دەبێتە وێستگەی کۆتایی شەپۆلی گەورەی کۆچبەران، کە پێشتر گەورەترین دانیشتوانی پەنابەری لە جیهاندا ڕووی لەو وڵاتە کردبوو، کە مەترسی دارمانی کۆمەڵایەتی و مایەپووچیی ئابوریی لێدەکەوێتەوە. بە تێڕوانینی تورکیا ئەوەی زۆرترین مەترسییە، بۆ وڵاتەکەی سیناریۆی بەڵکانیکردنە. تورکیا نیگەرارنە لەوەی لە ئەگەری ڕووخانی ڕژێمی ئێران، مەترسی دابەشبوونی وڵات و بۆشایی هێز لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران دروستبێت و هەلێک بۆ هێزە کوردییەکان بۆ بەدەستهێنانی ستاتیۆیەک دەرەخسێنێت، مۆتە ستراتیجییەکەی ئەنقەرە ئەوەیە کە ڕەنگە ئەمریکا و ئیسرائیل پشتگیریی لەو گروپەچەکرارانە بکەن، وەک ئەوەی کە دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا چەندینجار دووپاتی کردەوە کە چەکیان ناردووە بۆ هێزەکوردییەکان، بۆ ئەوەی دژ بە کۆماری ئیسلامی بەکاریبهێنن[٢٧].
تورکیا پێیوایە ئەگەر قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ لە ئێران دەربکەوێت، ئەوا لەڕووی جوگرافییەوە بە هەرێمی کوردستان لە عێراق و بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە باکووری

ڕۆژهەڵاتی سووریا دەبەستریتەوە، بەمەش ڕێڕەوێکی چەکداری یەکگرتوو دروستدەکات کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی توانای چالاکی پەکەکە لە ناوخۆی خودی تورکیادا بەهێزتر دەکات. لەکاتێکدا کە پرۆسەی ئاشتی زۆر بەهێواشی دەچێتەپێشەوە و پەکەکەش تائێستا بەتەواوی چەکی دانەناوە، هەرچەندە بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەی داوە. هەروەها ڕێکەوتننامەنی ئازاری نێوان هەسەدە و دەسەڵاتی کاتی سوریا بۆ چوونەناوەوەی هێزەکانی هەسەدە، یەپەگە و (دوورخستنەوەی یەپەژەش لەم پرۆسەیەدا) پرۆسەی یەکگرتن لەگەڵ دیمەشدا هێواشە و بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە ڕژێمێکی سەر بە واشنتۆن و ئیسرائیل جێگەی بگرێتەوە، تورکیا خۆی لە گەمارۆی بلۆکێکی نەپچڕاوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوادا دەبینێتەوە و بەها مێژووییەکەی وەک هاوسەنگکەرێکی ناوچەیی لەدەستدەدات[٢٨].

> **گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئەم دو اییە لەناوچەکەدا، لە چەندین خاڵی گرژیی هەرێمیدا بوونەتە هۆی لێکنزیکبوونەوەیەکی ستر اتیجی ڕوون لەنێوان تورکیا و سعودیە. ئەم لێکنزیکبوونەوە گەشەسەندووەی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەیان، کە پێشینە بە سەقامگیریی دەوڵەتی ناوەندی، یەکپارچەیی خاک و سنوردارکردنی هەژموونی جیۆپۆلەتیکیی ڕکابەرەکان دەدات، پاڵنەرێکی بنەڕەتی و گرنگە بۆ دامەزر اندنی هاوپەیمانێتییەکی بەرگریی سێقۆڵیی فراو انتر لەگەڵ پاکستاندا.**

لە تێڕوانینی سعودیەوە، دژایەتیکردنی تورکیا بۆ ئەجێندای گروپە نەتەوەییەکان زۆر لەگەڵ دیدگا ناوچەییەکەی یەکدەگرێتەوە. شانشینەکە لێبوردەیی بۆ هێزە چەکدارەکەمینەکان لە نیمچە دوورگەی عەرەبی یان قەرنی ئەفریقادا کەمە. پاڵپشتییە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی بۆ حکومەتی یەمەن کە لەلایەن نێودەوڵەتییەوە دانپێدانراوە دژی ئەنجومەنی ئینتقالی باشوور (STC). هەروەها دژایەتی ڕوونی بۆ هەر دانپێدانانێکی نێودەوڵەتیی بە سۆماڵیایەکی جیابووەوە، جەخت لەسەر ئەم هەڵوێستە دەکەنەوە[٢٩]. لەم ڕووەوە ڕوانگەی پاکستان هاوتەریبە لەگەڵ تورکیا و سعودیەدا. ئیسلامئاباد کە ماوەیەکی زۆرە بەدەست گروپی ئیتنی بەلوچەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی ئەو "یاخیبوونەی" کە لەلایەن سوپای ڕزگاریخوازی بەلوچستان (BLA) ئەنجام دەدرێت، هاوبەشە لەگەڵ دیدگا ناوچەییەکانی ئەنقەرە و ڕیاز دژی گروپەچەکدارە نەتەوەییەکان. بەگۆڕانی ڕژێمی ئێران و دروستکردنی جۆرە ستاتیۆیەک

ڕەنگە هاندەر بێت بۆ سەر بەلوچەکانی پاکستان، بەمەش ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی مەترسی ناسەقامگیریی دەکاتەوە[٣٠].

**شەشەم:** هەڵوێستوەرگرتنی هۆشیارانە بەرامبەر بە نادڵنیایی لە هەڵوێستی هێزە گەورەکاندا سیستەمی نێودەوڵەتیی بە پرۆسەیەکی تەواونەکراوی ڕێکخستنەوەدا تێدەپەڕێت، سەرنجی ڕووسیا لەسەر ئۆکرانیا، پەرەسەندنی ململانێی ئەمریکا و چین، گۆڕان لە ئەولەویەتی ئیدارەکانی ئەمریکا، وا دەکات ئەکتەرە هەرێمییەکان میکانیزمی بەرپەرچدانەوەی خۆیان بەهێزتر بکەن. بەتایبەتی بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(سعودیە و تورکیا) کە توانای ئەتۆمییان نییە، نزیکبوونەوە و هاوپەیمانیی بەستن لەگەڵ دەوڵەتێکی ئەتۆمی وەک پاکستان، ڕەهەندێکی ئەمنیی زیاتر بۆ حیساباتە ستراتیجییەکانیان زیاد دەکات[٣١].

**تەوەری سێیەم: بنەما و پایەکانی هاوپەیمانێتییە سێقۆڵییەکە**

لەم هاوپەیمانێتیە سێ قۆڵییەدا هەردەوڵەتێکیان بە تایبەتمەندیی خۆیەوە بەشداریدەکات، کە لایەنەکانی تر پێویستیان پێی دەبێت. پاکستان بڕبڕەی پشتی ئەتۆمی دابین دەکات، تورکیا توانای پیشەسازیی بەرگری و تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، سعودیەش سەرچاوەی دارایی دابین دەکات، کە توانای مۆدێرنکردنی بەرگری و سەقامگیریی ئابوریی هاوبەشەکان دەدات.

**یەکەم: تورکیا: تو انای سەربازی و پێشەنگی پیشەسازیی بەرگری**

تورکیا وەک پێشەنگی تەکنەلۆژی و ئۆپەراسیۆنیی هاوپەیمانییەکە کار دەکات، لەوانە تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جیهانی، پرۆگرامی مۆدێرنکردنی هێزی دەریایی، فڕۆکەی نەوەی پێنجەمی وەک (Bayraktar، Akinci، Kizilelma، Kann). هەناردەی بەرگری و فڕۆکەوانی تورکیا لە ساڵی "٢٠٢٤"دا گەیشتە ژمارەی پێوانەیی (٧.١٥٤) ملیار دۆلار و بەرنامەی فڕۆکەی جەنگی تارمایی نەوەی پێنجەمی KAAN، موشەکی بالیستیکی تایفون (Tayfun)، پڕۆژەی مۆدێرنکردنی کەشتی دەریایی MILGEM، ئاماژەن بۆ خواستی نەگۆڕی ئەنقەرە بۆ سەربەخۆیی ستراتیجی. تورکیا بەهێزێکی سەربازیی تەقلیدی گەورە بەشدار دەکات، کە دووەم گەورەترین هێزی ئامادەی ناتۆیە کە نزیکەی (٤٦١،٥٠٠) سەربازی چالاکی هەیە، لەگەڵ بونیادێکی پیشەسازیی بەرگریی خۆماڵی کە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و هەناردەی ساڵانەی گەیشتووەتە سەرووی (٥.٥) ملیار دۆلار لە "٢٠٢٤"دا. وەک پێشەنگی تەکنەلۆژیای هاوپەیمانییەکە، تورکیا تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی (UAV) تاقیکراوە لە شەڕدا، لەوانە Bayraktar TB٢، ئاکینجی (Akıncı) کە بۆ بەرزایی زۆرە و کزیلەلما

(Kizilelma)ی تارمایی، بەشداری لە هاوپەیمانییەتیەکەدا دەکات[٣٢].

**دووەم: پاکستان: بەرپەرچدانەوەی ئەتۆمی و شارەزایی سەربازی**

پاکستان پێگەیەکی بێوێنەی هەیە بە بەشداریکردنی بە گرەنتی کۆتایی بۆ مانەوەی سەروەری: کۆگایەکی پێشکەوتووی ئەتۆمی. بە مەزەندەکردنی بوونی (١٧٠) کلاڵوەی ئەتۆمی و خاوەنی موشەکی گەشەسەندووی وەک موشەکی بالیستیی شاهین-٣ (Shaheen-III) کە توانای هەیە لە مەودای (٢،٧٥٠) کیلۆمەتردا ئاماجەکەی بپێکێت. پاکستان قەڵغانێکی ستراتیجی بۆ ناو هاوپەیمانێتیەکە دەهێنێت. لەگەڵ ئەمەدا پاکستان خاوەنی شەشەمین گەورەترین سوپایە لە جیهاندا. هێزە تەقلیدییە زەبەلاحەکەی پێکهاتووە لە (٦٥٤،٠٠٠) سەربازی چالاک کە خاوەنی ئەزموونێکی بەرفراوانی شەڕن و پەیوەندییەکی دووقۆڵیی سەربازیی درێژخایەنیان لەگەڵ هەریەک لە تورکیا و عەرەبستانی سعودی هەیە، لەوانەش بڵاوکردنەوەی بەردەوامی ئەرکەکانی مەشقی سەربازی بۆ شانشینەکە[٣٣]. چوارچێوەیەکی سێقۆڵی ڕێگە بە پاکستان دەدات کە خۆی وەک کارەکتەرێکی ئەمنیی ناوەندی نیشان بدات کە جیهانی ئیسلامی، کەنداو، باشووری ئاسیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، قووڵایی دیپلۆماسی و سەربازیی بەهێزتر دەکات بێئەوەی پێویست بکات یەک سەرپەرشتیاری نێودەوڵەتیی هەڵبژێرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پاکستان دەبێت چەندین مەترسی بەڕووەببات. ئیسلامئاباد نایەوێت ڕابکێشرێتە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی سعودیە-ئێران بەهۆی سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئێران و هەستیارییە مەزهەبییە ناوخۆییەکانییەوە. سەرەڕای ئەوەش، پەیماننامەی ساڵی "٢٠٢٥"ی سعودیە-پاکستان، لەکاتێکدا ڕۆڵی ستراتیجی پاکستان بەرز دەکاتەوە، بەڵام بە ئاشکرا ئاماژە بە دڵنیایی ئەتۆمی یان چەتری ئەتۆمی نادات، کە ئەمەش بۆ دوورکەوتنەوە لە دینامیکی پەرەسەندنی ململانێ لەگەڵ ئێران، ئیسرائیل و هیندستاندا لێکدەدرێتەوە.

**سێیەم: سعودیە: هێزی دارایی و پێویستیی ستراتیجی- ئایدۆلۆژی:**

عەرەبستانی سعودی ئەو سەرچاوە گرنگە دابین دەکات کە پێویستە بۆ بەردەوامیدان و گەورەکردنی خێرای ئەم پرۆژە جیۆپۆلەتیکییە: یەدەگی سەرمایەی زەبەلاحەکەیەتی. بە یەدەگێکی بیانی کە زیاترە لە (٤٤٠) ملیار دۆلار، سندووقێکی سامانی سەروەری کە بەهاکەی زیاترە لە (٩٣٠) ملیار دۆلار و خەرجی سەربازیی ساڵانە کە زیاترە لە (٧٥.٨) ملیار دۆلار، عەرەبستانی سعودی وەک پاڵپشتی دارایی تەواوی هاوپەیمانییەکە کار دەکات. ئەم سامانە توانای ئەوە بە شانشینەکە دەدات کە یارمەتی کڕینی کەرەستەی سەربازیی بدات، مۆدێرنکردنی بەرگریی هاوبەش خێراتر بکات و سەقامگیریی ئابوریی بۆ هاوبەشەکانی دابین بکات. لە چوارچێوەی دیدگای "٢٠٣٠"دا، کە بەخۆماڵیکردنی (٥٠٪)ی خەرجییە

سەربازییەکان تا ساڵی "٢٠٣٠" وەک ئامانجێکی ستراتیجی دەستنیشان دەکات، ڕیاز ئەم سەرمایەیە بەو پێیە بڵاودەکاتەوە؛ لە ساڵی "٢٠٢٣"، پیشەسازییە سەربازییەکانی عەرەبستانی سعودی (SAMI) ڕێککەوتنێکی گەورەی ناوخۆییکردنی لەگەڵ کۆمپانیای بەیکار (Baykar)ی تورکیا بۆ بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئاکینجی (Akıncı) لە ناوخۆدا واژۆکرد[٣٤]. سەرەڕای ئەوەش، وەک خزمەتکاری هەردوو حەرەمە پیرۆزەکە، عەرەبستانی سعودی لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا ڕەوایەتییەکی ئایینی بێوێنە دەبەخشێتە هاوپەیمانییەکە. داتاکانی SIPRI "٢٠٢٤" پشتڕاستی دەکەنەوە کە عەرەبستانی سعودی و پاکستان لە ساڵانی "٢٠١٩-٢٠٢٣" لەنێوان پێنج گەورەترین هاوردەکاری چەکبوون لە جیهاندا، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ خواستی بەردەوام بۆ سیستەمی چەکی سەرەکی کە پیشەسازی بەرگریی گەشەسەندووی تورکیا تا دێت زیاتر پێگەی خۆی دەگرێت بۆ دابینکردنیان[٣٥] سێگۆشەی پیشەسازیی بەرگری، توانای کڕینی سعودیە، تەکنەلۆژیای بەرگریی تورکیا، هێزی سەربازی و ئەزموونی بەرهەمهێنانی پاکستان، بەهێزترین کۆڵەکەی پراکتیکی هاوپەیمانییە پێشنیارکراوەکە پێکدەهێنێت.

| پۆلێن | تورکیا | پاکستان | سعودیە |
|---|---|---|---|
| سەربازانی چالاک | ٤٦١،٥٠٠ | ٦٥٤،٠٠٠ | ٢٥٧،٠٠٠ |
| بودجەی بەرگری ٢٠٢٤ | ٢٨.٣ ملیار دۆلار | ١٠.٣ ملیار دۆلار | ٧٥.٨ ملیار دۆلار |
| چەکی ئەتۆمی | نەخێر | نزیکەی ١٧٠ | نەخێر |
| فڕۆکەی جەنگی | نزیکەی ٢٥٠ | نزیکەی ٣٥٠ | نزیکەی ٣٤٠ |
| تانکی جەنگیی سەرەکی | نزیکەی ٢،٤٠٠ | نزیکەی ٢،٥٠٠ | نزیکەی ١،٠٥٠ |
| ژێرئاوگەڕ | ١٢ | ٨ و ٨ی تریش داواکراون | ٠ |
| توانای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (UAV) | ئاستی جیهانی | لە گەشەسەندندایە | هاوردەکراو |
| ئەوپەڕی مەودای مووشەک | ٥٠٠ کم | ٢،٧٥٠ کم | ٢،١٥٠ کم |
| پیشەسازیی بەرگری | پێشکەوتوو | مامناوەند | لە پەرەسەندندایە |

**خشتەی توانا سەربازییەکانی هەرسێ وڵاتی ( تورکیا، پاکستان و سعودیە)**

**سەرچاوە:**

The Military Balance 2025، IISS2025

**تەوەری چوارەم: ئاستەنگەکانی بەردەم هاوپەیمانێتییە سێقۆڵییەکە**

**یەکەم:** تێڕوانینەکان بۆ سەرچاوەی هەڕەشە لە بنەڕەتدا جیاوازن:

عەرەبستانی سعودی ئەولەویەت بە ئێران و ئاسایشی کەنداو دەدات؛ پاکستان ئەولەویەت بە هیندستان و ئەفغانستان دەدات؛ تورکیا ئەولەویەت بە سووریا دەدات، عێراق، ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و سەربەخۆیی ستراتیجی. ئەم جیاوازییانە پێکهاتەیەکی بەرگریی هاوبەش لاواز دەکەن بەرامبەر بە داینامیکی گەمارۆدان کە سنایدەر (١٩٩٧) وەک نەخۆشییە سەرەکییەکەی هاوپەیمانییە ناهاوسەنگەکان دەستنیشانی دەکات.

> **لە ناوچەی سوریا و کەنداو، تورکیا و سعودیە تا دێت زیاتر تێڕوانینە ئەمنییەکانیان هاوئاهەنگ دەکەن. لە یەمەن، تورکیا بە رادەیەکی زۆر هاوهەڵوێست بووە لەگەڵ پێداگریی سعودیە لەسەر یەکپارچەیی خاکی یەمەن و بە ئاشکرا ئیدانەی دەستێوەردانەکانی ئێران و پشتیوانیکردنی بۆ چەکدارە حوسییەکانی کردووە. بە هەمان شێوە لە سوریا، لە کاتێکدا ئیسرائیل پاڵپشتی لە سوریایەکی لاواز و لامەرکەزی دەکات، هەردوو وڵات بوونی دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز و سەقامگیر نەک وەک بژاردەیەک، بەڵکو وەک بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی بنەڕەتی دەبینن.**

**دووەم: دژایەتی زلهێزەکان:**

ئەمریکا هێشتا لەڕێگەی ناتۆوە کاریگەرییەکی زۆری سەپاندنی بەسەر تورکیادا هەیە، بەسەر پاکستاندا لەڕێگەی زنجیرە دابینکردنێکی کەرەستەی سەربازی و دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکانەوە، بەسەر عەرەبستانی سعودیدا لەڕێگەی پشتبەستن بە سیستەمی چەکی ئەمریکی. واشنتۆن لەوانەیە چاوپۆشی بکات لەهاوپەیمانێکی سێقۆڵی ئەگەر پشتیوانی لە دابەشکردنی بارگرانی و سەقامگیریی ناوچەیی بکات، بەڵام بە توندی دژایەتی دەکات ئەگەر هاوپەیمانییەکە کۆنترۆڵکردن و هەژموونی تەکنەلۆژییەکانی ئەمریکا لاواز بکات، ڕێگە بە کڕینی سزادراو بدات، یان نارِوونی ئەتۆمی دروستبکات. تورکیا، وەک ئەندامێکی ناتۆ لە ساڵی "١٩٥٢"ەوە، دەبێت خۆی بەدوور بگرێت لەو ڕێکخستنانەی کە پێچەوانەی پابەندبوونەکانی هاوپەیمانییەکەن، یان دەبنە هۆی سزاکانی ڕۆژئاوا و کۆتوبەندی تەکنەلۆژی.

**سێیەم: جوگر افیا کۆتوبەندی ئۆپەراسیۆنی دەسەپێنێت:**

تورکیا، عەرەبستانی سعودی و پاکستان وەک یەک مەیدانی بەرگریی بەیەکەوە نەبەستراون؛ لۆجستیک پێویستی بە ڕێڕەوی ئاسمانی، دەستڕاگەیشتنی دەریایی و ڕێکەوتنی بنکەی سەربازیی دەبێت کە هێشتا ماوە دانوستانیان لەسەر بکرێت[٣٦].

**چوارەم: پرسی ئەتۆمی مەترسی پەرەسەندنی سەخت دروستدەکات:**

تەنانەت دەنگۆی چەترێکی ئەتۆمی پاکستانی بۆ عەرەبستانی سعودی دەبێتە هۆی ڕێوشوێنی پێچەوانەی ناوچەیی. هەڵسەنگاندنەکانی پسپۆڕانی ئەلجەزیرە "٢٠٢٥" بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێککەوتنی سعودیە-پاکستان ئاماژە نییە بۆ گەرەنتی ئەتۆمی و هاوپەیمانییەکی سێقۆڵی بەردەوام دەبێت، بە ئاشکرا تیشک بخاتە سەر بەرپەرچدانەوەی تەقلیدیی بەرگریی موشەکی، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بەرگری ئاسمانی، ئاسایشی دەریایی و خۆپارێزی سایبەر، بە ئاشکرا خۆی لە هەر ڕەهەندێکی هاوبەشی ئەتۆمی بەدوور بگرێت[٣٧].

**پێنجەم: بوونی هاوبەش و بەرژەوەندیی جیاواز:**

لە هەمووی گرنگتر، پەیوەندییە ئاڵۆز و زۆر قازانجدارەکەی تورکیا لەگەڵ ئیمارات ئاڵۆزییەکی زۆر دروستدەکات. لە کاتێکدا دیدگا ستراتیجییەکانی تورکیا لەگەڵ عەرەبستانی سعودی سەبارەت بە گروپە نەتەوەییە بەرهەڵستکارەکان یەکدەگرنەوە، ئەنقەرە بە سادەیی ناتوانێت هەڵوێستێکی ئاشکرای دژە-ئیماراتی قبوڵبکات. بازرگانیی دووقۆڵی نێوان تورکیا و ئیمارات لە ساڵی "٢٠٢٤"دا گەیشتە نزیکەی (١٦) ملیار دۆلار؛ لە نێوان ساڵانی "٢٠٢٠" بۆ "٢٠٢٤"، ئیمارات بووە گەورەترین وڵاتی مەبەست بۆ هەناردەی چەکی تورکیا، کە نزیکەی لە سەدا (١٨)ی کۆی فرۆشتنەکانی پێکدەهێنا. پەیوەندییە داراییەکانی ئاستی دەوڵەت بریتین لە هێڵێکی گۆڕینەوەی دراوی (٤.٩) ملیار دۆلاری کە لەنێوان بانکە ناوەندییەکانیان نوێکراوەتەوە، ناوەندی لۆجستیکی گەورەی DP World لەسەر دەریای مەرمەرە و پرۆژە زەبەلاحەکانی وزەی خۆری کۆمپانیای مەسدەر (Masdar). لە ئەنجامدا، بەرژەوەندییە ستراتیجییە باڵایەی تورکیا بریتییە لە هاوسەنگکردنی وریایانەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو عەرەبستانی سعودی و ئیمارات، بەکارهێنانی هاوپەیمانییە نوێیەکە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئەبوزەبی بهێنێتە ‹ناو هاوپەیمانییەکەوە› بۆ کۆنترۆڵکردنی کردارەکانی ئیسرائیل، نەک چەسپاندنی سیستمێکی ناوچەیی دابەشکراو. پاکستان بە هەمان شێوە دەبێت مەترسی ڕاکێشرانی بۆ ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی سعودیە-ئێران بەڕێوەببات لەبەرچاوگرتنی سنوورە هاوبەشەکەی لەگەڵ ئێران و هەستیارییە تائیفییەکانی خۆی، لە کاتێکدا ئەو ڕاستییەش دەڕەوێنێتەوە کە عەرەبستانی سعودی پەیوەندیی ئابووری گەورەی

لەگەڵ هیندستان دروستکردووە، کە ئەمەش ئەگەری دەستێوەردانی سەربازیی ئۆتۆماتیکی سعودیە لەپێناو پاکستاندا لە قەیرانێکی باشووری ئاسیادا سنووردار دەکات[٣٨].

**شەشەم: ناهاوسەنگی و فاکتەری ناتۆ:**

جیاوازییەکی ڕوون لە توانا ئابوری و پیشەسازییە سەربازییەکانی نێوانیاندا هەیە. لە هەمان کاتدا، ئەندامێتیی تورکیا لە ناتۆ وا دەکات پەیماننامەیەکی سەربازیی فەرمی قورس بێت، بۆیە تورکیا چوارچێوەیەکی نەرمتر و پراگماتیکی پێ باشترە بۆ ئەوەی گرژی لەگەڵ ڕۆژئاوا دروستنەبێت[٣٩]. لە کۆتاییدا، ئەم لێکنزیکبوونەوەیە هاوپەیمانێتییەکی سەربازیی تەقلیدی و پابەندکەر نییە، بەڵکو هەماهەنگییەکی پراگماتیکی و فرەڕەهەندە. ئەم پێکهاتەیە هەوڵنادات بەتەواوی جێگەی هێزە دەرەکییەکان بگرێتەوە، بەڵکو ئامانجیەتی هاوسەنگییان بکات و بەرپرسیارێتی و سەربەخۆیی ئەمنیی ناوچەکە زیاتر بکات.

> **یەکگرتویی سعودیە و تورکیا لەسەر قەیرانەکانی ناوچەکە و ئامانجە هاوبەشەکانیان (وەک پاراستنی ڕێڕەوە دەریاییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران)، زەمینە خۆش دەکات بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی ئەمنیی سێقۆڵیی فەرمی، لەپێناو نیشاندانی هێزێکی یەکگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیادا.**

**تەوەری پێنجەم: ئایندەی ئەم هاوپەیمانێتییە سیقۆڵییە**

دۆخی بەرەوکۆتایی هاتنی قۆناغی توندی ململانێی سەربازیی نێوان ئەمەریکا و ئیسرائیل و ئێران لە ساڵی "٢٠٢٦"، داڕشتنەوەی بونیادی ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خێراتر کردووە، لەوانەش هاوپەیمانییە بەرگرییە سێ قۆڵییەکەی نێوان تورکیا و پاکستان و سعودییە کە لە پەرەسەندندایە. ئەم توێژینەوەیە پێنج سیناریۆی بژاردەیی بۆ ئەم چوارچێوە ئەمنییە شیدەکاتەوە، تواناکانی ئەم هاوپەیمانییە بۆ فراوانبوون و هاتنەناوەوەی ئەکتەرە ناوچەییەکانی تری وەک قەتەر و میسر، ئەگەری پەرەسەندنی بۆ هاوپەیمانییەکی شێوازی ناتۆ و سوودی ستراتیجییەکەی لە کۆنترۆڵکردنی هەژموونی ئیسرائیل و کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی دوای جەنگ هەڵدەسەنگێنێت.

**سیناریۆی یەکەم: ڕێککەوتنێکی پیشەسازیی بەرگریی فراو انکراو**

لەم سیناریۆیەدا، بە ئەگەری زۆرەوە بەڕێژەی (٦٥٪ بۆ ٨٠٪)، ئەم هاوپەیمانێتییە دەبێتە ڕێککەوتنێکی فەرمیی پیشەسازیی بەرگری، نەک پەیماننامەیەکی سەربازیی بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ و ئۆتۆماتیکی لە جەنگدا .ئامانجی ستراتیجی هاوپەیمانیە سێقۆڵیەکە تیشکدەخاتە سەر یەکگرتنی قووڵ لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، سیستەمی دەریایی و شەڕی ئەلیکترۆنیدا و کەمکردنەوەی پشتبەستنە بە چەکی ڕۆژئاوا، کە لاوازیی ئەم پشتبەستنە کاتێک دەرکەوت کە ڕۆژئاوا ئەولەویەتی چەکدارکردنی دایە ئیسرائیل و ناتۆ. هەروەها ئەم چوارچێوە ئەمنییە هەوڵدەدات فراوان بێت و وڵاتانی وەک میسر و قەتەر بگرێتەوە وەک ئەوەی کە خواجە ئاسیف وەزیری بەرگریی پاکستان ئاماژەی پێدا، کە قەتەر بیر لە بەشداریکردن لە هاوکارییەکی بەرگریی فراوانتر دەکاتەوە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە ئەکتەرەکانی دەرەوەی ناوچەکە[٤٠]. ئەمەش بنیادنانێکی بەرگریی ئازاد وسەربەخۆ و غەیرە ڕۆژئاوایی دروستدەکات کە تواناکانی خۆڕاگری ئاسایی لە کەنداو و باکووری ئەفریقا بەرزدەکاتەوە.

**سیناریۆی دووەم: کۆڕبەندی ڕاوێژکاریی ستر اتیجی فراو انکراو**

لەم سیناریۆیەدا ئەگەری دامەزراندنی مەکۆیەکی-کۆڕبەندێکی- ڕاوێژکاریی ستراتیجی، کە وەک لیژنەیەکی بەڕێوەبردنی هەمیشەی و وەڵامدەرەوە بەڕێژەی (٦٠٪ بۆ ٧٥٪) کاردەکات. بە سەرنجدان لە نەبوونی وەڵامێکی هاوئاهەنگ لە کاتی هەڵمەتی سەربازیی ئیسرائیل و ئەمریکا دژی ئێران، ئەم سیناریۆیە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و هاوبەشکردنی هەواڵگری، بەبێ پێویستی بە هاوپەیمانێتیی بەرگریی هاوبەشی پابەندکەر چەسپاندووە. وەزیرانی بەرگری و سەرۆکئەرکان و بەرپرسانی هەواڵگریی لە ئەنقەرە، ئیسلام ئاباد، ڕیاز، دۆحە و قاهیرە کەناڵەکانی پەیوەندیی یەکگرتوویان دەپاراست. ئەم دەزگا ڕاوێژکارییە نوێنەرایەتی بلۆکێکی یەکگرتووی سوننە دەکات کە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستەوە تا باشووری ئاسیا درێژدەبێتەوە، بە شێوەیەکی دیپلۆماسی هاوسەنگیی لەنێوان کاریگەرییەکانی ئیسرائیلدا دروستدەکات و ڕێگری لە گۆشەگیرکردنی تاک لایەنەی دەوڵەتە موسڵمانەکان دەکات و فشارێکی سیاسی بەرچاو لە کاتی گرژییەکانی ناوچەکەدا دروستدەکات.

**سیناریۆی سێیەم: پەیماننامەیەکی هاوبەشی بەرگریی سنوردار**

پەیمانی بەرگریی هاوبەشی سنووردار ڕێگەیەکی مەرجدار دەخاتەڕووە، بەڵام لە سروشتیدا مەترسیدارە، ئەم سیناریۆیە لە ئێستادا بەڕێژەی (٣٠٪ بۆ ٥٠٪) ئەگەری ڕوودانی مەزەندە دەکرێت، کە ئەگەری زیادبوونی لەدوای شەڕی ئەمریکا-ئیسرائیل دژ بە ئێران هەیە. بە

پشتبەستن بە ڕێککەوتنە بەردەستەکان کە تورکیا و قەتەریش دەگرێتەوە، ئەم پەیماننامەیە پێویستی بە هاودەنگی سیاسی و پشتیوانی ماددی هەیە لە ئەگەری دەستدرێژی دەرەکیدا، لە هەمان کاتدا دوورکەوتنەوە لە جێگیرکردنی ئۆتۆماتیکی هێزی سەربازی. ئەم پەیمانە کە دەکرێت بەهۆی شۆکی لاوەکییەوە دەستپێبکات- وەک نوێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل کە بریکارەکانی تورکیا دەکەنە ئامانج یان هێرشکردنە سەر ژێرخانی سعودیە- دەتوانێت سەرهەڵدانەوەی بریکارەکانی ئێران ڕابگرێت. شتێکی گرنگ ئەوەیە کە ناڕوونی ئەتۆمی پاکستان وەکو ڕێگرییەکی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنێت، کە ئاستێکی پەرەسەندن دەخاتەوە کە ئیسرائیل ناچار دەکات بە وردی هەست بە مەترسییەکان بکات پێش دەستپێکردنی هێرشی پێشوەختەی تاکلایەنە.

> **بە تێڕو انینی ئەم سی دەوڵەتە ئەوەی دڵەڕاوکێکانیان زیاتر دەکات، ئەو مەترسییە بەردەوامانەن کە پەیوەندییان بە ئەجێنداو چالاکییەکانی پێکهاتەو کەمایەتییە نەتەوەییەکانەوە هەیە، کە لە نیمچە دورگەی عەرەبییەوە تا قەرنی ئەفریقا درێژ دەبنەوە.**

**سیناریۆی چوارەم: "ناتۆیەکی ئیسلامی" مۆدێلی مادەی پێنجەم**

ئەم سیناریۆیە لە داهاتوویەکی نزیکدا کەمترین ئەگەری هاتنەدی هەیە بەرێژەی (٥٪ بۆ ١٥٪). ئەم مۆدێلە پێشبینی پەیماننامەیەکی بەرگریی بەکۆمەڵ دەکات هاوشێوەی ناتۆ کە (هێرش بۆ سەر یەکێکیان، هێرشە بۆ سەر هەموویان)ە .ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاویش دەبێتەوە، کە بریتین لە جیاوازیی نەیارە ستراتیجییەکان (هیندستان بۆ پاکستان، ئێران بۆ سعودیە، و نەیارە ئاڵۆزەکانی وەکو یۆنان و ئیسرائیل و پرسی کورد بۆ تورکیا) جگە لەوەش، پابەندبوونەکانی ئێستای تورکیا وەک ئەندامێکی ناتۆ بە شێوەیەکی بەرچاو هەر پەیماننامەیەکی بەرگریی بەکۆمەڵ و غەیرە ڕۆژئاوایی ئاڵۆزتر دەکەن[٤١]. پێکهێنانی مۆدێلێکی وا پێویستی بە هەڕەشەیەکی وجودیی هاوبەش و کشانەوەی ئەمریکا هەیە .ئەگەر ئەم سیناریۆیە ڕووبدات ئەوا بەتێکەڵکردنی ئەزموونی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنە دەرەکییەکان، سامانی دارایی سعودیە و هێزی مرۆی و ئەتۆمیی پاکستان، ڕەنگە بتوانیت بەتەواوی سنوورێک بۆ هەژموون و باڵادەستیی ئیسرائیل لەناوچەکەدا دابنێت. ئەو بیرۆکەیەی کە ڕەنگە ئەمە ببێتە ‹ناتۆی ئیسلامی› دوورە لەڕاستییەوە، چونکە ئایین بزوێنەری سەرەکیی لە سیاسەتی دەرەوەی ناوچەکەدا نییە، هەرچەندە ئەم چەمکە خزمەت بە پێگەی جەماوەریی

ئەردۆغان دەکات. لە کۆتاییدا، نابێت ئەمە وەک بلۆکێکی هێرشبەرانە سەیر بکرێت، بەڵکو تەنها هەوڵێکی ڕیاز و ئەنقەرەیە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆییەکی ستراتیجیی زیاتر.

**سیناریۆی پێنجەم: چەقبەستوویی ستر اتیجی و فراو انبوونی پاشەکشە**

لە کۆتاییدا، ئەگەری (١٠٪ بۆ ٢٠٪) دەمێنێتەوە کە خۆی لە گۆڕینی هارکارییەکان بۆ تەنها ئاماژەیەکی هێمادار، کە دەبێتە هۆی چەقبەستوویی ستراتیجی دەبینێتەوە. لەم سیناریۆیەدا، بە سەرنجدان بە ئەگەری گۆڕانکاریی سەرکردایەتیی لە بەرژەوەندیی ڕەوتێکی هاوتەریبی ڕۆژئاوا، فشاری دیپلۆماسی سەرکەوتووی ئەمریکا، یان یەکلاییکردنەوەی ئاشتیی هەمەلایەنەی ناوچەیی کە هەڕەشە دەستبەجێیەکان کەمبکاتەوە، دەوڵەتەکان پاشەکشە دەکەن نەک یەکبگرن. لە ئەنجامدا، دەوڵەتە بچووکەکانی کەنداو لەوانەیە خۆیان لە مەترسی بەدوور بگرن و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پارچە پارچە بمێننەوە. لەم حاڵەتەدا سعودیە بۆ دیپلۆماسی نەوتی تاکلایەنە دەگەڕێتەوە، تورکیا پشت بە ئەندامێتی ناتۆ دەبەستێت، پاکستانیش سەرنجی لەسەر داینامیکی خۆی لەگەڵ هیندستان و ئەمریکا و چین دەبێت، بەمەش ناوچەکە تاڕادەیەکی زۆر لەملکەچی پارامێتەرەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلی بەجێدەهێڵێت.

**دەرەنجـام**

لە ئێستادا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە درێژخایەنەکانی ئیسرائیلەوە لە ناوچەکەدا، بە دۆخێکی قووڵی ناسەقامگیریدا تێدەپەڕێت. ئەم بەسەربازیکردنی ناوچەیە، هاوسەنگیی هێزی بەتەواوی تێکداوە و گورزی لە گروپە چەکدارە پرۆکسییەکانی ئێران لە عێراق، لوبنان، سوریا و یەمەن وەشاندووە. لەم ژینگە ناجێگیرەدا، ڕۆڵی زلهێزە جیهانییەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە؛ چین تەنها فۆکەس دەکاتەسەر گەشەی ئابوری، ڕووسیا بەهۆی جەنگی ئۆکرانیاوە جوڵەی سنووردارە و ئەمریکاش سەرەڕای ئەوەی ئەندازیاری ئاسایشی ناوچەکەیە، بەڵام پاڵپشتییە بێسنوورەکانی بۆ ئیسرائیل قەیرانەکەی قووڵتر کردووەتەوە. بێدەنگیی ئەمریکا بەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر قەتەر سەلمانندی کە گەرەنتییە ئەمنییەکانی واشنتن جێگەی متمانە نین. لە ئەنجامی ئەم بێئومێدییە و کەمبوونەوەی متمانە بە هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان، ئەکتەرە ناوچەییەکان بەدوای سەربەخۆیی ستراتیجیدا دەگەڕێن. ئەمەش پاڵنەری سەرەکییە بۆ هەوڵەکانی تورکیا، پاکستان و سعودیە بەمەبەستی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی بەرگریی سێقۆڵی. ئامانجی ئەم سێ دەوڵەتە هەمەچەشنکردنی سەرچاوە ئەمنییەکانیان و فراوانکردنی هەژموونی ستراتیجییانە. ئەم هاوپەیمانێتییە تەنها تاکتیکێکی کاتی نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی ستراتیجیی پێکهاتەیی

و درێژخایەنە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئەمنی و دروستکردنی هاوسەنگی، بێ پچڕاندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ زلهێزەکان.

**تورکیا پێیوایە ئەگەرقەوارەیەکی کوردی سەربەخۆلە ئێران دەربکەوێت، ئەوا لەڕووی جوگر افییەوە بە هەرێمی کوردستان لە عێراق و بەڕێوەبەر ایەتیی خۆسەرلە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەبەسترێتەوە، بەمەش ڕێڕەوێکی چەکداری یەکگرتوو دروستدەکات کە بە شێوەیەکی ڕیشەیی تو انای چالاکی پەکەکە لە ناوخۆی خودی تورکیادا بەهێزتر دەکات.**

سەرەڕای ئەم خواستانە، واقیعی جیۆپۆلەتیکی ئەوە پیشاندەدات کە ئەم هاوپەیمانییە سێ قۆڵییە ئەگەری کاریگەرییەکی کەمی لەسەر دیمەنی گشتی ئەمنی و سیاسی ناوچەکە دەبێت. کۆتوبەندی سەرەکی ئەم چوارچێوەیە لە جیاوازیی جەوهەری ئەولەویەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەندامەکانیدایە: سعودیە سەرنجی لەسەر ئاسایشی ڕژێمەکەی و دیدگای "٢٠٣٠"یە، تورکیا سەرقاڵی چالاکی کورد و ناکۆکی دەریاییەکانە لەدەریای ناوەڕاستدا و پاکستانیش بە پلەی یەکەم سەرنجی لەسەر کۆنترۆڵکردنی ململانێی لەگەڵ هیندستانە. بەهۆی ئەم بەرژەوەندییە جیاوازانە و سروشتی خۆجێیی ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هیچ زلهێزێکی ناوچەیی ئامادە نییە مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی تەواو لەگەڵ زلهێزێکی گەورەدا بکات، واقیعێک کە نموونەی قبوڵکردنی خێرای ئاگربەست لەلایەن ئێرانەوە دوای ململانێی ئەم دواییەی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا دەبینرێت. هۆکاری بنەڕەتی ناسەقامگیریی بەردەوامی ناوچەکە هێشتا پشتیوانییەکی بێوچانی ئەمریکایە بۆ ئیسرائیل، داینامیکی پێکهاتەییە کە ئەم چوارچێوە سێ قۆڵییە ناتوانێت بیگۆڕێت. لە کۆتاییدا، لە کاتێکدا سێ وڵاتەکە سەروەت و سامان و توانای تەواوکەر پێشکەش دەکەن- سەرمایەی سعودیە، توانا سەربازییەکی پاکستانی شارەزا لە شەڕدا و پیشەسازییەکی ئاڵۆزو گەشەسەندوی بەرگری تورکیا- ئەم توانایانە بەس نین بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی ئەمنی دینامیکی سەربەخۆ. ناتوانن بنەمایەک بۆ هاوپەیمانییەکی سەربازی یەکگرتوو دابین بکەن، کە توانای ئاڵنگاریی هەژموونی ئەمریکی یان ئیسرائیلی هەبێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕێککەوتنەکە لە ڕووی پێکهاتەییەوە بە بێ توانایی دەمێنێتەوە لە دووبارە داڕشتنەوەی واقیعە سیاسی و ئەمنییە ناجێگیرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا.

## لیستی سەرچاوەکان

1 . Bader Al-Saif، Sanam Vakil، 2026، Iran and the Gulf: Why Hedging Is No Longer Enough، https://warontherocks.com/iran-and-the-gulf-why-hedging-is-no-longer-enough/ (accessed 21/4/2026).

2 . Al Jazeera، 2026، Multiple Arab states that host US assets targeted in Iran retaliation، https://www.aljazeera.com/news/2026/2/28/multiple-gulf-arab-states-that-host-us-assets-targeted-in-iran-retaliation (accessed 21/4/2026).

3 . Hélène Sallon، 2026، US-Israeli strikes on Iran: Gulf monarchies face a dilemma after Iran›s retaliation attacks target them، https://www.lemonde.fr/en/international/article/2026/03/01/us-israeli-strikes-on-iran-gulf-monarchies-face-a-dilemma-after-iran-s-retaliation-attacks-target-them_6750988_4.html (accessed 20/4/2026).

4 . Selcan Hacaoglu، Faseeh Mangi، and Firat Kozok، 2026، Turkey Said to Seek Membership of Saudi-Pakistan Defense Pact، https://www.bloomberg.com/news/articles/2026-01-09/turkey-said-to-seek-membership-of-saudi-pakistan-defense-pact (accessed 21/4/2026).

5 . TRT World، 2026، Türkiye، Pakistan، Saudi Arabia defence deal 'in pipeline'، https://www.trtworld.com/article/0ddf25688812 (accessed 19/4/2026).

6 . Saad Sayeed، Asif Shahzad and Jonathan Spicer، 2026، Pakistan-Saudi-Turkey defence deal in pipeline، Pakistani minister says، https://www.reuters.com/world/asia-pacific/pakistan-saudi-turkey-defence-deal-pipeline-pakistani-minister-says-2026-01-15/ (accessed 19/4/2026).

7 . TRT World، 2026، Op.cit.

8 . Saad Sayeed، Asif Shahzad and Jonathan Spicer، Op.cit

9 . TRT World، 2024، Pakistan، Türkiye، Saudi Arabia meet to expand defence cooperation. Available at https://www.trtafrika.com/english/article/16594246 (accessed 19/4/2026).

10 . Eren Yigitoglu، Türkiye، 2024، Suudi Arabistan ve Pakistan'dan Savunma Sanayii İş Birliği Toplantısı. Available at: https://www.defenceturk.net/turkiye-suudi-arabistan-ve-pakistandan-savunma-sanayii-is-birligi-toplantisi (accessed 19/4/2026).

11 . Fiedler، Radosław. 2022. The Policy of Maximum Pressure on Iran. US Policy Objectives and Effects، Przegląd Strategiczny، Issue 15، 2022.

١٢ . البدوي، محمد. ٢٠٢٦. مأزق ترامب مع إيران… تداعيات الانسحاب من الاتفاق النووي.https://tinyurl.com/٣٤yb٤vk٥ (accessed 24/4/2026).

13 . Tür، Özlem. 2025. Ortadoğu'da stratejik rekabet: İran، İsrail، Suriye ve Türkiye.Available at: https://tr.boell.org/tr/2025/07/23/ortadoguda-stratejik-rekabet-iran-israil-suriye-ve-turkiye (accessed 24/4/2026).

14 . HAMİT، Furkan.2026. İsrail ve ABD'nin İran'dan Sonraki Hedefi Pakistan ve Türkiye mi? Diplomatik Dengenin İnce Çizgisi ve Halklarda Büyüyen Endişe. Available at: https://www.sde.org.tr/analizler/israil-ve-abd-nin-iran-dan-sonraki-hedefi-pakistan-ve-turkiye-mi-diplomatik-dengenin-ince-cizgisi-ve-halklarda-buyuyen-endise-analizi-63489 (accessed 24/4/2026).

15 . Büşra، Erbil. Mavi Vatan Doktrini ve Türkiye İçin Önemi: Stratejik Bir Değerlendirme.Available at: https://tudpam.org/mavi-vatan-doktrini-ve-turkiye-icin-onemi-stratejik-bir-degerlendirme/ (accessed 24/4/2026).

١٦ . قدري،هشام . ٢٠٢٦. مثلث دفاعي سعودي باكستاني تركي محتمل: المؤشرات والدلالات. https://tinyurl.com/cwnsvse6 (accessed 24/4/2026)

17 . Aya Ghanem، Asaad Al-Akeeli، Sarah Shukr Ahmed. 2026. The Joint Strategic Defense Agreement between the Kingdom of Saudi Arabia and the Islamic Republic of Pakistan: A Study of Motives، Dimensions، and Future Challenges.Available at: https://shorturl.at/CAioS (accessed 24/4/2026)

18 . Akın، Bahar. 2026. Küresel krizin panzehiri Türkiye'den! Stratejik koridor tarihi hamleye dönüşüyor!.Available at: https://www.haber7.com/teknoloji/haber/3614724-kuresel-krizin-panzehiri-turkiyeden-stratejik-koridor-tarihi-hamleye-donusuyor (accessed 24/4/2026).

19 . Biçeroğlu،Ekrem.2026. Suudi Arabistan: Türkiye'ye uzanacak demir yolu için çalışmalar yıl sonuna kadar tamamlanacak.Available at: https://www.aa.com.tr/tr/dunya/suudi-arabistan-turkiye-ye-uzanacak-demir-yolu-icin-calismalar-yil-sonuna-kadar-tamamlanacak/3914617 (accessed 24/4/2026).

20 . YILMAZ،Cihad İslam. Suudi Arabistan—Pakistan Savunma Paktı ve Türkiye'nin Olası Rolü. Available at: https://cihadislam.net/2026/05/06/suudi-arabistan-pakistan-savunma-pakti-ve-turkiyenin-olasi-rolu-haber7/ (accessed 24/4/2026).

21 . Akcan،Irmak. Pakistan، donanma filosuna Türk yapımı MİLGEM sınıfı korvet ekledi. Available at: https://www.aa.com.tr/tr/dunya/pakistan-donanma-filosuna-turk-yapimi-milgem-sinifi-korvet-ekledi/3892057 (accessed 24/4/2026).

22 . Hani، Zaqout. 2023. The largest defense contract in Ankara's history... What is the importance of the drone deal between Ankara and Riyadh?.Available at: https://www.trtarabi.com/article/14483189 (accessed 24/4/2026).

23 . İhsan، Aktaş. Türkiye-Mısır-Suudi Arabistan ekseninde yeni bölgesel jeopolitik müttefiklik ve kurumsal devlet dayanışması. Available at: https://www.yenisafak.com/yazarlar/ihsan-aktas/turkiye-misir-suudi-arabistan-ekseninde-yeni-bolgesel-jeopolitik-muttefiklik-ve-kurumsal-devlet-dayanismasi-4785538 (accessed 24/4/2026).

24 . Telci، İsmail Numan. Rekabetten Koordinasyona: Afrika Boynuzu ve Kızıldeniz'de Türkiye، Mısır ve Suudi Arabistan Ekseni.Available at: https://kriterdergi.com/dosya-dunya-siyaseti/rekabetten-koordinasyona-afrika-boynuzu-ve-kizildenizde-turkiye-misir-ve-suudi-arabistan-ekseni (accessed 24/4/2026).

25 . Ibid.

26 . Qadri، Hisham. Op.cit.

27 . Arapcik، Cihat. İran ve Türkiye'nin Yazgısı Üzerine Uzun Bir Not. Available at: https://perspektif.online/iran-ve-turkiyenin-yazgisi-uzerine-uzun-bir-not/ (accessed 24/4/2026).

28 . Schaer، Cathrin. 2025.PKK disarms، disbands: How will it impact the Middle East?. Available at: https://www.dw.com/en/pkk-disarms-disbands-how-will-it-impact-the-middle-east/a-72531367 (accessed 26/4/2026).

29 . Tol، Gönül.2026.What Ankara sees in Riyadh — and why it still needs Abu Dhabi.Available at: https://mei.edu/publication/what-ankara-sees-in-riyadh-and-why-it-still-needs-abu-dhabi/ (accessed 26/4/2026).

30 . Bulut، Yücel. 2026. Pakistan'ın Ayrılıkçı Beluç Terör Örgütleri ile Mücadelesi. Available at: https://www.fokusplus.com/odak/pakistanin-ayrilikci-beluc-teror-orgutleri-ile-mucadelesi (accessed 26/4/2026).

31 . Yılmaz، Mehmet Şah.Uzmanlara göre ABD›nin Orta Asya politikasında Rusya ile Çin›e karşı dengeleme ön planda. https://www.aa.com.tr/tr/dunya/uzmanlara-gore-abdnin-orta-asya-politikasinda-rusya-ile-cine-karsi-dengeleme-on-planda/3736712 (accessed 26/4/2026).

32 . Askertv. 2025. Türkiye'nin İHA ve SİHA Teknolojisindeki Devrimi: Baykar ve Kızılelma.Available at: https://www.askertv.com/turkiyenin-iha-ve-siha-teknolojisindeki-devrimi-baykar-ve-kizilelma.html (accessed 26/4/2026).

33 . Al Jazeeranet.Pakistan's military capabilities... the 12th strongest army in the world and the only Islamic nuclear power. https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2025/9/25/%D9%82%D8%AF%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D8%A8%D8%A7%D9%83%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B3%D9%83%D8%B1%D9%8A%D8%A9--%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%8A%D8%B4-%D8%A7%D9%84%D9%8012 . (accessed 26/4/2026).

34 . Ali،Naade; Weinbaum،G. Marvin.2025.Pakistan's strategic defense pact with Saudi Arabia: A new security architecture in the wider Middle East. Available at: https://mei.edu/publication/pakistans-strategic-defense-pact-saudi-arabia-new-security-architecture-wider-middle/ (accessed 26/4/2026).

35 . SIPRI. 2024. Yearbook 2024: Armaments، Disarmament and International Security. Available at: https://www.sipri.org/sites/default/files/YB24%2007%20WNF.pdf (accessed 25/4/2026).

36 . Tanrıverdi Yaşar،Nebahat .2026. Türkiye، Suudi Arabistan، Mısır ve Pakistan: Yeni bir blok mu doğuyor?. Available at: https://fikirturu.com/jeo-politika/turkiye-suudi-arabistan-misir-pakistan/ (accessed 25/4/2026).

37 . Shahid،Sajal. 2020.The Trilateral Shift. Available at: https://moderndiplomacy.eu/2026/02/10/the-trilateral-shift/ (accessed 25/4/2026).

38 . Coşar، Ali. 2026. Türkiye-Pakistan-Suudi Arabistan Üçlüsü Üzerinde İslam Dünyasında Stratejik İş Birliği Modeli. at: https://assam.org.tr/turkiye-pakistan-suudi-arabistan-uclusu-uzerinde-islam-dunyasinda-stratejik-is-birligi-modeli/ (accessed 25/4/2026).

39 . Shahid،Sajal،Op.cit.

40 . Elmalı، Burak.2026. The logic behind a Türkiye-Saudi-Pakistan alignment.Available at: https://www.dailysabah.com/opinion/op-ed/the-logic-behind-a-turkiye-saudi-pakistan-alignment (accessed 25/4/2026).

41 . Shahid،Sajal،Op.cit.



# پەیوەندییەکانی سعودیە و ئیمارات: گۆڕانکاریی هێز لە کەنداو

سوپا سەعید شاکەلی
توێژەر و لێکۆڵەری سیاسی

## پێشەکی:

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و نیمچە دوورگەی عەرەبی بە تایبەتی، بەهۆی پێگە ستراتیجییەکەیەوە، هەمیشە لە چەق بایەخە جیوپۆلیتیکی و جیۆئیکۆنۆمییەکانی جیهاندا بووە. ئەم ناوچەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینی؛ بەتایبەت کاتێک نەوت بوو بە بڕبڕەپشتی وزەی جیهانی و ئەم ناوچەیەش وەک گەورەترین کۆگای ئەو سامانە ناسێنرا. شکستی دەوڵەتی عوسمانی و دەرئەنجامەکانی جەنگ، نەخشەی ناوچەکەی گۆڕی. هەرچەندە بڕیار بوو ناوچە عەرەبییەکان ببنە یەک قەوارەی یەکگرتوو، بەڵام بەرژەوەندیی زلهێزەکان وایکرد بەسەر چەندین دەوڵەتی سەربەخۆ دابەش بکرێن؛ دابەشبوونێک کە تا ئەمڕۆش شوێنەوارەکانی بە ململانێ و ڕکابەریی بەشێوازی جیاواز دیارە.

لەنێو ئەم نەخشە سیاسییەدا، شانشینی عەرەبی سعودیە وەک گەورەترین و دەوڵەمەندترین دەوڵەتی ناوچەکە دەرکەوت. سعودیە پایتەختەکەی (ڕیاز)ە و بە بوونی پیرۆزترین شارەکانی ئیسلام (مەککە و مەدینە)، پێگەیەکی ئایینی و سیاسیی بێوێنەی لە جیهان و جیهانی ئیسلامی پەیدا کرد. هاوکات پشتبەستن بە یەدەگی زەبەلاحی نەوت، وایکرد ئەم دەوڵەتە ببێتە ئەکتەرێکی سەرەکی لە هاوکێشە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا. پارێزراوی لە جەنگی جیهانیی دووەم و دووربوون لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی جەنگی سارد، دەرفەتی بۆ ڕیاز ڕەخساند کە پێگەی خۆی وەک جەمسەرێکی سەقامگیر بچەسپێنێت.

لەلایەکی دیکەوە، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی وەک مۆدێلێکی سەرکەوتووی فیدراڵی لە حەوت میرنشین پێکهات. ئیمارات پایتەختەکەی (ئەبوزەبی)ە و پێگە دەریاییە هەستیارەکەی لەسەر گەرووی هورمز، بووە دراوسێیەکی کاریگەر و هاوپەیمانێکی مێژوویی بۆ سعودیە. ئەم

دوو وڵاتە بۆ چەندین دەیە وەک دوو کۆڵەکەی سەرەکیی ئاسایش و گەشەپێدانی نیمچە دوورگەی عەرەبی پێکەوە لە کاییە جیاوازەکاندا هەماهەنگیان کردووە.

لەدوای پەتای کۆرۆنا و پەرەسەندنی ململانێکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، پەیوەندییەکانی ڕیاز و ئەبوزەبی ڕووبەڕووی یەخانگیری و ساردییەکی تێبینی کراو بوونەتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕوانگەیەکی فرەڕەهەندەوە (مێژووی، ئابووری، سەربازی و سیاسی) شیکاریی بۆ ڕەگ و ڕیشەی ئەم کێشانە بکات. ئامانجی سەرەکی تێگەیشتنە لەو گۆڕانکاریانە و هەڵسەنگاندنی سیناریۆکانی داهاتووە. لێرەدا بە پشتبەستن بە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان و لێدوانە فەرمییەکان، دەپرسین: ئایا ئەم ڕکابەرییە نوێیە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت و کاریگەرییەکانی لەسەر ئایندەی نیمچە دوورگەی عەرەبی چی دەبێت؟




نەخشەی ژمارە (١) ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**تەوەری یەکەم: پەیوەندییەکانی ڕیاز و ئەبوزەبی :**

**یەکەم: سەرەتای پەیوەندییەکانی نێوان ڕیاز و ئەبوزەبی :**

لە ڕابردوودا ڕیاز و ئەبوزەبی بەدەرلەوەی کە وەک دوو جەمسەری گرنگی بەرهەمهێنانی وزە (نەوت) دەبینران، هاوکات لە ناوچەکەدا وەک دوو جەمسەری پێشکەوتن و هێز ناسێندران، بەتایبەتی ڕیاز وەک گەورەترین ئابوری عەرەبی و ئیمارات وەک ناوەندێکی جیهانی بۆ بازرگانی و تەکنەلۆژیا. لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دەوڵەتانەوە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا،

پەیوەندیی نێوان ڕیاز و ئەبوزەبی تەنها پەیوەندییەکی دوو قۆڵی نەبوو، بەڵکو بنەمابوون بۆ داڕشتنەوەی هاوسەنگی هێز لە تەواوی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە "٢٥"ی ئایاری "١٩٨١"، وڵاتانی (سعودیە، ئیمارات، کوێت، قەتەر، بەحرەین و عومان) لە وەڵامی ناسەقامگیرییەکانی ناوچەکە (کشانەوەی بەریتانیا لە سوێس، سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و هەڵگیرسانی جەنگی عێراق-ئێران)، بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداویان دا. ئامانجی سەرەکی ئەنجوومەنەکە بریتیبوو لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە و پاراستن و دەستەبەرکردنی هەناردەی نەوت لە هەڕەشەکانی جەنگ. هاوکات، ئەم یەکگرتنە لەسەر بنەمایەکی پتەوی هاوبەش دامەزرا کە بریتیبوون لە: (زمان، ئایین، کلتوور، و سیستەمی سیاسی پاشایەتی) کە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنەکە بوو. یەکەمین کۆبوونەوەی لوتکەی ئەنجومەنەکە لە ئەبوزەبی پایتەختی ئیمارات بەڕێوەچوو، ئەمەش نیشانەی ڕێزلێنانی هەر شەش وڵاتەکە بوو لە ڕۆڵی ئیمارات، لە کاتێکدا کە ڕیاز کرا بە پایتەختی هەمیشەی ئەنجوومەنەکە، ئەم دابەشکارییە لە ڕۆڵ و ئەرکدا دەرخەری هاوسەنگی و هەماهەنگی قووڵ و دوورمەودا بوو لە نێوانیاندا.

ئامانجە ستراتیجییەکان لە چەند لایەنێکدا خۆیان دەبینیەوە، لەوانە تەواوکاریی یەکتر و هەماهەنگی سەربازی (قەڵغانی هێزی نیمچە دوورگە) بۆ پاراستنی هەر ئەندامێک لە هێرشی دەرەکی و سیاسەتی دەرەوەش بەشێک بوو لە ئامانجە ستراتیجییەکانی ئەنجوومەنەکە بە ئاڕاستەی یەکخستنی هەڵوێستەکان لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا سەبارەت بە کێشە جیهانی و هەرێمییەکان[١]. هاندەری سەرەکی دروستکردنی ئەم ئەنجوومەنە بریتیبوو لەلایەنی ئابوری و دروستکردنی بلۆکێکی گرنگ و دەوڵەمەندی جیهانی لە چوارچێوەی ئەنجوومەنێکدا چونکە نزیکەی (٤٠٪ی یەدەگی نەوتی جیهان و ٢٥٪ی یەدەگی غازی سروشتی) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی ئەندام لەم ئەنجومەنەدایە[٢].

**دووەم: مێژووی نوێی پەیوەندییەکان**

لە ساڵی "٢٠٢٦"دا پەیوەندیی نێوان ئیمارات و سعودیە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، بەجۆرێک پەیوەندییەکانیان لە دوو دراوسێوە یاخود دوو کارەکتەری هاوئامانجەوە گۆڕاوە بەرەو ئاڕاستەی دوو هێز کە لە سەرەتایی ململانێیەکی ئاڵۆزدان بە هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان. بۆ ماوەی چەندین ساڵ بوو کە سعودیە و ئیمارات وەک دوو هێزی هاوپەیمانیی نزیک لە ناوچەی کەنداودا ڕۆڵیان دەگێڕا و دەبیندران. بۆ نموونە ئەم دوو هێزە پێکەوە لە یەمەن دەجەنگان و هەر پێکەوەش گەمارۆی ئابوریان بەسەر قەتەردا دەسەپاند، بەڵام لەئێستادا وا دەردەکەوێت کە ئەو هاوپەیمانێتییە کۆتایی هاتووە. وا دەردەکەوێت جەنگێکی سارد لەنێوان ڕیاز و ئەبوزەبی دەستی پێکردبێت بەو ئامانجەی

کە کام لە هێزەکان دەبێتە کاریگەرترین هێزی ناوچەکە و کێ دەتوانێت ئابورییەکی بەهێزتر بونیادبنێت. ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو بەتایبەتی ڕوودەدات بریتییە لە دابەشبوونێک کە تیایدا سعودیە دەیەوێت بە تەنیا ڕابەرایەتیی ناوچەکە بکات و ئیماراتیش نایەوێت وەکو پاشکۆ لە کایە سیاسیەکەدا بمێنێتەوە.
بەشێوازێکی دیکە دەکرێت بوترێت کە کێشەکان لەوێوە سەریانهەڵدا کە سعودیە بڕیاری دا چیتر تەنها وەک کۆگایەکی گەورەی وزە نەمێنێتەوە و هەنگاوی شێلگیری نا بە ئاراستەی بوون بە چەق و ناوەند لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە هەموو بوارەکاندا لە گەشتیاری و تەکنەلۆژیاوە تا دەگاتە وەرزش و گواستنەوە. ئەم خواستە زۆرەی ڕیاز کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو بوارانەی کە چەندین ساڵە ئیمارات تیایاندا باڵا دەست و سەرمەشقە جێهێشت. ئیماراتیەکان کە خۆیان وەک نمونەی مۆدێرنی ناوچەکە ناساندووە و هەنووکە درك بەوە دەکات کە دراوسێ گەورەکەیان بە هەموو قورسایی دارایی و سیاسییەوە دەیەوێت پێشیانبکەوێت، ئەمەش ناچار بە داڕشتنەوە و پێداچوونەوەی سیاسەتی کارکردنیان دەکات بەو ئاڕاستەی کە سعودیە نەبێتە ڕێگر و کێشە بۆ ئایندەی وڵاتەکەیان.

**تەوەری دووەم:**

**یەکەم: هاوکاری و جیاوازییە ستر اتیجی و سەربازییەکان:**

ڕیاز و ئەبوزەبی لە ئاستی دەرەوەی سنوورەکانیان و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکانیان، ئاستێکی جیاوازی یەکانگیری و جیاوازیان پیشانداوە، بەتایبەتی مامەڵەکردنی هەردوو وڵات لەگەڵ دۆسیە جیاوازەکانی ناوچەکە:

**١- دۆسیەی یەمەن:**

یەکێک لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە جیاوازیی سیاسەتی دەرەوەی سعودیە و ئیماراتی بەڕوونی پێوەدیارە بریتییە لە دۆسیەی یەمەن. یەمەن کە لەڕووی جوگرافییەوە گرنگییەکی زۆر و بەرچاوی هەیە بۆ وڵاتانی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و بۆ ئیمارات و سعودیە بەتایبەتی، ئاستی پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات بە دوو ئاست و شێوازی جیاواز دابەش دەکات، کە دەکرێت وەک تاقیکردنەوەی ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات تەماشا بکرێت. لە ساڵی "٢٠١٥" هەردوو وڵات بە تێڕوانینێکی یەکانگیر و هاوبەش چوونەناو هاوکێشەی سەربازی و جەنگی لە یەمەن بە ئامانجی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری کەنداو و بەرپەرچدانەوەی هەژموونی ئێران و گەڕاندنەوەی شەرعییەت و پاراستنی ڕێڕەوە ئاوییەکانی وەک (باب المندب)، بەڵام لەگەڵ درێژەکێشان جەنگەکە ئامانجی لە پێشینەی هەردوو وڵات سەبارەت بە دۆسیەی یەمەن گۆڕانکاریان بەسەرداهات[٤].

ڕیاز جەختی لەسەر پاراستنی سنوورەکانی باکوور و لاوازکردنی توانای مووشەکیی حوسییەکان دەکردەوە. لە بەرانبەردا، ئەبوزەبی زیاتر سەرنجی خستەسەر ناوچە کەناراوەکان و باشووری یەمەن. ئەم جیاوازییە لە ئامانجەکاندا، بووە هۆی ئەوەی هەر لایەکیان پشتیوانی لە گروپێکی جیاواز بکەن؛ بۆ نموونە سعودیە پشتیوانی لە حکومەتی شەرعی دەکات و لە بەرانبەردا ئیمارات پشتیوانی لە ئەنجومەنی ڕاگوزەری باشوور دەکات. ئەم جیاوازییە ستراتیجییە بووە هۆی دروستبوونی ئاڵۆزی، بەجۆرێک لەبری جەنگ دژی حوسییەکان، ململانێیەکە گۆڕدرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەو هێزانەی کە لەلایەن سعودیە و ئیماراتەوە ئاڕاستەو پشتیوانی دەکرێن[٥].

**٢- دۆسیەی سودان:**

بە ڕوانین لە دیدگای ستراتیجیی هەردوو لایەن سەبارەت بەم دۆسیەیە، ڕوون دەبێتەوە کە هەماهەنگییەکان و جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو هێزە تەنها لە چوارچێوەی نیمچەدوورگەی عەرەبیدا نییە. لە ساڵانی "٢٠٢٤ تاوەکو ٢٠٢٦" هەردوو وڵات ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە ململانێ ناوخۆییەکانی سوداندا؛ ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەردوو وڵات بە قووڵی بەردەوامن لە سەپاندنی هەژموونی خۆیان لەو وڵاتەدا. هەرچەندە هەردوو وڵات دەیانەوێت ڕێگری لە دەستێوەردانی دەرەکی بکەن، بەڵام خاوەنی دوو شێواز و میکانیزمی جیاوازن، ئەمەش نیشانەی هەبوونی کێبڕکێیەکی ڕێکخراوە لە نێوانیاندا.

> **ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و نیمچە دوورگەی عەرەبی بە تایبەتی، بەهۆی پێگە ستراتیجییەکەیەوە، هەمیشە لە چەقی بایەخە جیوپۆلیتیکی و جیۆئیکۆنۆمییەکانی جیهاندا بووە.**

هەروەها هاوکارییە سەربازی و ستراتیجییەکانی نێوان ڕیاز و ئەبوزەبی تەنها پەرچەکردار و تاکتیکێک نین بۆ قەیرانەکان، بەڵکو بەشێکن لە پرۆژەیەکی دوورمەوداتر کە تێیدا هەوڵدەدرێت سەروەری و هێزی کەنداو بەسەر بڕیارە سیاسییەکانی ناوچەکەدا بسەپێنرێت. ڕیاز هەوڵدەدات لە سوداندا ڕۆڵی نێوەندگیر و هاوسەنگکەر ببینێت و پشتیوانی لە سوپای سودان و دامەزراوە فەرمییەکان دەکات و لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر دیالۆگ دەکاتەوە. ئامانجی سەرەکیی ڕیاز لەم هەنگاوانەدا بریتییە لە پاراستنی ئاسایشی دەریای سوور و ڕێگریکردن لەوەی سودان ببێتە بنکەی گروپە توندڕەوەکان، یاخود جێگەی نفوزی ئێران و ڕووسیا. هەرچی ئەبوزەبی یە، هەوڵدەدات ڕۆڵی پشتیوانێکی چالاک ببینێت، بەتایبەت لە

پشتیوانیکردنی هێزەکانی پشتیوانی خێرا، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە ئامانجە ئابووریەکانی لە بەندەرەکان و کەرتی کشتوکاڵی سوداندا بپێکێت[٦].

**٣- دۆسیەی لیبیا:**

لە لیبیادا هاوکێشەکان جیاوازن؛ بە جۆرێک کە هەردوو وڵات لە ئامانجدا یەکن، بەڵام لە شێوازی کارکردندا جیاوازن. بۆ نمونە، خاڵی هاوبەشی هەردوو وڵات ئەوەیە کە دژی باڵی ئیسلامی سیاسی (ئیخوان موسلمین) و گروپە میلیشیاییەکانن و نایانەوێت لیبیا ببێتە پێگەیەک بۆ توندڕەوی کە لە ئایندەدا ببێتە هەڕەشە بۆ سەر میسر و ناوچەکە بە گشتی. سەبارەت بە شێوازی کارکردن، ئەبوزەبی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر پشتگیریی دارایی و سەربازی پێشکەش بە سوپای نیشتمانیی لیبیا دەکات، بەڵام ڕیاز هەڵوێستێکی نەرمتری سەبارەت بە دۆسیەی لیبیا هەڵبژاردووە. هەرچەندە سعودیە پشتیوانێکی سیاسی و فکریی خەلیفە حەفتەر بووە، بەتایبەت لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا، بەڵام کەمتر بەشداری لە پێدانی هاوکاریی ڕاستەوخۆ و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتەدا کردووە[٧].

**دووەم: بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو هەماهەنگی ئەمنی**

لە ئاستی هەماهەنگیی ئەمنیدا، هەردوو وڵات توانیویانە مۆدێلێکی پێشکەوتوو لە ئاڵوگۆڕی هەواڵگریی و زانیاریدا بەرجەستە بکەن. ئامانجی ئەم هاوکارییە پوچەڵکردنەوەی پلانە توندڕەوییەکانی ڕێکخراوەکانی وەک (قاعیدە و داعش)ە. گرنگیی ئەم هەنگاوە تەنها لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەم دوو دەوڵەتەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیی هەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سەقامگیریی بازاڕی وزەی جیهانی هەیە. جگە لە ڕەهەندە سەربازییەکە، هەماهەنگییەکە لایەنی "هێزی نەرم"یشی گرتووەتەوە؛ ئەمەش لەڕێگەی دامەزراندنی ناوەندیی وەک (اعتدال) بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیری توندڕەوی، کە کار لەسەر پوکانەوەی سەرچاوە ئایدۆلۆژییەکانی تیرۆر دەکات[٣]. سەرەڕای ئەم خاڵە هاوبەشانە، لە ڕوانگەی شیکاریی ستراتیجییەوە دەکرێت خاڵە بەهێز و لاوازەکانی هەردوولا، کایە هاوبەشەکانی نێوانیان بەم شێوەیە پۆلێن بکەین:

**١. خاڵە بەهێزەکان:**

سعودیە خاوەن قووڵاییەکی جوگرافیی فراوانە کە وەک قەڵغانێکی سروشتی کار دەکات

بۆ پاراستنی دامەزراوە ستراتیجییەکانی لە هێرشی ڕاستەوخۆ. هاوکات، سعودیە لەڕێگەی ڕابەرایەتیکردنی ئۆپیک پڵەسەوە، هێزێکی سیاسی و ئابوریی جیهانیی وەها تاقیکردوەتەوە کە دەتوانێت نرخی وزە وەک کارتێکی فشار لە بەرانبەر ڕۆژئاوا بەکاربهێنێت. لە بەرانبەردا، دەوڵەتی ئیمارات بە چالاکی تەکنەلۆژی و سیستمێکی بەرگریی فرەچەشن و پێشکەوتوو (ئەمریکی و ئیسرائیلی و کۆری) دەناسرێتەوە. ئیمارات لێهاتووانە بەرژەوەندیی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و زلهێزەکان لە ناوخۆیدا کۆدەکاتەوە، تا وەک ئامرازێکی بەرگریی ناڕاستەوخۆ لە دژی هەڕەشە دەرەکییەکان بەکاریانبهێنێت.

> **لەدوای پەتای کۆرۆنا و پەرەسەندنی ململانێکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، پەیوەندییەکانی ڕیاز و ئەبوزەبی ڕووبەڕووی یەخانگیری و ساردییەکی تێبینی کراو بوونەتەوە.**

**٢. خاڵە لاوازەکان:**


بۆ سعودیە، گەورەترین خاڵی لاوازی بریتییە لە پشتبەستنی مێژوویی بە چەک و چەتری پاراستنی ئەمریکا؛ ئەمەش بە ڕوونی لە جەنگی "٢٠٢٦"دا دەرکەوت کە واشنتۆن هاوبەشێکی جێگەی متمانە و ستراتیجی نییە. هەروەها درێژیی سنوورە وشکانییەکانی لەگەڵ یەمەن و عێراق وەک بۆشاییەکی ئەمنی هەمیشەیی دەمێننەوە. سەبارەت بە ئیمارات، بچووکی ڕووبەرەکەی کێشەی سەرەکییە، چونکە کەرتی گەشتیاری و بازرگانییەکەی بەرانبەر هەر هێرشێکی مووشەکی یان ناسەقامگیرییەک لە گەرووی هورمزدا زۆر هەستیار و فشەڵە. جگە لەوە، هەڵکەوتەی جوگرافیی ئیمارات لەنێوان دوو جەمسەری هێزی هەرێمی وەک ئێران و سعودیە وایکردووە هەمیشە لەژێر کاریگەریی هەڕەشە یان فشارەکانیاندا بێت. لەڕووی ناوخۆییشەوە، پێکهاتە سیاسییەکەی کە لە حەوت میرنشین پێکدێت، هەندێکجار دەبێتە هۆی سستی یان ئاڵۆزی لە پرۆسەی دەرچواندنی بڕیارە چارەنووسسازەکاندا.

**٣. خاڵە هاوبەشەکان:**

هەردوو وڵات گەیشتوونەتە وەرچەرخانێکی ستراتیجی بەرەو ڕۆژهەڵات و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین و ڕووسیا، ئەمەش دوای پاشەکشەی متمانەیان بە ڕۆژئاوا. ئێستا ئەم دوو وڵاتە لەسەر بنەمای بەرگریی ناچاری کار دەکەن و دەوترێت سەرقاڵی دامەزراندنی سیستمێکی هەواڵگریی ئاسمانیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی درۆنەکانی

ئێران هاوبەشن، چونکە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئاسایشی ئەوان تەواوکاری یەکترە. لە کۆتاییدا، گەرچی سعودیە بەدوای سەقامگیرییەکی درێژخایەندا دەگەڕێت و ئیماراتیش پەنا بۆ هاوپەیمانی خێرا و ڕاکێشانی زلهێزەکان دەبات، بەڵام هەردوولا لەسەر یەک ستراتیجی یەکدەگرنەوە کە ئەویش ڕزگاربوونە لەژێر سایەی ئەمریکا و بونیادنانی بەرەیەکی ناوچەیی سەربەخۆ.

**لە ڕابردوودا ڕیاز و ئەبوزەبی بەدەرلەوەی کە وەک دوو جەمسەری گرنگی بەرهەمهێنانی وزە (نەوت) دەبینداران، هاوکات لە ناوچەکەدا وەک دوو جەمسەری پێشکەوتن و هێز ناسێندران، بەتایبەتی ڕیاز وەک گەورەترین ئابوری عەرەبی و ئیمارات وەک ناوەندێکی جیهانی بۆ بازرگانی و تەکنەلۆژیا.**




**نەخشەی ژمارە (٢) وڵاتانی ئەندامی ئۆپیک (شین) و وڵاتانی ئۆپیک پڵەس (شینی کاڵ)**

**تەوەری سێیەم: کێبڕکێی ئابوری و بازاڕی وزە لەنێوان ڕیاز و ئەبوزەبی**

**یەکەم: کێبڕکێ ئابووری و دیدگای جیاوازی گەشەپێدان:**

ئەم بەشە باس لە گۆڕانی سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان ڕیاز و ئەبوزەبی دەکات کە لە هاوپەیمانێکی سەربازی و سیاسییەوە هەنگاو دەنێن بە ئاڕاستەی کێبڕکێیەکی ئابوریی چڕ بە مەبەستی بوون بە شادەماری ئابوری ناوچەکە.

**١. پرۆژە و پلانەکان:**

لە ڕابردوودا ئیمارات وەک ناوەندیی گەشتیاریی کەنداو دادەنرا و گەشتیارانی جیهان بە زۆری سەردانی ئەو وڵاتەیان دەکرد، کە لە ئەنجامدا توانیبووی داهاتێکی باش لەم ڕێگەیەوە بەدەستبهێنێت. ئێستا سعودیە لەڕێگەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵێک پرۆژەوە بە ناوی (NEOM)، دەیەوێت لە دەریای سووردا بەشێک لەو گەشتیارانەی کە پێشتر تەنها دوبەیی ئیماراتیان وەک شوێنێکی گەشتیاریی دەبینی، بۆ لای خۆی ڕابکێشێت[٨]. هەروەها، لەڕێگەی دامەزراندنی کۆمپانیای فرۆکەوانیی "ڕیاز ئەیر" و پەرەپێدانی بەندەری "شا عەبدوڵڵا"، هەوڵدەدات کێبڕکێ لەگەڵ بەندەری "جەبەل عەلی" بکات. هەموو ئەم پلانانە لەلایەن ئەبوزەبییەوە وەک مەترسییەک بۆ سەر پێگەکەی لە لایەن ڕکابەرەکەیەوە دەبینرێن[٩].

**٢- بەخانگیرییە ئابورییەکان (کەرتی وزە):**

وڵاتانی کەنداو تارادەیەکی باش توانیویانە ببنە سوودمەندی سەرەکیی ناکۆکییەکان؛ تەنانەت سیاسەتە گشتییەکانیشیان بە ئاڕاستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بووە. لەم ڕێگەیەوە، توانیویانە گرەنتیی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە و سامانەکانیان بکەن و ببنە بەشێک لە ناوەندی بڕیاردان لە پرسە جیهانییەکاندا. لە ئاستی ناوخۆییشدا، وڵاتانی کەنداو بە گشتی ئەرک و گەشەپێدانەکانیان دابەشکردووە، کە ڕەنگە ئەم دابەشکردنی ڕۆڵانە زیاتر لەسەر بنەمای پێویستیی قۆناغەکە بووبێت، نەک لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی سیاسیی پێشوەختە.

دوابەدوای سەرهەڵدانی بیرۆکەی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و هەنگاوانانی جیهان بەرەو بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دیکەی وزە، وڵاتانی کەنداو هەرزوو هەنگاویان بەرەو هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات نا. ئەمەش بە ئامانجی بونیادنانی ژێرخانێکی بەهێز بوو تا لە ئەگەری لاوازبوونی پێگەی نەوتدا، بتوانن پارێزگاری لە سەرمایەگوزارییەکانیان بکەن؛ بە جۆرێک وڵاتەکانیان لە پشتبەستنی تەواو بە نەوتەوە بۆ ئابورییەکی فرەسەرچاوە بگۆڕن. لەسەر ئەم بنەمایە، وڵاتانی کەنداو و بەتایبەتی سعودیە، هەنگاوی جددییان لە سێکتەرەکانی تری بونیادنانی ژێرخاندا ناوە؛ لەوانەش سەرمایەگوزاری و پەرەپێدانی کەرتی

گەشتیاری و دۆزینەوەی جێگرەوەی جێگیرتر بۆ نەوت. هەرچەندە ئەم پرۆژە و پلانانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچەکە و بەتایبەت ئیمارات دەبێت؛ چونکە بەشێک لە گەشەپێدانەکانی سعودیە کێبڕکێیە لەگەڵ ئابووریی ئیمارات وەک وڵاتێکی دراوسێ کە لە هەمان بواردا خاوەن پێگەیەکی کاریگەرە. لە بەرانبەردا، ئیمارات ئەم جۆرە پلانانە وەک مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئابووریی خۆی دەبینێت و دەیەوێت لە هەنگاوەکانی سەرەتاوە ئاستەنگ بخاتە بەردەم بەشێک لە پلانەکانی سعودیە[١٠]. تەوەرێکی گرنگی ئەم ململانێیەش ئەوەیە کە: کێ دەبێتە پایتەختی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە قۆناغی پاش نەوتدا.

**٣- کێبڕکێ لەسەر ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی:**

سعودیە یاسایەکی نوێی پەیڕەو دەکات کە ڕێگری لە حکومەت دەکات گرێبەست لەگەڵ ئەو کۆمپانیا جیهانییانەدا بکات کە بارەگای سەرەکییان لە دەرەوەی سعودیەیە. بە واتایەکی دیکە، پێویستە کۆمپانیا جیهانییەکان بارەگای سەرەکییان بۆ ناو سعودیە بگوازنەوە، تا بتوانن سوودمەند بن لەو دەرفەتە گەورانەی کە حکومەتی سعودیە دەیانڕەخسێنێت. ئەم بڕیارە ڕاستەوخۆ فشارێکی سیاسی و ئابووریی بوو بۆ سەر دوبەی ئیمارات، کە ماوەی دوو دەیەیە وەک ناوەندی سەرەکیی کۆمپانیا جیهانییەکان لە ناوچەکەدا ڕۆڵ دەبینێت.
لە بەرانبەردا، ئەبوزەبی پەرچەکرداری ڕاستەوخۆی بۆ ئەم پرسە هەبوو؛ هەوڵیدا لەڕێگەی کۆمەڵێک چاکسازییەوە لە کەرتی بازرگانی و یاسای کۆمپانیا جیهانییەکاندا، ڕکابەریی ئەو بڕیارەی سعودیە بکات؛ بۆ نموونە ڕێگەدان بە خاوەندارێتیی تەواوی بیانی و گۆڕینی ڕۆژانی پشووی کۆتایی هەفتە (بۆ ئەوەی لەگەڵ بازاڕی جیهانی بگونجێت). هەموو ئەم چاکسازیانەش بە ئامانجی ئەوە بوون کە ژینگەی کارکردن بۆ کۆمپانیا بیانییەکان گونجاوتر و سەرنجڕاکێشتر بێت[١١].

**دووەم: کێبڕکێکان لە بازاڕی وزە**

پشکی بنەڕەتی وەک کێشەیەکی جەوهەری لەنێوان ڕیاز و ئەبوزەبی دا دادەنرێت. لەڕووی ئابوورییەوە، بەشێک لە کێشەکان پەیوەستن بە بیرۆکەی بەبازاڕکردنی خێرای نەوت کە خۆی لە کێبڕکێی (کات و وەبەرهێنان)دا دەبینێتەوە. لە ڕابردوودا، ئیمارات پلانێکی توندی گرتووەتەبەر بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی نەوتی خۆی و خەرجکردنی دەیان ملیار دۆلار بە ئامانجی گەیشتن بە توانای بەرهەمهێنانی (٥ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا). ئەمەش وای کردووە کە پشکی بنەڕەتی یان پشکی دیاریکراوی ئێستای لەناو ئۆپیکدا کە نزیکەی (٣ ملیۆن بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا) وەک بەربەستێکی گەورە لەبەردەم گەڕانەوەی قازانجی وەبەرهێنانەکانی

لەم کەرتەدا ببینێت.

ئیمارات پێیوایە جیهان بەرەو قۆناغی وزەی پاک هەنگاو دەنێت و تەمەنی زێڕینی نەوت بەرەو کۆتایی دەچێت، هەربۆیە پلانی خۆی لەسەر بنەمای ئێستا بەرهەمبهێنە و (ئێستا بفرۆشە) دارشتووە، تاوەکو داهاتەکەی بۆ هەمەجۆرکردنی ئابوری و پرۆژە نانەوتییەکانی بەکاربهێنێت[١٢]. ئەم دیدگایە تەواو پێچەوانەی تێڕوانینی سعودیەیە کە دەیەوێت لەڕێگەی کەمکردنەوەی خستنەڕوو، نرخەکان بە بەرزی بهێڵێتەوە، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیش بێت. هەڕەشەی کشانەوەی ئیمارات لە ئۆپیک وەک ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی سیاسی لەژێر سێبەری بڕیارەکانی سعودیەدا دەردەکەوێت. ئەبوزەبی دەیەوێت ئەو پەیامە بە ڕیاز و جیهان بدات کە چیتر پاشکۆی سیاسەتەکانی سعودیە نییە و بەرژەوەندیی نیشتمانیی خۆی دەخاتە پێش یەکڕیزیی ڕێکخراوەکە.

> **لە ساڵی "٢٠٢٦"دا پەیوەندیی نێوان ئیمارات و سعودیە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، بەجۆرێک پەیوەندییەکانیان لە دوو دراوسێوە یاخود دوو کارەکتەری هاوئامانجەوە گۆڕاوە بەرەو ئاڕاستەی دوو هێز کە لە سەرەتایی ململانێیەکی ئاڵۆزدان بە هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان.**

لێکدانەوە بۆ ئەم هەنگاوە تەنها بۆ زیادکردنی بەرمیلە نەوتەکان یان پشکی بنەڕەتی نییە، بەڵکو کارتێکی فشاری بەهێزیشە؛ چونکە کشانەوەی سێیەم گەورە بەرهەمهێنەری ئۆپیک دەبێتە هۆی دروستبوونی شڵەژانێکی گەورە لە بازاڕ و ئەگەری هەڵوەشانەوەی یەکجاریی هاوپەیمانیی (ئۆپیک پڵەس). بەڵام وەک لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی "٢٠٢٣" و "٢٠٢٤"دا دەرکەوت، ئیمارات ئەم هەڕەشەیەی وەک مانۆڕێکی تاکتیکی بەکارهێنا نەک بڕیارێکی کۆتایی؛ بەجۆرێک توانی ڕەزامەندیی سعودیە و ئەندامانی دیکە بۆ بەرزکردنەوەی پشکی بەرهەمهێنانی خۆی بەدەستبهێنێت. ئەمەش نیشانی دەدات کە ئیمارات توانیویەتی ململانێکە لە کێبڕکێیەکی زیانبەخشەوە بۆ دەستکەوتێکی ئابووریی جێگیر بگۆڕێت، بەبێ ئەوەی بەتەواوی لە سیستەمی نەوتی جیهانی دابڕێت[١٣]. هەروەها ئیمارات لە پرۆژەی دراوی یەکگرتووی کەنداو کشایەوە، چونکە سعودیە پێداگیر بوو لەسەر ئەوەی بارەگای بانکی ناوەندیی لە ڕیاز بێت نەک لە ئەبوزەبی. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەروەریی ئابوری و سیاسی لای هەردوو وڵات هێڵی سوورە[١٤].

**تەوەرەی چوارەم: سیاسەت و هاوپەیمانییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی ڕیاز و ئەبوزەبی:**

**یەکەم: لە ئاستی هەرێمایەتی:**

پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان لە ناوچەکەدا لەسەر بنەمای کێبڕکێیەکی ئاڵۆز بۆ هەژموون و پاراستنی بەرژەوەندییەکان بونیادنراون. ئەم هاوکێشە سیاسیانە تەنها لە پەیوەندیی دوو قۆڵیدا(لەوانەش سعودییە و ئیمارات) کورت نابنەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ململانێ و ستراتیجی وڵاتانی تردان، لەوانە:

**١- ئێران**

پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی کەنداو و ئێران لە ساردیی دیپلۆماسییەوە بۆ پێکدادانی سنووردار گۆڕاون. ئیمارات لە ئێستادا ستراتیجی خۆی لە ئابوریی کراوەوە بۆ بەرگریی سەخت گۆڕیوە. هاوکات، سعودیە سەرەڕای ڕۆڵی وەک نێوەندگیر، لە ساڵی "٢٠٢٦"دا پەنای بۆ دروستکردنی (بلۆکێکی عەرەبی) برد تاوەکو هاوسەنگیی هێز لە بەرانبەر میلیشیاکانی سەر بە ئێران ڕابگرێت[١٥].

لێکەوتە سەرەکییەکانی جەنگی نێوان واشنتۆن و تاران لە ساڵی "٢٠٢٦"دا، جۆرێک لە شەکەتکردنی ئابوریی بەسەر ناوچەکەدا سەپاند کە لە سێ ڕەهەندا دەردەکەوێت کە ئەوانیش بریتین لە بەرزبوونەوەی تێچووی دڵنیایی دەریایی لە گەرووی هورمز، پەککەوتنی پڕۆژە گەشتیارییەکان و وەبەرهێنانی بیانی بەهۆی نەبوونی ئاسایش و سەقامگیرییەوە، تەرخانکردنی بودجەی زەبەلاح بۆ دابینکردنی سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی. سەبارەت بە لایەنی دیپلۆماسی، وڵاتانی کەنداو ناچار کران جۆرێک لە بێدەنگی هەڵبژێرن، تا بتوانن لە نێوان پاراستنی هاوپەیمانییان لەگەڵ ئەمریکا و ترسیان لە تۆڵەکردنەوەی ئێراندا هاوسەنگی ڕابگرن[١٦]. لە هاوکێشە نوێیەکانی هێز و ناسەقامگیرییەکانی ئێستا لە کەنداو، ئیمارات زیانی کورتخایەنی زیاتری پێ دەگات، چونکە مۆدێلی ئابورییەکەی لەسەر بنەمای گەشتوگوزار و کەرتی لۆجستی بونیادنراوە، هەربۆیە هەر هێرشێک یان ناسەقامگیرییەکی ئەمنی دەبێتە هۆی چوونەدەرەوەی خێرای سەرمایە. بەڵام زیانەکان بۆ سعودیە درێژخایەنترن، چونکە نائارامی دەبێتە هۆی پەککەوتنی پڕۆژە ستراتیجییەکانی وەکو (نیۆم) و (دیدگای ٢٠٣٠) کە بۆ سەرکەوتنیان پێویستیی تەواویان بە سەقامگیری و ئاسایش هەیە.

هاوکات باس لە هاوکێشەیەکی نهێنیی نێوان سعودیە و ئێران دژی ئیمارات دەکرێت کە بە جۆرێک ململانێکان بەرژەوەندییەکی ناڕاستەوخۆی لەنێوان ڕیاز و تاراندا دروست کردووە بۆ لاوازکردنی پێگەی ئیمارات. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، سعودیە هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران (بۆ پاراستنی خاکی خۆی) وەک کارتێکی سیاسی بەکاردێنێت، تاوەکو وەبەرهێنەران لە ئیماراتی هەڕەشەلێکراوەوە بەرەو سعودیە ڕابکێشێت. لە لایەکی

ترەوە، ئێران سوود لە ناکۆکییەکانی ڕیاز و ئەبوزەبی لە یەمەندا دەبینێت. تاران لە ڕێگەی فشارخستنە سەر ژێرخانی وزەی ئیمارات، هاوکاریی ناڕاستەوخۆی سعودیە دەکات تا ڕێگری لە کشانەوەی تەواوەتی ئیمارات لە (ئۆپیک) بکات و پێگەی ئەو وڵاتە لە باشووری یەمەندا لاواز بکات[١٧].

**ڕیاز و ئەبوزەبی لە ئاستی دەرەوەی سنوورەکانیان و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکانیان، ئاستێکی جیاوازی یەکانگیری و جیاوازیان پیشانداوە، بەتایبەتی مامەڵەکردنی هەردوو وڵات لەگەڵ دۆسیە جیاوازەکانی ناوچەکە**

لە کۆتاییدا، سعودیە بەرژەوەندیی خۆی خستووەتە پێش هاوپەیمانییە هەرێمییەکان. تاران بەوردی کار لەسەر ئەم درز و جیاوازییانە دەکات تا ئیمارات گۆشەگیر بکات و سعودیەش پەلکێشی ناو جۆرێک لە بێلایەنیی ناچاری بکات، کە لە ئەنجامدا نەخشەی هێز لە کەنداو لە بەرژەوەندیی ئێران بگۆڕێت[١٨].

**٢- تورکیا**

تورکیا لە ئێستادا هەوڵدەدات ببێتە جێگەی متمانە بۆ ئەو لایەنانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ترسیان لە پشتتێکردنی ئەمریکا هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، سعودیە کە پێشتر پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمای پارە لە بەرانبەر پاراستن لەگەڵ ئەمریکا داڕشتبوو، لە ئێستادا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێک ڕیاز بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی لە هەڕەشەی میلیشیاکان، وەک جێگرەوەیەکی خێرا و بەردەست لەبری ئەمریکا، پشتی بە پیشەسازیی سەربازیی تورکیا (درۆن و سیستەمی بەرگری) بەستووە. لە لایەنی ئابورییشەوە، سعودیە بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ پشتیوانیی دارایی تورکیا. لە بەرانبەردا تورکیا کارگەی چەک و تەقەمەنی لە ناوخۆی سعودیەدا (وەک بەشێک لە پڕۆژەی دیدگای ٢٠٣٠) بونیادناوە.

سەبارەت بە ئیمارات، تورکیا بووەتە دەرچەیەکی گرنگی لۆجستی و ڕێڕەوێکی نوێ بۆی؛ بەجۆرێک تورکیا کلیلی چارەسەر بووە بۆ تێپەڕاندنی ئەو گەمارۆ دەریاییانەی ئێران دەیخاتە سەر ئیمارات. بۆ نمونە، لەڕێگەی ڕێڕەوی وشکانیی (عێراق-تورکیا)، ئیمارات توانی بەندەری (جەبەل عەلی) بە ئەوروپاوە ببەستێتەوە، بەبێ ئەوەی پێویستی بە تێپەڕین بە گەرووی هورمزدا هەبێت؛ کە لە ساڵی "٢٠٢٥"دا ببووە مەیدانی جەنگی نێوان ئێران و ئەمریکا[١٩].

هاوکات لەسەر ئاستی ستراتیجی و سەربازی، تورکیا هێزی سەربازی و ئیماراتیش توانای دارایی بەکارهێنا بۆ ڕێگریکردن لە هەژموونی ئێران لە ئەفریقا زاڵبوون بەسەر دەریای سووردا. لە ئێستادا تورکیا وەک لایەنێکی هاوسەنگکەر و کارتێکی گرنگ دەبینرێت کە بۆ وڵاتانی کەنداو ڕۆڵی پارێزەرێکی هەرێمی دەگێڕێت، کە ئەمەش لای ئەمریکا پەسەندکراوترە وەک لە هەژموونی ئێران. هاوکات تورکیا بۆ ئێران وەک ڕکابەرێکی سارد و بۆ ئەمریکا و ئەوروپاش وەک هاوبەشێکی ناتۆ دەردەکەوێت کە دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بپارێزێت. لەم هاوکێشەیەدا، تورکیا تەکنەلۆژیا و هێزی سەربازی دابین دەکات و سعودیە و ئیماراتیش سەقامگیریی دارایی و وزە دابین دەکەن. ئەم هاوئاهەنگییەش وای کردووە تورکیا ببێتە بەشێکی جیانەکراوە لە داهاتووی جیۆپۆلیتیکی کەنداو[٢٠].

### ٣- ئیسرائیل

لە ئێستادا پرسی ئیسرائیل بووەتە هۆکاری دروستبوونی جیاوازیی قووڵ لەنێوان ڕیاز و ئەبوزەبی، کە لە دوو ئاراستەی دژبەیەکدا کورت دەبنەوە. ئیمارات ستراتیجی ئاسایش و سەقامگیریی تەواو پەیڕەو دەکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل گەیاندووەتە ئاستی هاوپەیمانیی سەربازی و هەواڵگریی ئاشکرا. ئەبوزەبی ئیسرائیل وەک پێویستییەک بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە ئەمنییەکانی دەبینێت و ئامانجی سەرەکیشی بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی تەلئەبیب و سیستەمی بەرگریی ئاسمانی و دەریاییە، بۆ پاراستنی ژێرخانی وڵاتەکەی لە هەڕەشەکانی ئێران.

> **لە ئاستی هەماهەنگیی ئەمنیدا، هەردوو وڵات توانیویانە مۆدێلێکی پێشکەوتوو لە ئاڵوگۆڕی هەواڵگریی و زانیاریدا بەرجەستە بکەن. ئامانجی ئەم هاوکارییە پوچەڵکردنەوەی پلانە توندڕەوییەکانی ڕێکخراوەکانی وەک (قاعیدە و داعش)ە. گرنگیی ئەم هەنگاوە تەنها لە پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەم دوو دەوڵەتەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیی هەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سەقامگیریی بازاڕی وزەی جیهانی هەیە.**

هەرچی سعودیەیە، مۆدێلێکی دیپلۆماسیی ناڕوون پەیڕەو دەکات کە بە بەراورد لەگەڵ ئیمارات ئاڵۆزترە، بەجۆرێک لەلایەک لەڕێگەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (سێنتکۆم) ەوە هاوکاریی هەواڵگریی و ئەمنی و نهێنی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و لەلایەکی تریشەوە پرسی

ئاساییکردنەوەی فەرمیی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل وەک کارتێکی فشار بەرانبەر واشنتۆن بەکاردەهێنێت[٢١]. مەرج و ئامانجی سەرەکیی سعودیە بۆ ئەم هەنگاوە، وەرگرتنی گرەنتیی بەرگریی هاوشێوەی ناتۆیە لە لایەن ئەمریکاوە. لە ڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە، ئەم دابەشبوونە یەکدەنگیی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداوی لاواز کردووە. بەجۆرێک ئیمارات ڕووبەڕووی مەترسیی ڕاستەوخۆی ئێران بووەتەوە، چونکە وەک بنکەیەکی پێشکەوتووی ئیسرائیل لە کەنداودا دەردەکەوێت. بەڵام سعودیە توانیویەتی هەم سوودە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل بچنێتەوە، هەم پێگەی خۆی وەک مەرجەعی جیهانی ئیسلامی و هاوسەنگکەری پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران بپارێزێت. لە ئێستادا ئیسرائیل بۆ ئیمارات قەڵغانێکی ئەمنییە، بەڵام بۆ سعودیە کارتێکی سیاسیی نێودەوڵەتییە. ئەم جیاوازییە وای کردووە کەنداو چیتر یەک بلۆکی سیاسیی یەکگرتوو نەبێت، بەڵکو هەر وڵاتە و بەپێی پێویستییە ئەمنییەکانی خۆی هاوپەیمانیی نوێ پێکبهێنێت[٢٢].

**دووەم: لە ئاستی نێودەوڵەتی**

وڵاتانی کەنداو بەگشتی و جەمسەری (ڕیاز- ئەبوزەبی) بەتایبەتی، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئەنجامداوە. ئەم وڵاتانە تاڕادەیەک لە بازنەی وابەستەبوون و پاشکۆیەتی بۆ تەنها یەک بلۆکی هێزی جیهانی چوونەتە دەرەوە و بوونەتە جەمسەرێکی سەربەخۆ کە هاوسەنگی لەنێوان هێزە ڕکابەرەکاندا ڕادەگرن.

**١- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:**

پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی کەنداو و ئەمریکا چووەتە قۆناغی ساردبوونی ناچارییەوە، متمانەی ئەم وڵاتانە بە چەترە ئەمنییەکەی واشنتۆن گەیشتووەتە نزمترین ئاست و پەیوەندییەکە لە هاوپەیمانییەوە بۆ جۆرێک لە گرێبەستی کاتیی کڕینی چەک گۆڕاوە. سعودیە سیاسەتێکی ستراتیجیی پەیڕەو دەکات کە تێیدا ئەمریکا وەک کارتێک بۆ بەدەستهێنانی ڕێککەوتننامەی بەرگری و گەرەنتیی ئەمنی بەکاردەهێنێت، لە بەرامبەر هەنگاوە دیپلۆماسییەکانی وەک ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا. هەرچی ئیماراتیشە، چیتر چاوەڕێی گەرەنتیی سیاسیی واشنتۆن ناکات، بەڵکو تەنها دەیەوێت بەربەستەکان بۆ کڕینی تەکنەلۆژیای سەربازیی پێشکەوتوو (وەک فڕۆکەی F-٣٥) لابدات[٢٣].

**٢- چین:**

چین بووەتە یەکێک لە گەورەترین هاوبەشە ستراتیجییەکانی کەنداو، نەک تەنها لە بواری بازرگانی، بەڵکو لە گۆڕینی سیستەمی دارایی جیهانیشدا. چین بۆ کەنداو وەک کڕیارێکی

جێگیر و هاوبەشێکی تەکنەلـۆژی دەبینرێت کە هیچ مەرجێکی سیاسی یان دەستوەردانێکی لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتاندا نییە. هەرچی سعودیەیە، لەڕێگەی واژۆکردنی گرێبەستی (پترۆ- یوان) لە ساڵی "٢٠٢٥"دا، زەبرێکی کوشندەی لە هەژموونی دۆلاردا، ئەم هەنگاوە نیشانی دا کە کەنداو بڕیاری داوە ئاییندەی ئابووریی خۆی بە ئاییندەی چینەوە ببەستێتەوە و ئەمریکا چیتر تاکە سەرچاوەی پاراستنی ئابوورییەکەی نەبێت. هاوکات ئیمارات وەک ناوەندی تەکنەلۆژیا سەیری چین دەکات و جەخت لەسەر (ژێرەکیی دەستکرد و G٥ و پڕۆژە دیجیتاڵییەکان) دەکاتەوە، بەو ئامانجەی ببێتە وێستگەی سەرەکیی چین بۆ بەستنەوەی ڕۆژهەڵات بە ڕۆژئاواوە[٢٤].

٣- ڕووسیا:

پەیوەندییەکانی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ مۆسکۆ لە ئێستادا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش لە بازاڕی وزەدا چڕ بوونەتەوە. هەماهەنگیی قووڵی ڕیاز و مۆسکۆ لە چوارچێوەی (ئۆپیک پڵەس) بۆ هێشتنەوەی نرخی نەوت لە سەرووی (٩٠) دۆلار، بەکردەوە وەک چەکێکی سیاسی و ئابوری دژی ئابووریی ڕۆژئاوا بەکاردەهێنرێت. ئەم هاوپەیمانییە نیشانی دەدات کە سعودیە چیتر داواکارییەکانی ئەمریکا بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان لەبەرچاو ناگرێت و لەگەڵ ڕووسیا بەرژەوەندیی وڵاتانی بەرهەمهێنەر دەپارێزێت. هاوکات پەیوەندییەکانی ئەبوزەبی لەگەڵ مۆسکۆ زیاتر لەڕێگەی کەرتی دارایی و وەبەرهێنانەوەیە، بەجۆرێک کە ئیمارات بووەتە پەناگەیەکی ئارام بۆ سەرمایەی ڕووسی و ڕاکێشانی ملیاردێرەکان. بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان زیاتر لە کەرتی بانکی و گەشتوگوزار و لۆجستیکدایە، نەک تەنها لە کەرتی وزەدا[٢٥].

٤- یەکێتی ئەوروپا:

یەکێتی ئەوروپا لەم قۆناغەدا لەلایەن وڵاتانی کەنداوەوە زیاتر وەک سەرچاوەی تەکنەلۆژیا و کەرەستەی پیشەسازیی پێشکەوتوو سەیر دەکرێن. بەهۆی پێویستییە بەردەوامەکانی ئەوروپا بۆ نەوت و گازی کەنداو، وڵاتانی وەک فەڕەنسا و ئەڵمانیا تا ڕادەیەکی زۆر توانای فشارە سیاسییەکانیان لەسەر ڕیاز و ئەبوزەبی لەدەست داوە.

هەرچی سعودیەیە، یەکێتی ئەوروپا (بەتایبەت فەڕەنسا و ئەڵمانیا) بۆ پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازیی مەدەنی و گواستنەوەی تەکنەلۆژیای وزەی سەوز بەکاردەهێنێت؛ بەڵام بۆ پرسە ئەمنی و سیاسییە چارەنووسسازەکان پشتیان پێ نابەستێت، چونکە بڕوای بە توانای سەربازیی سەربەخۆی ئەوروپا نییە.

سەبارەت بە ئیمارات، هەرچەندە لەڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە بەرەو جەمسەرە نوێیەکان (چین و ڕووسیا) هەنگاوی ناوە، بەڵام هێشتا ئەوروپا وەک هاوبەشێکی ستراتیجی لە بوارە وردەکاندا دەبینێت. ئەگەرچی ئامادەیی سیاسیی وڵاتانی ئەوروپا لە ناوچەکەدا بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە شەڕی ئۆکرانیاوە کاڵ بووەتەوە، بەڵام ئەمە بە واتای نەمانی تەواوەتیی کێبڕکێ نایەت. ئیمارات بە شێوەیەکی زیرەکانە هاوسەنگی ڕادەگرێت. بۆ نموونە، لەگەڵ ئۆکرانیا گەیشتووەتە ڕێککەوتن بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای ئۆکرانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی درۆنەکان و ئیمارات هەماهەنگییەکی سەربازی و تەکنەلۆژی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا هەیە، کە ئەمەش نیشانی دەدات ئەبوزەبی دەیەوێت لەڕێگەی ئەم هاوبەشییە تایبەتمەندانەوە، کەلێنە ئەمنییەکانی پڕ بکاتەوە و وابەستەیی تەنها بە یەک لایەنەوە نەهێڵێت.

> **لە ڕابردوودا ئیمارات وەک ناوەندیی گەشتیاریی کەنداو دادەنرا وگەشتیارانی جیهان بە زۆری سەردانی ئەووڵاتەیان دەکرد، کە لە ئەنجامدا توانیبووی داهاتێکی باش لەم ڕێگەیەوە بەدەستبهێنێت. ئێستا سعودیە لەڕێگەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵێک پڕۆژەوە بە ناوی (NEOM)، دەیەوێت لە دەریای سووردا بەشێک لەوگەشتیارانەی کە پێشترتەنها دوبەیی ئیماراتیان وەک شوێنێکی گەشتیاریی دەبینی، بۆلای خۆی ڕابکێشێت**

**٥- بەریتانیا:**

پەیوەندییەکانی نێوان (ڕیاز- ئەبوزەبی) و بەریتانیا، کە لە ئێستادا بەدەست چەندین قەیرانی جیاوازیی ناوخۆییەوە دەناڵێنێت، گۆڕانکارییەکی جەوهەرییان بەسەردا هاتووە و وڵاتانی کەنداو (بەتایبەت سعودیە و ئیمارات) لە ساڵی "٢٠٢٦"دا، لە مۆدێلی پاشکۆیەتی و وابەستەیی کۆنەوە بەرەو هاوبەشیی بەرژەوەندیی مۆدێرن هەنگاویان ناوە و بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەوەی فرەجەمسەر وەک لەسەرەوە باسیان لێوەکرا، سەربەخۆییەکی زیاتریان لە بڕیارداندا بەدەستهێناوە. هەرچەندە فشارەکانی پەرلەمان و میدیای بەریتانیا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و کێبڕکێیە ئابورییەکان بۆ ڕاکێشانی بارەگای کۆمپانیا جیهانییەکان، جۆرێک لە گرژیی کاتی دروست کردووە، بەڵام ئەمە تەنها گوزارشتە لە ململانێی هێز و بەرژەوەندیی لە بازاڕێکی ئازاددا. لە ئێستادا، کەنداو وەک هێزێکی سەربەخۆ مامەڵە دەکات و کارتی وەبەرهێنان و ئابوریی بۆ وەڵامدانەوەی هەر فشارێکی سیاسی بەکاردەهێنێت، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە پەیوەندییەکان گۆڕاون بۆ هاوکێشەیەکی واقیعیی هاوسەنگ کە تێیدا بەرژەوەندیی لە سەرووی هەموو جۆرە هاوپەیمانییەکی کلاسیکییەوەیە.

**دەرەنجام:**

پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئیمارات بە قۆناغی پێداچوونەوەی ستراتیجیدا تێدەپەڕن، کە تێیدا مۆدێلی کۆنی هاوپەیمانیی خێڵەکی، جێگەی خۆی بۆ سیاسەتی واقیعی و بەرژەوەندییە نەتەوەییە جیاوازەکان چۆڵ کردووە. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە نیشانی دەدات کە داهاتووی ئەم دوو جەمسەرە لەنێوان کێبڕکێیەکی توندی ئابوری و ناچارییەکی ئاسایشی هەرێمیدا دەبێت. یەکێک لە خاڵە هەستیارەکان پرسی جیابوونەوەی ئاڕاستە ئابورییەکانی هەردوولایە، کە نمونەی هەرە دیاریان لە گرژییەکانی ناو ڕێکخراوی (ئۆپیک)دا ڕەنگی داوەتەوە. هەوڵەکانی ئیمارات بۆ سەربەخۆیی لە بڕیارە نەوتییەکان، تەنها جیاوازییەکی بازرگانی نییە، بەڵکو وەک یاخیبوونێکی بێدەنگ دژی باڵادەستیی مێژوویی سعودیە لێکدەدرێتەوە. ئەبوزەبی دەیەوێت بە پشتبەستن بە توانای خۆی، نەخشەی ئایندەی پاش نەوت دابڕێژێت و چیتر تەنها شوێنکەوتەی ئەجێنداکانی سعودیە نەبێت. ئەم گۆڕانکارییە هاوسەنگیی سەرکردایەتیی لە بازاڕی وزەدا دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت و دەبێتە هۆی دروستبوونی جەمسەرگیریی نوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، جوگرافیا و ئاسایش وەک دوو کۆڵەکەی بەهێز هەردوولایان پێکەوە بەستووەتەوە. مەترسییەکانی دەوروبەر، بەتایبەت ئاسایشی گەرووی هورمز و هەڕەشە هەرێمییەکان، ڕیاز و ئەبوزەبی ناچار دەکات سەرەڕای ساردبوونی دیپلۆماسییان، لەسەر ئاستی ئەمنی وەک هاوبەش بمێننەوە، چونکە سەرکەوتنی هەر لایەنێکیان بە سەقامگیریی لایەکەی دیکەوە بەستراوەتەوە.

**پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان لە ناوچەکەدا لەسەر بنەمای کێبڕکێیەکی ئاڵۆز بۆ هەژموون و پاراستنی بەرژەوەندییەکان بونیادنراون. ئەم هاوکێشە سیاسییانە تەنها لە پەیوەندیی دوو قۆڵیدا (لەوانەش سعودییە و ئیمارات) کورت نابنەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ململانێ وستراتیجی وڵاتانی تردان.**

لە کۆتاییدا، ئایندەی ئەم پەیوەندییە لەسەر دوو گۆڕاوی سەرەکی دەوەستێت: یەکەمیان، خێرایی گۆڕانی وزە لە جیهاندا کە ئایا دەبێتە هۆی یەکگرتنیان بۆ مانەوە، یان ململانێ لەسەر پشکی بازاڕ. دووەمیان، گۆڕانی پێگەی زلهێزەکانە بەجۆرێک ئەگەر پشتیوانیی ئەمریکا کەم ببێتەوە، ئایا ئەم دوو وڵاتە بەرەو جەمسەری چین و ڕووسیا هەنگاو دەنێن، یان هەوڵی دروستکردنی هێزێکی ناوخۆیی یەکگرتوو دەدەن.

پێشبینییەکان ئاماژە بە سەرهەڵدانی مۆدێلێکی ڕکابەریی ڕێکخراو دەکەن، کە تێیدا ململانێ ئابوورییەکان لەگەڵ پاراستنی یەکڕیزی سیاسیی کەنداودا هاوشان دەبن. مانەوەی ئەم هاوپەیمانییە بەندە بەوەی کە چۆن ئەم کێبڕکێیە وەک دەرفەتێک بۆ ئاوەدانیی ناوچەکە دەقۆزنەوە و ڕێگری لە هەر لێکترازانێک دەکەن. لە کۆتاییدا، ئەم دوو وڵاتە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیاندا، هێشتا پێویستییەکی تەواوکاریی قووڵیان بە یەکتر هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان

١- (الجزيرة) ٢٣ مارس، ٢٠١٥ درع الجزيرة تم الاسترداد في ١٠ مايو، ٢٠٢٦، من موسوعة الجزيرة
٢- Yetim، M. (٢٠٢٣). Gulf Cooperation Council (GCC). In S. N. Romaniuk & P. N. Marton (Eds.)، The Palgrave encyclopedia of global security studies. Palgrave Macmillan. Retrieved May ١٠، ٢٠٢٦، from Springer Link
٣- (العربية) ٣١ مايو، ٢٠١٧ المركز العالمي لمكافحة الفكر المتطرف (اعتدالس) تم الاسترداد في ١٠ مايو ٢٠٢٦، من العربية
٤- (بي بي سي نيوز عربي). ٢٠٢٤ ما هو المركز العالمي لمكافحة الفكر المتطرف "اعتدال"؟.تم الاسترداد في ١١ مايو، ٢٠٢٦، من بي بي سي عربي
٥- الجزائر الآن. ٨ فبراير، ٢٠٢٦) ملف استراتيجي) من الحياد إلى المواجهة: السعودية تدخل مرحلة الصدام المفتوح مع الإمارات على السودان. تم الاسترداد في ١١ مايو، ٢٠٢٦، من الجزائر الآن
٦- المركز التركي للدراسات والأبحاث. (١٧ يونيو، ٢٠٢٠) سياسة الإمارات والسعودية تجاه أزمة ليبيا. تم الاسترداد في ١١ مايو، ٢٠٢٦، من مركز رؤية تركية
٧- NEOM. (n.d.). Sindalah: A luxury island in the Red Sea. https://www.neom.com/en-us/regions/sindalah
٨- Ayoob، M. (١٤ February ،٢٠٢٦). Saudi Arabia vs. the UAE: The other Gulf crisis. The National Interest. Retrieved May ١٢، ٢٠٢٦، from The National Interest
٩- الشرق للأخبار Asharq Business. (٢٨ يناير، ٢٠٢٤). أكثر من ٧٠٠ شركة عالمية نقلت مقرها الإقليمي إلى السعودية. تم الاسترداد في ١٢ مايو، ٢٠٢٦، من Asharq Business
١٠- Repeated
١١- أرقام. (١٤ ديسمبر، ٢٠٢١) السعودية والإمارات. تنافس اقتصادي يتصاعد بين الحليفين تم الاسترداد في ١٢مايو، ٢٠٢٦، من أرقام
١٢- Shaho، S. (n.d.). UAE withdrawal from OPEC: A geopolitical shift against Iran. ٢١RAYS. Retrieved May ١٣، ٢٠٢٦، from ٢١RAYS
١٣- (الجزيرة) ٢٣ نوفمبر، ٢٠٠٩ الإمارات تبرر رفضها الوحدة النقدية. تم الاسترداد في ١٣ مايو، ٢٠٢٦، من الجزيرة نت
١٤- Saudi Arabia، UAE، and Iran attacks. (n.d.). The New York Times. Retrieved May ١٥، ٢٠٢٦، from The New York Times
١٥- بي بي سي نيوز عربي. (٢٠٢٤) ما الذي نعرفه عن العلاقات السعودية الإماراتية؟ تم الاسترداد في ١٦ مايو، ٢٠٢٦، من بي بي سي عربي
١٦- Arab Center Washington DC. (١٧ July ،٢٠٢٣). Why the UAE's OPEC withdrawal matters beyond

from Arab Center Washington DC ،٢٠٢٦ ،١٥ oil. Retrieved May
١٧- The end of the Brotherhood and the Gulf cold war. (٢٥ July ،٢٠٢٣). Asia Sentinel. Retrieved May ١٦، ٢٠٢٦، from Asia Sentinel
١٨- (الجزيرة) ٢٢ أبريل، ٢٠٢٤ مذكرة تفاهم بين العراق وتركيا وقطر والإمارات للتعاون في مشروع طريق التنمية. تم الاسترداد في ١٦ مايو، ٢٠٢٦، من الجزيرة نت
١٩- Ethiopia secures Red Sea access deal with Somaliland amid regional tensions. (٢ January ،٢٠٢٤). The Reporter Ethiopia. Retrieved May ١٦، ٢٠٢٦، from The Reporter Ethiopia
٢٠- The UAE and Israel: A full partnership in crime and bloodshed. (٦ May ،٢٠٢٦). People's Dispatch. Retrieved May ١٦، ٢٠٢٦، from People's Dispatch
٢١- How to understand Israel and Saudi Arabia's secretive relationship. (n.d.). Brookings. Retrieved May ١٧، ٢٠٢٦، from Brookings Institution
- Saudi Arabia nuclear deal. (n.d.). Responsible Statecraft. Retrieved May ١٧، ٢٠٢٦، from Responsible Statecraft
٢٢- (سكاي نيوز عربية. د.ت) الإمارات بين الجاهزية العسكرية والحكمة السياسية في مواجهة التوترات الإقليمية فيديو يوتيوب. تم الاسترداد في ١٨ مايو، ٢٠٢٦، من يوتيوب
٢٣- (مركز الحبتور للأبحاث د.ت) الصين والتحول التقني الخليجي تم الاسترداد في ١٨ مايو، ٢٠٢٦، من مركز الحبتور للأبحاث
٢٤- (مركز شاف للدراسات المستقبلية وتحليل الأزمات والصراعات. (د.ت) العلاقات الروسية الخليجية بين توازن المصالح وتحولات النظام الدولي. تم الاسترداد في ١٧ مايو، ٢٠٢٦، من مركز شاف
٢٥- المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات. (د.ت) الدفاع والشراكة الأوروبية الخليجية. تم الاسترداد في ١٨ مايو، ٢٠٢٦، من المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات



# سەروەریی هەرێمی، ئازادیی دەریاوانی و کێبڕکێی ستراتیجی لە گەرووی هورمز و کەنداودا

پ.ی.د. عیباد ئیبراهیم ئەحمەد
پسپۆڕ لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتی

**پوختە**

ئەم وتارە بە چاویلکەی یاسایی، سیاسی و ستراتیجێکی لە ناکۆکی هەرێمیی (خاکیی) لە مێژینەی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و شانشینی یەکگرتووی عەرەبی (ئیمارات) لەسەر دوورگەکانی تونبی گەورە[١] (تونب ئەلکوبرا)، تونبی بچووک[٢] (تونب ئەلسوغرا) و ئەبوو مووسا[٣] لە کەنداودا دەکۆڵێتەوە و سیستمی یاسایی پەیوەندیدار بە ئازادی کەشتیوانی و دەریاوانیی لە گەرووی هورمز دەخاتەڕوو. بە پشتبەستن بە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە یاسای دەریا[٤]، پەیماننامەی دەریای هەرێمی[٥] و ناوچەی هاوسێ یان چاوەدێریی (پێوەلکاو)[٦و٧]، یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی ساڵی "١٩٧١"ی نێوان ئێران و شانشینی شارجە، ریساکانی یاسای نێودەوڵەتیی باو، داواکارییە مێژوویی، یاسایی و سیاسییە دژوازەکانی هەردوو وڵات دەخاتە بەر باس. تا رادەیەکیش شیکاریی بۆ بەرژەوەندییە قووڵە پشتگوێ خراوەکانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئازادیی گەشتکردن بەناو گەرووەکەدا دەکات، ئەمەش نیشاندەدات کە پشتبەستنی عێراق بە ترانزێتی هورمزەوە بە شێوەیەکی یەکجارەکی و بنەڕەتی و هێڵی بۆری کەرکوک-جەیهانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک ڕێڕەوێکی جێگرەوە دەرخەری ڕەهەندێکی گرنگی ئەو قەیرانەیە.

وتارەکە زیاتر لە پێکدادانە سەربازییەکانی "٢٠٢٥-٢٠٢٦" ورددەبێتەوە کە بە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لەژێر ناوی"ئۆپەراسیۆنی توڕەیی داستان ئاسا"[٨] دەستیپێکردووە، کە بووە هۆی خێراکردنی داخستنی گەرووەکە، هەڵمەتی دانانی مین، دامەزراندنی دەسەڵاتی گەرووی کەنداو[٩] و سیستمی وەرگرتنی باج و رسوماتی ترانزێت، هێرشکردنە سەر کەشتییە بازرگانییە بێلایەنەکان - هەموویان لەژێر ڕووناکی مادەکانی (٣٧-

٤٤ی UNCLOS)، ڕێککەوتننامەی هەشتەمی لاهای ساڵی "١٩٠٧" و یاسای شەڕی دەریاییدا خراوەتە بەرباس.

**وشەی سەرەکی:** گەرووی هورمز؛ ئەبوو مووسا؛ تونبی گەورە؛ تونبی بچووک؛ تێپەڕبوونی ترانزێت؛ ئازادیی کەشتیوانی؛ یاسای نێودەوڵەتیی دەریا.

## ١. پێشەکی

گەرووی هورمز و کەنداو لە گرینگترین و مشتومڕاویترین ناوچە و ڕێڕەوە دەریاییەکانی جیهانن و لەڕووی یاساییەوە کێبڕکێیەکی لە ڕادەبەدەریان لەسەرە. ساڵانە نزیکەی لەسەدا بیست بۆ بیست و پێنجی نەوتی دەریایی جیهان و یەک لەسەر سێی هەموو گازی سروشتی شل (LNG) بە گەرووەکەدا تێدەپەڕن، ئەمەش وایکردووە بە وتەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە[١٠]، " ببێتە تاکە خاڵی گەرووی _قۆڕگی- وزەی جیهان". سێ دوورگەی تونبی گەورە، تونبی بچووک، و ئەبوو مووسا، کە دەکەونە دەروازەی ئەم گەروەیەوە، بەردەوام کەوتوونەتە بەردەم داوا و بانگەشەی سەروەریی ئێران و تەماحە خاکییەکانی ئیمارات و فۆکەسی ئاسایشی وزەی جیهان و بوونەتە هۆکارێک کە زلهێزە جیهانییەکان، عێراق و کوردیش بە چاوێکی ستراتیجی لێی بڕوانن.

بۆ زیاتر لە پێنج دەیە دەبێت، ناکۆکی لەسەر ئەم دوورگانە وەکو پرۆسەیەکی بەردەوام و تاڕادەیەکی زۆر لە دیپلۆماسی کەنداودا بە زیندووی و بە گەرمی ماوەتەوە و وەکو برینێک ناوە ناوە دەکولێتەوە. بەڵام هەڵمەتە سەربازییەکەی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران کە لە "٢٨"ی شوباتی "٢٠٢٦" دەستیپێکرد - کە بە "ئۆپەراسیۆنی تورەیی حەماسی یان داستان ئاسا" ناوزەد کرا - لە بنەڕەتدا دیمەنیە ستراتیجییەکەی گۆڕیی. سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە وەڵامدا بە ڕاگەیاندنی داخستنی گەرووی هورمز، هێرشی کردە سەر کەشتییە بازرگانییە بێلایەنەکان و مینرێژکردنی ڕێڕەوە ئاوییەکان؛ ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە بە "گەورەترین پەککەوتنی دابینکردنی وزە لە مێژووی بازاڕی جیهانی نەوتدا" ناوزەدی بکات[١١]. هاوکات ئەمریکا گەمارۆی دەریایی بەسەر بەندەرەکانی ئێراندا سەپاند لە "١٣"ی نیسانی "٢٠٢٦"ەوە بەرکارە، بەمەش گەمارۆیەکی دووانەیی دروستکرد و هیچ بڕیارێکی یاسایی و دیپلۆماسی ڕوون لەم بوارەدا لەبەرچاو نەگیرا.

ئەم قەیرانە بووە هۆی دەرکەوتنی بۆشاییەکی پێکهاتەیی کە لە ئەدەبیاتی زانستە یاسایی و سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە: لێکەوتە کارەساتبارەکانی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەوەی کە زیاتر لە (٩٤٪)ی داهاتی نەوتی فیدراڵی عێراق - و نزیکەی (٩٠٪)ی تەواوی بودجەی فیدراڵی - وابەستەی هەناردەکردنە لەڕێگەی تێرمیناڵەکانی باشوورەوە کە دەچێتە ناو تێپەڕین و ترانزێتی هورمزەوە[١٢]، داخستنی گەرووەکە

حاڵەتێکی لەناکاوی ئابووریی ئاوارتەیی بۆ دەوڵەتی عێراق پێکهێنا. بۆریی کەرکوک-جەیهانی هەرێمی کوردستان، کە ماوەیەکی زۆر بوو راگیرابوو، لەنێو ناکۆکییە سیاسییە ئاڵۆزەکانی بەغدا – هەولێردا، وەک تاکە بژاردە و ڕێڕەوی جێگرەوە بۆ هەناردەکردنی نەوت، دیسانەوە ناوی کەوتە نێو ناوانەوە.

ئەم وتارە چوار پرسیار دەوروژێنێت:

(١) ڕێسا بەرکارەکانی یاسای نێودەوڵەتیی کە سەروەریی بەسەر سێ دوورگەکەدا ڕێکدەخەن کامانەن و چۆن بڕیار لە داوا و بانگەشەکانی ئێران و ئیمارات دەدەن؟

(٢) سیستمی یاسایی گەشتکردن بە گەرووی هورمزدا لەژێر UNCLOS و CTS ١٩٥٨ و یاسای نێودەوڵەتیی باودا چییە و پەسەندنەکردنی UNCLOS لەلایەن ئێرانەوە چۆن کاریگەریی لەسەر پابەندبوونەکانی هەیە؟

(٣) ستراتیجییەکانی ئێران، ئەمریکا، ئیسرائیل، ئیمارات و ئەکتەرە جیهانییەکانی دیکە بە پێی یاسا بەرکارەکانی دەریا، لەم ناوچەیەدا چۆن کارلێک دەکەن؟

(٤) بەرژەوەندییە یاسایی و ئابوورییە تایبەتەکانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئازادیی کەشتیوانیدا کامانەن و بۆری کەرکوک – جەیهان چۆن حیساباتی ستراتیجی هەرێمی کوردستان دەگۆڕێت؟




**نەخشەی ژمارە (١):** تێڕوانینێکی گشتی ستراتیجی کەنداو: سێ دوورگەی جێناکۆک و گەرووی هورمز.

**٢. پێشینەی مێژووی و سەرچاوەی یاسایی ناکۆکییەکە**

**٢،١ داواکارییەکانی ئێران و بەریتانیا پێش ساڵی "١٩٧١"**

تۆماری مێژوویی سەروەریی بەسەر سێ دوورگەکەدا ناکۆکی لەسەرە، کە ڕەنگدانەوەی نەریتە نەخشەسازییە دژبەیەکەکان، پاراستنی ئەرشیفی جیاواز و ناڕوونییە سروشتییەکانی حوکمڕانی پێش دنیای مۆدێرن لە کەنارەکانی خوارەوەی کەنداودایە. بانگەشەکانی ئێران بۆ خاوەندارێتی سێ دورگەکە لەسەر زنجیرەیەك پێداگریی بەردەوام، کە لە سەردەمی سەفەوییەوە تا قاجار "١٧٩٦-١٩٢" و سەردەمی پەهلەوی "١٩٢٥-١٩٧٩" درێژ دەبێتەوە، وەستاوە. دیپلۆماتکاران و مێژوونووسانی ئێرانی ئاماژە بە نەخشەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەهەم دەکەن کە دوورگەکان لەژێر ناونانی ئێرانییدا ئاماژەیان پێکراوە، هەروەها ئەو تۆماری باج و بەڵگەنامەی گومرگی و ڕێککەوتننامەی ماسیگرتن کە ئیدارەی کاریگەری[١٣] (ئەو شێوازە لە بوون، مانەوە، سەپاندنی دەسەڵات و بەڕێوەبردن کە نیشانەی کاریگەربوونی ئیدارە و دەسەڵاتە بە سەر دوورگەکاندا، و لە ڕووی مێژووییەوە دەکرێت وەکو بنەمایەک بۆ داوا و ئیدیعاکان سەیربکرێت) ئێران دەخەنەڕوو[١٤].

هەڵوێستی بەریتانیا لە سەردەمی دەوڵەتانی شێخنشیندا زیاتر دووفاق بوو. بەریتانیا لەڕێگەی ڕێککەوتنە تایبەتەکانی لەگەڵ فەرمانڕەواکانی ناوچەکە، لای خوارەوەی کەنداوی بەڕێوەبرد و نامە فەرمییەکانی دانیان بە ئاڵۆزی دۆخی دوورگەکاندا دەنا. یاداشتنامەی بەریتانیا لە ساڵی "١٩٠٤" لە دوورگەکانی لای خواروی کەنداودا نادڵنیایی لەبارەی خاوەندارییەتیی ئێرانی و عەرەبی تۆمار کردووە، هاوکات ئاماژەی بەوە کردووە کە حاکمی شارجە هەندێک دەسەڵات و بوونی ئیداری بەسەر ئەبوو مووسا و حاکمی ڕەئس ئەلخەیمە لە سەر تونبەکاندا هەبووە. بەڵگەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە، ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکەن کە لە بەرامبەر هاوکاریی جیۆپۆلەتیکی ئێران لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە کەنداودا سیاسەتێکی ناوخۆیی بۆ قبوڵکردنی داواکانی ئێران لەسەر دوورگەکان ئێران پەسەنددەکەن - هەڵوێستێک کە مەرجەکانی گواستنەوەی خاوەندارییەتیی ساڵی "١٩٧١"ی بەجێهێنا[١٥].

هەڵوێستی ئیمارات کە لە شارجە و ڕەئس ئەلخەیمەوە بە میرات (وەکو جێنشینی دەوڵەت لە یاسای نێودەوڵەتییدا) بۆی ماوەتەوە، پشت بە ئیدارەدانی بەردەوام و کاریگەرانەی[١٦] دوورگەکان دەبەستێت کە لە لایەن فەرمانڕەواکانی شێخ نشینەکانەوە لەژێر پاراستنی بەریتانیادا، لەسەر بنەمای ئیدارەدانی بەردەوام و کاریگەرانەی دوورگەکانە لەلایەن فەرمانڕەوا کۆلۆنیالیزمەکانی هەریەکەیانەوە کە لەلایەن بەریتانیا پشتگیری دەکران و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ڕێکخستنە ئیدارییەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزم دوای سەربەخۆیی بۆ مافی سەروەریی گۆڕدراون – ئەمە تێڕوانینێک و باوەڕێکی قانوونییە کە زۆر هاوشێوەی بنەمای

پاراستنی سنوورەکانی پێشووە[١٧]ە کە بۆ نەهێشتنی کۆلۆنیالیزم لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بەکارهێنراوە[١٨]. واتا ئەو سنوورانەی کە لە سەردەمی شێخنشینەکاندا هەبوو وەکو میرات بۆ میراتگر دەگوازرێتەوە کە لە پرۆسەی بەدەوڵەتبووندا پێکەوە دەوڵەتی ئیمارات سازدەکەن.

**٢,٢ یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن و دەستبەسەرداگرتنی دوورگەکان لە ساڵی "١٩٧١"**

لە "٢٩"ی تشرینی دووەمی "١٩٧١"- یەک ڕۆژ پێش ئەوەی سەرپەرشتیکاری و پارێزگاریی بەریتانیا بە فەرمی کۆتایی پێبێت - ئێران و فەرمانڕەوای شارجە یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان سەبارەت بە ئەبوو مووسا واژوکرد. یاداشتنامەکە بەڵگەنامەیەکە کە لە بنەمادا خۆی ناڕوونە و ڕاڤەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە؛ ئیدارەی هاوبەشی دوورگەکەی لەخۆ گرتبوو، کە ئاڵای ئێران و شارجە هەردووکیان هەڵدەکرا؛ ئێران بەشی باکوور و شارجە بەشی باشووری بەڕێوە دەبرد؛ داهاتی نەوت بە یەکسانی دابەش دەکرا و هاووڵاتیانی شارجە لەدەستڕاگەیشتنێکی بێ بەربەست سوودمەند دەبوون. یاداشتنامەکە بەڕوونی ڕایگەیاندووە کە زیان لە بانگەشەی یاسایی هیچ لایەنێک بۆ سەروەریی نادات – داڕشتنێکی ناڕوونە کە لەو کاتەوە تا ئێستا هەر لایەنێک لە بەرژەوەندیی خۆی ڕاڤەی دەکات[١٩].

> **گەرووی هورمز و کەنداو لە گرینگترین و مشتومڕاویترین ناوچە و ڕێڕەوە دەریاییەکانی جیهانن و لەڕووی یاساییەوە کێبڕکێیەکی لە ڕادەبەدەریان لەسەرە. ساڵانە نزیکەی لەسەدا بیست بۆ بیست و پێنجی نەوتی دەریایی جیهان و یەک لەسەرسێی هەموو گازی سروشتی شل (LNG) بە گەرووەکەدا تێدەپەڕن، ئەمەش وایکردووە بە وتەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، " ببێتە تاکە خاڵی گەرووی _قوڕگی- وزەی جیهان".**

دەستبەسەرداگرتنی تونبەکان تایبەتمەندییەکی تەواو جیاوازی هەبوو. لە "٣٠"ی تشرینی دووەمی "١٩٧١"، هێزی دەریایی ئێران بەبێ هیچ ڕێکەوتنێکی پێشوەختە و ڕەزامەندیی ڕەئس ئەلخەیمە لەسەر هەردوو دوورگەی تونبی گەورە و تونبی بچووک نیشتەجێکرا. هێزەکانی ئێران لەسەر تونبی گەورە ڕووبەڕووی مەفرەزەیەکی بچووکی پۆلیس بوونەوە؛ چەند پۆلیسێک کوژران. هیچ یاداشتنامەیەک نەبوو، نە دانوستان و قەرەبووکردنەوەیەک نەبوو[٢٠]. ناڕەزایەتی دەستبەجێی ڕەئس ئەلخەیمە لە "٩"ی کانوونی دووەمی "١٩٧١" لەلایەن شانشینی یەکگرتووی عەرەبی تازە دامەزراوەوە بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە

یەکگرتووەکان گەیەنرا[٢١]. ئەنجومەنی ئاسایش هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی دواخست و هیچ بڕیارنامەیەک پەسەند نەکرا - شکستێکی دیپلۆماسی کە لەو کاتەوە ئێران وەک ڕەزامەندییەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێکردووە، لە کاتێکدا ئیمارات و زانایانی یاسایی نێودەوڵەتیی وەک دواخستنی ڕێکارەکان پێناسەیان کردووە نەک دانپێدانانی یاسایی[٢٢].
لە ساڵی "١٩٩٢" ئێران بوونی ئیداری خۆی لەسەر ئەبوو مووسا فراوانتر کرد بە دەرکردنی کرێکارانی پاڵپشتیکراوی ئیمارات و داخستنی قوتابخانە و کلینیکی پزیشکی و وێستگەی کارەبای ئیمارات کە خزمەتی بە کۆمەڵگەی ئیماراتی دوورگەکە دەکرد و ڕێگری لە گەڕانەوەی هاووڵاتیانی ئیماراتی بۆ بەشی باشووری دوورگەکە کرد. ئیمارات ئەم کارانەی وەک هەڵوەشاندنەوەی تاکلایەنەی یاداشتنامەی ساڵی "١٩٧١" و پەرەسەندنی داگیرکاری پێناسە کرد[٢٣]. ئێران ئەم پێناسەیەی ڕەتکردەوە و پێیوابوو کە ڕێوشوێنەکانی لەگەڵ ئیدارەی سەروەریی وڵاتەکەیدا یەکدەگرێتەوە. هەوڵێکی دواتری ئیمارات بۆ بەکارهێنانی کۆنترۆڵی کارگێڕیی لە ناوچەی باشووری دوورگەکە لە ساڵی "١٩٩٤" لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بە شێوەیەکی فیزیکی ڕێگری لێکرا، ئەمەش زیاتر قۆرخکاریی دیفاکتۆی ئێرانی بەسەر حوکمڕانی دوورگەکەدا سەپاند[٢٤].

### ٢,٣ جەنگی ساڵی "٢٠٢٦" و کاریگەرییەکانی لەسەر دوورگە جێناکۆکەکان

ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل لە ساڵانی "٢٠٢٥-٢٠٢٦" ڕەهەندێکی نوێی ناسەقامگیرکەری بە ناکۆکی دوورگەکان هێنایە ئاراوە. دوابەدوای هێرشە مووشەکی و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران بۆ سەر ژێرخانی ئیمارات - لەوانەش فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی دوبەی و ناوچە مەدەنییەکانی ئەبوزەبی - ئیمارات بە فەرمی کۆتایی بە سیاسەتی دوورەپەرێزانەی خۆی لە خۆلادان و خۆبواردن و کەمکردنەوەی گرژییەکان بەرامبەر تاران هێنا[٢٥]. هاوکاریی بێوێنەی ئەمنیی ئیمارات و ئیسرائیل لە جێگیرکردنی نهێنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی گومەزی ئاسنی ئیسرائیل بۆ خاکی ئیمارات بەدیهات و بەپێی زانیارییەکان دەیان مووشەکی ئێرانی ڕێگری لێکرا. ڕەوتی ڕووداوەکان ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە ئاخۆ ئەگەری ئەوە هەیە ئیمارات هەوڵی ئەوە بدات کە ململانێکان بەکاربهێنێت بۆ فشارخستنە سەر بانگەشەی خاکیی خۆی یان نا؛ بەڵام لە هەمان کاتدا شارەزایان و چاودێران بە شێوەیەکی بەرفراوان هۆشداری دەدەن کە هەر هەوڵێکی سەربازیی بۆ وەرگرتنەوەی دوورگەکان لە تاران، لەگەڵ ئەوەی کە دەبێتە پەرەسەندنی گرژییەکی کارەساتبار، وەک ئالنگارییەکی بنەڕەتیی بۆ سەروەریی لێکدەدرێتەوە[٢٦].

### ٣. شیکاریی یاسایی ناکۆکی سەروەری

#### ٣,١ بنەما بەرکارەکانی یاسای نێودەوڵەتیی

ناکۆکی سەروەریی لەسەر سێ دوورگەکە چەندین بنەما و ڕێسای یاسای نێودەوڵەتیی دەگرێتەوە. ڕێسا سەرەکییە بەرکارەکان بریتین لە: (i) ڕێساکانی بەدەستهێنانی خاک بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی باو، لەوانەش داگیرکردن، رادەستکردن، ڕێگەپێدان و ڕەزامەندیی؛ (ii) بنەمای یاسای نێوان کاتەکان (یاسای نێوان کاتیی)،[٢٧] کە بەپێی ئەو بنەمایە دەبێت دۆخی یاسایی داواکارییەکی خاکیی بە ئاماژەدان بەو یاسایەی کە لە "بەرواری گرنگ"[٢٨]دا کاری پێدەکرێت هەڵسەنگێندرێت؛ (iii) بنەمای پاراستنی سنوورەکانی پێشوو، وەک لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزەکردن و جێنشینی دەوڵەتدا بەکاردەهێنرێت و (iv) ڕێساکانی جێنشینی دەوڵەت بۆ ناکۆکییە خاکییەکان، کە دیاری دەکەن کە ئایا ئیمارات وەک جێنشینی شارجە و ڕاس ئەلخەیمە، داواکارییەکانیان بە تەواوی بە میرات گرتووە یان نا[٢٩].

> **تۆماری مێژوویی سەروەریی بەسەر سێ دوورگەکەدا ناکۆکی لەسەرە، کە ڕەنگدانەوەی نەریتە نەخشەسازییە دژبەیەکەکان، پاراستنی ئەرشیفی جیاواز و ناڕوونییە سروشتییەکانی حوکمڕانی پێش دنیای مۆدێرن لە کەنارەکانی خوارەوەی کەنداوادایە.**

چەمکی "بەرواری گرنگ" ناوەندیی ناکۆکییەکە. زۆربەی زانایان بەرواری گرنگ بە "٣٠"ی تشرینی دووەمی "١٩٧١" دادەنێن کە ڕۆژی دەستبەسەرداگرتنی ئێرانە[٣٠]. پێش ئەو بەروارە، هەموو کارەکانی هەر لایەنێک بەڵگەی پەیوەندیدار پێکدەهێنن. دوای بەرواری گرنگ، کردەوەکانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن - ئێران - کە بە شێوەیەکی تاکلایەنە بۆ بەهێزکردنی بانگەشەکەی داڕێژراون، قورسایی یاسایی کەمتریان پێدەدرێت[٣١]. ئەم پرەنسیپە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بنیاتنانی ژێرخانی سەربازی و مەدەنی لە دوای ساڵی "١٩٧١"ی ئێران لە دوورگەکاندا هەیە.

#### ٣,٢ هەڵوێستی یاسایی ئێران

پێگەی یاسایی ئێران لەسەر چوار پایە وەستاوە.

**یەکەم**: ئێران بەردەوامی مێژوویی خاوەندارییەتی پێش بوونی بەریتانیا لە کەنداودا دووپات دەکاتەوە و دەڵێت ئێران لە سەردەمی سەفەوی و قاجارەوە سەروەریی بەسەر دوورگەکاندا

هەبووە[٣٢].

**دووەم:** ئێران دەڵێت، یاداشتنامەی "١٩٧١"، دانپێدانانی شارجە بە سەروەریی ئێران بەسەر ئەبو موسادا پێکدەهێنێت[٣٣].

**سێیەم:** ئێران پێداگری دەکات کە ئیدارەی کاریگەرانەی دوورگەکان بۆ زیاتر لە پەنجا ساڵ - لەوانەش بنیاتنانی ژێرخانی ئابوری، جێگیرکردنی کارمەندانی مەدەنی و سەربازی و بەکارهێنانی دەسەڵاتی دادوەریی کارگێڕیی - لەڕێگەی بنەمای کاریگەرییەکانەوە سەروەرییەکەی چەسپاندووە[٣٤].

**چوارەم:** ئێران پێداگری دەکات کە شکستی ئەنجومەنی ئاسایش لە پەسەندکردنی هەر بڕیارنامەیەک کە ئیدانەکردنی دەستبەسەرداگرتنی ساڵی "١٩٧١" تێدا جێگیرکرابێت، یەکسانە بە دانپێدانان و قبوڵکردنی ناڕاستەوخۆی نێودەوڵەتیی[٣٥].

ئارگومێنتێکی یاسایی بەرچاوی ئێران پەیوەندیی بە دامەزراندن و کاتی بەدەوڵەتبوونی ئیماراتەوە هەیە. بەو پێیەی ئیمارات تا "٢"ی کانوونی دووەمی "١٩٧١" بوونی نەبووە، نەیدەتوانی بە شێوەیەکی یاسایی داواکارییەکی خاکی لە شێخنشینەکانەوە "بە میرات" بگرێتەوە، بەو پێیەی هیچ داواکارییەک نەبووە کە لەلایەن دەوڵەتێکی دانپێدانراوەوە هەڵبگیرێت کە توانای میراتگرتنی هەبێت. دەستبەسەرداگرتنی تونبەکان لە "٣٠"ی تشرینی دووەمی "١٩٧١" ڕوویدا - پێش دەوڵەتبوونی ئیمارات - و یاداشتنامەی ئەبوو مووسا لەگەڵ شێخ نشینی شارجە ئەنجامدرا نەک ئیمارات[٣٦]. ئەمەش پرسیارێکی ڕاستەقینە سەبارەت بە بەردەوامی مۆڵکییەت و خاوەندارییەتی دەوروژێنێت کە هەڵوێستە یاساییەکانی ئیمارات بە تەواوی چارەسەریانی نەکردووە.

لە ڕوانگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، ئێران بە بەردەوامی هەڵوێستی خۆی لە چوارچێوەی دانوستان نەکردن لە سەرانسەری ڕوانینی سیاسی جێگیر کردووە. هەروەک کەمال خەرازی وەزیری پێشووی دەرەوەی ئێران لەدوای بەیاننامەی هاوبەشی ئۆکتۆبەری "٢٠٢٥"ی یەکێتیی ئەوروپا و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو کە داوای لە ئێران کرد کۆتایی بە "داگیرکارییەکەی" بهێنێت، ڕایگەیاند دوورگەکان "بەشێکی دانەبڕاو لە خاکی ئێرانن" و "دووبارەکردنەوەی بانگەشەی بێ بنەما هیچ لە ڕاستییە مێژوویی و یاساییەکاندا ناگۆڕێت"[٣٧].

ئەم کۆدەنگییە ناوخۆییە وا دەکات کە پێدانی ئیمتیازاتی سەروەریی بەبێ گوێدانە شایستەیی یاسایی، بە کردەوە ئەستەم بێت.


### ٣,٣ هەڵوێستی یاسایی ئیمارات

دۆسیەی یاسایی ئیمارات لەسەر سێ پایەی یاسای نێودەوڵەتیی وەستاوە. یەکەم: ئیمارات ئاماژە بە بنەمای نەگۆڕین و پاراستنی سنوورەکانی پێشوو دەکات؛ بەو پێیەی کە دامەزراوە

کارگێڕییەکانی پێش سەربەخۆیی شارجە و ڕەئس ئەلخەیمە تا "٣٠"ی تشرینی دووەمی "١٩٧١" کۆنترۆڵی کاریگەریان بەسەر دوورگەکاندا هەبووە، ئیمارات دەڵێت ئەم کۆنترۆڵە لە کاتی دامەزراندنی فیدراسیۆنەکەدا لە "٢"ی کانوونی دووەمی "١٩٧١"دا تێپەڕیوە[٣٨]. دووەم: سەبارەت بە ئەبوو مووسا بە تایبەتی، ئیمارات دەڵێت کە یاداشتنامەی ساڵی "١٩٧١" بە ناچاری ئەنجامدراوە و پەیماننامەیەکی ڕەوا پێکناهێنێت کە سەروەریی ببەخشێت؛ دەرکردنی کرێکاران و دانیشتوانی غەیرە ئێرانی لەلایەن ئێرانەوە لە ساڵی "١٩٩٢"، پێشێلکارییەکی بنچینەیی پێکدەهێنێت کە یاداشتنامەکە پووچەڵ دەکاتەوە[٣٩]. سێیەم: ئیمارات ئاماژە بە مادەی (٢)ی بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات: داگیرکردنی تونبی گەورە و بچووک، بەکارهێنانی هێزی چەکداری لە دژی قەوارەیەکی سیاسی پێکدەهێنێت کە قوبووڵکراو نییە، ئەمەش وایکردووە داگیرکارییەکە لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا نایاسایی بێت[٤٠].

**ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل لە ساڵانی "٢٠٢٥-٢٠٢٦" ڕەهەندێکی نوێی ناسەقامگیرکەری بە ناکۆکی دوورگەکان هێنایە ئاراوە. دوابەدوای هێرشە مووشەکی و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران بۆ سەرزێرخانی ئیمارات - لەوانەش فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی دوبەی و ناوچە مەدەنییەکانی ئەبوزەبی - ئیمارات بە فەرمی کۆتایی بە سیاسەتی دوورەپەرێزانەی خۆی لە خۆلادان و خۆبواردن و کەمکردنەوەی گرژییەکان بەرامبەرتاران هێنا.**

ئیمارات بە بەردەوامی داوای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە لەڕێگەی دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە دەکات هەروەها ئێران بە بەردەوامی ئەم داواکارییەی ڕەتکردووەتەوە و دەڵێت هیچ ناکۆکییەک نییە کە پێویستی بە کردنەوەی دۆزی یاسایی و بڕیاردانی دادگا هەبێت – نارەزایەتییەک کە لە کاتێکدا لەڕووی یاساییەوە بەپێی مەرجی ڕەزامەندیی یاسای دادگای نێودەوڵەتیی دادەوە ڕەوایە[٤١]. لەلایەن زانایانی یاسای نێودەوڵەتییەوە وەک بەربەستێکی ڕێکارانە لەبەردەم لێپرسینەوە و کردنەوەی دۆز لە دادگا وەسف کراوە[٤٢]. جارنامەی کۆمکاری عەرەبی بەحرەین (٢٠٢٤)، جارنامەی ئەنجومەنی هاوبەشی یەکێتی ئەوروپا و ئەنجومەنی هاواکری کەنداو (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥) و جارنامەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو (٢٠٢٣) هەموویان پشتگیریی خۆیان بۆ هەڵوێستی ئیمارات دووپاتکردووتەوە[٤٣].




نەخشەی ژمارە (٢): گەرووی هورمز - ناوچە دەریاییە یاساییەکان، دوورگە جێناکۆکەکان، و پلانی جیاکردنەوەی هاتوچۆ لەژێر ڕوناکی UNCLOS .

## ٤. سیستەمی یاسایی گەرووی هورمز

### ٤,١ تایبەتمەندیی جوگرافیی و کارایی گەرووەکە

گەرووی هورمز ڕێڕەوێکی ئاویی بەرتەسکە - نزیکەی (٣٤) کیلۆمەتر پانییە لە تەسکترین خاڵییدا– کەنداو بە کەنداوی عومان و دەریای عەرەبییەوە دەبەستێتەوە[٤٤]. گەرووەکە بە تەواوی لە چوارچێوەی دەریای هەرێمیی ئێران و عوماندایە. پلانی جیاکردنەوەی هاتوچۆی دوو هێڵی[٤٥] کە لە هێڵی هاتن و دەرچوون پێکدێت، کە هەریەکەیان نزیکەی سێ کیلۆمەتر پانن، بەو ئاوانەدا تێدەپەڕێت کە بە شێوەیەکی یاسایی وەک دەریای هەرێمیی پۆلێنکراون. بەم شێوەیە، پێگەی یاسایی گەرووەکە لەلایەن سیستەمی یاسایی تایبەتمەندەوە ڕێکخراوە کە بۆ "گەرووی بەکارهێنراو بۆ کەشتیوانی نێودەوڵەتی" لەژێر بەشی سێیەمی UNCLOS دا ڕێکدەخرێت - سیستەمێک کە بەتایبەتی بۆ هاوسەنگکردنی سەروەریی دەوڵەتی کەنار دەریاکان لەگەڵ ئازادییە کەشتیوانی و گەشتیارییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دارێژراوە[٤٦]. گرنگی ستراتیجی و ئابوری گەرووەکە سەرنجڕاکێشە. لە ساڵانی پێش قەیرانی ساڵی

"٢٠٢٦"، نزیکەی لەسەدا بیست و پێنجی بازرگانی جیهانی نەوتی خاو لە دەریاوە ڕۆژانە لە گەرووەکەدا تێپەڕیوە - نزیکەی (٢٠-٢١) ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا - لەگەڵ زیاتر لە (١١٠) ملیار مەتر سێجا لە LNG ساڵانە، کە نزیکەی (٩٣٪)ی هەناردەکردنی LNGی قەتەر و (٩٦٪)ی ئیمارات لە گەرووەکەدا تێپەڕیوە[٤٧]. گەرووەکە وەک ڕێڕەوی سەرەکی ترانزێت بۆ هەناردەکردنی نەوت و گاز لە وڵاتانی سعودیە، ئیمارات، عێراق، کوێت، قەتەر، بەحرەین و خودی ئێران کەڵکی لێوردەگیرێت. بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە دەکرێ بگوترێت، جگە لە سعودیە و ئیمارات - کە توانای بۆری جێگرەوەیان سنووردارە - هەموو وڵاتانی دیکەی کەنداو، بە عێراقیشەوە، هیچ ڕێڕەوێکی جێگرەوەی هەناردەکردنیان نییە[٤٨].

**٤،٢ مادەکانی ٣٧-٤٤ی UNCLOS: سیستمی تێپەڕبوونی ترانزێت**

بەردی بناغەی سیستمی یاسایی کە بۆ گەرووی هورمز بەرکارە، مافی تێپەڕبوونی ترانزێتە کە لە بەشی سێیەمی UNCLOSدا ڕێکخراوە (مادەکانی ٣٧-٤٤). مادەی (٣٧) مەودای سیستمەکە دیاری دەکات، بەکاریدەهێنێت بۆ "ئەو گەرووانەی کە بۆ کەشتیوانی نێودەوڵەتی لەنێوان بەشێک لە دەریای ئازاد یان ناوچەیەکی ئابوری تایبەت و بەشێکی دیکەی دەریای ئازاد یان ناوچەیەکی ئابوری تایبەت بەکاردەهێنرێن"[٤٩]. گەرووی هورمز بەڕوونی ئەم پێوەرە دەیگرێتەوە: ناوچە ئابورییە تایبەتەکانی دەوڵەتانی کەنداو بە ناوچەی ئابوری تایبەت[٥٠] و دەریای ئازادیی دەریای عەرەبییەوە دەبەستێتەوە[٥١].

> **گرنگترین ئارگومێنتی یاسایی ئێران ئەوەیە کە وەکو دەوڵەتێکی نا ئەندام لە UNCLOS، بە سیستمی تێپەڕاندنی ترانزێتی بەشی سێیەمەوە پابەند نییە. لەگەڵ واژۆکردنی لە ساڵی "١٩٨٢"، ئێران ڕایگەیاند کە سیستمی تێپەڕاندنی ترانزێت ڕێسایەکی یاسای نێودەوڵەتی باو نییە، بەڵکو بەشێکە لە "ڕێککەوتنی گشتگیر" کە تەنیا لەنێوان دەوڵەتانی لایەندا بەرکارە.**

مادەی (٣٨) تێپەڕبوونی ترانزێت بە بەکارهێنانی ئازادیی کەشتیوانی و فڕینی فڕۆکە بەسەر دەریاکەدا پێناسە دەکات "تەنها بۆ مەبەستی ترانزێتی بەردەوام و خێرا"[٥٢]. بە پێچەوانەی "تێپەڕبوونی بێ کێشە یان بێ زیان" لە دەریای هەرێمییدا، تێپەڕبوونی ترانزێت ناتوانرێت لەلایەن دەوڵەتی کەنار دەریاوە ڕابگیرێت یان هەڵپەسێرێت - مادەی (٤٤) بەوردی دەڵێت کە "نابێت بە هیچ شێوەیەک تێپەڕبوونی ترانزێت ڕابگیرێت یان هەڵپەسێرێت"[٥٣]. ئەم

قەدەغەکردنە لە ڕاگرتن جیاوازییەکی بنەڕەتییە لەنێوان سیستمی تێپەڕبوونی ترانزێت و سیستمی تێپەڕبوونی بێ کێشە؛ بەپێی مادەی (٢٥)، کە بە هۆکاری ئەمنی ڕێگە بە هەڵپەساردن و ڕاگرتنی کاتی دەدات. مافی تێپەڕبوونی ترانزێت بۆ ژێردەریاییەکان درێژدەبێتەوە (کە ڕەنگە بە حاڵەتی ژێرئاوکەوتوو دەرباز بن و هاتووچۆ بکەن) بۆ کەشتییە جەنگییەکان و فڕۆکەکان.[٥٤] گرنگی یاسایی قەدەغەکردنی هەڵپەساردن و سڕکردن ناتوانرێت زیادەڕەوی تێدا بکرێت. دەوڵەتە کەنارییەکان دەسەڵاتی دادوەری دەریایی درێژکراوەیان هەیە - لەنێویاندا ناوچە ئابورییە تایبەتەکانی (٢٠٠) میل - لە بەرامبەر قبوڵکردنی مافی تێپەڕبوونی ترانزێتی نەبڕاوە لە گەرووە نێودەوڵەتییەکاندا[٥٥]. مادەکانی (٤١-٤٤) دەسەڵاتی ڕێکخستنی سنووردار بۆ دەوڵەتی کەنار دەریاکان پێناسە دەکەن: دەوڵەتی کەناراو دەتوانێت ڕێڕەوی دەریای و پلانەکانی جیاکردنەوەی هاتوچۆ دیاری بکات (مادەی ٤١)، یاساکانی تایبەت بە سەلامەتی کەشتیوانی، ڕێگریکردن لە پیسبوون و ماسیگرتن پەسەند بکات (مادەی ٤٢). بەڵام جیاوازیی بنەڕەتیی لەنێوان ڕێکخستنی یاسایی و بەربەستی نایاساییدا هەیە، ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە بەهۆی هەڵسوکەوتی ئێرانەوە لە ساڵی "٢٠٢٦"دا وروژێنراوە.

### ٤,٣ ڕێککەوتننامەی ساڵی "١٩٥٨" سەبارەت بە دەریای هەرێمی و ناوچەی هاوسێ یان چاودێریی

پێش UNCLOS، بەڵگەنامەی یاسایی نێودەوڵەتیی بەرکار، پەیماننامەی جنێڤ بوو لە ساڵی "١٩٥٨" سەبارەت بە دەریای هەرێمی و ناوچەی هاوسێ (١٩٥٨ CTS). بڕگەی (٤)ی مادەی (١٦) لە پەیماننامەی دەریای هەرێمی، پاراستنی بۆ کەشتیوانی لەڕێگەی گەرووەکانەوە دامەزراند کە دوو ناوچەی دەریای ئازاد بەیەکەوە دەبەستنەوە: "نابێت ڕاگرتنی تێپەڕبوونی بێ کێشەی کەشتییە بیانییەکان لەڕێگەی گەرووەکانەوە رووبدات، کە بۆ گەشتیاریی نێودەوڵەتیی لەنێوان بەشێکی دەریای ئازاد و بەشێکی دیکەی دەریای ئازاد یان دەریای هەرێمیی دەوڵەتێکی بیانی بەکاردەهێنرێن"[٥٦]. ئەم داڕشتنە تەنها بۆ هەڵنەپەساردنی تێپەڕبوونی بێ کێشەی دابین دەکرد - پاراستنێکی بەرچاو و لاوازتر لە سیستمی تێپەڕبوونی تەواوی ترانزێتی UNCLOS بوو.

ئێران لە "١٠"ی کانوونی دووەمی "١٩٨٢" UNCLOSی واژۆ کرد بەڵام هەرگیز پەسەندی نەکردووە؛ واتا ئێران ئەندام نییە لەو پەیماننامەیەدا و ناکرێت بە ناوی پەیماننامەکەوە هیچ ئەرکێکی بەسەردا بسەپێندرێت. بەڵام ئێران لایەنێکە لە یاسای ١٩٥٨ CTS کە ئێران بە بابەتی یاسا نێودەوڵەتییە قوبووڵکراوەکان و پابەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە دەبەستێتەوە و پابەندیی دەکات. ئێران ناتوانێت پشت بە CTS ببەستێت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ داخستنی گەرووەکە، کە پابەندبوونی عورفیی خۆی بەپێی مادەی (١٦) ئەم داخستنەی لێ قەدەغە

دەکات[٥٧]. جگە لەوەش، لە مادەی (٣١١)ی UNCLOSدا هاتووە کە پەیماننامەکە جێگەی پەیماننامەکانی جنێڤی ساڵی "١٩٥٨" لەنێوان لایەنەکاندا دەگرێتەوە، بەڵام CTS بەردەوامە لە بەربارکردن و بەستنەوەی ئێران. هەنگاوە سەرەتای و ئامادەکارییەکانی سێهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریا (UNCLOS III) ئاماژە بەوە دەکەن کە سیستمی ترانزێت بە مەبەستی گۆڕینی "یاسای ڕێگری نەکردن" کە لە پەیماننامەی دەریای هەرێمییدا سنووردارتر بووە بۆ سیستمێکی بەهێزتر و وردتر پێناسەکراو بگۆڕێت[٥٨].

### ٤,٤ یاسای نێودەوڵەتیی باو و پاساو و دەرهاویشتەکانی پەسەندنەکردنی پەیماننامەکە لە لایەن ئێرانەوە

گرنگترین ئارگومێنتی یاسایی ئێران ئەوەیە کە وەکو دەوڵەتێکی نا ئەندام لە UNCLOS، بە سیستمی تێپەڕاندنی ترانزێتی بەشی سێیەمەوە پابەند نییە. لەگەڵ واژۆکردنی لە ساڵی "١٩٨٢"، ئێران ڕایگەیاند کە سیستمی تێپەڕاندنی ترانزێت ڕێسایەکی یاسای نێودەوڵەتیی باو نییە، بەڵکو بەشێکە لە "ڕێککەوتنی گشتگیر"[٥٩] کە تەنیا لەنێوان دەوڵەتانی لایەندا بەرکارە[٦٠] ئەم هەڵوێستە هەرچەندە لەڕووی زانستییەوە بێ پشتیوان نییە، بەڵام بەهۆی قورسایی زۆری ڕەفتار و کردار و پراکتیکی حکومەت و دیدگای یاسایی باوەڕ بە پابەندیهێنەربوونی ڕەفتارەکە[٦١] مشتومڕی زۆری لەسەرە[٦٢].

> **ڕەهەندە یاسایی و ستراتیجییەکانی ناکۆکی دوورگە کێشە لەسەرەکان لە سیستمی گەرووی هورمز جیا ناکرێنەوە. سێ دوورگەکە - بەتایبەتی ئەبوو مووسا - بە شێوەیەک هەڵکەوتوون کە قووڵترین کەناڵی کەشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کەنداو لەنێوان ئەبوو مووسا و تونبەکاندا تێدەپەڕێت.**

دۆخی عورفی و باوی سیستمی تێپەڕبوونی ترانزێت بە چەندین ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دەوڵەت پشتڕاستکراوەتەوە. ئەمریکا کە خۆی لایەنێک نییە لە UNCLOS، بەردەوام لەڕێگەی بەرنامەی ئازادیی گەشتکردنەوە[٦٣] جەختی لەوە کردووەتەوە کە سیستمی تێپەڕاندنی ترانزێت یاسای نێودەوڵەتیی باو پێکدەهێنێت، کە پابەندە بە هەموو دەوڵەتەکانەوە[٦٤]. کەیسی کەناڵی کۆرفو[٦٥] وەک پرسێکی یاسای نێودەوڵەتیی باو جێگیرکرا کە دەوڵەتان لە کاتی ئاشتیدا مافی ئەوەیان هەیە کەشتییە جەنگییەکانیان لەڕێگەی گەرووەکانەوە بنێرن کە بۆ کەشتیوانی نێودەوڵەتیی بەکاردەهێنرێن بەبێ مۆڵەتی پێشوەختەی دەوڵەتێکی کەنار دەریا —— UNCLOS

ئەم مافەی ڕێکخست و فراوانتری کرد. ڕوانگەی زۆرینەی زانایانی یاسای نێودەوڵەتیی کۆکن لەسەر ئەوەی کە سیستمی تێپەڕبوونی ترانزێت لەڕێگەی رەفتاری کرداریی و پراکتیکی بەردەوامی دەوڵەتەوە لە ماوەی چوار دەیەدا پێگەی باو و عورفی بەدەستهێناوە[٦٦].

بەرتەک و دژە روانینی ئێران - کە ناڕەزایەتییەکی بەردەوامە - ڕووبەڕووی ئەو بەربەستە دەبێتەوە کە دوکتۆرینی ناڕەزایەتیی بەردەوام[٦٧] وا دەخوازێت کە دەوڵەتێک ناڕەزایەتییەکەی بە بەردەوامی بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە عورفی نێودەوڵەتیی دروست دەبێت، بپارێزێت[٦٨]. رەفتارەکانی ئێران خۆی ناتەبایی هەبووە: لە کاتی جیاجیادا پەنای بۆ بڕگەکانی UNCLOS بردووە وەک یاسای بەرکار بۆ ناوچە دەریاییەکانی خۆی، ئەمەش یەکپارچەیی و یەکگرتوویی ناڕەزایەتیەکەی تێکداوە. پێنج توانای یاسایی دەستنیشان کراو هەن کە ئێران ڕەنگە بە شێوەیەکی یاسایی بتوانێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ترانزێتی گەرووەکە بەپێی یاسای ناوچەی دەریایی ناوخۆیی خۆی "١٩٩٣" و یاساکانی شەڕی چەکداری بەکاریانبهێنێت—— بەڵام تەنانەت ئەم توانایانەش ناتوانن ببنە پاساوێک بۆ ڕەوایەتیدان بە داخستنی گرووەکە یان سیستمی وەرگرتنی پارە و رسوومات[٦٩].

### ٤,٥ پەیوەندیی ستر اتیجی نێوان دوورگەکان و گەرووی هورمز

ڕەهەندە یاسایی و ستراتیجییەکانی ناکۆکی دوورگە کێشە لەسەرەکان لە سیستمی گەرووی هورمز جیا ناکرێنەوە. سێ دوورگەکە - بەتایبەتی ئەبوو مووسا - بە شێوەیەک هەڵکەوتوون کە قووڵترین کەناڵی کەشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کەنداو لەنێوان ئەبوو مووسا و تونبەکاندا تێدەپەڕێت (بڕوانە وێنەی ٢). ئەم واقیعە جوگرافییە بەو مانایەیە کە کۆنترۆڵی سەربازیی بەسەر دوورگەکاندا ڕاستەوخۆ هاوکارە لە توانای چاودێریکردن، قەدەغەکردن، یان هەڕەشەکردن لە هەموو کەشتیوانییەک بە بەکارهێنانی ڕێڕەوی ترانزێتی سەرەتایی هورمز. دامەزراوە سەربازییەکان لە دوورگەکاندا - کە لە ساڵی "١٩٧١"ەوە بە شێوەیەکی بەردەوام فراوانتر بوون، لەوانەش ڕێڕەوی فڕین، دامەزراوەکانی بەندەر و بنکەی مووشەک - پێگەی جێگیرکردنی بەرفروان بۆ ئێران دابین دەکەن، کە توانای هەیە بۆ بە ئامانجگرتنی ئەو کەشتیانەی کە لە گەرووەکەدا تێدەپەڕن بە مووشەکی دژە کەشتی، مین و سیستمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان[٧٠].

ئەم پەیوەندییە ستراتیجییە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆچی ناتوانرێت بانگەشەی خاکی ئیمارات و سیستمی کەشتیوانی هورمز وەک پرسی جیا لەڕووی یاساییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئێرانێک کە کۆنترۆڵی ئیداری و سەربازیی بەسەر سێ دوورگەکەدا چەسپاندبێت، لە یەک کاتدا هەژموونی ستراتیجی خۆی بەسەر گەرووەکەشدا دەسەپێنێت[٧١]. ئەم واقیعە ستراتیجییە لە کاتی پێکدادنی چەکداریی ساڵی "٢٠٢٥-٢٠٢٦" پشتڕاستکرایەوە، کاتێک

سوپای پاسدارانی ئێران دوورگەکانی وەک بەرە و بنکەی هێڵی پێشەوە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی دانانی مین و فەرماندەی و کۆنترۆڵکردنی هێرشەکان بۆ سەر کەشتییە بازرگانییە بێلایەنەکان کە لە گەرووەکەدا تێدەپەڕین، بەکارهێنا.

**٥. عێراق و هەرێمی کوردستان: بەرژەوەندیی ستراتیجی لە گەرووی هورمزدا**

**٥,١ پشتبەستنی بنەڕەتیی عێراق بە گەرووی هورمز**

گرنگی داخستنی گەرووی هورمز بۆ عێراق لە گرنگی هەر دەوڵەتێکی دیکەی ناوچەی کەنداو زۆتر و کاریگەرترە، بە خودی ئێرانیشەوە. پشتبەستنی بنچینەی و پێکهاتەیی عێراق بە گەرووەکە لەڕادەبەدەرە: زیاتر لە (٩٤٪)ی هەناردەکردنی نەوتی عێراق - کە کاڵای سەرەکی هەناردەکردنە کە نزیکەی (٩٠٪)ی کۆی داهاتی حکومەتی فیدراڵی پێکدەهێنێت - بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕێت لەڕێگەی دامەزراوە تێرمیناڵیەکانی باشوورەوە لە تێرمیناڵی نەوتی بەسرە و خور ئەلعەمیە[٧٢]. بە پێچەوانەی سعودیە و ئیمارات کە توانای سنوورداری بۆری جێگرەوەیان هەیە - بۆری ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوای سعودیە بۆ یەنبەع لەسەر دەریای سوور (توانای نزیکەی ٥ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا) و بۆری حەبشان-فوجەیرە لە ئیمارات (توانای ١,٥ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا) - عێراق هیچ بۆرییەکی چالاکی نییە بۆ قەبارەیەکی بەرچاوی هەناردەکردنی نەوت کە توانای تێپەڕاندنی گەرووەکە هەبێت[٧٣].

**گرنگی داخستنی گەرووی هورمز بۆ عێراق لە گرنگی هەردەوڵەتێکی دیکەی ناوچەی کەنداو زۆتر و کاریگەرترە، بە خودی ئێرانیشەوە. پشتبەستنی بنچینەی و پێکهاتەیی عێراق بە گەرووەکە لەڕادەبەدەرە: زیاتر لە (٩٤٪)ی هەناردەکردنی نەوتی عێراق - کە کاڵای سەرەکی هەناردەکردنە کە نزیکەی (٩٠٪)ی کۆی داهاتی حکومەتی فیدراڵی پێکدەهێنێت - بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕێت لەڕێگەی دامەزراوە تێرمیناڵیەکانی باشوورەوە لە تێرمیناڵی نەوتی بەسرە و خور ئەلعەمیە.**

پێناسی ئاماری توانای هەناردەکردنی عێراق پێش قەیرانەکان جەخت لەسەر ئەم لاوازییە دەکاتەوە. لە ساڵی "٢٠٢٥" عێراق بە تێکڕا ڕۆژانە نزیکەی سێ ملیۆن و نیوو هەناردەی نەوتی هەبووە[٧٤]، ئەمەش وایکردووە ببێتە یەکێک لە گەورەترین هەناردەکارانی نەوت لە جیهاندا و دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەر بێت لەناو ئۆپێکدا. داهاتی نەوت نزیکەی (٩٠٪)ی بودجەی

فیدراڵی عێراق پێکدەهێنێت[٧٥]. لۆژیکی ئابوری زۆر ڕوونە: داخستنی گەرووەکە کە ڕێگری دەکات لە گەیشتنی نەوتی عێراق بۆ بازارە نێودەوڵەتییەکان، تەنیا پچڕانی دابینکردنی وزە نییە بۆ عێراق - ئەوە داڕمانی بناغە داراییەکانی دەوڵەتە. ئەم لاوازییە پێکهاتەییە بۆ دەیان ساڵە لە گوتاری سیاسەتی عێراقدا دانپێدانراوە و ئێستاش بە چڕی باسی لێوەدەکرێت، بەڵام مەترسییە ئەگەرییەکانی پشتبەستن بە گەرووەکە پێش ئەوەی قەیرانەکە ڕوویدات، وەرنەگێڕدرانە سەر هەمەچەشنکردنی ژێرخانی ئابوری عێراق[٧٦].

### ٥,٢ هەرێمی کوردستان وەک ڕێڕەوێکی جێگرەوەی وزە: بۆری کەرکوک-جەیهان

ڕێڕەوی بۆری کەرکوک-جەیهان - کە لە کەرکوکەوە بە سنووری ئیداری هەرێمی کوردستاندا بۆ بەندەری جەیهانی دەریای ناوەڕاستی تورکیا درێژ دەبێتەوە - وەک تاکە جێگرەوەی واقیعی وشکانی بۆ ترانزێتی هورمز دەبینرێت، کە دەتوانرێت لە چوارچێوەیەکی کاتیی مانادراردا بەرفراوان و چالاک بکرێت[٧٧]. هێڵی بۆری عێراق-تورکیا (ITP) کە لە چەندین بەش پێکدێت و لەژێر دەسەڵاتی سیاسی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، توانای لە خۆگرتنی ڕۆژانەی یەك ملیۆن و نیوو نەوتی هەیە - ئەگەر بەتەواوی کاربکات، توانای هەناردەی نەوت لێیەوە بۆ دەرەوە نزیکەی (٤٦٪)ی هەناردەی نەوتی عێراق لە پێش ئەم قەیرانەی گەروی هورمزە[٧٨].
بەڵام کاتێک گەرووەکە داخرا، بۆرییەکە کارا نەبوو. بەشی بێجی-فیشخابور - پەیوەندییەکی گرنگی نێوان پارێزگای سەلاحەدینی باکووری عێراق و دەروازەی سنووری فیشخابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان - لە ساڵی "٢٠١٤" لەلایەن داعشەوە زیانیان پێگەیشتبوو و زیاتر لە دە ساڵە کارپێنەکرابوو[٧٩]. بۆری هەناردەکردنی حکومەتی هەرێم خۆی بۆ جەیهان لە مانگی ئازاری "٢٠٢٣"وە داخراوە، ئەمەش دوای بڕیارێکی دادگای ناوبژیوانی ژووری بازرگانی نێودەوڵەتیی پاریس بوو لە بەرژەوەندیی بەغدا کە فەرمانی بە تورکیا کرد نزیکەی (١,٥) ملیار دۆلار وەک قەرەبوو بداتەوە بە عێراق بەهۆی ئاسانکاریکردنی "هەناردەکردنی نەوتی کوردستان" لەنێوان ساڵانی "٢٠١٤ و ٢٠١٨" بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی بەغدا—— دوای ئەوە ئەنقەرە ڕەوتی وەرگرتنی نەوتی کوردستانی لە بۆری بەندەری جەیهانەوە ڕاگرت[٨٠]. ڕێککەوتنێکی کاتی بە نێوەندگیریی ئەمریکا لە ئەیلوولی "٢٠٢٥"دا ڕێژەیە(کی کەمی ١٨٠،٠٠٠-١٩٠،٠٠٠) بەرمیل لە ڕۆژێکدا (bpd) گەڕاندەوە - زۆر لە خوار توانای بۆرییەکەوە - بەڵام ئەم ڕێککەوتنە بە هۆکاری ئەمنی لە سەرەتای شەڕەکەدا ڕاگیرا[٨١].

### ٥,٣ ڕەهەندە یاسایی و سیاسییەکانی ناکۆکی بۆرییەکانی بەغدا – هەولێر

ناکۆکیی بۆرییەکانی ساڵی "٢٠٢٦"ی نێوان بەغدا و هەولێر تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندێکی قەیرانی هورمز کە کاریگەریی قووڵی لەسەر یاسای دەریا و حوکمڕانی نێودەوڵەتیی وزە هەیە.

کاریگەریی حکومەتی هەرێم بەسەر تاکە ڕێڕەوی جێگرەوەی هەناردەکردنی نەوتی عێراقدا لە ماوەی باری زۆر توندی نائاساییی ناوخۆییدا، جۆرێک لە موزایەدەی ستراتیجی ناوخۆیی پێکدەهێنێت کە لە زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا هاوشێوەی نییە. بەپێی مادەکانی (١١١-١١٢)ی دەستووری عێراق (٢٠٠٥)، کە دەسەڵاتی هاوکات بە هەرێمی کوردستان دەبەخشێت بەسەر سامانە سروشتییەکان و ژێرخانی ناو خاکەکەیدا، حکومەتی هەرێم بنەمایەکی یاسایی زەمینەی هەیە بۆ مەرجدارکردنی هاوکارییەکانی لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییە داراییەکان لەگەڵ بەغدا- تەنانەت لەکاتی حاڵەتە نائاساییەکانی سەردەمی جەنگیشدا[٨٢]. قەیرانەکە دەرئەنجامەکانی شکستێکی پێکهاتەیی گرینگیشی خستەڕوو: نەبوونی ڕێککەوتنێکی درێژخایەن و زەمینەسازی یاسایی لەنێوان بەغدا و هەولێر سەبارەت بە دابەشکردنی داهاتی نەوت، حوکمڕانی بۆری و پارەدان بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییە نەوتییەکان کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن. ڕێککەوتنی کاتی ئەیلوولی "٢٠٢٥" چوارچێوەیەکی بۆ (١٨٠،٠٠٠-١٩٠،٠٠٠) بەرمیل لە ڕۆژێکدا دامەزراندبوو، بەڵام ناکۆکی لەسەر وەرگرتنەوەی تێچوونەکان، پاشەکەوتی زیاتر لە یەک ملیار دۆلار کە قەرزی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بوو، قەدەغەکردنی گواستنەوەی دۆلار لەلایەن بەغداوە ڕێگری لە چەسپاندن و جێبەجێکردنی کرد[٨٣]. "عێراقێک کە بتوانێت نەوتی خاو بۆ دەریای سپی ناوەڕاست بگوازێتەوە، عێراقێکە کە دەتوانێت بڵێت نەخێر بۆ فشارەکانی ئێران، ئیفلیجکردنی ئەم بۆرییە عێراق بە گرێدراو و دەستەمۆی هەمان جوگرافیا دەهێڵێتەوە کە تاران تێیدا باڵادەستە"[٨٤].

> **ڕێڕەوی بۆری کەرکوک-جەیهان - کە لە کەرکوکەوە بە سنووری ئیداری هەرێمی کوردستاندا بۆ بەندەری جەیهانی دەریای ناوەڕاستی تورکیا درێژدەبێتەوە - وەک تاکە جێگرەوەی و اقیعی وشکانی بۆ تر انزێتی هورمزدەبینرێت، کە دەتو انرێت لە چوارچێوەیەکی کاتیی مانادارد ا بەرفراوان و چالاک بکرێت.**

ڕێککەوتنی بۆرییەکانی تورکیا وێنەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەکات. ئەنقەرە ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ڕێککەوتنی ئێستای بۆری نەوتی خاوی عێراق و تورکیا لەگەڵ بەسەرچوونی ڕێککەوتنی بۆری نەوتی خاو لە تەممووزی "٢٠٢٦"، دەچێتەدەرەوە و ئاماژە بە شکستی بەردەوامی عێراق لە گەیاندنی لانیکەم (١،٥) mb/d بەپێی ڕێککەوتنەکە دەکات[٨٥]. وادەی تەممووزی "٢٠٢٦" پەنجەرەیەکی بەپەلە بۆ دانوستانێکی سێلایەنە لەنێوان بەغدا و هەولێر و ئەنقەرە دروست دەکات - دانوستانێک کە دەرئەنجامەکەی ڕاستەوخۆ توانای درێژخایەنی ڕێڕەوی


هەناردەکردنی عێراق دیاری دەکات و بە بەردەوامی، توانای کەمکردنەوەی وابەستەیی پێکهاتەیی بە گەرووی هورمز بەهێزدەکات.

**٥,٤ دەرفەتی ستراتیجی و بەرژەوەندیی یاسایی حکومەتی هەرێم**

قەیرانی گەروی هورمز لە ساڵی "٢٠٢٦" دەرفەتێکی ستراتیجیی مێژوویی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کرد: بۆ ئەوەی خۆی وەک دابینکەرێکی متمانەپێکراوی نەوت و غاز بۆ گەیاندنیان بە دەریای سپی ناوەڕاست بۆ ئەو بازاڕانەی کە بەهۆی داخستنی هورمزەوە پەکیان کەوتووە، جێگیر بکات[٨٦]. ئەم پێگەی ستراتیجییە هەم ڕەهەندی ئابوری و هەم ڕەهەندی یاسایی هەیە. لەڕووی ئابورییەوە، هەر بەرمیلێکی زیادە کە لەڕێگەی ڕێڕەوی کوردستانەوە هەناردە دەکرێت، بەهای ستراتیجی و بازرگانی زیادکراوی هەیە لە هەر قۆناغێکدا کە ترانزێتی هورمز پەککەوتبێت. لەڕووی یاساییەوە، بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەستووری حکومەتی هەرێم بەسەر ژێرخانی ناوچەکەدا - لە کاتێکدا کە لەڕووی سیاسییەوە مشتومڕی لەسەرە - دەکەوێتە چوارچێوەی دەستووری فیدراڵی عێراق و بنەمای سەربەخۆیی دەستووری[٨٧] و هەروەها کێشی کوردستان لە هاوکێشەکانی جیهان و ناوچەکەدا لە بواری ئاسایشی وزەدا بە تایبەت بەرزدەکاتەوە.

کێڵگەی غازی کۆرمۆری هەرێمی کوردستان- سەرچاوەیەکی گەورەی غازی سروشتییە کە چەندین جار بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەلایەن میلیشیاکانی نزیك لە ئێرانەوە هێرشی کراوەتەسەر، لەنێویاندا هێرشێکی تشرینی دووەمی "٢٠٢٥" کە بۆ ماوەیەکی کورت بەرهەمهێنانی تیایدا ڕاگرت – ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو کە ڕەهەندێکی دیکەی بەرکەوتنی ستراتیجیی وزەی هەرێمی کوردستان لەم چوارچێوانەدا و لەم بەریەککەوتنە هەرێمی و جیهانییانەدا هەیە[٨٨]. ئەمریکا و عێراق بەڵێنی دابینکردنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی بۆ کۆرمۆر داوە، بەڵام جێبەجێ نەکراون، بەمەش توانای هەناردەکردنی غازی حکومەتی هەرێم لەبەردەم هێرشە چەکدارییە نادەوڵەتیەکان بەردەوام لە ژێر هەڕەشە و زیاندا ماوەتەوە کە ڕەنگە یاسای پێکدادانی چەکداری و بنەماکانی بەرپرسیارێتیی پاراستن لەخۆبگرێت[٨٩].

لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیی دەریاوە، بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئازادیی کەشتیوانی لەڕێگەی گەرووی هورمزەوە، لە بەرژەوەندییەکانی عێراقەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام لەڕووی یاساییەوە ئەم بەرژەوەندییانە جیاوازن لە بەرژەوەندییەکانی عێراق. داهاتی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان - چ لەڕێگەی بۆری جەیهانەوە بێت یان لە کاتی ئاساییدا لەڕێگەی گەرووەوە - سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان و پێشمەرجێکە بۆ سەربەخۆیی دارایی هەرێمی کوردستان لەژێر سیستەمی فیدراڵی عێراقدا[٩٠].




نەخشەی ژمارە (٣): ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان: وابەستەیی پێکهاتەیی هورمز، بۆری کەرکوک-جەیهان.

## ٧. دەرەنجام

ناکۆکی ئێران و ئیمارات لەسەر دوورگەکانی تونبی گەورە، تونبی بچووک و ئەبوو مووسا، سیستمی یاسایی گەشتکردن بەناو گەرووی هورمزدا، پشتبەستنی ئابوری عێراق و هەرێمی کوردستان بە کراوەیی گەرووەکە دەرئەنجامێکی ئاڵۆزی یاسایی لەسەر پرسەکانی تایبەت بە خاک و هەرێم، دەریا و ئاسایشی وزە لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا پێکدەهێنن. پێکدادانی ساڵی "٢٠٢٥-٢٠٢٦" ئەم کێشانەی لە ناکۆکییە درێژخایەنەکانی دیپلۆماسییەوە بۆ قەیرانی توند گۆڕیوە کە کاریگەری جیهانی لەسەر هەموو دەوڵەتان دروستکردووە.

پشکی یاسایی هەر لایەنێک لە پانتایی خاکدا، جێی ناکۆکییە و مشتومڕی لەسەرە. بنیاتنەرترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردن بریتییە لە بڕیاردان لەلایەن دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە – وەک چۆن ئیمارات، ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو، کۆمکاری عەرەبی، یەکێتیی ئەوروپا، بەریتانیا و چین چەندین جار پێشنیازیان کردووە. لە ئامادەنبوونی ناوبژیوانیدا، ڕێککەوتنێکی دانوستاندن لەسەر ناوچەی گەشەپێدانی هاوبەش – کە لە نموونەی وەک ناوچەی گەشەپێدانی هاوبەشی ژاپۆن-کۆریای باشوور لە ساڵی "١٩٧٤" یان چوارچێوەی گەڕان بەدوای نەوتی دوورگەکانی

فۆڵکلاند ئەرجەنتین-بەریتانیا لە ساڵی "١٩٩٢" – دەتوانێت گرژییەکان کەم بکاتەوە بەبێ ئەوەی پێویست بکات ئێران بە فەرمی دەستبەرداری داواکاری سەروەریی بێت. خۆبواردن و ڕەتکردنەوەی ئاشکرای ئێران لە قبوڵکردنی ناوبژیوانی یان دانوستانی لایەنی سێیەم خۆی جۆرێکە لە هەڵسوکەوتی یاسایی کە بە تێپەڕبوونی کات زیان بە مافە یاساییەکانی ئێران دەگەیەنێت.

سیستمی یاسایی گەرووی هورمز کە بە بڕیارنامەی (٢٨١٧) پشتڕاست کراوەتەوە و کۆدەنگییەکی جیهانی لەم بوارەدا هاتۆتە ئاراوە. تێپەڕبوونی ترانزێت بەناو گەرووەکەدا ناتوانرێت لەلایەن ئێران یان هەر دەوڵەتێکی دیکەی کەنار دەریاوە دابخرێت، ڕابگیرێت، یان لە بەرانبەر باج و پارە و رسووماتدا بێت. (UNCLOS، ١٩٨٢، مادەکانی ٣٧-٤٤؛ CTS، ١٩٥٨، مادەی ١٦(٤)). پەسەندنەکردنی UNCLOS لەلایەن ئێرانەوە، لە پابەندبوون کە ڕەگ و ڕیشەی لە یاسای نێودەوڵەتیی باو و عورفیی و CTS ١٩٥٨دا هەیە، ڕزگاری ناکات و دەبێت ڕێگە بە کەشتیوانی بێ بەربەست و ئاستەنگ بدات.

پشتبەستنی عێراق بە ڕێژەی (٩٤٪) بە ترانزێتی هورمز و ئەو کارەساتە داراییەی کە بەهۆی داخستنی گەرووەکەوە سەریهەڵداوە، مەترسییەکی سیستماتیکی بۆ سەقامگیریی ناوچەکە و ئاسایشی وزەی جیهانی و یەکگرتوویی خاکی دەوڵەتی عێراق پێکدەهێنێت. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- لەوانەش ئەمریکا، یەکێتیی ئەوروپا و تورکیا- بەرژەوەندییەکی تایبەتییان هەیە لە ئاسانکاری بۆ چارەسەرکردنی بەردەوامی کێشەی بۆرییەکانی بەغدا-هەولێر، ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی نوێی بۆری نەوتی خاوی عێراق-تورکیا پێش بەسەرچوونی لە تەمموزی "٢٠٢٦"، پەرەپێدانی ژێرخانی بۆریی زیادە بۆ هەمەچەشنکردنی ڕێڕەوی هەناردەکردنی عێراق. پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دابینکەرێکی متمانەپێکراوی وزە لەڕێگەی دەریای سپی ناوەڕاستەوە- ئەگەر بە چوارچێوەی یاسایی و دارایی سەقامگیر پشتگیریی بکرێت- یەکێکە لەو دەرئەنجامە بنیاتنەرانەی سیاسەتی نیشتمانیی کە قەیرانی ساڵی "٢٠٢٦" ڕەنگە ئاسانکاری بۆ بکات.

لە کۆتاییدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی پێویستە بەپەلە پەرە بە ڕێنمایی یاسایی ڕوونتر بدات سەبارەت بە بەکارهێنانی مافی تێپەڕبوونی ترانزێت لە بارودۆخی جەنگی چەکداریدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە قەیرانی ساڵی "٢٠٢٦" بە زەقی بۆ جاری یەکەم سەریانهەڵداوە. گەرووی هورمز تەنها ڕێڕەوێکی کەشتیوانی نییە. بەڵکو پێویستە بە داڕشتنێکی یاسایی ورد بۆ ئەم جۆرە تەنگە و گەرووانە، کە لەلایەن UNCLOS، یاسای نێودەوڵەتیی نەریتی و بڕیارنامەی (٢٨١٧) پشتڕاستکرابێتەوە، دەبێت مافی دەریاوانی و تێپەڕبوونی ترانزێت و ئازادیی کەشتیوانی بۆ هەمووان و هەروەها ماف و ئاسایشی نیشتمانی دەوڵەتانی کەناراو دەستەبەربکرێت.

## لیستی پەراوێزو سەرچاوەکان:

1. Greater Tunb
2 . Lesser Tunb
3 . Abu Musa
4 . The 1982 United Nations Convention on the Law of the Sea (UNCLOS 1982)
5 . Territorial sea
6 . Contiguous Zone
7 . Convention on the Territorial Sea and the Contiguous Zone (CTS 1958)
8 . Operation Epic Fury
9 . the Persian Gulf Straits Authority (PGSA)
10. International Energy Agency (IEA). (2026، February). Strait of Hormuz Factsheet. https://iea.blob.core.windows.net/assets/Strait-of-Hormuz-2026-Factsheet.pdf
11 . International Energy Agency (IEA). (2026، March). Oil Market Report — March 2026. Paris: IEA
12 . U.S. Energy Information Administration (U.S. EIA). (2024). Strait of Hormuz: World's most important oil chokepoint. U.S. Department of Energy.
13 . effective administration
١٤ . دهشیری، م.ر. (١٣٩٩). جزیرەهای سەگانە و نظام حقوق بین‌الملل. تهران: موسسه مطالعات حقوق..
مجتهدزاده، پ. (١٣٨٥). امنیت و قلمروگرایی در خلیج فارس: جغرافیای سیاسی دریایی..
15 Schofield، C. (2000). The Tunbs and Abu Musa Islands: Ownership and legal status. In R. Schofield (Ed.)، Territorial foundations of the Gulf states (pp. 98–127). UCL Press.
16 . continuous and effective administration
١٧. بنەمای پاراستنی سنوورەکانی پێشوو Uti possidetis juris بنەمایەکی یاسای نێودەوڵەتییە؛ باس لەوە دەکات کە دەوڵەتە سەرەوەرە تازە پێکهاتووەکان سنوورە ئیدارییە پێشوەختەکانی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی یان ئیمپراتۆری پێشوویان بە میرات وەربگرن. ئامانجی سەرەکیی پاراستنی سەقامگیری خاک و ڕێگریکردنە لە ململانێ لەسەر سنوورەکان لە دوای سەربەخۆیی
18 Shaw، M. N. (2017). International law (8th ed.). Cambridge University Press.; Crawford، J. (2006). The creation of states in international law (2nd ed.). Oxford University Press
19 Beedham، B. (1972). The Persian Gulf Islands: A British view. International Journal، 27(1)، 98–112.
20 Khalaf، S. (1979). Gulf societies and the image of unlimited good. Dialectical Anthropology، 4(2)، 131–150.
21 UAE Ministry of Foreign Affairs. (2022). Occupied UAE islands: A chronological record. UAE Government.
22 Schofield، C. (2000). The Tunbs and Abu Musa Islands: Ownership and legal status. In R. Schofield (Ed.)، Territorial foundations of the Gulf states (pp. 98–127). UCL Press; Kienle، E. (1993). After victory: Divisive loyalties and the emergence of new blocs in the Arab world. British Journal of Middle Eastern Studies، 20(2)، 161–174.
23 UAE Ministry of Foreign Affairs، 2022
24 Al Murry، N. M. (2010). The crystallised dispute: A legal analysis of the occupied UAE islands of

Abu Musa and the Tunbs. Emirates Center for Strategic Studies and Research.
25 Responsible Statecraft. (2026). Is UAE instigating a US seizure of long-disputed Gulf islands? Responsible Statecraft.
26 Responsible Statecraft، 2026.
٢٧. بنەمای یاسای نێوان کاتەکان the principle of intertemporal law بڕیار دەدات کە پێویستە داوای یاسایی یان ناکۆکییەک بە بەکارهێنانی ئەو یاسا و ستانداردە یاساییانە هەڵسەنگێندرێت کە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکاندا کاریگەر بوون، نەک ئەو یاسایەی کە لە کاتی هێنانەکایەی بابەتەکەدا و دادگاییکردنیدا بەرکارن.

٢٨. "critical date". لە ناکۆکییە یاسایی و خاکییەکاندا – بە تایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی دادگای دادی نێودەوڵەتیدا – «بەرواری گرینگ» ئەو ساتەوەختە مێژووییە وردەیە کە ناکۆکییەک سەرهەڵدەدات. وەک هێڵی کاتیی کاردەکات و ئەو کارە خۆپەرستانە بەدەر دەکات کە لایەنێک دوای سەرهەڵدانی ناکۆکییەکە ئەنجامی دەدات.
29 Crawford، 2006; Brownlie، 2008; Shaw، 2017
30 Island of Palmas Case، 1928; Sovereignty over Pulau Ligitan and Pulau Sipadan، ICJ، 2002
31 Higgins، 1994
٣٢. دهشیری، م.ر. (١٣٩٩). ، جعفری ولدانی، ع. (١٣٨٩/٢٠١٠). ژئوپلیتیک تنگه هرمز و روابط ایران و عمان. فصلنامه علوم سیاسی، ٣، ٣٥-٦٧.
٣٣. عادلی. م (١٣٩٤) ایران و کنوانسیون حقوق دریا. تهران موسسەی مطالعات سیاسی و بین المللی
٣٤. مجتهدزاده، پ. (١٣٨٥).
٣٥. کاشانی، م. (١٣٩٦). یادداشت تفاهم ١٩٧١ در موازات حقوق بین‌الملل. مجله روابط خارجی ایران، ٢٩(٣)، ٥٥-٨٨
٣٦. بیگ‌زاده، ا.، و اشتری، ن. (١٤٠٢). اهلیت اکتساب سرزمین از سوی نهادهای مادون دولت: مطالعه موردی قواسم. مجله حقوق بشر و شهروندی
٣٧. مشرق نیوز ٢٠٢٥
38 Frontier Dispute (Burkina Faso v. Republic of Mali). (1986). ICJ Reports 1986; Shaw، 2017
39 Al Murry، 2010; UAE Ministry of Foreign Affairs، 2022
40 Crawford، 2006
٤١ مادەی ٣٦ی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای دادی نێودەوڵەتی
42 Kohen، M. G. (2001). Possession contestée et souveraineté territoriale [In French]. Graduate Institute، Geneva
43 UAE Ministry of Foreign Affairs، 2022; GCC Secretariat، 2023; Arab League، 2024
44 U.S. EIA، 2024
45 Traffic Separation Scheme (TSS)
46 Caminos، H.، & Cogliati-Bantz، V. P. (2014). The legal regime of straits: Contemporary challenges and solutions. Cambridge University Press.; Churchill، R. R.، & Lowe، A. V. (1999). The law of the sea (3rd ed.). Manchester University Press.
47 IEA، 2026
48 IEA، 2026; U.S. EIA، 2024
49 UNCLOS، 1982، Art. 37
50 Exclusive Economic Zone (EEZ)

51 Tanaka، Y. (2015). The international law of the sea (2nd ed.). Cambridge University Press.، Rothwell، D. R.، & Stephens، T. (2016). The international law of the sea (2nd ed.). Hart Publishing.

52 UNCLOS، 1982، Art. 38

53 UNCLOS، 1982، Art. 44

54 Proelss، A. (Ed.). (2017). United Nations Convention on the Law of the Sea: A commentary. Nomos/Hart.

55 Caminos & Cogliati-Bantz، 2014; Churchill & Lowe، 1999

56 CTS، 1958، Art. 16(4)

57 Beckman، R. (2009). Navigational rights in the Strait of Hormuz. International Journal of Marine and Coastal Law، 24(1)، 43–71; Tanaka، 2015

58 Proelss، 2017

59 . package deal

60 Iranian Declaration، 1982

61 . opinio juris

62 Brownlie، I. (2008). Principles of public international law (7th ed.). Oxford University Press.; Tanaka، 2015

63 Freedom of Navigation (FON)

64 Lawfare. (2026، March 23). The Strait of Hormuz and the limits of maritime law. https://www.lawfaremedia.org/

65 Corfu Channel Case (United Kingdom v. Albania). (1949). ICJ Reports 1949، p. 4.

66 Brownlie، 2008; Tanaka، 2015; Proelss، 2017; Rothwell، D. R.، & Stephens، T. (2016). The international law of the sea (2nd ed.). Hart Publishing.

67 . Persistent Objector Doctrine

68 Deligiannis-Virvos، K. (2026، May 6). The closure of the Strait of Hormuz by Iran: Considerations over the law of the sea and law of naval warfare. Opinio Juris. https://opiniojuris.org/2026/05/06/ ; Dinstein، Y. (2010). The conduct of hostilities under the law of international armed conflict (2nd ed.). Cambridge University Press

٦٩ . اعتمادی. (۲۰۲۶/۱۴۰۵). پنج ظرفیت حقوق ایران برای اعمال کنترل بر تردد کشتی‌ها در تنگه هرمز. وبلاگ مکران آریا دریا

70 Cordesman، 2014; Bahrain Commission، 2025; AGSI، 2025

٧١ . حافظنیا، م.ر. (۱۳۷۱). خلیج فارس و نقش استراتیجیک تنگه هرمز. تهران: انتشارات سمت؛ صفوی، ر. (۱۳۹۲). حاکمیت بر تنگه هرمز از مؤلفه‌های تأثیرگذار بر وزن ژئوپلیتیکی ایران. روزنامه همشهری.

72 U.S. Energy Information Administration (U.S. EIA). (2024، July 14). Country analysis brief: Iraq. ttps://www.eia.gov/international/content/analysis/countries_long/Iraq/Iraq_2025.pdf ، U.S. Energy Information Administration (U.S. EIA). (2025). Iraq oil statistics — 2025 annual data. U.S. Department of Energy. Middle East Institute (MEI). (2026، March 16). Iraq's oil paralysis: A self-inflicted wound and a gift to Tehran. https://mei.edu/commentary/

73 IEA، 2026; MEI، 2026

74 U.S. EIA، 2025

75 U.S. EIA، 2024
76 Foundation for Defense of Democracies (FDD). (2026، May 5). Iraq is envisioning new oil pipelines — but they are likely a pipe dream. ; Middle East Institute (MEI). (2026، March 16). Iraq's oil paralysis: A self-inflicted wound and a gift to Tehran.
77 MEI، 2026
78 FDD، 2026
79 ibid
80 MEI، 2026
81 FDD، 2026; MEI، 2026
82 MEI، 2026; FDD، 2026
83 MEI، 2026; FDD، 2026
84 . Middle East Institute، 2026
85. FDD، 2026; MEI، 2026
86. Innov8 / KRI Strategic Advisory. (2026، March 31). The global energy crisis and KRI's pipelines: An alternative to Hormuz. https://innov8.krd/4231
٨٧. دەستووری عێراق، ٢٠٠٥، مادەکانی ١١١-١١٥
88. FDD، 2026
89. Innov8، March 2026
90. U.S. EIA، 2024



# سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان، هۆکارێك بۆ ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

بەهجەت ئەحمەد
خوێندکاری دکتۆرا و پسپۆڕ لە بواری وزەدا

## پێشەکی

تایبەتمەندیی شوێنی جوگرافی و هەبوونی یەدەکێکی زۆری هایدرۆکاربۆنی لە ژێر خاکەکەیدا، پێگەیەکی بەهێزی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر نەخشەی جیهانی بەخشیوە، ئەم تایبەتمەندییانەش بە درێژای مێژوو بووەتە هۆی دروستبوونی ململانێی توند لەنێوان زلهێزەکاندا، کە هەر یەکەیان بۆ ئامانجێکی ستراتیجی خۆی لەم ناوچەیەدا ململانێی ڕکابەرەکانی دەکات.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەرێکی خاکی فراوانی هەیە، کە ئەمەش وایکردووە دابەشبوونی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکانی بەشێوەیەکی نارێك و جیاواز لەنێوان وڵاتەکانی ئەم ناوچەیەدا دابەشببێت، بەشێوەیەك وڵاتانی سەر کەنداو پشکی شێریان لە هەبوونی سەرچاوەی هایدرۆکاربۆن بەردەکەوێت، بەڵام وڵاتەکانی تر کەمترین ڕێژەیان هەبێت یاخود هەر نەیان بێت، ئەم جیاوازییە جیولۆجییە وایکردووە کە ململانێی زلهێزەکان بەراورد بە وڵاتەکانی تری ناوچەکە زیاتر لە وڵاتانی کەنداو توندتر بێت.

شێوازی ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابورییەکان لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، کە لەسەرەتادا دوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم، بە دوو جەمسەری لەنێوان یەکێتی سۆڤێت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستیپێکرد، کە ئەمەش وایکرد وڵاتانی خاوەن سەرچاوەی هایدرۆکاربۆنی لەنێوان هەردوو جەمسەرەکە دابەش بن، دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت لە ساڵی "١٩٩١" سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندیی نێودەوڵەتیی دروست بوو، دەرفەت

بۆ دروستبوونی تاك جەمسەری و باڵا دەستی ئەمریکا هاتەکایەوە و لەدوای دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك، بەهۆی گۆڕانکارییە ئابوورییەکان دۆخێکی نوێ دروستبووە، کە تێدا ژمارەیەك وڵات لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکان بتوانن خۆڕێکخستن بکەن تا وەك هێزێکی ئابوری نێودەوڵەتی، کێبڕکێ بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی وزەی وڵاتەکانیان بکەن، کە ئەمەش بووە هۆی توندتر بوونی ململانێکان و دروستبوونی مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەیەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا.

لەم توێژینەوەیەدا لێکۆڵینەوە دەکرێت، لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکاریی لە شێوازی ململانێکان بەپێی گۆڕان لە سیستمی نێودەوڵەتی و ڕۆڵی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان لە توندبوونی ململانێکان لە سەردەمی دوو جەمسەری، تاك جەمسەری و دۆخی نوێی سیستمی نێودەوڵەتییدا.




نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## تەوەری یەکەم
## یەدەکی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەڕای گرنگی پێگە جوگرافییەکەی لەسەر نەخشەی جیهان، بە سەرەکیترین ناوچە بۆ دابینکردنی وزەی هەموو وڵاتانی جیهان دادەنرێت، گەورەترین کۆگای هایدرۆکاربۆنی کەوتووەتە ژێر زەوی وڵاتانی ئەم ناوچەیە، بەتایبەت وڵاتانی کەنداو، کە بەپێی نوێترین داتاکان تا کۆتایی ساڵی "٢٠٢٥" یەدەکی سەلمێنراوی هایدرۆکاربۆنی وڵاتانی

ناوچەکە بە (١،٣٥) تریلیۆن بەرمیل نەوتی هاوتا دەخەملێنرێت، کە توانای دەرهێنانی هەبێت، هەر بۆیە دروستبوونی گرژییەکان بەهۆی ململانێی زلهێزەکان لە ناوچەکەدا، کاریگەریی گەورەی کردووەتە سەر سەقامگیریی نرخ لە بازاری وزەی جیهان و ئاسایشی وزەی جیهان، بەتایبەت بۆ وڵاتانی پیشەسازی گەورە، هەر بۆیە هەموو وڵاتان هەوڵدەدەن ئاسایشی وزەی وڵاتەکەکانیان مسۆگەر بێت، کە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی ئەو ململانێ توندەیە کە لە سەرەتای دۆزینەوەی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان لەم ناوچەیە دروست بووە و تا ئێستاش بەردەوامە[١].

نەخشەی دابەشبوونی یەدەکی هایدرۆکاربۆن بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازە، کە ئەمەش وایکردووە بە بڕ و کوالیتی جیاواز لەنێوان وڵاتەکان دابەشبێت، بەشێك لە کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی هایدرۆکابۆنەکان لە ناوچە وشکاییەکان هەبێت و هەندێکی تریان بکەونە ناوچە ئاوییەکان، بەهەمان شێوە بڕی یەدەکی ئەو کێڵگانە جیاواز بن، بەشێوەیەك لەسەر کێڵگەی بچوك و مام ناوەند و گەورەدا دابەش بن، بەشێك لەم کێڵگانە، نەوتی خاوی تێدا بەرهەم بێت لەگەڵ بڕێك لە غازی سروشتی هاوەڵ، کە ڕێژەی غازە هاوەڵەکە پشت دەبەستێت بە جۆری نەوتە خاوەکە لەڕووی قورس و سوکی نەوتەکەوە، هەروەها بەشێکی تریش لە کێڵگەکان، کێڵگەی غازین و تێدا غازی سروشتی ئازاد بەرهەم دێت لەگەڵ بڕێکی کەم لەنەوتی خاو و هەندێك کۆندێسێت.

تایبەتمەندیی جۆری ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وایکردووە، کە بەراورد بە وڵاتەکانی تری ناوچەکە وڵاتانی ناوچەی کەنداو ببنە گۆڕەپانی ململانێی زلهێزەکان بۆ وزە، ئەویش بەهۆی هەبوونی بڕی یەدەکی هایدرۆکاربۆنییەکانی زۆر لە وڵاتانی ناوچەی کەنداودا، بەپێی نوێترین داتاکانی تایبەت بەم شێوەیە یەدەکی هایدرۆکاربۆنیی لەنێوان وڵاتانی ناوچەی کەنداودا دابەشبووە:

**یەکەم: ئێران**

ئێران بە گرنگترین وڵات لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت لەڕووی هەبوونی یەدەکی سەلمێنراوی هایدرۆکاربۆنییەکان، بەشێوەیەك لە پلەی دووەمدا دێت بۆ هەبوونی یەدەکی غازی سروشتی لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە پلەی چوارەمدا دێت لەسەر ئاستی جیهان، تایبەت بە یەدەکی نەوتی خاو، لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی سێهەمدایە، لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پلەی دووەمدایە.

بەپێی داتا فەرمییەکانی ئێران لە کۆتای ساڵی "٢٠٢٥"، یەدەکی سەلمێنراوی ئەو وڵاتە بۆ نەوتی خاو گەیشتووەتە (٢٠٩) ملیار بەرمیل نەوتی خاو کە توانای دەرهێنانی هەیە و مەزەندە دەکرێت یەدەکی غازی سروشتی سەلمێنراو بگاتە (١،٢) تریلیۆن پێ سێجا[٢].

بەشێکی زۆری کێڵگە غازیەکانی ئێران کەوتووەتە هەرێمە ئاوییەکان، ئەمەش وایکردوە تێچووی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی گرانتر بێت بەراورد بە تێچووی بەرهەمهێنان لە وڵاتانی تری ناوچەکە، بەهۆی سزاکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا کاریگەریی زیاتریان هەبووە بۆ گرانتربوونی تێچووی بەرهەمهێنان، سەرەڕای ئەمەش، بەرهەمهێنان لە هەرێمە ئاوییەکاندا پێویستی بە توانایەکی هونەری بەرزتر هەیە لەگەڵ تەرخانکردنی بودجەیەکی زیاتر، کە کۆماری ئیسلامی ئێران نەیتوانیوە دابینیان بکات، بۆیە بەشێوەیەکی بەردەوام ئاستی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی لەم وڵاتە ڕوو لە دابەزین بووە، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی ڕابردوو، بە شێوەیەك کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی ناتوانێت خواستی تەواوی ناوخۆی وڵات دابین بکات، بۆیە بە ناچاری هەندێکجار هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی ئێران ڕاگرتوە، یاخود هەناردەکردنی کەم کردووەتەوە بۆ هەندێك وڵات وەك تورکیا و عێراق[٣].

**دووەم : عێراق**

لە یەدەکی هایدرۆکاربۆنیدا عێراق بەیەکێك لە وڵاتە بەهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، یەدەکی نەوتی خاوی سەلمێنراوی مەزەندە دەکرێت بە (١٤٥) ملیار بەرمیل نەوتی خاو کە توانای دەرهێنانی هەبێت، لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی پێنجەم دێت، لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلەی سێهەم دێت، هەر بۆیە بووەتە جێگەی سەرنجی زلهێزەکان لەناوچەکەدا و بەشێکی زۆری ململانێکان ئەم وڵاتەی گرتووەتەوە، بەڵام ڕێژەیەکی کەمتر لە غازی سروشتی ئازادیی هەیە، کە ناتوانرێت بۆ پڕکردنەوەی خواستی ناوخۆیی پشتی پێ ببەستێت، بەشێکی زۆری بەرهەمی غازی سروشتیەکەی بریتییە لە غازی هاوەڵ[٤] کە لەگەڵ بەرهەمهێنانی نەوتی خاو بەرهەم دێت[٥].

کەرتی پیشەسازیی نەوتی عێراق بەشێوەیەکی گشتی زیانێکی زۆری پێگەیشتووە، ئەویش بەهۆی ئەو دۆخە سیاسی و سەربازییە نالەبارانەی بەسەریدا هاتووە، بەتایبەت پاش دەستبەکاربوونی سەدام حسین، کە پاش ماوەیەکی کەم لە ساڵی (١٩٨٠) لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران جەنگی هەڵگیرساند، کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام بوو، بەهۆیەوە دامەزراوە نەوتییەکانی عێراق کرانە ئامانجی سەربازی، بووە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە وڵاتدا، بەشێوەیەك کە بەرهەمهێنان تەواو کەمتر بوو بەراورد بە ساڵانی پێشووتری.

لە ساڵی "١٩٧٢" دوای بریاری خۆماڵیکردنی کەرتی نەوتی عێراق، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو ڕۆژانە گەیشتە (١) ملیۆن و (٤٧٠) هەزار بەرمیل، کە دواتر بەهۆی پەرەپێدان لە کێڵگە نەوتییەکان و پێشخستنی ژێرخانی پیشەسازییە نەوتییەکان لە ساڵی "١٩٧٩"، ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانە بۆ (٢) ملیۆن و (٤٦٤) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەوە،

بەڵام دوای هەڵگیرسانی جەنگ، لە ساڵی "١٩٨٤" ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو دابەزی بۆ (١) ملیۆن و (٢٢١) هەزار بەرمیل ڕۆژانە، کە داهاتی ئەم بڕەش زۆر کەمتر بوو لە خەرجییەکانی عێراق لەو کاتەدا، بۆیە عێراق تووشی کورتهێنانێکی گەورەی بودجە بوو، کە بووە هۆی هەڵتەکاندنی ژێرخانی پیشەسازی نەوتییەکان، بەڵام دوای ڕاوەستانی جەنگ لە ساڵی "١٩٨٨"، دووبارە توانرا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو بۆ (٢) ملیۆن و (٧٤٥) هەزار بەرمیل نەوتی خاوی ڕۆژانە بەرز بکرێتەوە، دواتر دوای داگیرکردنی کوەیت و پرۆسەی سەربازی گەردەلولی بیابان لەلایەن هێزی هاوپەیمانان لە ساڵی "١٩٩١"، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە عێراق دابەزینێکی گەورەتری تۆمار کرد و تەنها توانراوە بەشی پێداویستی ناوخۆ نەوتی خاو بەرهەم بهێنرێت، کە تەنها بڕەکەی (٥٦١) هەزار بەرمیل نەوتی خاوی ڕۆژانە بووە[٦].

**تایبەتمەندیی شوێنی جوگرافی و هەبوونی یەدەکێکی زۆری هایدرۆکاربۆنی لە ژێر خاکەکەیدا، پێگەیەکی بەهێزی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر نەخشەی جیهانی بەخشیوە، ئەم تایبەتمەندییانەش بە درێژای مێژوو بووەتە هۆی دروستبوونی ململانێی توند لەنێوان زلهێزەکاندا، کە هەریەکەیان بۆ ئامانجێکی ستراتیجی خۆی لەم ناوچەیەدا ململانێی ڕکابەرەکانی دەکات.**

ئەو دۆخە سیاسییانەی کە بەسەر عێراقدا تێپەڕیوە کاریگەریی گەورەی کردووەتە سەر پێگەکەی لە بازاڕی وزەی جیهاندا، بەشێوەیەك دوای سەپاندنی بڕیاری ئابلوقەی ئابوریی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لە چارەکی کۆتایی ساڵی "١٩٩٠" تا پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی "٢٠٠٣"، عێراق تووشی دۆخێکی کەنارگیر و دابڕان بووە لە بازاری وزەی جیهان، بەڵام ئەو دۆخە نەیتوانیوە کاریگەریی لەسەر پێگەی عێراق لەسەر نەخشەی وزەی جیهان هەبێت، ئەویش بەهۆی هەبوونی یەدەکێکی مەزن لە هایدرۆکاربۆن لەژێر خاکەکەیدا، کە وایکرد لە هاوکێشەی ململانێی زلهێزکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگەی مشتومڕ بێت، تا گەیشت بەوەی لەدوای ڕووداوەکانی "١١"ی سێبتەمبەری "٢٠٠١"، دووبارە عێراق بخرێتەوە ململانێی زلهێزەکان لە ناوچەکەدا، تا بتوانرێت دووبارە سوود لە سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکەی وەربگیرێت و ئیتر بە ڕاگیراوی نەمێنێتەوە.

**سێهەم: شانشینی سعودیە**

شانشینی سعودیە بەهێزترین ئەندامی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێك)ە، ئەویش بەهۆی بەهێزی ژێرخانی پیشەسازیە نەوتیەکانی و بەرزی ئاستی بەرهەمهێنانە لەم وڵاتەدا، سەرەڕای هەبوونی ڕێژەیەکی مەزن لە یەدەکی سەلمێنراو لە هایدرۆکاربۆن، کە بەپێی نوێترین داتا، یەدەکی سەلمێنراوی نەوتی خاوی (٢٦٧) ملیار بەرمیل نەوتی خاو و یەدەکی غازی سروشتیشی (٢٨٨) تریلیۆن پێ سێجایە، بەڵام ڕێژەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی خاوی لە غازی سروشتی زیاترە[٧].

جێگیری دۆخی سیاسیی ناوخۆیی شانشینی سعودیە یەکێکە بووە لە هۆکاری بەهێزبوونی پێگەکەی لە ناو ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت، چونکە بەو هۆیەوە توانیوێتی ژێرخانی پیشەسازیی نەوتی وڵاتەکەی بەهێز بکات، کە ئەمەش هاوکار بووە تا پەرەپێدانی زیاتر لە کێڵگە نەوتییەکانیدا بکات و ئاستی بەرهەم هێنان بەشێوەیەکی بەردەوام بەرزبکاتەوە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر پێگەی سیاسیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئابوریەکەی هەبووە[٨].

**چوارەم : کوەیت**

کوەیت سەرەڕای بچوکی ڕووبەری خاکەکەی، بەڵام سەرچاوە هایدرۆکاربۆنەکانی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی پێگەیەکی بەهێزیان بۆ فەراهەم کردووە، کە مەزەندە دەکرێت یەدەکی نەوتی خاوی سەلمێنراوی بگاتە (١٠٠) ملیار بەرمیل، کە لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی حەوتەم دێت، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە پلەی چوارەم دێت. هەروەها مەزەندە دەکرێت یەدەکی غازی سروشتی سەلمێنراوی وڵاتەکە بگاتە (٧٠) تریلیۆن پێ سێجا، کە بەشێکی زۆری لە جۆری غازی سروشتی هاوەڵە و تەنها بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکاردەهێنرێت. توانای هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی خاوی وڵاتەکەش ڕۆژانە (٢) ملیۆن و (٦٠٠) هەزار بەرمیلە[٩].

بەهۆی پەلاماری ڕژێمی پێشووی عێراق بۆ سەر کوەیت لە ئابی ساڵی "١٩٩٠" و ئەو لێکەوتانەی لەو جەنگە کەوتەوە، کەرتی نەوتییەکەی تووشی زیانێکی گەورە بوو، بەشێوەیەك کە ژێرخانی پیشەسازیە نەوتییەکان هەمووی لەکارکەوت و زیاتر لە (٦٠٠) بیری نەوتی بەرهەمهێنەری گڕیان گرت، سەرەڕای زیانە ئابورییەکانی کارەساتێکی ژینگەی گەورەی بۆ وڵاتانی ناوچەکەش دروستکرد.

**پێنجەم: ئیمارات**

ئیمارات یەکێکە لە وڵاتە بەهەمهێنەرەکانی هایدرۆکاربۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە

پێگەیەکی بەهێز هەیە لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی، مەزەندە دەکرێت یەدەکی سەلمێنراوی نەوتی خاوی بە (١١٠) ملیار بەرمیل نەوتی خاو، کە لە سەر ئاستی جیهان لە پلەی شەشەم دێت و لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەلات لە پلەی چوارەم دێت، هەروەها یەدەکی سەلمێنراوی غازی سروشتی بە (٢١٥) تریلیۆن پێ سێجایە، کە لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی دەیەم دێت، لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پلەی پێنجەمە[١٠].

کێڵگە نەوتی و غازییەکانی ئیمارات بە نارێکی بەسەر ئیمارەکاندا دابەشبوون، بەشێوەیەك زۆرترین ژمارەی کێڵگەکان کەوتووەتە ئیمارەی ئەبوزەبی و کەمترینیش کەوتووەتە ئیمارەی عجمان، ئیمارەکانی دبی و شارقە و رأس الخیمە ژمارەیەك کێڵگەی نەوتی و غازیان تێدایە، بەڵام برێکی کەمتر بەرهەمهێنانیان تێدا دەکرێت.

> **نەخشەی دابەشبوونی یەدەکی هایدرۆکاربۆن بەسەروڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازە، کە ئەمەش وایکردووە بە برو کوالیتی جیاوازلەنێوان وڵاتەکان دابەشبێت**

ئەم شێوازە لە دابەشبوونی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان کاریگەریی کردووەتە سەر ڕۆڵ و پێگەی سیاسی و ئابوریی ئیمارەتەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بەشێوەیەك ئیمارەی ئەبوزەبی ڕۆڵ و پێگەیەکی بەهێزتری بەراورد بە ئیمارەکانی تر هەیە، بۆیە ڕۆڵێکی بەهێزتری لە دارشتنی یاسای بوودجەی فیدراڵی هەیە، چونکە سەرچاوەیەکی بەهێزی دابینکردنی داهاتی گشتی فیدرالییە، لەسەر ئاستی دەرەکیش لە پرسە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵی سیاسیی ئیماراتی بەگشتی وەك وڵاتێکی فیدراڵی بەهێزکردووە.

سەرەڕای هەبوونی نارێکی لە دابەشبوونی بەرهەمهێنان لە کێڵگە نەوتییەکان، بەڵام ئیمارات بەشێوەیەکی ناوەندی پرۆسەی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی هایدرۆکاربۆنییەکان ئەنجام دەدات، لەرێگەی کۆمپانیای پترۆڵی ئەبوزەبی(أدنوك)، داهاتی فرۆشتنی هایدرۆکاربۆنییەکان لە بودجەی گشتی فیدرالی بەسەر هەموو ئیمارەکاندا دابەشدەکرێت. بەمەش جۆرێك لە دادپەروەریی دارایی لەنێوان ئیمارەکاندا پەیڕەودەکرێت، گەرچی زۆرترین بەرهەمهێنانی هایدرۆکاربۆنەکان کەوتووەتە سنوری جوگرافی ئیمارەی ئەبوزەبی[١١].

**شەشەم: قەتەر**

وڵاتی قەتەر لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری غازی سروشتییە، بە پلەی دووەم دێت لەسەر ئاستی جیهان، پێشکەوتووترین پیشەسازیی بۆ

بەرهەمهێنانی غازی سروشتی شلکراو LNG هەیەو تا بتوانێت لەرێگەی دەریاوە هەناردەی وڵاتانی جیهان بکات.

مەزەندە دەکرێت وڵاتی قەتەر یەدەکی غازی سروشتی سەلمێنراوی بگاتە (٩٠٠) تریلیۆن پێ سێجا، ئەمەش لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی چوارەم دێت و لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پلەی دووەم. بەڵام لەڕووی یەدەکی نەوتی خاو بڕێکی کەمتری هەیە، کە ناتوانێت کێبرکێکی سیاسی و ئابوریی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە پێبکات هاوشێوەی غازی سروشتی، کە مەزندە دەکرێت بگاتە (٢٥) ملیار بەرمیل نەوتی خاو، کە لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی پانزەهەم دێت، لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە پلەی نۆیەمدایە[١٢].

هەرچەندە ڕووبەری خاکەکەی بچوکە، بەڵام زۆری سەرچاوە هایدرۆکاربۆنەکانی قەبارەیەکی گەورەتریان لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی پێداوە، بەشێوەیەك کە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بڕیارە سیاسی و ئابورییەکان هەبێت، ڕۆڵێکی گەورەی لە مسۆگەرکردنی ئاسایشی وزەی وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا هەبێت، کە ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە تا بتوانێت وەبەرهێنان لە بەشێك لەو وڵاتانەدا بکات، لەو رێگەیەوە و کاریگەریی لەسەر بڕیارە ئابوریی و سیاسیەکانیان دروستبکات.

**حەوتەم: شانشینی بەحرین**


شانشینی بەحرین بەراورد بە وڵاتانی تری کەنداو و ناوچەکە کەمترین بڕی یەدەکی هایدرۆکاربۆنیی هەیە، کە مەزەندە دەکرێت یەدەکی سەلمێنراوی نەوتی خاوی بگاتە (١٨٠) ملیۆن بەرمیل، لە پلەی پەنجا و نۆهەمدا بێت لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پلە کۆتاییەکاندایە، مەزەندە دەکرێت یەدەکی سەلمێنراوی غازی سروشتی بگاتە (٣) تریلیۆن پێ سێجا، کە لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی پەنجا و دووەمدا دێت، لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە پلەی دوانزەهەم دێت. بۆیە شانشینی بەحرین لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی و بازاڕی وزەی جیهانی پێگەیەکی هێندە بەهێزی نییە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆڵی لە ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی هەبووە، هەروەها کەمترین کاریگەریی ململانێی زلهێزەکانی بەراورد بە وڵاتنی تری ناوچەکە لەسەر بووە.

**هەشتەم: سەڵتەنەی عومان**

سەرچاوە هایدرۆکابۆنییەکان لە سەڵتەنەی عومان سەرچاوەی یەکەمی دابینکردنی داهاتی گشتییە و مەزەندە دەکرێت یەدەکی سەلمێنراوی نەوتی خاوی بگاتە پێنج ملیار بەرمیل[١٣]،

کە لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی بیست و چوارەم دێت، لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە پلەی دەیەم دا دێت. مەزەندە دەکرێت یەدەکی غازی سروشتییەکەشی (٢٣) تریلیۆن پێ سێجا بێت، کە لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی بیست و هەشتەم ، لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە پلەی هەشتەم دێت[١٤].

وەک پێشتر باسکرا، وڵاتانی کەنداو و ئێران، بەهۆی هەبوونی یەدەکی گەورەی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان، بوونەتە جێگەی سەرەکیی ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم ململانێیەش بە شێوەیەکی سەرەکی ئامانجی مسۆگەرکردنی ئاسایشی وزەی وڵاتە زلهێزەکان بووە، چونکە هەر یەکێک لەمانە هەوڵدەدات پێگەیەکی سیاسی، ئابوری و سەربازیی بەهێزتر لە ناوچەکەدا بەدەستبهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئاسایشی وزەی خۆی دابینبکات و هەروەها فشار بخاتە سەر ڕکابەرەکانی. بۆیە دەبینرێت کە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کەمتر خاوەنی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکانن، کەمتر بوونەتە ئامانجی ململانێی زلهێزەکان؛ بەڵام لە بەرامبەردا، وڵاتانی ناوچەی کەنداو هەمیشە ناوچەیەکی گەرم و گرنگی ململانێ نێودەوڵەتییەکان بوون، زلهێزەکانیش بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵیانداوە دەسەڵات و پێگەی سیاسی، ئابوری و سەربازیی خۆیان لەو وڵاتانەدا بەهێز بکەن.




یەدەکی هیادرۆکاربۆن (نەوتی خاو+ غازی سروشتی)ی وڵاتانی ناوچەی کەنداو لە ساڵی "٢٠٢٦"

**تەوەری دووەم**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێی زلهێزەکان**

بە درێژایی مێژوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕەپانی ململانێی زلهێزەکان بووە، کە یەکێك لە فاکتەرەکانی بۆ گرنگی پێگە جوگرافییەکەی و بوونی وەک پردێکی بازرگانیی نێوان وڵاتانی ئاسیا لە لایەک و ئەوروپا و ئەفەریقا لە لایەکی ترەوە گەڕاوەتەوە، بەڵام دوای دۆزینەوەی بڕێکی زۆری سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان لە بەشێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە ململانێی زلهێزەکان چووە قۆناغێکی توند تر و ئاڵۆزترەوە، سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکانی ناوچەکە بووە کەرەستەیەکی ستراتیجی کە ڕۆڵێکی گەورەی لە یەکلایکردنەوەی جەنگی جیهانی یەکەم لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانەکان بینی، چونکە دۆزینەوەی نەوتی خاو لە ئێران لە ساڵی "١٩٠٨" لەلایەن وەبەرهێنەری بەریتانی ولیام دارسی، بووە بەشێك لە کەرەستەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، هاوکارییەکی بەهێزی سوپای هاوپەیمانانی کرد بۆ سەرکەوتن لە جەنگەکەدا، لەبەر ئەوەی بەرهەمە نەوتییەکان کرا بە جێگرەوەی خەڵوز کە یارمەتی هۆکارەکانی گواستنەوەی سەربازیدا بە خێرایەکی زیاتر و کاتێکی کەمتر کەرەستە سەربازییەکان لە ناوچەکانی جەنگدا بگوێزنەوە.

سەرکەوتنی وڵاتی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم، ئاسانکاریی بۆ کۆمپانیا و وەبەرهێنەرەکانی وڵاتەکە کرد، تا بتوانن لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرۆسەی گەڕان و پشکنین بۆ سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییە شاراوەکان لە ژێرخاکی ئەو وڵاتانەدا بکەن بکەن، بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی وزەی جیهان، سوودە گەورە ئابورییەکەی کە لەو کاتەدا وڵاتی بەریتانیا پێویستییەکی زۆری پێ هەبوو[١٥].

کەمی تێچووی بەرهەمهێنان و زۆری بڕی یەدەکی هایدرۆکاربۆنەکانە، هۆکارێکی تری توندبوونی ململانێی زلهێزەکان بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە هەڵکەوتەی جیۆلۆجی سامانە هایدرۆکاربۆنییەکان کەوتووەتە چینە نزیکەکانی سەر ڕووی زەوی، کەوای کردووە بە ئاسنتر بەرهەمبهێنرێت، سەرەڕای باشی کوالیتی جۆری هایدرۆکاربۆنەکان، کە دەتوانرێت زۆرترین سوودی لێ وەربگیرێت بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی جیاوازیی پیشەسازیی کە پێویستی بەردەوامی ڕۆژانەی مرۆڤە[١٦].

ململانێی زلهێزەکان لەناوچەکەدا بەپێی ئەو قۆناغە سیاسی و ئابورییانەی کە پێیدا تێپەڕیوە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، سەرەتا بە قۆناغی دوو جەمسەری سیاسیی جیهان لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، دواتر دروستبوونی تاك جەمسەری جیهانی بە ڕابەرایەتی ئەمریکا دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت لە ساڵی "١٩٩١"دا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دەیەیی یەکەم لە سەدەی بیست و یەك سەرەڕای مانەوەی باڵادەستی تاك جەمسەری ئەمریکا لەڕووی سەربازی و سیاسی، هێزی ئابوریی نوێ بەشێوەی تاك یاخود ڕێکخراو لە

چوارچێوەی هاوپەیمانییەتی دروستبوون، کە تا ئێستا ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی وزەی ولاتەکانیان دەکەن.

**یەکەم: ململانێی زلهێزەکان لە قۆناغی دوو جەمسەری**

لەدوای کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، بەریتانیا سەرەرای ئەوەی کە خاوەنی پرۆسەی پشکنین و دەرهێنانی هایدرۆکاربۆن بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بەڵام ڕۆڵی لاواز بوو لە ناوچەکەدا، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی دوو جەمسەری بەهێزی ململانێ لەڕووی سەربازی، ئابوری و سیاسییەوە، کە ئەوانیش یەکێتی سۆڤێت و ئەمریکا بوون، بەشێکی ولاتانی جیهان بەسەر ئەم دوو جەمسەرەدا دابەشبوون، هەر یەکەیان لە بازنەی جەمسەرێکدا دەسووڕانەوە، ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەدەر نەبوون لەو دابەشبوونە سیاسییە. ململانێ لەسەر هەموو ئاستەکان لە ناوچەکەدا بەشێوەی جیاواز سەریهەڵدا بوو، لەو ولاتانەی کە خاوەنی یەدەکێکی زۆری هایدرۆکاربۆنی بوون توندتربوو، تا گەیشتە ئەوەی لەدوای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بە پشتیوانی زلهێزەکان گۆڕانکاریی سیاسیی لە ژمارەیەك لەو ولاتانەدا ڕوویدا، بە شێوەی کودەتای سەربازی یاخود شۆڕشی جەماوەری کۆتایی بە ڕژێمەکانی پێش جەنگی جیهانی دووەم هێنا و سەردەمێکی نوێی سیاسیی لە ناوچەکەدا دەستیپێکرد.

> **تایبەتمەندیی جۆری ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ایکردووە، کە بەراورد بە ولاتەکانی تری ناوچەکە ولاتانی ناوچەی کەنداو ببنە گۆڕەپانی ململانێی زلهێزەکان بۆ وزە، ئەویش بەهۆی هەبوونی بڕی یەدەکی هایدرۆکاربۆنییەکانی زۆر لە ولاتانی ناوچەی کەنداودا.**

لە عێراق، پاش کودەتاکەی "١٩٥٨" و کۆتایهاتنی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆماری عێراق، لە ساڵی "١٩٦١" یاسای ژمارە (٨٠) (قانون تعيين مناطق الأستثمار لشركات النفط) دەرچوو، کە بە یەکەم هەنگاوی حکومەتی عێراق بۆ خۆماڵیکردنی کەرتی نەوت دادەنرێت، بۆیە دەستکرا بە گفتوگۆ لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیە بیانییەکان بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ڕووبەری بلۆکە نەوتییانەی کە تا ئەوکاتە کاری گەڕان و پشکنینیان تێدا نەکرابوو، دوای شکستهێنانی گفتوگۆکان، لە یەکی حوزەیرانی ساڵی "١٩٧٢" حکومەتی عێراق بەیاننامەی ژمارە (٦٩) بڵاوکردەوە، کە تێیدا تاك لایەن بڕیاری خۆماڵیکردنی کەرتی نەوتی ڕاگەیاند و دەستی

بەسەر بەشێك لە پشكەكانی كۆمپانیانی نەوتی نیشتمانی عێراق IPC دا گرت.

ئەم هەنگاوەی حكومەتی عێراق پشتبەستوو بوو بە پشتیوانییەكانی یەكێتی سۆڤێت، لە چوارچێوەی ململانێی لەگەڵ ئەمریكا لە ناوچەكەدا، هەر بۆیە ئەمریكا داوای لە هەر یەك لە یابان و فەرەنسا و ئیتالیا كرد كە لە بواری بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی كێڵگە نەوتییەكان هیچ هاوكارییەكی تەكنیكی پێشكەشی حكومەتی عێراق نەكەن، تا لە بڕیاری خۆماڵیكردن پاشگەزدەبێتەوە، بەڵام حكومەتی عێراق بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو فشارانە، بڕیاری دا بە كەمكردنەوەی خەرجییە گشتییەكان و پەیڕەوكردنی پاشكەوتی ناچاری موچەی فەرمانبەران تا بتوانێت بەو داهاتە كەمەی نەوت كە بەدەستی دەهێنا بتوانێت وڵات بەڕێوە ببات[١٧].

بنەمای بڕیاری عێراق بۆ خۆماڵیكردنی كەرتی نەوت لە "١"ی حوزەیرانی ساڵی "١٩٧٢" پاڵپشت بوو بە ڕێكەوتنێكی ئابوری و تەكنیكی كە لەگەڵ یەكێتیی سۆڤێت لە مانگی نیسانی هەمان ساڵ واژووی كردبوو. بەپێی ڕێكەوتنەكە، یەكێتیی سۆڤێت هاوكاریی تەكنیكی پێشكەشی حكومەتی عێراق دەكرد بۆ پەرەپێدان لە كێڵگە نەوتییەكاندا، تا ڕێگری بكرێت لە ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو بەهۆی خۆماڵیكردنی كەرتی نەوت و كشانەوەی كۆمپانیا نەوتییەكان لە عێراق.

ئەمریكا بەردەوام بوو لە فشارەكانی لەسەر حكومەتی عێراق، تا پاشگەزی بكاتەوە لە ڕێكەوتنەكەی لەگەڵ یەكێتی سۆڤێت، بۆیە بە هاوكاریی شای ئێران هاوكاریی شۆڕشی ئەیلولی كرد لەڕووی لۆجستیەوە لە دژی ڕژێمی عێراق، لەلایەكی تریش شای ئێران پشتیوانی سەربازیی سەڵتەنەی عومانی كرد، دژ بە هەلگەڕانەوەی سەربازیی كە لەو وڵاتەدا ڕوویدا، كە عێراق تۆمەتبار دەكرا بە پشتیوانی هەلگەڕاوەكان، چونكە ئەو گروپە چەكدارانە لە یەكێتیی سۆڤێت نزیكبوون، ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵەكانی ئەمریكا و یەكێتی سۆڤێت بوو بۆ كۆنترۆڵكردنی سەرچاوە هایدرۆكاربۆنییەكان لە ناوچەكەدا، تا گەیشتە ئەو ئاستەی كە سەدام حسین ڕایگەیاند، كە ئەمە ململانی زلهێزەكانە بە وەكالەت[١٨].

عێراق سوودی لەو هاوكارییە تەكنیكیەی یەكێتی سۆڤێت وەرگرت و توانی بەشێوەیەكی بەرچاو لەنێوان ساڵی "١٩٧٣ - ١٩٧٩" داهاتی نەوت بۆ دە ملیار دۆلار ساڵانە بەرز بكاتەوە. بۆیە بەشێكی بەرپرسانی باڵای حزبی بەعسی فەرمانڕەوا توانیان داهاتێكی زۆری نەوت دەستبەسەردا بگرن، دەسەڵاتی سەربازی و ئەمنی خۆیانی پێ بەهێز بكەن، ئەمەش ئاسانكاریی كرد تا سەدام حسین بە كودەتایەكی سپی دەسەڵاتی سەرۆكایەتیی كۆماری عێراق لە تەمموزی ساڵی "١٩٧٩"دا وەربگرێت[١٩].

شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران كە لە ساڵی "١٩٧٨" بە خۆپیشاندانی جەماوەری بەرفراوان دژی ڕژێمی شا دەستیپێكرد، ئەمەش لە چوارچێوەی ململانێی زلهێزەكاندا بوو، ئەویش دوای ئەوەی شای ئێران پشتیوانی حكومەتی میسری كرد لە جەنگی ساڵی "١٩٧٣"دا لە دژی ئیسرائیل،

لەڕێگەی هاوکاریکردنی میسر بە زیاتر لە (٦٠٠) هەزار تۆن نەوتی خاو بێبەرامبەر، هەروەها پشتیوانیکردنی بڕیاری وڵاتانی عەرەبی بۆ بەرزکردنەوەی نرخی بەرمیلێك نەوتی خاو بەڕێژەی (٧٠٪)، بەمەش نرخی یەك بەرمیل نەوتی خاو لە بازارەکانی وزەی جیهانی گەیشتە (٥) دۆلار. ئەم بڕیارە نیگەرانی کۆمپانیا نەوتییەکانی لێکەوتەوە کە بەشێکی زۆریان کۆمپانیای بە ڕەگەز ئەمریکی بوون، بۆیە ئەمریکا شای ئێرانی بە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی زانی لە ناوچەکەدا، لەگەڵ بوونی چەندین هۆکاری تری ناوخۆیی لە ئێران کە ئاسانکاریان کرد لە کۆتاپێهێنان بە ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شوباتی ساڵی "١٩٧٩"دا[٢٠].

**بە درێژایی مێژووڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕەپانی ململانێی زلهێزەکان بووە، کە یەکێك لە فاکتەرەکانی بۆگرنگی پێگە جوگر افییەکەی و بوونی وەک پردێکی بازرگانیی نێوان وڵاتانی ئاسیا لە لایەک و ئەوروپا و ئەفەریقا لە لایەکی ترەوە گەڕاوەتەوە، بەڵام دوای دۆزینەوەی بڕێکی زۆری سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان لە بەشێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە ململانێی زلهێزەکان چووە قۆناغێکی توند ترو ئاڵۆزترەوە.**

بەڵام پێچەوانەی خواستی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە پشتگیریکردنیان بۆ شۆرشی ئیسلامی ئێران، کۆماری ئیسلامی بڕیاریدا کە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی ئێران NIOC دەست بگرێت بەسەر سەرجەم پرۆسە نەوتییەکاندا و کەرتی نەوتی ئێران بە نیشتمانی کرد، ئەمەو جگە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ڕێکەوتنە نەوتییانەش کە ڕژێمی پێشوو لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا واژووی کردبوو، کە ئەمەش سەرەتای دەستپێکردنی ململانێی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمریکا و هاوپەیمانە ستراتیجیەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیسرائیل بوو[٢١].

ئەمریکا نیگەرانی و مەترسیەکانی خۆی لەم هەڵوێستەی ئێران نەشاردەوە، لەم بارەیەوە بە ئاشکرا سەرۆکی ئەوکاتەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جیمی کارتەر ڕایگەیاند، ناوچەی کەنداو وێنەی باڵای بەرژەوەندییە ستراتیجیەکانی ولایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکایە، هەر لایەنێك مەترسی دروستبکات بە هەموو هێزێك ڕووبەڕووی دەبینەوە. دواتریش ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا بە پرەنسیپی کارتەر ناسرا[٢٢].

**دووەم: ململانێی زلهێزەکان لە قۆناغی تاك جەمسەری**

لەدوای هەلوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی "١٩٩١" گۆڕانکارییەکی گەورە لە هاوسەنگی هێزی ناوچەیی و جیهانی ڕوویدا، کۆتایهات بە ململانێی سیاسی و سەربازی و ئابوریی لەنێوان هەردوو جەمسەری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا، جۆرێکی تر لە ململانێ هاتەکایە ئەویش ململانێی ئاسایشی وزە بوو، بنەما ئابورییەکان کرایە پێوەری ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو دۆخەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ هاتنە پێشەوەی چەند وڵاتێکی خاوەن ئابوریی بۆ ناو ململانێکان، لەوانە: چین و دواتریش بەشێك لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و ڕووسیا.

چین لە ساڵی "١٩٩١" بەمەبەستی مسۆگەرکردنی ئاسایشی وزە و دابینکردنی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان بۆ کەرتی پیشەسازیی وڵاتەکەی وەك هێزێکی ئابوریی لاواز هاتە ناو ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکاش بەهەستیارییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم هاتنە ناوەوەی چین کرد، بەتایبەت لەوکاتەدا ئەمریکا هێزێکی زۆری سەربازیی لە ناوچەکەدا هەبوو، لە لوتکەی سەرکەوتن و بالادەستی جیهانیدا بوو.

بۆ جێکردنەوەی خۆی لە ناوچەکەدا، چین لەڕێگەی واژووکردنی چەندین ڕێکەوتنامەی بازرگانی و ئابوری و وزە، لەگەڵ وڵاتانی خاوەن سەرچاوەی هایدرۆکاربۆنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوەکانی دەستپێکرد، ئاسایشی وزە پێشینەی ستراتیجی پلانەکەی بوو لە ناوچەکەدا، چونکە بە بڕوای چینییەکان گونجاوترین ڕێگە بۆ ململانێی ڕکابەرەکانی بریتیە لە ئاسایشی وزە، کە ئەمەش خالێکی چارەنووسساز بوو تا بتوانێت وڵاتێکی خاوەن ئابوریی بەهێز بونیاد بنێت[٢٣].

چین بەردەوام بوو لە هەنگاوەکانی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی کۆمپانیا چینییەکانەوە لە بوارە جیاوازەکانی ئابوریی و وزەدا، بەشێکی گرنگی وەبەرهێنانەکانی لە هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق ئەنجامدا. ئەوەش سەرەڕای بوونی مەترسییەکانی وەبەرهێنان لەڕووی ئاسایشی لەو دوو وڵاتەدا، سزاکانی ئەمریکا لەسەر سێکتەرەکانی ئابوری و کەرتی بانکی ئێران. ئامانجی چین لەم هەنگاوەی مسۆگەرکردنی ئاسایشی وزەی وڵاتەکەی بووە، بەدەستهێنانی سامانە هایدرۆکاربۆنییەکان بە نرخێکی هەرزانتر بەراورد بە نرخی بازاڕی وزەی جیهان، تا بتوانێت جۆرێك لە ململانێی ئابوریی ئەمریکا بکات[٢٤].

لە ئێستادا ئەمریکا بەم هەنگاوانەی چین، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مەترسی زیاتری بۆ دروستبوو، بەتایبەت لە پەیوەندییەکانی چین و ئێران، چونکە ئێران گەورەترین دابینکاری سەرچاوەی وزەیە بۆ چین لە ناوچەکەدا، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییە، لەسۆنگەی ناکۆکیەکانی تر کە هەبوون لەنێوان ئێران و ئەمریکا لەلایەك و ئێران و ئیسرائیل لەلایەکی دیکە، هێرشی سەربازیی ئیسرائیل بە پشتیوانی ئەمریکا مانگی حوزەیرانی ساڵی "٢٠٢٥"

کرایە سەر ئێران، هەروەها بۆ جاری دووەم بەشێوەیەکی فراوانتر لە شوباتی "٢٠٢٦" هێرشی هاوبەشی ئیسرائیل – ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەستپێکردەوە، دواتریش گۆڕا بۆ گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی ئێران، کە لە ناوەڕاستی مانگی نیسان کەوتە بواری جێبەجێکردن، بەم پلانە ئەمریکا توانی سەرکەوتووتر بێت تا وەشاندنی گورزی سەربازی، چونکە توانی هێلی گواستنەوەی وزە لە ئێرانەوە بۆ چین کۆنترۆڵ بکات، هەروەها گەمارۆیەکی سەختی ئابوریی بخاتە سەر ئاڵوگۆڕی بازرگانیی ئێران، تا ناچاری بکات بە قبوڵکردنی مەرجەکانی، کە ڕەنگە لەڕێگەی هێرشی سەربازییەوە نەتوانێت بەدەستیبهێنێت[٢٥].

**ململانێی زلهێزەکان لەناوچەکەدا بەپێی ئەو قۆناغە سیاسی و ئابورییانەی کە پێیدا تێپەریوە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، سەرەتا بە قۆناغی دوو جەمسەری سیاسیی جیهان لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، دواتر دروستبوونی تاک جەمسەری جیهانی بە ڕابەرایەتی ئەمریکا دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێت لە ساڵی "١٩٩١"دا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دەیەیی یەکەم لە سەدەی بیست و یەك سەرەڕای مانەوەی باڵادەستی تاك جەمسەری ئەمریکا لەڕووی سەربازی و سیاسی، هێزی ئابوریی نوێ بەشێوەی تاك یاخود ڕێکخراو لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەتی دروستبوون، کە تا ئێستا ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی وزەی وڵاتەکانیان دەکەن.**

پێشتریش هەوڵەکانی چین بۆ فراوانبوونی ڕۆڵ و کاریگەریی ئابوریی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام بوو. لەم چوارچێوەش لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانەش عێراق، بەتایبەت لە ماوەی چوار ساڵی سەرۆکایەتیی جۆبایدن سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا، کە لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆری کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە عێراق پاشەکشەیان کرد و کۆمپانیا چینی و ڕووسییەکان جێگەیانی گرتەوە، کۆمپانیا نەوتییە چینیەکان توانیان کۆنترۆڵی پرۆسە نەوتییەکان بکەن، کە لە کۆی چوار ملیۆن و دوو سەد هەزار بەرمیل بەرهەمی نەوتی خاوی ڕۆژانەی عێراق، سێ ملیۆن بەرمیل نەوت بەهەمهێنن، لەڕێگەی گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، زیاتر لە بیست و چوار ملیار بەرمیل یەدەکی نەوتی خاوی سەلمێنراوی بەدەستبهێنن.
سەرەڕای هۆکارە سیاسییەکان، هۆکاری تری یاریدەدەر هەبوون بۆ کۆمپانیا چینیەکان و ڕووسییەکان لە عێراق، تا ببنە جێگرەوەی کۆمپانیا ئەمریکی و ڕۆژئاواییەکان، لەوانەش:

جۆری گرێبەستی نەوتی دڵخوازی عێراق لە جۆری گرێبەستی خزمەتە Oil Service Contracts، کە خواستی کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکییەکان لەسەر نەبوو، ئەویش بەهۆی کەمی قازانج. بەڵام دوای دەستبەکاربوونی دۆنالد ترامپ لەساڵی "٢٠٢٥" و هەستکردنی بە مەترسی دۆخەکە، ئیدارەی نوێی ئەمریکا لەلایەك فشاری توندی خستە سەر حکومەتی عێراق، تا لە بەرژەوەندی کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکییەکان جۆر و مەرجی گرێبەستە نەوتییەکان گۆڕانکاری تێدا بکرێت. لەلایەکی دیکەش فشاری ئابوریی توندی خستە سەر کۆمپانیا چینی و ڕووسییەکان لە عێراق تا دەرفەتی کارکردنیان سنوردار بکرێت. بە ئەنجامیش پاش ماوەیەك دابڕان دووبارە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکای بۆ عێراق گەڕانەوە، لەوانەش ئێکسۆن مۆبیل و شیفرۆن.

لە کۆتایی دەیەی یەکەمی ئەم سەدەیە، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی هایدرۆکاربۆنەکان بەراورد بە ساڵانی پێشووتر و بەهێزبوونی دەسەڵاتی بەریتانیا و ئەمریکا لە عێراقدا، لەدوای پرۆسەی ئازادی "٢٠٠٣" کە مەترسی بۆ ئاسایشی وزەی وڵاتنی خاوەن پیشەسازی و ڕۆڵی ڕووسیا لە ناوچەکەدا دروستکرد، شێوازی ململانێی زلهێزەکان و وڵاتە خاوەن پیشەسازییەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هات. بۆیە ئاڕاستەیەکی ناجێگیر و ڕاگوزەر لە سیستمی نێودەوڵەتیدا دروستبووە، کە لەسەر بنەمای ئابوری و لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی ڕێکخراوە. لەم چوارچێوەیەدا هاوپەیمانیەتی ئۆپێك پلس لە ساڵی "٢٠١٦" دامەزرا، کە لە ئێستادا لە بیست و دوو وڵاتی خاوەن هایدرۆکاربۆنی پێکدێت، کە نزیکەی (٨٠٪)ی یەدەکی سەلمێنراوی هایدرۆکاربۆنی جیهان دەکەوێتە خاکی ئەندامانی هاوپەیمانێتیەکەوە.

ڕووسیا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و ئابورییەکانی، بە سوودوەرگرتن لە ململانێی زلهێزەکان لە ناوچەکەدا و بەهۆی ناجێگیری نرخ و دۆخی خراپی ئابوریی وڵاتانی خاوەن سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان، توانی لەگەڵ شانشینی سعودیە ڕۆڵی سەرۆکایەتی هاوپەیمانییەتیەکە وەربگرن و کاریگەریی لەسەر بڕیاردان لە ئاستی بەرهەمهێنان و بە بازاڕکردنی نەوتی خاو بکەن، هاوکات سنورێك بۆ دەسەڵاتە فراوانەکەی ئەمریکا و بەریتانیا لە بازاڕی وزەدا دابنێن، تا ئاستێکی باش نرخەکان بۆ بەرژەوەندیی ئابوریی وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانێتییەکە جێگیر بکەن و ململانێی ستراتیجی ئەمریکا لە سێکتەری وزەی جیهانی بکەن[٢٦].

ئەمریکا پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانییەتە نێودەوڵەتییەی بە مەترسی زانیوە و دەزانێت لەسەر ئایندەی خۆی لەسەر ئاستی سیستمی نێودەوڵەتیدا، بەهەوڵێکی داناوە بۆ کۆتایهێنان بە هەژموون و باڵای دەستی جیهانی خۆی. بۆیە بە دوو ئاڕاستە لە جووڵەی دژی هاوپەیمانێتییەکە کردووە: یەکەمیان، بە جێگیرکردنی بنکە سەربازییەکانی سوپای ئەمریکا لە بەشێکی زۆری وڵاتانی کەنداو و عێراق، جێگیرکردنی کەشتیگەلی سەربازیی لە ناوچە ئاوییەکانی نزیك کەنداو، تا بتوانێت لەڕێگەی هێزی سەربازییەوە ئاسایشی

وزەی وڵاتەکەی و پێگەی سیاسی لە بازاڕی وزەی جیهان بپارێزێت. دووهەمیشیان بریتییە لە فشار سیاسی خستنە سەر وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانییەتی ئۆپێك پلس تا كێشە بۆ بڕیارەكانی هاوپەیمانێتییەکە دروستبکات، لەگەڵ هەوڵدان بۆ پاشەکشەپێکردنیان لە هاوپەیمانێتییەکە، بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی هاوپەیمانێتییەکە لەسەر بازارەکانی وزە و پەککخستنی هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ ململانێی ئەمریکا[٢٧].

**لەدوای هەلوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیێت لە ساڵی "١٩٩١" گۆڕانكارییەكی گەورە لە هاوسەنگی هێزی ناوچەیی و جیهانی ڕوویدا، کۆتایهات بە ململانێی سیاسی و سەربازی و ئابوریی لەنێوان هەردوو جەمسەری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا، جۆرێكی تر لە ململانێ هاتەکایە ئەویش ململانێی ئاسایشی وزە بوو، بنەما ئابوورییەکان کرایە پێوەری ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو دۆخەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ هاتنە پێشەوەی چەند وڵاتێکی خاوەن ئابوریی بۆ ناو ململانێکان، لەوانە: چین و دواتریش بەشێك لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و ڕووسیا.**

لەم چوارچێوەیەدا، ئەمریکا لە ڕێکەوتی "٣"ی کانوونی دووەم "٢٠٢٦" توانی لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا سەرۆکی ڤەنزوێلا دەستگیر بکات و دەسەلاتی وڵات بداتە دەست کەسانی نزیك لە خۆی، کە ئەو وڵاتە خاوەنی (٣٠٣) ملیار بەرمیل یەدەکی نەوتی خاوە و لەسەر ئاستی جیهان لە پلەی یەکەمدا دێت، لە ئێستادا فشارەکانی لەسەر ئێران توندە و لە ئەگەری سەرکەوتنی، ئەوا هاوپەیمانییەتی ئۆپێك پلس دوو ئەندامی بەهێزی ئەگەری پاشەکشەیان دەبێت یاخود سڕبوونی ڕۆڵیان لە ناو هاوپەیمانێتییەکەدا، بەم شێوەیە ئەمریکا دەتوانێت کۆنترۆڵی بازاڕی وزەی جیهان بکاتەوە و ئاسایشی وزەی چین بخاتە مەترسییەوە.
لێکدانەوەیەکیش هەیە بەوەی ڕەنگە هۆکارەکانی پشت بڕیاری کشانەوەی ئیمارات لە ڕێکخراوی ئۆپێك و هاوپەیمانی ئۆپیك پلەس لە "١-٥-٢٠٢٦"، بەشێکی ڕەنگدانەوەی دۆخی ناوچەکە و جەنگی ئێران، پەیوەندییەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ سعودییە، خواستی ئیمارات بۆ هەناردەی زیاتری نەوت بۆ دەرەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام دەکرێت بەشێکی ئەم کشانەوەیەش بۆ فشارەکانی ئەمریکا لەسەر ئیمارات و ڕەنگدانەوەی خواستی ئەمریکا بێت بۆ لاوازکردنی ڕێکخراوەکە و کاریگەرییکەکانی بێت. کە دەکرێت لە داهاتوودا کاریگەریەکانی ئەم بڕیارە زیاتر بێت بۆ متمانەی هاوپەیمانێتییەکە، تا بتوانێت بەردەوام بێت و ئەگەرێکی بەهێزیشە ببێتە سەرەتایەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی[٢٨].

**دەرئەنجام**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت کە سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان، بەتایبەتی نەوت و غازی سروشتی، لە سەرەتای سەرهەڵدانی پیشەسازیی نوێوە تا ئێستا، یەکێکبوون لە گرنگترین هۆکارەکانی ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تایبەتمەندیی جوگرافی ناوچەکە و هەبوونی یەدەکێکی زۆری وزە، وایکردووە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە ناوەندی سەرەکیی ئاسایشی وزەی جیهان، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی ململانێی سیاسی، ئابوری و سەربازیی بەردەوام لەنێوان زلهێزەکاندا.

توێژینەوەکە دەریدەخات کە گۆڕانکاریی سیستمی نێودەوڵەتی، لە دووجەمسەرییەوە بۆ تاک جەمسەری و دواتریش هەنگاونان بەرە و سیستمێکی نوێ کە هێشتا پێنەگەیشتووە، نەیتوانیوە گرنگیی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان کەمبکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە وایکردووە ململانێکان ئاڵۆزتر و فراوانتر بن. هەرچەندە شێوازی ململانێکان گۆڕاوە، بەڵام بنەمای سەرەکییان هێشتا بریتییە لە کۆنترۆڵکردن و مسۆگەربوونی ئاسایشی وزە. بۆیە وڵاتانی خاوەن یەدەکی گەورەی نەوت و غاز، بەتایبەتی وڵاتانی ناوچەی کەنداو، هێشتا لە ناوەندی ستراتیجیی زلهێزەکاندا ماونەتەوە.

هەروەها ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان لە داهاتووشدا هۆکارێکی سەرەکیی ململانێی زلهێزەکان دەبن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لەگەڵ زیادبوونی پێویستیی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان بە وزە و نیگەرانبوونیان لەسەر ئاسایشی ڕێگاکانی گواستنەوەی نەوتی خاو و غازی سروشتی. ئەمریکا، چین و ڕووسیا هەر یەکەیان هەوڵدەدەن پێگە و نفووزی خۆیان لە ناوچەکەدا بپارێزن، یاخود بەهێز بکەن، چونکە هەر هێزێک بتوانێت کاریگەریی زیاتر لەسەر سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان و ڕێگاکانی هەناردەکردنیان هەبێت، دەتوانێت پێگەیەکی بەهێزتری لە سیستمی نێودەوڵەتیدا بەدەستبهێنێت.

لە ڕوانگەی پێشبینیی ئایندەوە، ئەگەرچی جیهان بە ئاڕاستەی وزەی پاک و نوێ دەڕوات، بەڵام ئەم گۆڕانە لە ماوەیەکی کورت و مامناوەنددا ناتوانێت جێگای نەوتی خاو و غازی سروشتی بگرێتەوە، بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی، گواستنەوە و پیشەسازیی سەربازیدا. هەر بۆیە، داواکاریی جیهانی بۆ غازی سروشتی و نەوتی خاو بەردەوام دەبێت، ئەمەش وای دەکات ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا ناوچەیەکی ستراتیجی و جێگەی ململانێی زلهێزەکان بمێنێتەوە. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە ململانێی داهاتوو زیاتر لە شێوەی ململانێی ئابوری، تەکنەلۆجی، سزا ئابورییەکان، دروستکردنی هاوپەیمانیی وزە و کۆنترۆڵکردنی ڕێگاکانی هەناردەکردنی وزەدا دەربکەوێت، نەک تەنها لە شێوەی جەنگی ڕاستەوخۆ. بەڵام لە هەمان کاتدا، هەر ئاڵۆزییەکی سیاسی یان سەربازی لە ناوچەکەدا دەتوانێت کاریگەریی

ڕاستەوخۆی لەسەر بازاڕی وزەی جیهان و ئابوریی نێودەوڵەتیی هەبێت، ئەوەش پشتڕاستیی ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان هێشتا و لە داهاتووشدا یەکێک دەبن لە گرنگترین هۆکارەکانی ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

## لیستی پەراوێزو سەرچاوەکان:

1 .Lirong Dou & Zhixin wen & Zhaoming، global oil and gas resources; potention and distribution، petroleum industry press، p 153.
2 . Zand، Mazyar. A Comprehensive Analysis of Iran's Oil and Gas Industries.، Paper presented at the International Conference of New Technologies in Oil، Gas and Petrochemical Engineering، Tehran، Iran، 2024.
٣ . احمد بدر، حقول النفط والغاز في إيران.. رحلة البحث عن استثمارات لتعويض الأسواق المغلقة، تقرير منشور على منصة الطاقة على الرابط التالي: https://net.attaqa/٢٠٢٦/٠٢/١١ ، آخر زيارة ٨ – ٥ -٢٠٢٦.
٤ . غازی سروشتی هاوەڵ لەگەڵ هەر بەرمیلێك نەوتی خاو لە گێلگە نەوتیەکانی عێراق نزیکەی ٦٠٠ بۆ ٦٥٠ پێ سێجا غازی سروشتی هاوەڵ بەرهەم دێت، کە ئەم ڕێژەیە بەندە بە چەند هۆکارێك، لەوانە جۆری نەوتی خاوی بەرهەم هاتوو، بەشێوەیەك لە نەوتی خاوی سوك ڕێژەکە زیاترە تا نەوتە خاوە قورسەکان، هەروەها پەستانی حەشارگە نەوتیەکە کە هەتا پەستانی حەشارگەکە بەرزتر بێت ڕێژەی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی هاوەڵ زیاتر دەبێت.
٥ . عبدالجبار عبود الحليفي و نبيل جعفر عبدالرضا، نفط العراق من عقود الأمتيازات الى جولات التراخيص، مكتبة البهائر، بيروت، ٢٠١٣، ص ٩٨.
٦ . نبيل جعفر عبدالرضا و خالد مطر مشاري، مستقبل الدولة الريعية في العراق، مكتبة الواعي، البصرة، ٢٠١٦، ص ٨١.
٧ . ليبيا عبود صالح، النفط السعودي وتأثير العائدات النفطية على النمو الأقتصادي للمملكة، مجلة الأندلس للعلوم الأنسانية و الأجتماعية، العدد ١٠٩، مجلد ١٠، ٢٠٢٣، ص ١٣٤.
٨ . حافظ برجاس، الصراع الدولي على النفط العربي، بيسان للنشر و التوزيع، بيروت، ٢٠٠٠، ص ١٧٢.
٩ . سمير شما، بترول الكويت حاضره و مستقبله، مطبعة أبن زيدون، دمشق، ١٩٥٩، ص ٣٣.
١٠ . عاطف سليمان، التجربة البترولية لأمارة أبوظبي، مركز الأمارات للدراسات و البحوث الأستراتيجية، ٢٠٠٨، ص ١١.
١١ . عاطف إبراهيم سليمان، التجربة البترولية لامارة أبوظبي، العدد ثالث، ٢٠١٤، https://www.ecssr.ae/ar/publications/the-petroleum-experience-of-abu-dhabi ، آخر زيارة ٦ – ٥ – ٢٠٢٦.
١٢ . بيانات حول الاحتياطي النفط الخام و الغاز الطبيعي المؤكد في قطر عام ٢٠٢٥ منشور على الموقع: https://www.worldometers.info/ar ، آخر زيارة ٣ – ٥ – ٢٠٢٦.
١٣ . نەوتی خاوی سەڵتەنەی عومان لە جۆری مام ناوەند و ترشە بۆیە خواستێکی زۆری وڵاتانی ئاسیای لەسەرە، چونکە پیشەسازی نەوتی وڵاتانی ئاسیا، و بەتایبەت پالاوگەکانی نەوتی خاو بەشێوەیەك بونیاد نراون کە کار بکات بەو جۆرە لە نەوتی خاو.
١٤ . بيانات حول الاحتياطي المؤكد للنفط و الغاز الطبيعي في سلطنة عُمان منشور على الموقع الالكتروني: https://www.worldometers.info/ar ، آخر زيارة ٤ – ٥ – ٢٠٢٦.
١٥ . كاظم عبدالوهاب حسن الأسدي و راشد عبدالراشد الشريفي، جغرافية الطاقة، مؤسسة دار الصادق

الثقافية، بابل، ٢٠١٨، ص ٢٨٩.
١٦ . نبيل جعفر المرسومي، اضاءات اقتصادية، مكتبة الواعي، البصرة، ٢٠٢٠، ص ٣٦.
١٧ . وجدان كارون فريح التميمي، موقف الولايات المتحدة الأمريكية، مركز دراسات البصرة و الخليج العربي، جامعة البصرة، ٢٠٢٢، ص ٣٣.
١٨ . فاضل رسول، العراق – ايران أسباب و أبعاد النزاع، المعهد النمساوى للسياسة الدولية، ١٩٩٢، ص ٢٧.
١٩ . هيلا مويس، النفط مصير العراق نعمة نقمة ( ١٩٢٠ – ٢٠٠٣) مقال منشور على الرابط التالي: https:// www.ouriraq.org/ar/article/alnft-msyr-alraq-nmt-wnqmt-١٩٢٠-٢٠٠٣، آخر زيارة ٤ – ٥ – ٢٠٢٦.
٢٠ . عبدالرسول شهيد عجمي و حيدر علي خلف العكيلي، الشاه والنفط، بدون دار النشر، ٢٠١٩، ص ٣٣٦.
٢١ . تقرير لقناة العالم الفضائية المنشور على موقع القناة و على الرابط التالي: https://www.alalam.ir/ news/٤١٢٤٠٧٦/K ، آخر زيارة ٤ – ٥ – ٢٠٢٦.
٢٢ . Abdulhameed A. Al- Musharraf، The carter doctrine & the security og the Arabian gulf، journal of gulf Arabian peninsula studies، No. 97، p 19.
٢٣ . Zhang Jianxin، Oil Security Reshapes China's Foreign Policy، Working Paper No. 9،Center on China's Transnational Relations، The Hong Kong University of Science and Technology، 2006. P. 2.
٢٤ . Hamed Saidi، The Geopolitical Economy of Chinese Influence in IRAN، Universiteit Leinden The Netherlands، p 64.
٢٥ . جيهان لي، مقال منشور على موقع الكترونى: https://www.dw.com/ar ، آخر زيارة ٩ – ٥ – ٢٠٢٦.
٢٦ . جمال عيسى اللوغاني، منظمة اوبك بعد مرور ٦٥ عاماً على تأسيسها: دور متناهي في رسم مشهد الطاقة العالمي، النشرة الشهرية عن الأمانة العامة لمنظمة الأقطار العربية المصدرة للبترول، العدد ٩، سنة ٢٠٢٥، ص ٤.
٢٧ . تقرير منشور على موقع قناة الجزيرة الفضائية على الرابط التالي : https://www.aljazeera.net/ encyclopedia/٢٠٢٤/٢/٢٦/، آخر زيارة ٧ – ٥ – ٢٠٢٦.

٢٨ ٢٨. قرار حكومة امارات العربية المتحدة بالانسحاب من منظمة الدول المصدرة للنفط و تحالف اوبك بلس على الرابط التالي : https://www.reuters.com/ar/business/USJIFC٣D٤BJZPKGPSTBAPXOK NY-٢٠٢٦-٠٤-٢٨/ ، آخر زيارة ٧ – ٥ – ٢٠٢٦.

# تەوەری مێژوو وەک ستراتیج

# ڕۆژهەڵاتناسی
# لە چوارچێوەی تێڕوانین
# و ڕەخنەکانی پۆستکۆلۆنیالیزمدا



پ.د. سامان حسین احمد
مامۆستا لە بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی

## بەشی یەکەم: ئەوانی دیکەی نا ڕۆژئاوای لە گوتاری کۆلۆنیالیزمدا و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژهەڵاتناسیدا، لە تێڕوانینی پۆستکۆلۆنیالیزمدا

### پێشەکی

پۆستکۆلۆنیالیزم بە شێوەیەکی گشتی کۆڵینەوەیە لە شوێنکەوتەکانی پرۆسەی کۆلۆنیالیزم بەسەر کولتوور و کۆمەڵگاکانەوە، زیاتر ئاماژە بە ماوەی دوای سەربەخۆیی وڵاتە داگیرکراوەکان دەکات، کە ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم دەستەواژەیەیان بۆ تاووتوێکردنی کاریگەرییە جیاجیاکانی کۆلۆنیالیزم، لەڕووی کولتوورییەوە لەو کۆمەڵگایاندا بەکارهێنا.

لە دەرکەوتنی ئەم ئاڕاستەیەدا، پۆستستراکچراڵەکان، کاریگەریی قووڵیان هەبوو، بەتایبەت کارەکانی میشێل فوکۆ، جاک لاکان و جان دیریدا، چونکە لێکۆڵینەوە پۆپست کۆلۆنیالەکان لە چوارچێوەی قۆناغی تیۆریی پۆستمۆدێرن و پۆستستراکچراڵەکاندا دەرکەوتن، ئەویش دوای چاوخشاندنەوە بە قۆناغی مۆدێرنەدا. کەواتە پرسی سەرەکی لە دەرکەوتنی پۆستکۆلۆنیالیزمدا بابەتی کۆلۆنیالیزمە کە بەشێکی دانەبڕاوە لە مۆدیرنە. هەر بۆیە زیاتر ناسینی مۆدێرنە و کۆلۆنیالیزم و پەیوەندیی تێکچرژاوییان لەگەڵ ڕۆهەڵاتناسیدا، لە تێڕوانینی پۆستکۆلۆنیالەکانەوە، خاڵی بنەڕەتییە لە تێگەیشتنی کۆی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسی و لێکەوتەکانی، لێرەشەوە بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتی تێروانینی ئەوان بۆ ڕۆژهەڵاتناسی تێبگەین پێویستە بزانین و مۆدێرنە و کۆلۆنیالیزم لە ڕوانگەی ئەوانەوە چۆن تەماشادەکرێت.

**یەکەم: مۆدێرنە و کۆلۆنیالیزم**

مۆدێرنە، لەڕووی دەستەواژەوە ئاماژەیە بەشێوەکانی ئەو سیستەمە ئابوری - کۆمەڵایەتییەی کە لە سەدەی شازەدەوە لە ئەوروپا دەرکەوت و کاریگەرییەکانی لەدوای دۆزینەوە جوگرافییەکان و ئیستیعمارەوە بەرەو ناوچەکانی دیکەی جیهان پەلیان هاویشت. بەگشی لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردەوە لە ئەوروپا کۆمەڵێك گۆڕانکاریی ئابوری – کۆمەڵایەتی –سیاسی و هزری پەرەیانگرت و لە چەند بزاڤێکی مێژوویی گەورەدا خۆیان نواند، ئەوانیش ڕێنێسانس و دۆزینەوە جوگرافییەکان و ریفۆرمی ئایینی بوون و لە "١٥٠٠" بەملاوە، وەرچەرخانی گەورەیان خستەوە، کە کاریگەریی زۆریان بوو، لە بەریەک هەڵوەشاندنی کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپی و تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر فەلسەفە و زانست و دونیابینی و ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتیی ئەوانەدا هاتن، دواجاریش بەهاتنی سەدەی هەژدە بەتەواوی ئاماژەکانی کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست لەوێ زاڵ بوون. لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆشنگەریی فەرەنسیشدا مۆدێرنە وەکو قۆناغێکی گرنگ و خاوەن پێگەی باڵا لە مێژووی مرۆڤایەتی خۆی جێگیرکرد.

یەکێک لە دەرهاویشتە هەرە گرنگەکانی ئەم قۆناغە و پێشهاتە فیکری و زانستی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی، ئەوە بوو، ئەو هەستەی لای خەڵکی ئەوروپی دروست کرد، کە ئەوان لە تەواوی بوارەکاندا زۆر لە مرۆڤەکانی پێشخۆیان باڵاترن، تەنانەت لە هێز و فراوانخوازیشدا زۆر لەوان لە پێشترن، ئەمەش وردە وردە هەستی باڵاتری ئەوانی لە گەلانی دیکە و کولتوورەکانی پێش خۆیان و پێش سەردەمی خۆیان هێنایە بوون، کە ئەوان لە کۆمەڵگا کۆنەکانی پێشخۆیان جیاوازن، ئەوان هی سەردەمی نوێن و ئەوانی پێش خۆیان گەلانی دواکەتوو و سەرەتایی و ناشارستانی بوون. لێرەشەوە ئەو هەستە دەرکەوت، کە ئەو گەلانەی لەم ئاستەی ئەوانیشدا نین، گەلانی ناشارستانی و دواکەوتوو و سەرەتایین و لە تەواوی ڕووەکانەوە ئەوان لەمانە باڵاترن، لەم سۆنگەیەشەوە، ژێردەستە کردن و هێنانی ئەو گەلە دواکەوتووانە بۆ نێو مۆدێرنەیان، وەکو ماف و ئەرکی ئەوروپییەکان بینی و کاریان لەسەرکرد، سەرەنجامیش بیرۆکەی بە سەنتەر زانینی ئەوروپا لە چەقی شارستانی دونیادا پەرەیسەند.

لەو کاتە بەدواوە، هێدی هێدی ئەوەی پێانگوت مۆدێرنە، دەسەڵاتی تەواوی بە عەقڵی ئەوروپی بەخشی و دوای باڵادستی عەقڵگەرایی و ئەم ئیرۆسەنتەرییەی باسکرا، بە تێپەڕبوونی کات لە سەردەمی ڕۆشنگەریی بەملاوە باڵادستی عەقڵی ئەوروپی بەسەر تەواوی مەعریفەدا، بەسەر هزری ئەواندا باڵی کێشا و خۆ بە گەورتر زانینی ئەوان بەسەر نا ڕۆژئاواییەکاندا تەواو پەرەیگرت، ئەمەش وای لێکردن، شارستانی و کولتوورەکانی تر پشتگوێ بخەن و تایبەتمەندییەکانیان لەبەرچاو نەگرن و دونیا لە بەراوردکرن بە شارستانیی خۆیاندا ببینن.

بەمجۆرەش هەرچەندە ڕۆشنگەریی شۆڕشی گەوری لە بواری زانستی و مەعریفیدا بەرپاکرد، بەڵام هاوکاتیش بوو بە هۆکاری دابەشکردنی دونیا بۆ سەنتەر و پەراوێز، شارستانی و ناشارستانی و پێشکەوتوو و دواکەوتوو، دواجاریش زاڵبوونی ئابوری، سیاسی، سەربازییانەی ئەوان و دەرکەوتنی کۆلۆنیالیزم، بەمەش چەمکی نوێگەریی لە گوتاری کۆلۆنیالیزمدا زۆر گرنگ بوو، چونکە مۆدێرنە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ڕێخۆشکەری بۆ فراوانخوازی و دەرکەوتنی ئیمپریالیزم دەکرد، هاندەری پرۆسەی بەڕۆژئاواییکردن و باڵاتری ئەوان بوو، کە ئەمەش بۆخۆی گونجاو بوو لەگەڵ دەرکەوتنی ئیرۆسەنتەری و فراوانخوازییەکانی کۆلۆنیالیزمدا.
کەواتا کۆلۆنیالیزم، بۆ خۆی چەمکێکی گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی شێوازێکی دیاریکراو لە ئیستغلالی کولتوری، کە هاوتەریب لەگەڵ فراوانخوازییەکانی ئەوروپا لە سەدەی چواردەوە دەرکەوتن، ئەوەبوو لەدوای ڕێنێسانسەوە هاوشان لەگەڵ هەنگاوەکانی مۆدێرنەدا، پشتبەست بە ئایدیۆلۆجیای ئیمپریالیزم شێوازێکی نوێی فراوانخوازی ئەورویپش دەرکەوت، کە هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی سیستەمی سەرمایەداری، لێرشەوە چەند کیانێکی ژێر دەستە و سەردەستە دەرکەوتن و پەیوەندییەکی نوێ لە سەر بنەمای داگیرکراو و داگیرکەر هاتەئاراوە، کە تا رادەیەکی زۆر و بۆ ماوەی چەند سەدەیەک نەخشەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی جیهانی ڕەنگرێژکرد.
بەمجۆرەش لە کۆلۆنیالیزمدا، سەرەڕای باڵادەستی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئابورییانە هاوکات کاریگەریی بەردەوامیشی لەسەر چەقگیربوونی کولتووری ئەوروپی و ئەفزەڵییەتی کولتووری ئەوان بەسەر خۆجەییەکەدا لە برەودا بوو، ئیدی بۆ نمونە زمانی ئەوان بەسەر زمانی خۆجەییدا، نووسین بەسەر زارەکیدا، کولتووره زمانییەکان بەسەر نەقشییەکاندا، لە سەما و هونەر کە ئەمانە بەردەوام لە کولتوره میللییەکاندا هەن، بەتەواوی زاڵی خۆیان سەپاند.
سەرەنجام بە تێپەڕبوونی کات، هەر پشتبەست بەو تێگەیشتنەی لای سەرەوە گوتاری کۆلۆنیالیزم هاتە ئاراوە، ئەگەر بە تێگەکەی فوکۆ لە گوتار بڕوانین ئەوا مەنزومەیەکە لە مەقولە، کە دەتوانرێت لە چێوەیدا دەرک بە جیهان بکرێت، ئەو مەنزومەیەیە کە توانایی بە گروپی باڵادەست لە کۆمەڵگادا دەبەخشێت، بە دامەزراندنی بواری حەقیقەت لە ڕێگای سەپاندنی مەعریفەگەل و بواری مەعریفی و بەهاگەلی دیاریکراوەوە بەسەر کۆمەڵەکانی ژێردەستیاندا، بەو وەسفەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە گوتارەکە ئەرکی پێکهێنانی واقیع دەگێڕێت، نەک تەنها بۆ ئەو شتانەی کە پێدەچێت نمایندەیان بکات، بەڵکو بۆ ئەو بابەتانەش کە کۆمەڵگا پێکدەهێنن و ئەوانەشی کە گوتارەکە پشتیان پێ دەبەستێت، بەمجۆرەش گوتاری کۆلۆنیالی پێکهاتەیەکە لە ئاماژە و هێمای ممارەسات کە بوونی کۆمەڵگا ڕێکدەخەن و لە دایکبوونە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو پەیوەندییە کۆلۆنیالییەکاندا ڕێکدەخات.

گوتاری کۆلۆنیالیش بۆ خۆی زۆربەی کات بیرۆکەکانی ئیرۆسەنتەری لە خۆدەگرێت، دواتریش بەرەو ئەو گریمانانەی نەزعەی مۆدێرنە دەیانکات دەڕوات، واتا ئەو گریمانانەی دەربارەی زمان، مێژوو، ئەدەب وتەکنۆلۆجیا هەن، بەمجۆرەش گوتاری کۆلۆنیالی مەنزومەیەکی مەقولاتە کە لە بارەی داگیرکەر و داگیرکراوەکان، دەربارەی هێزی ئیستیعمار دەگوترێت و دەربارەی پەیوەندیی نێوان هەردوولا دەگوترێت، مەنزومەی مەعریفەش موعتەقەداتێکە دەربارەی ئەو جیهانەی کە ئیستیعمار لە چوارچێوەیدا دەکرێت، هەرچەندە ئەم گوتارە لەنێو کۆمەڵگای داگیرکراو و سنوری کولتووری ئەواندا دادەمەزرێت، بەڵام داگیرکەریش خۆی لەنێویدا دەبینێتەوە، دواجاریش ئەم گوتارە ناکۆکییەکی قوڵ لە هۆشیاریی داگیرکراوەکاندا دەخاتەوە، بەهۆی بەریەککەوتنی بە مەعریفەگەلی جیاواز دەربارەی جیهان، لێرەشەوە گریمانەکانی باڵادەستی کولتووری، شارستانی، مێژوو، زمان، هونەر و بونیادە سیاسییەکان و نەریتە کۆمەلایەتییەکانی ئەوان دەردەکەوێت، بە شێوەیەکی تایبەتیش ئەم گوتارە پشت بە بیرۆکەکانی ڕەگەز دەبەستێت، کە ئەمیش هەر وەکو دواتر ڕوون دەبێتەوە، لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەوروپیدا دەرکەوت. لەم جیاوازییانەشەوە گوتاری کۆلۆنیالی وێنای گەلانی داگیرکراوی وەکو ئەوەکرد کە سروشتی کۆمەڵایەتی و بونیادەکانی و مێژوو و کولتووریان لە بەراوردکردندا بە داگیرکەرەکان سەرەتاییە هاوکات ئەم گوتارە کار لەسەر دوورخستنەوەی ئەو مەقولانە دەکات کە پەیوەستن بە ئیستغلالی سامان و ڕۆڵی سیاسی داگیرکەرەکان و بایەخی فراوانخوازی ئیمپراتۆری بۆ سیاسەتی نێوخۆیی ئەو وڵاتە داگیرکراوانە، بەڵکو تەنها لە خولگەی خوارتریدا دەخولێتەوەو لە دەوری سەرەتاییبوونی ڕەگەزەکانی تر و دۆخی هەمەجییانەی ئەو کۆمەڵگایانەدا دەخولێتەوە، کە ئەم گوتارە لە یەك کاتدا کار لەسەر بونیادنانی زهنیەتی داگیرکەریش بەقەد داگیرکراو دەکات.

بەمجۆرەش کۆلۆنیالیزم هۆشەکان داگیردەکات، زیاتر لەوەی جەستەکان داگیردەکات، ئەو هێزانە لەنێو کۆمەڵەکاندا دەست واڵا دەکات کە ئەولەویاتە کولتوورییەکە بۆ تاهەتایە دەگۆڕن، لەم پرۆسێسەشدا کار لەسەر گشتاندنی چەمکی ڕۆژئاوای نوێ دەکات بۆ ئەوەی لە کەینونەیەکی جوگرافی - زەمەنییەوە بیگۆڕێت بۆ گوتەیەکی سایکۆلۆجی، بۆیە ئێستا ڕۆژئاوا لە هەموو شوێنێکدا هەیە تەنانەت لە بونیاد و هزریشدا. سەرەنجامی هەموو ئەوەی باسکرا دەکرێت بڵێین، زۆر بە ئاسانی کۆلۆنیالیزم ئاماژەیە بەوەی پرۆسەیەکی مێژووییە کە لە ڕێگایەوە ڕۆژئاوا هەوڵدەدات بەشێوەیەکی مەنهەجی جیاوازیی کولتووری ڕەتبکاتەوە و بەها بۆ ناڕۆژئاوایی نەهێڵێت، چونکە کۆلۆنیال دەیەوێت هەموو شتێک لەوەوە بێت.

**دووەم: ڕەنگدانەوەی گوتارو هزری کۆلۆنیالیزم لە ڕۆژهەڵاتناسییدا**

بە شێوەیەکی گشتی لە ڕەخنەکانی پۆسکۆلۆنیالیزمدا لە ڕۆژهەڵاتناسی باسی ئەوە دەکرێت

کە لەژێر کاریگەریی بیرو تێڕوانینی مۆدرنە و کۆلۆنیالیزمدا گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی لە چەند ڕوویەکەوە کاری لەسەر ئەوانی دیکەی ناڕۆژئاوایی کردووە و هەوڵیداوە بەشی هەرە زۆری کایەکانی زانست بخاتە خزمەت تێڕوانینەکانییەوە بەمجۆرە:

**١- ڕەگەز:**

ڕەگەز دەستەواژەیەکە بۆ پۆلێنکردنی مرۆڤەکان، کە مرۆڤ بەپێی گروپە جیاوازەکان لەڕووی جەستەیی و بایۆلۆجی و جیناتەوە پۆلێن دەکات، پێی وایە مرۆڤەکان بە سروشتی جیاوازن و تایبەتمەندییەکانیشیان لە ڕێگای ملامحی جەستەیی دیار و لە ڕێگای خوێنەوە دەگوازرێتەوە، ئەمەش وا دەکات لەنێوان ڕەگەزە بێگرد و تێکەڵەکاندا جیاوازیی هەبێت، هاوکات ئەم دەستەواژەیە ئاماژە بۆ ڕەفتای عەقڵی و ئەخلاقی مرۆڤیش دەکات، هەروەها کەسایەتی و هزر توانایی تاکیش کە پێیوایە دەکرێت وابەستەی ڕەگەز بن.

لەڕاستیدا زەقبوونەوەی ئەم دەستەواژەیە پەیوەندیی بەتینی بە سەردەمی کۆلۆنیالیزمەوە هەیە، کە بە مەبەستی سەپاندنی هەژموون و شەرعییەتدان بە ئیمپریالیزم بەکارهاتووە، هاوکات ئامرازێکی گرنگ بووە لە هێنانە ئارای بیرۆکەی شارستانیبوون و سەرتاییبوون و پۆلێنکردنی مرۆڤ بە شێوەی قوچەکی.

> **پۆستکۆڵۆنیالیزم بە شێوەیەکی گشتی کۆڵینەوەیە لە شوێنکەوتەکانی پرۆسەی کۆڵۆنیالیزم بەسەرکولتوورو کۆمەڵگاکانەوە، زیاترئاماژە بە ماوەی دوای سەربەخۆیی وڵاتە داگیرکراوەکان دەکات، کە ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەم دەستەواژەیەیان بۆ تاووتوێکردنی کاریگەرییە جیاجیاکانی کۆڵۆنیالیزم، لەڕووی کولتوورییەوە لەو کۆمەڵگایاندا بەکارهێنا.**

ئەم بیرۆکەیە هەرچەند پێشتریش لە کولتووری ئەوروپیدا ئامادەگی هەبووە، بەڵام زیاتر لەگەڵ گەشەسەندنی ڕۆژهەڵاتناسی سەدەی نۆزدەدا گەشەی کرد، چونکە ئەو سەردەمە پێویستی زۆری بە بەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەی باڵاتر و لەخواترە هەبوو، هاوکات ڕەنگدانەوەی لە لێکدانەوە زانستییەکانی ئەو سەردەمەشدا بوو و بە شێوەیەکی دیار لە هزری ئەوکاتەی ئەواندا ڕەنگیدایەوە، بۆ یەکەمجار ئەم دەستەواژیە بە مەبەستی جیاوازیی بایۆلۆجی و جەستەیی نێوان مرۆڤەکان لە لایەن ئەمانوئێل کانتەوە لە شێوەی (ڕەگەزە

مرۆییەکان) بەکارهات، لە ساڵی "١٨٠٥"یشدا (کوفییر)ی زانای توێکاری فەرەنسی بەگشتی ڕەگەزەکانی بۆ سپی و زەرد و ڕەش پۆلێنکرد، ئەمەش دواتر کاریگەریی ئایدیۆلۆجی و زانستی هەبوو، بۆ نمونە لەسەر کتێبی (مێژووی سروشتی ڕەگەزە مرۆییەکان)ی (چارلس هاملتۆن سمیس) و کتێبی (ڕەگەزە مرۆییەکان)، کە لە "١٨٥٠" ڕۆبێرت نۆکسو نووسی و چەندین بابەتی تریش هەر لەو ماوەیەدا، هەموو گریمانەکانیش بریتیبوون لەوەی کە:
یەکەم، جیاوازیی لە شێوە و ڕەفتاری مرۆڤەکان پێویستە بە جیاوازیی بایۆلۆجی ڕاڤە بکرێن، دووەم، جیاوازیی نێوان ئەم جۆرانە، جیاوازییە کولتوورییەکانیش ڕاڤەدەکات، سێیەم، سروشتی تایبەتیبوونی جۆرەکان، لە ئەنجامدا باڵاتریی ئەوروپییەکان و بەتایبەت ئارییەکان ڕووندەکاتەوە. هەر لەو ماوەیەشدا داروینیزمیش هات و زیاتر پایەکانی ئەمجۆرە تێڕوانینەی قایمکرد، تا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەم چەمکە، هاوشان لەگەڵ ئیمپریالیزمدا گەیشتە لوتکە، تەنانەت لە "١٨٨٦"دا زانا ئینترۆپۆلۆجیستەکانی بەریتانیا بەوە گەیشتن کە قەبارەی کەلەسەر بناغەی جیاوازیی نێوان شوناسەکانە، لە "١٨٨٧"دا هەر کۆنفرانسێک لەسەر ڕەگەزی دانیشتوانە ڕەسەنەکانی بەریتانیا بەسترا، لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەشدا بە دەیان لێکۆڵینەوەی لەمجۆرە کران، تا ئەو رادەیەی لە "١٩١١"دا کۆنگرەی ڕەگەزەکانی جیهان، لە بەریتانیا بەسترا. ئەوەی ڕاستی بێت ئەم چەمکە و کۆڵینەوە لەم باریەوە، تا شەستەکانی سەدەی بیستیش هەر لە پەرەدا بوون.
کرۆکی ئەم خۆ بە جیاواز زانینە زیاتر دوای هاتنی ڕۆژئاواییەکان لەدوای دۆزینەوە جوگرافییاکانەوە بۆ ئەم ناوچانە دەرکەوت و لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆلۆنیالیزم و مۆدێرنەدا پەرەی گرت، هەرچەندە ئەمە یەکەم بەیەکگەیشتنی ئەوان نەبوو لەگەڵ ئەو ناوچانەدا، بەڵام لێرە بەدواوە پاساوەکانی ئەم خۆ بە جیاواز و باڵاتر زانینە لە پەرەدا بوون، چونکە نووسینەکانی ئەو ماوەیە، لەبارەی بەرهەمهێنانی ئەوان و ئەویتردا، میتۆدێکی نوێی لە بیرکردنەوە لە پشتەوە بوو. لێرەوە نووسینی گەڕیدەکان ئامرازێکی گرنگ بوون لە بەرهەمهێنانی تێگە جیاجیاکانی ئەوروپا لەبارەی خودی خۆیان و دەربارەی ئەوەی پێی دەڵێن ئەوانی دیکەی جیهان، کە زیاتر ئەم چەمکە پشتی بە شارستانی و بەربەری دەبەست و دەبووە هۆی بەرهەمهێنانی جیاوازییەک لەنێوان رەش و سپیدا، کە مساوەمەی نەدەکرا، لەوێشەوە کۆلۆنیالیزم و بەیەککەیشتنی نێوان ئەوروپی و نائەوروپی کۆمەڵێک وێنا و بیرۆکەی وای هێنائاراوە، کە پێشتر بوونیان نەبوو، بەجۆرێك ئەو چەمکانەی بردە شوێنێکی دیکە، کە پێشتر لەباری لە خوارتری گەلانی تر هەیان بوو، لێرە بەدواوە لەگەڵ نیشتەجێبوون و بازرگانیکردن و نێردە ئایینی و چالاکییە سەربازییەکاندا، ئەم چەمکانە تەواو گۆڕان و بەپێی هەندێک لە مومارساتی کۆلۆنیالی داڕێژرانەوە، بۆیە نووسینەکانی سەدەکانی "١٥" و "١٦"، لە واقیعدا گەلە نائەوروپییەکانی وەکو کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن باوەڕی ئایینی و نەریتی خواردن

و پۆشینی جیاواز خستەڕوو، هەرچەند ئەم وێنایانە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستدا شیاندنی ڕاستییان کەمتر بوون، هاوکات بارێکی بابەتی خاڵی لە ئایدیۆلۆجیا نەبوو، بەڵام هەروەک باسکرا ڕۆڵی گەورەی بوو لە بونیادنانی ڕێگاکانی بیرکردنەوەی ڕەگەزپەرستی بەرامبەر مرۆڤ و جیاوازیی نێوانیان.

هەر بۆیە وەکو (ماری لویز برات) دەڵێت: لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە بەملاوە زانستیش بۆ گوزارشتکردن لە بەریەککەوتنی ئەوروپا بە سنوری ئیمپراتۆریا، هاتەبوون و کەوتە هەوڵی دۆزینەوەی پاساوی ئەمجۆرە تێڕوانینە، بەتایبەتی بابەتی مێژووی سروشتی، هەر بۆیە گوتاری نوێی ڕەچەڵک بەرهەمی زانستی ئەوروپی بوو. ئەم تێڕوانینە لە سەدەی هەژدەوە و بۆ ماوەی چەند سەدەیەک بێنەوبەرەی بوو، ئەو پرسیارانەی دەوروژاند، ئایا جیاوازییەکانی ڕەنگ، بەرهەمی ژینگە و کەش و هەوایە، یان تۆڵەی خودایە؟ لەسەر بنەمای ئەمەش دواتر سەری کێشا بۆ ئەوەی تایبەتمەندییە شارستانی و کولتوورییەکانیش دیاری بکرێن و ببەسترێنەوە بە قەبارەی مێشک و پەرەسەندنی جۆرەکانی داروینەوە، هەموو ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر مەعریفەی ئەوکات بوو و دواجاریش ڕەنگدانەوەیان لە کارەکانی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکاندا بوو، ئیدی لەوە بەدواوە پەیوەندییەکانی نێوان پرۆسە ئابوریی کۆمەڵایەتییەکان و دووبارە تەرتیبکردنەوەی مەعریفە، زۆر بەڕوونی دیار بوو، کە کاری لەسەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیستەمە مەعریفییکان بوو، تەواوی گوتارەکان گوتارگەلی کۆلۆنیالی بوون، دواجاریش کاریان لەسەر بەرهەمهێنانی مەعریفەی کۆلۆنیالی دەکرد، کە بۆخۆی پرۆسەیەکی ململانێی قۆرسی نێوان سیستەمە مەعریفییەکان بوو و دواجار بە سەرکەوتنی کۆلۆنیالیستەکان کۆتایی هات.

> **بە شێوەیەکی گشتی لە ڕەخنەکانی پۆسکۆلۆنیالیزمدا لە ڕۆژهەڵاتناسی باسی ئەوە دەکرێت کە لەژێر کاریگەریی بیرو تێڕوانینی مۆدرنە و کۆلۆنیالیزمدا گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی لە چەند ڕوویەکەوە کاری لەسەرئەوانی دیکەی ناڕۆژئاوایی کردووە و هەوڵیداوە بەشی هەرە زۆری کایەکانی زانست بخاتە خزمەت تێڕوانینەکانییەوە.**

بەمجۆرەش گوتاری زانستی و مەعریفی، بوون بە ئامرازی کارای دەرخستنی جیاوازییەکان و لەگەڵ بەرەوپێشچونی کۆلۆنیالیزمدا چالاکی مسیۆنەری زیادیکرد و ئایدیۆلۆجیاکانی جیاوازیی ڕەگەزیی چڕتر بوونەوە و لەگەڵ گوتاری زانستەکاندا ئاوێتەدەکران، بەمەش پەیوەندیی سەپاوی نێوان تایبەتمەندییە بایۆلۆجییەکانی هەر گروپێک لەگەڵ سیفاتە

دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی، بوون بە بابەتێکی بەرفراوان لە نەریتی ڕۆژهەڵاتناسیدا، لێرەشەوە تێگەکانی جیاوازیی نێوان مرۆڤی کێوی و عاقڵ دەرکەوت و دابشکردنی مرۆڤەکان بەپێی ناوچە و ڕەنگ و پێست و شێوە و تورەیی و ناتورەیی و ژیری و ناژیری، داهێنەر و نادا‌هێنەر، بەشی هەرە گرنگی ئەو کارانەی داگیرکرد.

بەگشتی لەو ماوەیەدا بابەتی ڕەگەز بوو بە ئاماژەیەکی بەهێزی شوناسی مرۆڤ و کۆمەڵگا ئیتنی و قەبەلییەکان بوون بە شوناسی بونیادی کۆمەڵایەتی توندڕەو هەروەها دەزگا کۆلۆنیالییەکان دەستکاری شوناسی ڕەچەڵەک، ئیتنی و ڕەگەزیان دەکرد و بەشدار دەبوون لە دروستکردنی هۆز و گەل و نەتەوە. واتا بەکورتی جیاوازییە ڕەگەزییە دیارەکان یان خەیاڵییەکان بوون بە جۆرەکانی نایەکسانی ڕاستەقینە لە ڕێگای دەزگا و ئایدیۆلۆجییە ڕەگەزییەکانەوە.

ئەم بابەتی جیاوازیی دەرخستنە هێندە قوڵ بووە، بەو ڕادەیەی ڕەخنەگران لە کۆلۆنیالیزم پێیان وایە کۆلۆنیال کاری لەسەر ئەوە کردووە، جیاوازیی دەروونیش لەنێوان ڕەگەزەکان هەیە و هەر لێرشەوە لێکدانەوەیان بۆ تورەیی و یاخیبونی گەلانی کۆلۆنیالیزەکراو کردووە، بەو مانایەی دەروونشیکاریی ئەوکاتیش هەر لە خزمەت کۆلۆنیالیزمدا کاری کردووە. (فرانز فانۆن)ی دەروونشیکار پێی وایە ئەوە مۆدێرنە نییە بە تەنها، بەڵکۆ کۆلۆنیالیزمە دەروونی ئەو ستەملێکراوانەی شێواندووە و دووچاری دڵەڕاوکێی کردووە، ئەوە کۆلۆنیالیزە کراوە نەیتوانیوە لەگەڵ ئەوەدا هەڵ بکات کە ڕووی دەدا، چونکە کۆلۆنیالیزم کیان و خودایەتی ئەوی بەگشتی نەهێشت و ڕیشەکێشیکرد، بەمەش ئەزموونی کۆلۆنیالیزەکردن هەستی کەسی داگیرکراو لەنێو دەبات و خواردەستەی دەکات، بۆیە ئێستا کۆلۆنیالیزم وەکو سایکۆپاتۆلۆجی لێی دەڕواندرێت، کە نەخۆشییەکە پەیوەندییەکانی مرۆڤ دەشێوێنێت و وا دەکات هەموو مرۆڤەکان لەم پەیوەندییانەدا نەخۆش بن، هەربۆیە فانۆن دەڵێت کۆلۆنیالیزم لە واقیعدا هۆکاری هێنانەبوونی جیاوازی دەروونییە، بەپێی نەوەکان و داتر خودایەتی ڕەشپێستی بەگشتی لەنێو برد.

ڕۆژهەڵاتناسی لە کارەکانیاندا هەندێک کارەکتەریان بە مرۆڤی ڕۆژهەڵات بەخشیوە، وەکو توندوتیژی، وەحشی، خوێنڕێژ و هی دیکە، کە ئەمانە لەڕووی کۆمەڵایەتی و دواجار لەڕووی سیاسیشەوە ڕاڤەی ڕووداوەکانیان پێکردووە، زۆرجاریش کەسایەتیی دووفاقەیان بە مرۆڤی ڕۆژهەڵات بەخشیوە، کە لە هەندێک شوێن خوێنڕێژ، لە هەندێک شوێن بە بەزەیی و بە وەفا دەردەکەوێت بەردەوامیش وەکو لە خوارتر باسیان کردوون، بۆیە مێژوونووسانی پۆستکۆلۆنیال زۆر کار لەسەر چەمکی ئەویتری ئەورووپی دەکەن، وەک بەشێک لە پرۆژەی تێگەیشتن لەو ناسنامەیەی ئەورووپییەکان بە ڕۆژهەڵاتیان بەخشیوە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ مێژووی ناوچەکە بونیاد بنرێتەوە و تێکستوالیزە بکرێتەوە.

**٢-جوگر افیا**

نەخشە و نەخشەسازی یەکێکی دیکەیە لە مومارەسە باوەکانی کۆلۆنیالیزم، کە لە ڕۆشنبیری پۆست کۆلۆنیالیزمیشدا ڕەنگدانەوەی بووە، زۆربەی جار هەر خودی ئیستیعمار دەرهاویشتەی گەشتەکانی دۆزینەوە بوون، ئەو هەنگاوانەی کە بەرەو ناوچە نەدۆزراوەکانی بردوون، دواتر ئەم هەنگاوانە لە نەخشەدا بەرجەستەکراون و لەڕێگایەوە دیزاینکراون، بەو مانایەی نەخشە ئامرازێک بووە بۆ ئەوەی واقیعی شوێن بخرێتە چوارچێوەی دەقەوە، ئەویش یان بۆ ناولێنان یان دووبارە ناولێنانەوەی هێمایی وحەرفی، بە مەبەستی زاڵبوون بەسەریدا، زۆربەی جارەکانیش ناوچەکان دووبارە ناونرانەوە و ناوە خۆجەییەکان نوقمکران و ناوی نوێ شوێنی گرتوونەوە، یان بە شێوەی ئەوروپی دارێژرانەوە، ئەمەش بووە بە یەکێک لە ڕووەکانی کۆلۆنیالیزم هاوکات لە نەخشەدا لە پاڵ گۆڕینی ناوەکاندا، ئایدیۆلۆجیاکانیان دەخستەسەر، بۆیە هەر ئەم نەخشەیەی ئەوروپاش لەسەر ئەرزی واقیعدا حەقیقەتێکی جیهانی لە جوگرافیای هاوچەرخدا لە دابەشکردنی کولتوورەکان و ڕەگەزەکان و چڕی دانیشتوان دروستکرد، بۆ نمونە کۆمەڵەی جوگرافیای شاهانە بزوێنەرێکی بنەڕەتی بوو لە هەوڵەکانی ئیمپریالیزم بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی تر.

**ڕۆژهەڵاتناسی لە کارەکانیاندا هەندێک کارەکتەریان بە مرۆڤی ڕۆژهەڵات بەخشیوە، وەکو توندوتیژی، وەحشی، خوێنڕێژ و هی دیکە، کە ئەمانە لەڕووی کۆمەڵایەتی و دواجار لەڕووی سیاسیشەوە ڕاڤەی ڕووداوەکانیان پێکردووە، زۆرجاریش کەسایەتیی دووفاقەیان بە مرۆڤی ڕۆژهەڵات بەخشیوە، کە لە هەندێک شوێن خوێنڕێژ، لە هەندێک شوێن بە بەزەیی و بە وەفا دەردەکەوێت بەردەوامیش وەکو لە خوارتر باسیان کردوون، بۆیە مێژوونووسانی پۆستکۆلۆنیال زۆر کار لەسەر چەمکی ئەویتری ئەوروپی دەکەن، وەک بەشێک لە پرۆژەی تێگەیشتن لەو ناسنامەیەی ئەوروپییەکان بە ڕۆژهەڵاتیان بەخشیوە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ مێژووی ناوچەکە بونیاد بنرێتەوە و تێکستوالیزە بکرێتەوە.**

**٣- سنور**

سنور یەکێکی تر بوو لەو چەمکانەی کە کۆلۆنیالیزم وەکو گوتارێکی ئیمپریالی زیندووی کردەوە، بۆ مەبەستی هەوڵدان بۆ ناساندن و داهێنانی ئەو کیانانەی لە ئەنجامی

داگیرکارییەکانیانەوە هاتبوونە بوون، یەکێک بوو لە دیاردە زەقەکانی نەخشەسازی ئەوان بۆ داهێنانی جیاوازییەکان لەنێو دانشتوانەکان و گەلەکان. لە گوتاری کۆلۆنیالیدا سەربارى سنورى ڕاستەقینە هاوکات گرنگی بە سنوری مەجازیش دەدرا کۆمەڵێک مەقولات دادەهێندران کە تەنها وێنایەک بوون بۆ دابەشکردنی جیندەری یان کولتووری یان عیرقی.

**٤-شوێن**

هەردوو چەمکی شوێن و ئیزاحە لە شارەزایی و ئەزموونی کۆلۆنیالیزەکراوەکاندا، کارلێکێکی پێکهێنەری فیعلی نێوان زەمان و مێژوو و ژینگە پێکدێنن، بایەخی فەزا و شوێن لە پرۆسەی پێکهێنانی شوناسدا زۆربەی کات لە ئەزموونی ئەواندا لە گوتاری کولتووری کۆمەڵگادا شوێنی نەبووەتەوە، تەنها دوای ئەوە نەبێت کە دەستوەردانی کۆلۆنیالی بەشێوەیەکی رادیکاڵی شێوازەکانی نمایندەکردنیان پەکخستوە، ئەویش لەرێگای جیاکردنەوە لەنێوان فەزا و شوێندا. ڕەنگە گەشتکردن بە شوێندا لە مێژووی کولتووری لە ئەفسانە و زمان، بەرجەستە بێت بێ ئەوەی ببێت بە چەمکی ناکۆکی و ململانێ تا ئەوکاتەی کە دەستوەردانی گوتاری قوڵی کۆلۆنیالی ڕوودەدات، ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم دەسوەردانە هەستکردن بەشوێن بە سەرجەم جۆرەکانییەوە پەک بخات، بە سەپاندنی هەستی هەڵکەندن لای ئەوانەی دەبن بە داگیرکراو، بە ئاوارەکردنیان و غەریبکردنیان لەرێگای ڕاگواستنی زۆرەملێوە یان کۆیلەکردن یان بیگاری.

شێواندنی نمایندەیی شوێن بە سەپاندنی زەمانی کۆلۆنیالی، هۆکارەکانی گرنگی کات لە کۆمەڵگا داگیرکراوەکاندا، لەو پەکخستنانەدایە، کە دەرەنجامی خودی نوێگەرین. لە پەیوەندییەکانی نێوان زەمان و شوێن و فەزادا لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندایە. بەر لە مۆدێرنە و کۆلۆنیالیزم هەمو کولتوورەکان ڕێگای خۆیان هەبوو بۆ ژماردنی کات، بەر لە داهێنانی کاتژمێری میکانیکی کەس نەیدەتوانی کات بەبێ ئاماژەکردن بە نیشانەیەکی دیکە دیاری بکات، کە بەردەوام بەسترابووەوە بە کوێوە (شوێن)ەوە، بەڵام کاتژمێری میکانیکی ڕۆڵی گەورەی بوو لە جیاکردنەوە لەنێوان کات و شوێندا لەم پرۆسەیەدا، کە دەتوانێت چێوەی ڕۆژ زۆر بەوردی و بێ ئاماژەدان بۆ هیچ نیشانەیەک دیاری بکات، کاتێک ڕۆژمێریش کرا بەجیهانی، لە هەموو ناوچەکان پشت بە زەمەنی قیاسی بەسترا، بەمەش کات بەتەواوی لە شوێن جیاکرایەوە، هەروەها بوو بە مەرجی پێشوەخت بۆ جیاکردنەوەی فەزاش. بەر لە مۆدێرنە فەزا و شوێن هاومانابوون بە هەر مانایەک بوایە، بەڵام ئەو کاتەی بواری پەیوەندیکردن بەوانی تری نائامادەوە ڕەخسا، بەهۆی داهێنانی کاتژمێر و نەخشە و ڕۆژمێرەوە، بابەتەکان ڕیشەیی گۆڕان، وای لێهات شوێنی ڕووداوەکان بە بابەتگەلی دوور لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە دیاری دەکران، وەکو تەکنۆلۆجیا فەزاییەکان، زەمانی ئیستیعماری و هیدیکەش،

لە دواجاریشدا کاتێک جیاکردنەوەی نێوان شوێن و فەزا، ڕێگا بە جیاکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شوینی ڕووداویانەوە دەدات، شوێن و ئەوەی مۆدێرنە لە پاش خۆی جێی دێڵێت بە مانایەکی دیاریکراو دەگۆڕێت بۆ شوێنێکی ناجێگیر و جێناکۆک بۆ پەیوەندیی نێوان زەمان وشوناس و شوێنی موحتەمەلی ئەو ڕاستییە خۆجەییانە کە جیاکاری جیهانی نێوان کات و فەزا و شوێن دەیخاتەوە.

**سنوریەکێکی تر بوو لەو چەمکانەی کە کۆلۆنیالیزم وەکو گوتارێکی ئیمپریالی زیندووی کردەوە، بۆ مەبەستی هەوڵدان بۆ ناساندن و داهێنانی ئەوکیانانەی لە ئەنجامی داگیرکارییەکانیانەوە هاتبوونە بوون، یەکێک بوو لە دیاردە زەقەکانی نەخشەسازی ئەوان بۆ داهێنانی جیاوازییەکان لەنێو دانشتوانەکان وگەلەکان.**

ڕەنگە چەمکی شوێن بۆ خۆی  بە جیاوازیی کۆمەڵگاکان تەواو جیاواز بێت، کە دەکرێت کاریگەریی سیاسی یان ئەدەبی هەبێت، بۆ نمونە لە کۆمەڵگا ڕەسەنەکاندا بە شێوەیەکی نەریتی شوێن بریتی نییە لە بونیادێکی بینراو، یان سپەیسێک کە توانایی پێوانەکردنی هەبێت، یان تەنانەت سیستەمێکی تۆپۆگرافیش، بەڵکو شوێنێکی هەستپێکراو لە خەونی تاک و ئیمیدادی بوونی ڕەنگە شێوەیەک بەرجەستە بکات بۆ نموونە جۆگەلەیەک، گردێک هێمای خەونێکی تایبەتی ئەو بن، کە شوێنی ئەو جۆگەلەیە یان گردە لەسەر نەخشەی خەونەکانی ئەو گرنگی تایبەتی بۆ ژیانی تایبەتی مرۆڤەکە هەیە، یان تەوتەمەیەک یان پەیوەندیی ئەو بە هۆزەکەوە یان شوناسەکەی یان هەر بابەتێکی دیکە، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ئەو کەسە لە نزیک ئەودا هاتبێتە دونیاوە، یان ڕووداوێکی بایەخداری بەسەردا هاتبێت.

**٥-چینایەتی**

چەمکی چینیش هاوکات لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ ناوەرۆکی کولتووری زاڵبوون و بە سەیدبوونی کۆلۆنیالی هاوتەریب دێتەوە، ڕوونیشە کە هەژموونی ئابوری لە سیاسەتی ئیمپریالیدا گرنگ بوو، ئەگەر لە پلەی یەکەم نەبووبێت. هەژموونی ئابوریش دووبارە پەیکەرکردنەوەی دەرامەتە ئابوریی کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای داگیرکراو لە خۆدەگرێت، بەمجۆرەش چینایەتی فاکتەرێکی گرنگ بوو لە کۆلۆنیالیزمدا، یەکەم لە بونیادنانی ئاراستەی داگیرکەران بەرەو گروپ و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا ڕەسەنەکە، دووەمیش بۆ داگیرەکراوەکان لەنێو

خۆیاندا، کە دەست بە تەوزیفکردنی گوتاری کولتووری کۆلۆنیالی دەکەن بۆ وەسفکردنی سروشتی کۆمەڵگا ژێر دەستەکەیان.

یەکەم جیاوازیی کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئەو بیرۆکەیەیە کە ستەم و پشتگوێخستن و وەدەرنان و چەوسانەوە و لە کۆمەڵگا کۆلۆنیالیزەکراوەکاندا هەیە، کە زۆر بە ئاسانی لەژێر تیشکی چەمکی چینیدا ڕاڤە دەکرێت، بەڵام ئایا دۆخی داگیرکراوەکان لەبارە بۆ ئەوەی بەئاسانی بخرێنە ژێر باری بیرۆکە جیهانییەکاندا دەربارەی شوناسی چین کە بکرێت لە چێوەی پۆلێنێکی گشتی وەکو پرۆلیتاریادا لێی تێبگەین بەبێ ئەوەی پێویستمان بە جیاوازیی زێدەتری کولتوورکرد هەبێت، هەر بۆیە مامەڵەی داگیرکەران لەگەڵ کۆمەڵگا داگیرکراوەکاندا بەڕوونی لەڕێگای پرۆلیتاریا و موڵکداردا بووە، بۆ تێگەیشتن لە چەق و پەراوێزخراو، ئەمەش وێنەیەکە لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لەو وڵاتانەدا.

**٦- ئیتنی**

ئیتن دەستەواژەیەکە زیاتر لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە بۆ جۆراوجۆری مرۆیی لە ڕووەکانی کولتوور و نەریت و زمانەوە بەکاردێت، بە مەبەستی دیاریکردنی جۆرە کۆمەڵایەتییەکان و زنجیرەیی بنەچە، لەبری ئەو گشتاندنە گوماناوییانەی لەبارەی عیرقەوە هەن و گریمانەکانی بۆ دابەشکردنی مرۆڤ بۆ چەند جۆرێکی بایۆلۆجی کە لەڕووی جیناتەوە دیاریکرابن. ئیتن ئاماژە بە ئاوێتەبوونی زۆربەی سیماکانی کە تایبەتن بە سروشتی هەر گروپێکی ئیتنی دەکات و پێکهاتەیەکە لە بەهای هاوبەشی وەکو: باوەڕەکان، پرنسیپەکان، زەوقەکان، ڕەفتارەکان، ئەزموونەکان، شارەزاییەکان، هۆشیاریی تایبەت، یادەوەرییەکان و وەلاکان.

گروپی ئیتنی بۆ شوناسی کەسی، زۆر گرنگە، چونکە کاتێک کەسێک دەیەوێت تێدا بمێنێتەوە بۆ ئەوانی تر نییە نکۆڵی لێ بکەن، یان ڕەتی بکەنەوە یان لێی وەرگرنەوە، بەڵام عیرق بۆ دابەشکرنی قوچەکی نێوان ئەوروپا و ئەوانی دیکە داهێنرابوو، لەڕێگای جیاکردنەوەی مرۆڤەکان بەپێی پێوەری جیناتی جێگیر.

ئیتنۆگرافیا بوارێکە لە بوارەکانی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی کە لەسەر بنەمای تێبینی و رامانی ڕاستەوخۆ بونیاد دەنرێت، واتا چاودێریکردنی ڕێگای ژیانی گەلێکی دیاریکراو، میتۆدێکی بنەڕەتییە توێژەرانی ئەنترۆپۆلۆجیای کولتووری بەکاریدێنن بۆ کاری مەیدانی کە ئەمە دەستەواژەیەکە بۆ پرۆسەی تێبینیکردن و تۆمارکردنی داتا و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بەکاردێت، واتا بەرهەمهێنانی وەسفێکی نووسراو، بۆ شێکردنەوەی بابەتی ژێر کۆڵینەوە لەڕووی مێژوییەوە. ئیتنۆگرافیا بە پلەی یەکەم سەرقاڵی ژیان و نەریتی ئەو گەلانە بوو، کە سەر بە ئەوروپا نەبوون و لێی دووربوون، واتا لەڕووی جوگرافی و کولتوورییەوە لە ئەوروپا

دووربوون، ئەنترۆپۆلۆجیاش وەکو جۆرێک لە مێژووی سروشتی بە کۆڵینەوە لەو گەلانەی کە دەکەوتنە ڕێگای فراوانخوازییەکانی ئەوروپاوە دەستی پێکرد، بەمجۆرەش ئەنترۆپۆلۆجیا دەستەواژەیەکی تایبەتە بە بارێکی مەعریفی فراوان کە ئیتنۆگرافیاش لەخۆدەگرێت، کاتێك ئەم بارەش دەستی پێکرد، ئیدی ئەم کولتوورانەی وەکو جیاواز لە کولتووری ئەوروپی دارِشت، یان وەکو سەرەتایی و دواکەتووە بەپێی تیۆرەکەی داروین بۆ گەشە، کە ئەمەش سودی زۆری بۆ گوتاری کۆلۆنیالیزم هەبوو لە دامەزراندنی هەرەمی کولتوورەکاندا. لە دەقە پۆستکۆلۆنیالییەکاندا زۆرجار ڕەخنە لە ئەنترۆپۆلۆجیا و گوتاری ئیتنۆگرافیا گیراوە لە دروستکردنی ئەوانی دیکەی سەرەتای و دواکەوتوو.

> **گروپی ئیتنی بۆ شوناسی کەسی، زۆرگرنگە، چونکە کاتێک کەسێک دەیەوێت تێدا بمێنێتەوە بۆ ئەوانی ترنییە نکۆڵی لێ بکەن، یان ڕەتی بکەنەوە یان لێی وەرگرنەوە، بەڵام عیرق بۆ دابەشکرنی قوچەکی نێوان ئەوروپا وئەوانی دیکە داهێنرابوو، لەڕێگای جیاکردنەوەی مرۆڤەکان بەپێی پێوەری جیناتی جێگیر.**

بەلای ئەوان خۆیانەوە ئیتنۆگرافیا میتۆدێکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییە دەتوانێت بە شێوەی ئاشکرا یان نهێنی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵێک بەشدار بێت، بۆ ماوەیەکی درێژ چاوی لەوانە بێت ڕوودەدەن، گوێی لەوانە بێت دەگوترێن، پرسیار بکات، بەگشتی داتا لەسەر هەموو ئەو لایەنانە کۆبکاتەوە کە ئەو دەیەوێت، ئەویش بەمەبەستی تێگەیشتن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەو کۆمەڵە، بەڵام ڕەخنەگران دەڵێن ئەم کارە زیاتر مەعریفەیەکی کولتووری دادەڕێژێت، نەک ئەوەی بیدۆزێتەوە، دەڵێن هەروەکو زانست لەڕووی مێژوویيەوە بۆ دەرخستنی دۆخ و پێگەی ژێر دەستەتەکان هاتووەتە بوون بۆ ئەوەی وەکو ئەوانی دیکە بۆ ئەوروپا بێنە بەرچاو، هەندێک دەڵێن نەک زادەی کۆلۆنیالیزمە، بەڵکو هەر جمکەیەتی، چونکە کۆلۆنیالیزم ڕێگای بۆ ئەوان خۆشکرد، ئەوانیش زانیاری و راپۆرتیان خستە بەردەستی کۆلۆنیالیزم. (جیمس کلیفۆرد)دەڵێت: ئیتنۆگرافیا بۆ خۆی شێوازێکە لە نووسین، بۆیە پێویستە لە روانگەی دەقیەتییەکەیەوە لێ بڕوانین، هەر بۆیە دەڵێت کارە ئەنترۆپۆلۆجییەکانی ئەوان بەتایبەت نووسراوەکان پێویستە بۆخۆیان لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت کە خۆیان لە چوار بواری سەرەکیدا دەبیننەوە، ئەوانیش زمان و بەلاغە و هێز و مێژوون.

**٧-دەروونز انی ئیتنۆگرافی:**

لە بیستەکانی سەدەی بیستەم بەدواوە گەشەیەک بەسەر ئیتنۆگرافیای کۆلۆنیالیدا هات، کە کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر گەلانی ژێردەستە هەبوو، بریتیبوو لە پیادەکردنی تیۆرییەکانی چارەسەری دەروونی و دەروونناسی بەسەر خەڵکی رەسەنی ناوچە کۆلۆنیالکراوەکاندا، بۆ ئەوەی زیاتر ئەو تێڕوانینە کۆلۆنیالییە بسەلمێنن، کە ئەمانە پێویستیان بە کۆنترۆڵی ئیستیعمارییە، هەموو ئەمانەش جارێکی تر لە پشت بیرۆکەی ڕەگەزەوە بوون بەوەی ئەو تایبەتمەندییە جەستەییانە بەڵگەن لەسەر جیاوازیی دەرونی وعەقڵی و ڕەفتاریی کە بە قوڵی لەنێو گروپە ڕەگەزییەکاندا بەرجەستەن.

بەگشتی ئەمانەی باسکران ئەو جومگە سەرەکییانەن، پۆستکۆلۆنیالیزم خزێندنەوەکانی خۆیان بۆ سەردەمی کۆلۆنیالیزم و کارەکانی ڕۆژهەڵاتناسی لەسەر بونیادناوە، کە لە بەشەکانی دیکەی ئەم گوتارەدا بەوردی ڕوون دەکرێنەوە و زیاتر لە ڕەخنەکانی ئەوان لە بارەی کاری ڕۆژهەڵاتناسی دەدوێین.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: بەعەرەبی**

١. انيا لومبا(٢٠١٣)، الكولونيالية و ما بعدها، ترجمة د.باسل المسالمة، دمشق.

٢. جيرمندر ك. بامبرا(؟؟؟؟)،اعادة التفكير في الحداثة نزعة ما بعد الاستعمار و الخيال

٣. حسن، مجدي عز الدين (٢٠٢٢). مابعد الكولونيالية ادوارد سعيد نموذجا، المجلة الموريتانية للدراسات الفلسفية، مؤسسة بيت الحكمة، العدد الأول.

٤. غاندي، ليلا (٢٠٢١) ،ترجمة لحسن أحمامة ،نظرية مابعد الحداثة و مدخل نقدي.

٥. فانون، فرانز. (٢٠٠٤). معذبو الارض، ترجمة: سامي الدروبي و جمال الاتاسي، الجزائر - بيروت: منشورات انبيت و دار الفارابي.

**دووەم: بە ئینگلیزی**

6. Guha، R. (1982). Elementary Aspects of Peasant Insurgency in Colonial India. Oxford: Oxford University Press.

7. Green، A.، & Troup، K. (2016). The houses of history: A critical reader in history and theory (2nd ed.). Manchester University Press

# خوێندنەوەی کتێب

# ستراتیجیی مەزنی ئێرانی: مێژوویەکی سیاسی



د. سەرکەوت جەلیل
توێژەر و لێکۆڵەری سیاسی




## پێشەکی

ستراتیجیی مەزن یان سەرەکی ئێران، دەکرێت ناویش بنرێت "خەم" یان "تراوما"ی گەورەی ئێران، بریتییە لە نەهێشتنی ئەو مەترسیانەی لە ماوەی چەندان دەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ڕووبەڕووی وڵاتەکە بوونەتەوە و کۆمەڵێک وانە و پەندییان فێری ڕێبەری باڵا و باقی سەرکردەکانی تری ئەو وڵاتەش کردووە، کە دەکرێت لە هەر قۆناغێکدا وەک ئامرازی سیاسەت و مانۆڕی سیاسی، بەکار بهێنرێن. ئەو خەم یان ترسە گەورەیەی ئێران ئاڕاستە دەکات، کە دواتر دەبێتە شادەماری سیاسەتی ناوخۆی و دەرەکیی وڵاتەکە، بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبەیە، کە لایەن پرۆفیسۆرێکی ئێرانی شارەزاوە نووسراوە. نووسەر بۆ خۆی بە جۆرێک زیانی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێگەشتووە؛ بەو پێیەی لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێراندا (کە دواتر بە شۆڕشی ئیسلامی ناسرا) باوکی کارمەندی حکومەتی شای پەهلەوی بووە و دواتریش پاش سەرکەوتنی شۆڕش و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، ناچار بوون ئێران بەرەو دیاسپۆرا جێبهێڵن. بەڵام بڕێکی زۆر هاوسەنگیی ڕاگرتووە و لە هەندێک جێگەدا نەبێت، کە دواتر ئاماژەیان پێ دەدرێت، هەست بە نابابەتیبوون ناکرێت و بڕێکی زۆر خۆی لە قەرەی تێما و پرسە سەرەکییەکانی

پەیوەست بە بابەتی کتێبەکەوە داوە.
بەگشتی، کتێبەکە کە لە (٣٨٨) لاپەڕە پێکهاتووە و ساڵی "٢٠٢٥" لەلایەن زانکۆی پرینستۆنەوە چاپ کراوە، لە پێشەکییەک و دوو پاژی سەرەکی پێکدێت. پاژی یەکەم لە چوار بەش و پاژی دووەمیش لە شەش بەش. پاژی یەکەم دەکرێت وەک کێشانی وێنەیەکی گشتی بۆ بابەتی کتێبەکە، لێک بدرێتەوە. پاژی دووەمیش، هەرچەندە درێژکراوەی هەمان بابەتی پاژی یەکەمە، وەک وردتر چوونە نێو بابەتەکەوە سەیر بکرێت.

## پێکەوە بەستنی ئێستا و ڕابردوو

لە بەشی پێشەکیی کتێبەکەدا، وەلی نەسر بە باسکردنی پەلاماری "٧"ی تشرینی یەکەم(ئۆکتۆبەر)ی "٢٠٢٣"ی بزوتنەوەی حەماس لە کەرتی غەزە بۆ ناو خاکی ئیسرائیل، دەست پێ دەکات. هەڵبەت ئەو ڕۆژە بە زۆر مانا، ڕۆژی وەرچەرخانە؛ چ بۆ ئێران و حەماس و هەموو ئەو گروپ و بزوتنەوە و ڕێکخراوانەی بە ئێران و ستراتیجیی سەرەکیی ئێرانەوە پەیوەستن، چ بۆ ئەوانەشی بەوپەڕی هێز و فشارەوە وەڵامی وەها ستراتیجییەک دەدەنەوە و لێی دەدەن و هەوڵی لاوازکردن و دەستەمۆکردن و تەنانەت ڕووخاندنی ڕژێمی هەنووکەی ئێرانیش دەدەن، کە ئێستا بریتیین لە ئەمەریکا و ئیسرائیل.
وەک ئەوەی نەسر وێنای دەکات، پەلامارەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، تەنیا پێکدادانێکی سەربازیی ڕاگوزەر نەبوو؛ تەنیا پێکدادانێک نەبوو کە چەند ڕۆژێک بخایەنێت و بە ویستی لایەنەکانی شەڕەکە بێت یان بە میانگیریی لایەنی تر دامرکێتەوە، بەڵکو بە جۆرێکیش تەقینەوەی دەیان ساڵی ململانێ بوو، هاتنەسەرەوەی دەیان ساڵ پلاندانان بوو لە دژی یەکتر. وەک نەسر دەیڵێت، ئەو شەڕە لە لایەکەوە بووە هۆی دەرکەوتنی "بەرەی بەرگریی یان بەرەی موقاوەمە" و لە لایەک تریشەوە بووە هۆی گۆڕانی سیما و دەرکەوتەکانی هێز بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوەی لە ڕۆژی "٧"ی ئۆکتۆبەری "٢٠٢٣" ڕوویدا، پەیوەستە بەو شۆڕشەوەی لە "١٩٧٩" لە ئێران بەرپا بوو.
خاڵی وەرچەرخان یان جیاکەرەوەی ئێرانی ئێستا لەوەی "١٩٧٩" و سەردەمی شۆڕش، ڕۆڵی ئایین و پیاوی ئایینی و ئایدیۆلۆژییە. ئەگەر ڕەخنەیەک لە ڕۆژئاوا بگیرێت، چەقبەستووییە. ڕۆژئاوا ئێستاشی لەگەڵ بێت تەنیا وەک دەوڵەتێک کە کۆمەڵێک پیاوی ئایینی بە خەیاڵاتی ئایینی و ئایدیۆلۆژیی ئایینییەوە بەڕێوەی دەبەن، لە ئێران دەڕوانێت. بەڵام ئێران چیتر هەمان ئێران نییە: ئێستا ئێران دەوڵەتێکە، ڕاستە پیاوانی ئایینی ئیدارەی دەدەن، بەڵام ئەو پیاوانە پەنا بۆ "ئەقڵ" دەبەن و سیاسەتی پراگماتیکی و ئەقڵانییانە دادەڕێژن و ئامادەشن هەندێک کار بکەن کە ڕەنگە لای بینەر یان ڤەکۆڵەرێکی ئەو دەوڵەتە، هێڵی سوور بن، تەنیا بۆ ئەوەی مانەوەی دەوڵەتەکەیان مسۆگەر بکەن. لەم پێناوەشدا، ئێران چیتر تەنیا دەوڵەتی

مەلافەرمانی (ولایة الفقیە) نییە، بەڵکو خۆی بە نوێنەری بزوتنەوەیەکی بەرگریی گەردوونی دژی ئەمەریکا دەزانێت، ئامانجیشی ئەوەیە دەوڵەتان و خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەوری ئەو ئامانجە خڕ بکاتەوە.

ئێران و سەرکردەکانی، پاش شۆڕشی "١٩٧٩"، بە جۆرێک ڕووداوەکانی سەدەی نۆردە و بیستەمی ئێرانیان ڕاڤە دەکرد، کە تەنیا یەک مانا بەدەستەوە بدەن: ئەمەریکا دوژمنە سەرەکییەکەیە، بۆیە هەموو هەوڵێک بدەن و هەموو سیاسەتێک بگرنە بەر بۆ ئەوەی ئەمەریکا ڕام بکەن و دەرفەتێک بەدەستەوە نەدەن ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بەهێز بێت؛ بەپێچەوانەوە، دەبێت ئەوپەڕی هەوڵ بدرێت کە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، کز بکرێت و نەهێڵرێت. لە ئەیلولی "٢٠٢٣"، پاش ئەوەی خەڵکانی ناڕازیی لە دەوڵەت، ڕژانە سەر جادەکان و ناخۆشحاڵی خۆیانیان بۆ دەوڵەت و سیاسەتەکانی نیشاندا، عەلی خامنەیی—ئەوکات ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران—لە تویتێکدا ئەو خەڵکە و جووڵەکانیانی وەک دروستکراو و هاندراوی ئەمەریکا لە قەڵەمدا. ئەوەش واتە، خامنەیی هێزە چەکدارەکانی لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا، ئازاد و دەستکراوە کرد؛ خۆیان بڕیار بدەن کە دۆخەکە چی دەخوازێت و چی بکرێت بۆ ئەوەی دەستی ئەمەریکا لە ناوخۆی وڵاتدا، ببڕدرێت. لە ساڵی "٢٠٠٥" ئێران پلانێکی بیست ساڵەی بۆ گەشەپێدان ڕاگەیاند و پلانی ئەوە دانرا چۆن تا "٢٠٢٥"، ئێران بکرێتە وڵاتێکی پیشەسازی و پەرە بە گەشەی ئابووری و کەلتووری و پەروەردەی و تەکنۆلۆژی بدرێت. لە ساڵی "٢٠٠٩" خامنەیی، ئەمەریکای وەک بەربەستی سەرەکیی بەردەم بەرجەستەکردنی ئەو پلانە لە قەڵەمدا.

چەند ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی نزیکی ئێراندا هەن، بەتایبەت لە دە ساڵی "١٩٧٩" تا "١٩٨٩"، کە بوونەتە بەردی بناغەی سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئێران و ڕەنگدانەوەشیان لە ناوخۆ دەبینرێت. لەوانەش تێپەڕاندنی قۆناغی پڕ مەترسیی پاش شۆڕش تا کاتێک پایەکانی شۆڕش وەک پێویست، جێگیر کران؛ قەیرانی بارمتە ئەمەریکییەکان لە پاش شۆڕش؛ جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق؛ لەگەڵ ڕووداوەکانی لوبنان لەڕووی جەنگی ناوخۆ و دواتریش هەڵکشانی بەخت و خۆری حزبوڵڵا وەک هێزێکی مەیلەو ئێران. ئەم ڕووداوانە پێکەوە بوونە بناغە و ئامرازی داڕشتنی سیاسەتی دەرەکیی ئێران و تێڕوانینی وڵاتەکە بۆ جیهان و ئامانجەکانی خۆی لە دەوڵەتسازی. لەوێوە بیرۆکەی بەرەنگاری و بەرگریی پیرۆز هاتنە ئاراوە و ئامانجی ئێران بە بەرگری و بەرپێگرتن، درایە قەڵەم. ئەو ڕووداوانە بوونە هۆی دروستبوون و شێوەگرتنی یادەوەریی دەستەجەمی، بە جۆرێک کە بە ناخی خەڵکیشدا برایە خوارێ، تا بە باشی ڕەنگدانەوەی هەمان ترس و نیگەرانییەکانی ڕژێمیان پێوە دیار بێت، لەوانەش ترسی دەستتێوەردان، لەدەستدانی سەروەری، ئاژاوە، لەگەڵ هەڵوەشانەوە، ئەوجا مافی هەبوونی دەوڵەتێکی بەهێز کە لەگەڵ ئەزموون و مێژووی تێپەڕیوی ئەو گەلەدا، بگونجێت و شایەنی ئەوە بێت.

**چنینی مێژوو**

لەڕووی زمان و کەلتوور و دەوڵەتسازییەوە ئێران هەست بەجۆرێک تاقانەیی و تەنیایی دەکات. بەو پێیەی تاقە دەوڵەتی شیعە مەزەبە لە ناوچەکەدا. دەوروبەری بە دەوڵەتی سوننە مەزەب تەنراوە، چ تورکیا و چ ئەفغانستان و پاکستان و چ دەوڵەتە عەرەبییەکانیش. ئەو هەست و دیدەی ئێران بۆ خۆی، نوێ نییە، یان لەپڕێکدا دروست نەبووە، بەڵکو ڕووداوەکانی چەند سەدەی ڕابردوو، پێکەوە لە خەملێنی وەها دیدێکدا بەشدارن.

هەر لە سەفەوییەکانەوە کە لەوێوە ئێران شێوەی ئیمپراتۆری وەردەگرێت، تا دەگاتە قاجارەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم و دواتریش سەردەمی پەهلەوییەکان و حوکمڕانیی محەمەد موسەدەق سەرەکوەزیران لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم و کودەتای شا بەسەریدا، تا دەگاتە شۆڕشی "١٩٧٩"، لە دیدی نەسردا، هەموویان ئەڵقەی جۆراوجۆری هەمان حیکایەتن و هەر یەکەو بەجۆرێک کاری لە شکڵگرتنی دەوڵەتی پاش شۆڕشی "١٩٧٩" (کۆماری ئیسلامیی ئێران) کردووە.

لە ساڵی "١٧٢٢"ەوە کە سەفەوییەکان لاواز دەبن و دەسەڵاتیان نامێنێت، ئێران لە زنجیرەیەکی درێژ لە جەنگی درێژ و خوێناوی و وەڕزکەر و ماندووکەرەوە دەگلێت، کە ئەنجامی زۆرێکیشیان شکست و سەرشۆڕی بووە بۆ ئەو وڵاتە. لە پاش ساڵی "١٧٨٩" کە قاجارەکان دێنە سەر حوکم، نەیانتوانی ئەو مێژووە ڕاست بکەنەوە یان بگۆڕن. لە سەدەی نۆزدەدا، کە بە سەدەی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم دەناسرێت، ئێران لە زیاد لە جەنگێکدا دۆڕاوە و زیاد لە پەیمان و ڕێککەوتنێکی بەسەردا سەپێنراوە، لەوانەش ڕێککەوتنەکانی تورکمانچای و گوڵستان لە "١٨٠٤" و "١٨٢٢" پاش دۆڕاندنی دوو جەنگ بە ڕووسەکان. ڕاستە ئێران هەمیشە دەوڵەت و حوکمڕانیی خۆیی هەبووە، بەڵام هەمیشەش بوار بۆ دەستتێوەردانی زلهێزەکان و داگیرکردنی بەشێک لە خاکەکەی و سەپاندنی مەرجی زۆر بەسەریدا هەبووە. بۆ نموونە، لە سەروەختی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، بەریتانیا پلانی ئەوەی هەبوو ئێران لاواز بکات و هیچ ڕۆڵێکی پێ نەسپێرێت، بەڵام پاش ئەوەی لە "١٩١٧" لە ڕووسیا شۆڕشی کرێکاران دەبێت و ئەوەش حساباتی بەریتانیا دەگۆڕێت، لە "١٩١٩" و لەڕێی ڕێککەوتنی ئەنگلۆ-فارسییەوە هەوڵی داوە ئێران مەیلەو بەریتانیا بهێڵێتەوە و وەک ناوچەی دابڕ (buffer zone) بۆ هێشتنەوەی مەودایەک لەگەڵ ڕووسیادا بەکاربهێنێت.

ئەوەش ئێرانییەکان دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، بۆ ئەوەی سەروەری و ئاسایشیان مسۆگەر بێت، دەبێت سەرەتا دەوڵەتێکی بەهێزیان هەبێت کە سنوورەکان بپارێزێت، یاسا بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، گەشە بە وڵاتەکە و تەکانێکیش بە خەڵکەکەی بدات. بۆیە پاش بیستەکان و وەک هەوڵێک بۆ بنیاتنانی ئێرانێکی بەهێز، ڕەزا شای پەهلەوی دێتە سەر حوکم. نەسر بە جۆرێک لە سەرسامییەوە باسی ڕەزا شا دەکات، وەک پیاوێک کە توانیویەتی

بناغەکانی ئێرانی مۆدێرن دابنێت، یەکپارچەیی خاکەکەی بپارێزێت و بڕێکی زۆر خەڵکەکەشی یەک بخات. بەڵام بە دژ یەکییەکدا تەقینەوە: کاتێک ڕەزا شا هەوڵی دەدا دوڵەتێکی بەهێز بنیات بنێت—کە مانەوەیان وەک نەتەوە مسۆگەر بکات—لەولاوە لە ستەمکارییەوە سەری دەرهێنا. لە کۆی گشتییشدا، ئەوەی ئێران لە سەردەمی حوکمڕانیی ڕەزا شادا بنیاتنی نا، لە ئەزموونی دووەم جەنگی جیهانییەوە دەرکەوت—چونکە لەو جەنگەدا بەریتانیا و یەکێتیی سۆڤییێتی و فەرەنساش دەستیان وەردایە ئێران و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان یارییان پێ دەکرد—بۆ پاراستنی سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، بەس نییە. بەڵام خاڵێکی گرنگ لە ئەزموونی شادا ئەوەیە، بەهۆی پەلاماری یەکێتیی سۆڤییێتی و داگیرکردنی بەشێک لە خاکەکەی و تەنانەت جۆرێک لە پشتیوانییشی بۆ بزوتنەوە سەربەخۆییخوازە ناوخۆییەکانی ئێران—لەوانەش کورد و ئازەری— ئێران بەتەواوی لەو وڵاتە تۆقیبوو. بۆیە هەموو هەوڵێکی دا لە مەترسییەکانی ستالین و دەوڵەتەکەی پارێزراو بێت، بۆیەش لە ڕۆژئاوا نزیک بووەوە و هاوپەیمانیی لەگەڵ دروست کردن. ئا ئەم هاوپەیمانییە لەگەڵ ڕۆژئاوا، خاڵی جیاکەرەوەی سەردەمی ڕەزا شایە لەگەڵ سەردەمەکەی دوای خۆیدا، کە مەبەستمان "کۆماری ئیسلامی ئێران"ە.

> **ستراتیجیی مەزن یان سەرەکی ئێران، دەکرێت ناویش بنرێت "خەم" یان "تراوما"ی گەورەی ئێران، بریتییە لە نەهێشتنی ئەو مەترسییانەی لە ماوەی چەندان دەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێر اندا، ڕووبەڕووی وڵاتەکە بوونەتەوە و کۆمەڵێک و انە و پەندییان فێری ڕێبەری باڵا و باقی سەرکردەکانی تری ئەو وڵاتەش کردووە، کە دەکرێت لە هەر قۆناغێکدا وەک ئامرازی سیاسەت و مانۆڕی سیاسی، بەکار بهێنرێن.**

خاڵێکی تری چارەنووسساز و گرنگ لە ئەزموونی پەهلەویدا، سەردەمی محەمەد موسەدەق سەرەکوەزیرانە. ئەو سەردەمە زۆرێک لە خەسڵەتەکانی سەردەمی دواتری خۆی هەڵگرتووە. لەو چەند ساڵە کەمەی موسەدەق سەرەکوەزیران بوو، چەند شتی گرنگ هەبوون. یەکیان هەوڵەکانی موسەدەق بۆ خۆماڵیکردنی کەرتی وزە و نەوت، کە پێشتر ڕەزا شا زنجیرەیەک جیاوگی بە کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان دابوو. دواتر دەیویست لە ململانێی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا—جەنگی سارد—بێلایەن بمێنێت و خۆیان وتەنی، نە شەرقی بن و نە غەربی. پلانی خۆماڵیکردنی دەست پێکرد و جیاوگەکانی لە ڕۆژئاواییەکان وەرگرتەوە، بەڵام بۆی نەچووە سەر، چونکە تا "١٩٥٣" جۆرێک لە ڕای سیاسی و جەماوەریی لەسەر دروست بوو،

کە موسەدەق بە ڕواڵەت بێلایەنە، ئەگینا لە سۆسیالیستەکانەوە نزیکە و دەیەوێت وڵات بەرەو سۆسیالیستی ببات. بۆیە لەو ساڵەدا محەمەد ڕەزا شا، کودەتای بەسەردا دەکات و لە حوکمڕانیی و حکومەت دوور دەخرێتەوە. دواتر هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، بۆ نموونە هێزە ئیسلامییە نەتەوەییەکانی کە دواتر کۆماری ئیسلامی دادەمەزرێنن، بەجۆرێک ئەو ڕووداوی کودەتایە دەخوێننەوە، کە سازدراو و چنراوی دەستی ئەمەریکا و دەزگا هەواڵگرییەکەی ــــ سی.ئای.ئەی ــــ بێت. ئەوەش برینێکی قووڵی لە یادەوەریی ئێرانییە نەتەوەییەکاندا جێهێشتووە و هەموو هەوڵێک دەدرێت، کە ئەزموونی موسەدەق دووبارە نەبێتەوە. نەک ئەو بەشەی پەیوەندیی بە بیر و خەباتی نەتەوەییەوە هەیە، بەڵکو ئەو بەشەی کە کودەتای بەسەردا دەکرێت و لە ماوەیەکی کورتدا، حکومەتی نەتەوەیی خاوەن بڕیار و سەروەریی لێ دەسەنرێتەوە. لێرەوە خاڵی جیاکەرەوەی سەرەکیی سەردەمی شا و سەردەمی کۆماری ئیسلامی: کاتێک شا دەیویست و باوەڕی وا بوو کە سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە سۆسیالیستەکان و نزیکبوونەوە لە ڕۆژئاوا، سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێک بەپێچەوانەوە، بەهۆی ڕووداوی کودەتاکەی دژی موسەدەقەوە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ستراتیجی مەزنی ئێران دەبێت بریتیبێت لە دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە نزیکبوونەوەیەک لەگەڵیان، بۆ ئەوەی هیچ دەرفەتی دەستوەردانیان لە کاروباری ناوخۆیی ئێراندا پێ نەدرێت.

**پاژی یەکەم: لەدایکبوونی شۆڕش و جەنگ**

پاژی یەکەم تەرخانە بۆ کێشانی وێنەی ساتی "لەدایکبوون". لێرەدا مەبەست لەدایکبوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. چۆن سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامی ساڵی "١٩٧٩"ی ئێران، مێژوویان خوێندووەتەوە و چۆن تێگەیشتنی خۆیانیان لە مێژوو بۆ بنیاتنانی کۆماری داهاتووی ئێران، بەکارهێناوە، بابەتی سەرەکیی پاژی یەکەمە.

هەر لە سەرەتاوە کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی بیریان لە دانانی دەستوور و بناغەی کۆمارە نوێیەکە دەکردەوە، کەوتنە دووڕێیانێکەوە: دەبوو یان وەک دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بیر لە دیموکراسی و حوکمڕانیی جەماوەری و بەشداریی خەڵک لە سیاسەتدا بکەنەوە، یانیش وەک شا و ڕژێمە ڕۆژهەڵاتییەکانی تر، ستەمکاری و تاکڕەوی بێت. بۆیە هەرووکیان تێکەڵ کرد. لە لایەک ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی هەیە، کە دادەنرێت، هەموو شتێکە و بەرپرسە لە داڕشتنی سیاسەتی سەرەکی و ستراتیجیی وڵات و تا مردنیش لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە و بەدەرە لە لێپرسینەوە، لەو لاشەوە سەرەککۆمار و پۆستە هەڵژێردراوەکانی تر هەن کە لەلایەن جەماوەرەوە هەڵدەبژێردرێن؛ هەڵبەت ئەوانەش پاش پەسەندکردنیان و دەرچوونیان لە پاڵاوتنی چەند دەزگایەکی ئیسلامی نزیک لە ڕێبەری باڵا. بەڵام لەو نێوانەدا

پرسیارە بوونەکی و سەرەکییەکە وەک خۆی مایەوە: چۆن و چی بکرێت بۆ ئەوەی سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، مسۆگەر بکرێت؟ پاش شۆڕش، ڕۆژنامەنووسێک لە خومەینی دەپرسێت "سوودی شۆڕشەکە چی بوو؟" ئەویش دەڵێت "ئێستا هەموو بڕیارەکان لە تارانەوە دەدرێن". ئەمە کرۆکی ستراتیجیی مەزنی ئێرانە لە پاش شۆڕشەکەی "١٩٧٩"وە.
پاژی یەکەم تەرخانە بۆ ئازار و بەرەژانەکانی لەدایکبوونی کۆمارە نوێیەکە. باسی سەرەتای هاتنەسەر حوکمی ئیسلامییەکان و ئاڵنگارییەکانی نووسینەوەی دەستووری نوێ و دواتریش قەیرانی بارمتە دیپلۆماسییە ئەمەریکییەکان و ئینجا جەنگی تاقەتپڕوکێنی عێراق-ئێران دەکات. ئەمانە یەکەمین ئەزموونەکانی کۆمارە نوێیەکە بوون و هەر ئەمانەش بوونە ڕەنگپێدەر و داڕێژەری سیاسەت و ستراتیجیی داهاتووی ئێران. لە سەرەتای شۆڕشەوە، پەلاماری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران درا، ژمارەیەک کارمەند و دیپلۆماتکار بەبارمتە گیران و دوای (٤٤٤) ڕۆژ دانوستان و پەتراکێشان لەگەڵ ئەمەریکا، ئینجا ئازاد کران. لەوێوە ئیتر سیاسەتی دژە ئەمەریکای و دژەڕۆژئاوایی ئێران، خەت و خاڵی دا و سەرڕێ کەوت.

> **پەلامارەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، تەنیا پێکدادانێکی سەربازیی ڕاگوزەر نەبوو؛ تەنیا پێکدادانێک نەبوو کە چەند ڕۆژێک بخایەنێت و بە ویستی لایەنەکانی شەڕەکە بێت یان بە میانگیریی لایەنی تر دامرکێتەوە، بەڵکو بە جۆرێکیش تەقینەوەی دەیان ساڵی ململانێ بوو، هاتنەسەرەوەی دەیان ساڵ پلاندانان بوو لە دژی یەکتر.**

چۆن سنوورەکانی ئێران دەپارێزرێن؟ یەک لە ئامرازەکان، ناردنە دەرەوەی شۆڕشە. لە سەردەمی پاش شۆڕش و بە فەرمانی خومەینی، ئێران هەوڵی زۆر دەدات کە شۆڕش بنێرێتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، تەنیا بۆ ئەوە نا ئەو وڵاتانەش بکەوێتە دەستیان، بەڵکو بە پلەی یەکەم بۆ پاراستنی کۆمار لە ناوخۆدا و بۆ ئەوەی دوژمن (ئەمەریکا و ئیسرائیل و وڵاتە هاوپەیمانەکانیان لە کەنداو) بە کێشەی ناوخۆیانەوە سەرقاڵ بکەن و نەیانپەرژێت ئاوڕ لە هێرشکردنە سەر ئێران بدەنەوە. بۆ ئەوەش ئێران لە چەند ڕووداوێکدا بەشدار بووە و دەستی هەبووە، لەوانەش دەستگرتن بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئیسلامئاباد، تیرۆرکردنی ئەنوەر سادات، یاخیبوونێکی برایانی موسوڵمان (ئیخوان موسلمین) لە شاری حەمای سوریا دژی حافز ئەسەد. بەڵام وەک نەسر دەڵێت، هیچکام لەم هەوڵ و هاوخەمییانە، ئێرانیان نەکرد بە سەرکردەی ئیسلامیزم لە جیهان و ناوچەکەدا. بەڵام دواتر خامنەیی و

ڕەفسەنجانی، وەک دوو کەسی زۆر نزیک لە خومەینی، واز لەو بیرۆکەیە دەهێنن و ئەو دەزگایانەشی بۆ ئەو مەبەستە پێک هێنرابوون، هەڵدەوەشێننەوە.
قەیرانی بارمتە ئەمەریکییەکان، ئاڵنگارییەکی تایبەت بوو، چونکە یەکەمین بەرکەوتن و تاقیکردنەوەی سەرکردەکانی کۆمارە نوێیەکە بوو لەگەڵ ئەمەریکادا. لەو قەیرانەشەوە زۆر وانە فێر بوون. یەک لەوانە، نەچەمان و بەرگەگرتن و دەرکەوتنی خومەینییە وەک سەرکردەیەکی دژە ئیمپریالیزم و خۆڕاگر بەڕووی ئەمەریکادا بە هەر نرخێک بێت. ئەوەش واتە بڕێکی زۆر دڵسۆزی و هاوخەمیی جەماوەریان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە. لەو ڕووداوەوە تێگەیشتن کە ترسی دەستوەردانی ئەمەریکا لە ئێران، دەکرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بڕەوێنرێتەوە ئەگەر خۆڕاگری و ئیرادەی پێویست هەبێت. لەوێدایە کە خومەینی وتوویەتی: "ئەمەریکا ناتوانێت هیچ غەڵەتێک بکات". ئەمانە و جگە لە پاکتاوکردنی دەنگ و هێزە ناوخۆییە نەیارەکان، لەوانەش کوردە سەربەخۆییخوازەکان و موجاهیدینی خەڵق و ئەوانی تریش، کە ئیتر سەرکردە ئیسلامییەکان ڕێگەیان بۆ خۆیان خۆش کرد و بوون بە تاکە گروپی فەرمانڕەوا لە قۆناغی پاش شۆڕشدا.
لەوەش گرنگتر، جەنگی وێرانکەری هەشت ساڵەیە لەگەڵ عێراق. وەک نەسر جەختی لێدەکاتەوە، زۆربەی زۆری سیاسەت و بیرکردنەوە و تاکتیک و چۆنێتیی مامەڵەکردنی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا، لەو هەشت ساڵەدا پێکهاتوون. گەر کۆماری ئیسلامی بەرهەمی شۆڕش بووبێت، ئەوا شکڵگرتن و دارشتنی ناواخنی کۆمارەکە لە ئەنجامی جەنگی هەشت ساڵەی عێراقەوە بووە. بنەمای سەرەکی کە لەو ماوەیەدا دەرکەوت، بەرگریی پیرۆز (دفاع مقدس) بوو. بە باوەڕی سەرکردەکانی کۆمار، جەنگی عێراق، جەنگێکی سەپاو بوو بەسەر ئێراندا. تەنانەت کاتێک ئێران دەیتوانی بچێتە نێو خاکی عێراقەوە، کاتێک پاش یەک دوو ساڵ جەنگ، سیاسەتی خۆی گۆڕی و سوور بوو لەسەر لابرنی سەدام لە حوکمڕانی، جەنگەکە هەر بەرگری بوو. بۆیە هەموو جۆرە بەرگرییەک لە بەرامبەر وەحشییەتی سەدام و هێزە چەکدارەکانی و هێرشە کیمیاییەکانی کە پێچەوانەی هەموو یاسا و نەریتێکی جەنگ بوون، بە بەرگریی پیرۆز لەقەڵەم دران.
ڕۆژئاواش لە جەنگەکەدا بەرەی خۆی یەکلا کردبووەوە. ڕاستە لە چەند قۆڵێکەوە و بە چەند ڕێککەوتنێک، چەکیان بە ئێران دەفرۆشت، بەڵام زیاتر بەرەی سەدامیان دەگرت و هەموو یارمەتییەکیان دەدا بۆ ئەوەی شۆڕشی ئێران و کۆماری نوێی ئیسلامی لەبار ببرێن. بۆیە ئێرانییەکان زیاتر بەرەو ڕووی ڕۆژئاوادا ڕژد بوون و داخران، زیاتر وەک جەنگە بەرگرییەکی پیرۆز باسیان دەکرد و جۆشی جەماوەریان پێ دەدا و دەیانهێنانە نێو جەنگەکەوە.
لەو سەروبەندەدا عێراق پەلاماری کەشتییە نەوتهەڵگرە ئێرانییەکانی دەدا. لە بەرامبەریشدا، ئێران سەرێشەی بۆ ڕێڕەوی کەشتییەکان لە کەنداو و گەرووی هورمزدا دروست دەکرد،

پەلاماری کەشتییە کوەیتی و سعوودییەکانی دەدا. بەوەش پەیامێکی بۆ دنیا دەنارد: گەر ئێمە نەتوانین نەوت بنێرین، جیرانەکانیشمان ناتوانن. ئەو ڕووداوانەی کاتی جەنگی عێرق-ئێران فرە سەرنجڕاکێشن، چونکە لەم ماوەیەدا کە جەنگی ئەمەریکا و ئیسرائیل دژ بە ئێرانمان بینی، هەمان سیناریۆ دووبارە بووەوە. پاش ئەوەی ئەمەریکا سزای ئێرانی دا و هەناردەی نەوتی سنووردار کرد، ئێران وڵاتانی کەنداوی مووشەکباران کرد و گەرووی هورمزی بەتەواوی داخست و بازاڕی جیهانیی وزەی تووشی شڵەژان کرد. چوارچێوەکە جیاوازە، بەڵام پەیام و کاردانەوەی ئێران، هەمان سەردەمی جەنگە لەگەڵ عێراق.

> **ئێستا ئێران دەوڵەتێکە، ڕاستە پیاو انی ئایینی ئیدارەی دەدەن، بەڵام ئەو پیاو انە پەنا بۆ "ئەقڵ" دەبەن و سیاسەتی پر اگماتیکی و ئەقڵانییانە دادەڕێژن و ئامادەشن هەندێک کاربکەن کە ڕەنگە لای بینەریان ڤەکۆڵەرێکی ئەو دەوڵەتە، هێڵی سوور بن، تەنیا بۆ ئەوەی مانەوەی دەوڵەتەکەیان مسۆگەر بکەن.**

جیهانبینییەک لە جەنگی عێراقەوە دروست بوو، هێزی بەرەنگاربوونەوە و پێویستیی چاندنی لە دەوڵەت و جڤاکیشدا وەک پرسێکی ئەمنی. وەک ئەوەی خامنەیی وتوویەتی: "وانەی وەرگیراو لە بەرگریی پیرۆزەوە ئەوەیە، ئاسایشی نەتەوەیی تەنیا بە بەرەنگاربوونەوە مسۆگەر دەکرێت". بەرەنگاربوونەوە واتە خۆڕاگری، چاندنی بەها شۆڕشگێڕییەکان لە دڵی ئابووری و سیاسەتدا، لەگەڵ ڕێکخستنیان لە دەوری ئایدیاڵی خۆبژێوی یان خودکەفایی(self-reliance)دا. جەنگەکە وەک بەرگری وێنا کرا، دڵگەرمیی ئایینی و خۆتەرخانکردن بۆ بەها شۆڕشگێڕییەکان جیا نەبوون لە ناسیۆنالیزم، دژی یەکتر نەبوون، بەڵکو بە درێژایی جەنگەکە، هێزەکانی پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و هێزەکانی تریش، پشتیان بە وەها ستراتیجی و باوەڕێک دەبەست. تەنانەت سەدام وەک یەزید و ئێرانیش وەک ئیمام حسێن، باس دەکران. بۆیە زۆرجار جەنگی عێراق، وەک شەڕی کەربەلای ساڵی "٦٨٢"ی زایینی (شەڕی نێوان یەزید و حسین لە شاری کەربەلا) دەخرایەڕوو.

کورت و پوخت، جەنگی عێراق بوو ئێرانی دروست کرد. پایە سەرەکییەکانی ستراتیجی کۆماری ئیسلامی، لە سەروەختی جەنگی عێراقدا دانران و دروست کران. پێش جەنگەکە، شۆڕشی ئیسلامی، شۆڕشی ئیسلامی تەنیا ئێران نەبوو، بەڵکو هی هەموو جیهانی ئیسلامی بوو؛ خومەینی سەرکردەی تەنیا شۆڕشی ئێران نەبوو، بەڵکو هی هەموو جیهانی ئیسلامی بوو. بەڵام پاش جەنگەکە، خومەینی وازی لەو گەردوونییەتە ئیسلامییە هێنا و بوو بە

سەرکردەی نەتەوەی ئێران لە وەختی گەمارۆدا. هەروەک لە کۆبوونەوەیەکدا وتوویەتی: "پێم باشە واز لە لەپێکی خۆم بێنم وەک ئەوەی واز لە هێندەی لەپێکی خاکی ئێران بێنم". ئەوەش واتە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی، نیشتمانپەروەریان بەسەر ئایینپەروەری و ئیسلامیزمدا زاڵ کرد. بە زۆر ڕێگە و شێوە، خومەینی هەوڵی دەدا هاوسەنگییەک لەنێوان شۆڕش و ناسیۆنالیزم، یان لەنێوان ئایدیاڵیزمی ئیسلامی و ئاسایشی نەتەوەییدا ڕابگرێت. ئەمەش قەیرانێکی بوونەکییە بۆ کۆماری ئیسلامی، لە سەرەتاوە تا هەنووکە. بەڵام ساڵانی جەنگی عێراق و فشاری زۆری ڕۆژئاوا، کەم تا زۆر هاوکێشەکەیان یەکلا کردەوە و ئێرانیان لە ئایدیاڵی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییەوە بەرەو سیاسەتی واقیعی و ئاسایشی نەتەوەیی پاڵ نا، کە ئایین دەخرێتە خزمەتی ئامانجێکی نەتەوەییەوە.

**پاژی دووەم: خامنەیی و ڕەگداکوتینی ستراتیجی مەزن**

پاژی دووەم تایبەتە بە قۆناغی ململانێی ناوخۆیی پاش شۆڕشەوە. دوای ئەوەی لە "١٩٨٩" خومەینی وەک یەکەمین ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی، دەمرێت، علی خامنەیی جێی دەگرێتەوە. یەکەمین ئاڵنگاریی کە بەرۆکی خامنەیی و ئێرانی پاش جەنگ دەگرێت، پرسیاری چاکسازیی یان بەرەنگاربوونەوەیە. ئەم قۆناغە بە ململانێی نێوان ڕێبەری باڵا، خامنەیی و سەرەککۆمار، هاشمی ڕەفسەنجانی، ڕەنگڕێژ بوو. ئاشکرایە، خومەینی لەگەڵ ئەوەدا بوو کە درێژە بە بەرەنگاربوونەوە بدرێت، تەنانەت لەگەڵ گۆڕینی مەلافەرمانیدا بوو بۆ مەلافەرمانیی ڕەها. ئەوەش وەک ڕێخۆشکرنێک بۆ ڕێبەری باڵای دواتر، تا ئەوەی بتوانێت بەبێ هیچ گومان و دوودڵییەک، دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت و لە سەرووی هەموو دەزگاکانی حکومەتەوە بێت.

پاش مردنی خومەینی و هاتنی خامنەیی، ڕەفسەنجانی دەبێتە سەرەککۆمار. لەم ساتەوە ململانێ دەکەوێتە نێوان خامنەیی و ڕەفسەنجانی، یەکەمیان وەک درێژەپێدەری خومەینی و مەلافەرمانی و پشتکردنی تەواوەتیی لە ڕۆژئاوا، بەڵام دووەمیان پشتیوانی حکومەتی ئەقڵانی بوو، لەگەڵ جۆرێک لە کرانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بوو. ئەوەش جیاوازیی دیدی دەستەبژێری سیاسی دەردەخات لە هەڵسەنگاندنی میراتیی شۆڕش و کۆماری ئیسلامی، بەتایبەت لەڕووی بایکۆتکردنی ڕۆژئاواوە، چونکە لە ساڵانی جەنگی عێراقدا و بەهۆی فشاری زۆری ڕۆژئاواوە، ئێرانییەکان زیانی زۆریان چەشتبوو، ئابووریان تەپیبوو، سەدان هەزاریان لێ کوژرابوون، جگە لە برینداری و کەمئەندامێتی. لە هەندێک لە هێرشەکان یان هێرشە پێچەوانەکاندا، دەیان هەزار منداڵی سەربازی ئێرانی کوژرابوون. بۆیە پاش نیشتنەوەی تەپوتۆزی جەنگی عێراق و گیرۆدەبوونی عێراق بەهۆی جەنگی کوەیت و یەکلابوونەوەی ئێران بۆ ناوخۆی، پرسیاری ئەوەی ئێستا چی بکرێت و چیبکرێتە پێشینە، پرسیارێکی جدی

و سەرەکی بوو. بۆیە خامنەیی و لایەنگرانی لە سوپای پاسداران، دەیانویست بە هەمان نەفەسی جەنگ، درێژە بە بیرۆکەی بەرەنگاریی بدرێت. بەڵام ڕەفسەنجانی و هەوادارانی، دەیانویست لەڕێی ڕیفۆرمی ئابوری و کرانەوەی کۆمەڵایەتییەوە، هەناسەیەک بە بەر کۆماری ئیسلامی و خەڵکەکەشیدا بێننەوە.

**چەند ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی نزیکی ئێراندا هەن، بەتایبەت لە دە ساڵی "١٩٧٩" تا "١٩٨٩"، کە بوونەتە بەردی بناغەی سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئێران و ڕەنگدانەوەشیان لە ناوخۆ دەبینرێت. لەوانەش تێپەڕاندنی قۆناغی پڕمەترسیی پاش شۆڕش تا کاتێک پایەکانی شۆڕش وەک پێویست، جێگیرکران؛ قەیرانی بارمتە ئەمەریکییەکان لە پاش شۆڕش؛ جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق؛ لەگەڵ ڕووداوەکانی لوبنان لەڕووی جەنگی ناوخۆ و دواتریش هەڵکشانی بەخت و خۆری حزبوڵڵا وەک هێزێکی مەیلەو ئێران.**

ڕەفسەنجانی هەوڵی زۆری دا و هەنگاوی زۆری هەڵهێنا. کاریگەریی سیاسەتەکانیشی تا دوای خۆی هەر بەردەوام بوو. سەرباری ئەوەی دژایەتیی زۆر کرا و بەڕووی سیاسەتەکانیدا وەستانەوە، بەڵام دەرکەوت کاریگەرییەکانی لەوە زیاتر ڕۆیشتوون کە باڵی ڕێبەر و پاسداران بیریان لێ دەکردەوە. ئەوە بوو دواتر و پاش کۆتایی خولی سەرۆکایەتیی ڕەفسەنجانی، سەرەککۆمارێکی تر هات کە درێژەپێدەری هەمان سیاسەتەکانی ڕەفسەنجانی بوو، ئەویش محەمەد خاتەمی بوو. بەڵام بۆ خولی دواتر، مەحمود ئەحمەدی نەژاد هاتە سەر حوکمڕانی و وەک بەشێک لە کوتلە توندڕەوەکە، تەرازووی هێزی بە لای کۆنەپارێزاندا شکاندەوە.

بۆ خامنەیی، سیاسەت بریتیبوو لە ناوخۆدا داخران و سەرپۆشی زۆرەملێ بە ژنان و قەدەغەکردنی هەموو جۆرە کرانەوەیەک، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا هەڵگری دیدێکی وێستفالییانە و بینینی ئێران وەک دەوڵەت-نەتەوەیەک. لە ساڵانی "١٩٩١" تا "١٩٩٦" لە چەند هەوڵێکدا، پشێوی لە وڵاتانی تردا دروست کرا. لە "١٩٩١" شاپور بەختیار، کۆتا سەرەکوەزیرانی شا، لە پاریس تیرۆر کرا؛ لە "١٩٩٢" قاسملوو و چەند سەرکردەیەکی تری کورد لە بەرلین، تیرۆر کران؛ لە "١٩٩٦" پاش هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر حزبوڵڵا لە لوبنان، بە چەند تەقینەوەیەک لە ئەرجەنتین وەڵامی درایەوە؛ دواتریش بەهۆی توندکردنی گەمارۆی ئەمنی بۆ سەر ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە، لە "١٩٩٦" بورجی خوبەر لە سعوودییە بۆمباران

کرا. ئەمانە وایان کرد، کە هەوڵەکانی ڕەفسەنجانی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و ڕۆژئاوا و بەدەستهێنانی کرانەوە، شکستیان پێ بهێنرێت و بەئەنجام نەگەن.

خاتەمی، بە هەمان شێوەی ڕەفسەنجانی، پێی وا بوو باشترین ڕێگەی خزمەتکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، زیادکردنی پشتیوانیی جەماوەرییە بۆ دەوڵەت لەڕێی زیادکردنی بەشدارییەوە لە سیاسەت و تێکەڵبوونی زیاتر لە کاروباری نێودەوڵەتیدا، لەڕێی درێژکردنی دەستی دۆستایەتییەوە بۆ هەموو دەوڵەتان جگە لە ئیسرائیل. بۆیە خاتەمی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی خۆیدا، باسی دیموکراسی و جڤاکی مەدەنیی دەکرد، دژی سەپاندنی فەرمانە ئایینییەکان بوو لەلایەن دەوڵەتەوە، باسی یاساسەروەری و ئازادیی کەلتووری دەکرد. سەرەنجام خاتەمی، سەرباری فشارەکانی ڕێبەری باڵا و پاسدارەکانی هاوبیری، بووە سەرەککۆمار و ئێرانییەکانیش هەڵبژاردنەکەیان ناو نا "دووەمین شۆڕش". بەڵام یارانی پاسدار لە فشارەکانیان بەردەوام بوون. تا کار گەیشتە ئەوەی سەرۆکی نوێی پاسداران، یەحیا ڕەحیم-سەفەوی، بە تەنزەوە باسی گفتوگۆی شارستانێتییەکان بکات و ڕەتی بکاتەوە کە بکرێت لەو ڕێگەیەوە کێشەکان لەگەڵ ئەمەریکادا چارەسەر بکرێن.

پاش هاتنی ئەحمەدی نەژاد و پاش ئەوەشی—بەهۆی ڕووخاندنی سەدام و حوکمڕانیی سوننەکانی عێراقەوە لەلایەن ئەمەریکاوە—شیعەکانی عێراق سەردەمێکی نوێی باڵادەستییان بۆ هاتە پێشێ، مەلافەرمانیی ئێرانی بیری لە قووڵایی ستراتیجێکی بەرەنگاربوونەوە کردەوە. عێراق، پاش سەدام، بوو بە یەکەمین دەوڵەتی عەرەبیی زۆرینە-شیعە، کە بەوەش قووڵاییەکی تایبەتی بۆ ئێران دەستەبەر کرد.

لە سەروبەندی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، بەشار ئەسەد و سوریا کەوتنە خۆیان و لە ئێران نزیکتر بوونەوە. لە "٢٠٠٣" و لە سەردانێکیدا بۆ تاران، ئەسەد نیگەرانیی خۆی لە دۆخی عێراق دەردەبڕێت و پێی وایە پریشکی ئەو داگیرکارییە بە عێراقەوە ناوەستێت. بۆیە دەڵێت: "تاکە چارەسەر، بەرەنگاربوونەوەیە". لەوێوە هێڵی بەرەنگاریی شیعیی ئێرانی، دەگاتە سوریا و لەوێش دەمێنێتەوە تا کاتێک بە فەرمی ئەسەد دەڕوات و حوکمڕانییەکی سوننی جێی دەگرێتەوە. هەمان قووڵایی لە لوبنان و پاش جەنگی "٢٠٠٦"ی ئیسرائیل و حزبوڵڵا، دروست بوو.

هەناردنی بەرەنگاری، یان بەرگریکردن لەودیو سنوورەکانەوە، بەردەوام دەبێت. کاتێک لە "٢٠١٤" داعش هاتە کایەوە و بەشێکی بەرچاوی عێراقی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئێران زوو کەوتە جووڵە. لە یەک کاتدا، وەک نەسر جەخت دەکاتەوە، بە هانای هەولێر و هەرێمی کوردستانەوە هات (لەڕێی قاسم سولەیمانی و هێزەکانی قودسەوە)، هەمیش بە هانای باشووری عێراقەوە کاتێک بە هاوکاریی فتواکەی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، هێزەکانی حەشدی

شـەعبییان پێکهێنا بـۆ ئـەوەی پێشڕەوییەکانی داعش لـە سنووڕێکدا ڕابگرن.
هەموو ئەو هەوڵانەی ئێران و سـەرکردەکانی، باجی گەورەیان پێ داون. لە ناوخۆدا نەوە پاش نەوە، یادەوەریی جەنگی عێراق-ئێران کاڵتر دەبێتەوە. تا دێت نارەتیڤی شۆڕش و بەرگریی پیرۆز و بەرەی بەرەنگاربوونەوە، ڕەوایەتییان کزتر دەبێت. هۆکارەکەش ئەو زیانە زۆرەیە کە بەر گەلانی ئێران، کەوتووە و دەکەوێت. پشتگیریی جەماوەری لە ئاستێکی نزمدایە، ئەوەش سەرکەوتنی ئەو جۆرە ئایدیۆلۆژییە کەمتر دەکاتەوە. تا دێت خەڵک ناچار دەبن لەنێوان بژارەی ناخۆش و قورسدا، هەڵبژێرن، بەپێچەوانەی ئەوەی پێشتر خاتەمی دەیوت، "نابێت ئازادی و ئاسایش دژی یەکتر بوەستنەوە". بەڵام وتنی وەها دێڕێک ئاسانە و جێبەجێکردنی قورس، چونکە هێشتا لایەنگرانی پاسداران لە دەسەڵاتدان و فەزای سیاسییان بە دەستەوەیە و باوەڕیشیان بە بەرگریی پیرۆز هەیە.

> **هەر لە سەفەوییەکانەوە کە لەوێوە ئێران شێوەی ئیمپراتۆری وەردەگرێت، تا دەگاتە قاجارەکان لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم و دواتریش سەردەمی پەهلەوییەکان و حوکمڕانیی محەمەد موسەدەقی سەرەکوەزیران لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم و کودەتای شا بەسەریدا، تا دەگاتە شۆڕشی "١٩٧٩"، لە دیدی نەسردا، هەموویان ئەڵقەی جۆراوجۆری هەمان حیکایەتن و هەریەکەو بەجۆرێک کاری لە شکڵگرتنی دەوڵەتی پاش شۆڕشی "١٩٧٩" (کۆماری ئیسلامیی ئێران) کردووە.**

دواتر "قوماری ئەتۆمی" دێت. پاش ئەوەی هەندێک دەوڵەتانی ناوچەکە، بە دیاریکراوی پاکستان و لیبیا، لە نەوەدەکاندا دەست دەدەنە پرۆگرامی ئەتۆمی، ئێرانیش دەیکاتە بەشێک لە ستراتیجیی خۆی. لە سەرەتای دوو هەزارەکانەوە دەست کرایە پەرەپێدانی ئەتۆمی لەڕێی پیتاندنی یۆرانیۆمەوە، بەڵام هەمیشە جەخت لەوە دەکرایەوە کە بۆ مەبەستی مەدەنی بەکاردێت. ئەو ڕاگەیاندنە ڕەسمییەی دەوڵەت، متمانەی لای ڕۆژئاوا دروست نەکرد. بۆیە هەر زوو ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا، هاتنە سەر هێڵی گفتوگۆ و فشار لەگەڵ ئێران بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەو بەرنامەیە. چەند جارێک خامنەیی فتوای حەرامکردنی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمیی دەرکرد، بەڵام فشارەکان نەوەستان.
ساڵی "٢٠١٣" لەگەڵ ئەوروپا و دواتریش لە "٢٠١٥" لەگەڵ ئەمەریکا و دەوڵەتانی

ئەنجوومەنی ئاسایش، ڕێککەوتنی ئەتۆمی واژۆ کرا. ئەوکات لە ئێران، حەسەن ڕۆحانی سەرەککۆمار بوو، کە بەجۆرێک بە درێژەپێدەری ڕێچکەی ڕەفسەنجانی دادەنرێت و لە ئەمەریکاش باراک ئۆباما، کە دەیویست بە گفتوگۆ کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران یەکلا بکاتەوە. دوای ڕیککەوتنەکەش و بەهۆی ئازادکردنی ملیاران دۆلاری بلۆککراوی ئێرانەوە، ئابووریی وڵات گەشایەوە. بەڵام زۆری نەخایاند، ڕێککەوتنەکە پووچەڵ کرایەوە.

پاش ئەوەی دۆناڵد ترەمپ بووە سەرۆک، ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ ئێران، هەڵوەشاندەوە و سیاسەتی ئەوپەڕی فشاری گرتە بەر. ئێرانیش بە خوڵقاندنی پشێوی لە ناوچەی کەنداو و ڕێڕەوە ئاوییەکان و جووڵەی سەرچاوەکانی وزە، هەوڵی ڕاکێشان و ناچارکردنی ڕۆژئاوای دەدا. ئەمەریکاش سەرەڕای کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە و ئەوپەڕی فشار، قاسم سولەیمانیی کوشت. ئەو کردارانەش بوونە هۆی گۆڕانێکی پارادیگماتیکی لە کن خامنەیی. بۆیە، دیسانەوە، لەڕێی میتافۆری پەیامبەری ئیسلام و وەستانەوەی بەتەنیای بەڕووی دوژمنانی لە جەنگی ئوحوددا، پەیامی بەرەنگاری و وەستانەوەی گەیاند. سیاسەتی ئەوپەڕی فشار، کەندەڵانی نێوان ڕۆژئاوا و ئێرانی فراوانتر کرد، بۆیە ئێرانیش زیاتر بە لای ڕوسیا و چین—دوو نەتەوە و زلهێز، کە خۆیان بە نەیاری سیستمی نێودەوڵەتیی لیبراڵ بە ڕێبەرایەتیی ئەمەریکا، دەزانن— دایشکاند.

دوای چەندان گەڕی گفتوگۆ، هیچ ڕێککەوتنێک واژۆ نەکرا. وەک نەسر جەختی لێ دەکاتەوە، سیاسەتی ئەوپەڕی فشار لە ماوەی چوار ساڵدا، هەمان ئەنجام و لێکەوتەی جەنگی هەشت ساڵەی عێراقی هەبوو: تێکشکاندنی ئابوری، ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و توندتربوونی سیاسەتی. ئەو وانەیەی ئێران لەو سیاسەتەوە، فێری بوو، هەمان وانەی جەنگی عێراق بوو: ئێران ناکرێت متمانە بە ڕێککەوتنی نێودەوڵەتیی بکات و لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانیشدا تەنیایە.

جەنگی غەزە و لێکەوتەکانی بۆ ئێران، ئیسرائیلی هێنایە سەر هێڵ و ئەو دوو وڵاتەی کردە دوژمن و نەیاری پلە یەکی یەکتری. ئێران و ئیسرائیلیش چیتر دەوڵەتانی عەرەبی وەک نەیاری سەرەکی نابینن، بەڵکو یەکتر وەک دوژمنی گەورە دەزانن و ململانێکەشیان لە بنچینەدا لەسەر باڵادەستییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ ئێران، چیتر دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل تەنیا لەسەر پرسی فەلەستین نییە، بەڵکو شەڕی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندایە و ئێرانیش چیتر پابەندی فتواکەی خامنەیی نییە بۆ حەرامکردنی چەکی ئەتۆمی، چونکە تەنیا بۆ بەرگریی بەکار نایەت، بەڵکو سوودی ستراتیجیکی دەبێت.

ئێران بە قورسی باجی سیاسەتی نەیارێتی ڕۆژئاوای داوە. هەژاری زیادی کردووە و هەلی کاریش کەم، ستانداردی ژیان دابەزیوە. نرخی خۆراک و بیمەی تەندروستی بە ڕێژەی (١٨٦٪) و (١٢٥٪) زیادیان کردووە. لە "٢٠١٧" نزیکەی (٤٥٪)ی ئێرانییەکان چینی ناوەند بوون، بەڵام

لە "٢٠٢٠" ئەو ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (٣٠٪) (دیارە لە بەرامبەردا ڕێژەی هەژاری زیادی کردووە). فشار و گەمارۆکانی ڕۆژئاوا، زیانی کوشندە و ئێسکشکێنیان بۆ ئێرانییەکان هەبووە. بەرگریی پیرۆز چیتر کارا نییە و خزمەتی ئەو ئامانجە ناکات، کە لە بنەڕەتدا بۆی هاتە کایە.
جەماوەر تینی هاتێ و ڕژایە سەر جادە و پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد: ژن، ژیان، ئازادی. چیتر زۆرێک لە کچانی لاو، نەیاندەویست سەریان داپۆشن و بەشێک بن لە ماکینەی ئایدیۆلۆژی و میدیایی کۆماری ئیسلامی. وەڵامی سەرکردەکانی پاسدارانیش ئەوە بوو، "بینیمان چۆن ژنانی مەسیحی و ئێزدی لە عێراق لەلایەن داعشەوە دەفرۆشران، گەر ئێران ئاسایشی نەبێت، ئێوەش بەئاسانی دەفرۆشرێن". وەک نەسر دەڵێت، ئەوەش واتە کابرای پاسداران بە پاساوی ئایینی بەرگریی لە حیجاب ناکات، بەڵکو بە پاساوی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی ئەو کارە دەکات. چیتر دەوڵەت و کۆمەڵ، لە دۆڵێکدا نین. بەڵکو تا دێت مەودای نێوانیان فراوانتر دەبێت. لە کۆتا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، کە مەسعود پزیشکیان بووە سەرەککۆمار، لە گەڕی یەکەمدا تەنیا (٣٩٪)ی خاوەن مافانی دەنگدان، دەنگی خۆیانیان دا.

**هەرلە سەرەتاوە کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی بیریان لە دانانی دەستوورو بناغەی کۆمارە نوێیەکە دەکردەوە، کەوتنە دووڕێیانێکەوە: دەبوو یان وەک دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بیرلە دیموکراسی و حوکمڕانیی جەماوەری و بەشداریی خەڵک لە سیاسەتدا بکەنەوە، یانیش وەک شا و ڕژێمە ڕۆژهەڵاتییەکانی تر، ستەمکاری و تاکڕەوی بێت. بۆیە هەرووکیان تێکەڵ کرد.**

لە بنیاتنانی دەوڵەتدا، وەک ئەوەی مێژوونووسێک دەڵێت، یان ڕێوی دەبیت یان ژیژک. واتە یان زۆر شت دەزانیت، یان یەک شتی گەورە. نەسر پێی وایە خامنەیی، بەو شێوەیەی هەمیشە پاڵپشت بە یەک ستراتیجیی گەورە کاری کردووە، تا ئێستا ژیژک بووە. بەڵام گەر بڕیارە دەوڵەتێکی بەهێز و گەشەسەندوو بە ناوی ئێرانەوە هەبێت و بمێنێت، پێویستە ڕێوییش بن. واتە زۆر شت بزانن و توانای خۆگونجاندنیان هەبێت.

### چەند سەرنجێکی کۆتایی

سەرباری ئەوەی نووسینەکە ورد و پانۆرامای و پڕ زانیارییە، بەڵام هەندێک سەرنجم

لەسەریشی هەن.

یەکەم، ڕەخنە لە نەسر ئەوەیە، تەنیا سەرنجی لەسەر دیدی ئێرانە لەسەر دوژمنانی دەرەوە، یان ئەوەی ئێرانییەکان خۆیان پێیان دەڵێن شەیتانە گەورەکە (ئەمەریکا) و شەیتانە بچکۆلەکە (ئیسرائیل). زۆر کەم ئاماژە بە ستراتیجی ناوخۆیی ئێران دەکات و ئەو هەڕەشانەی کە ئێران هەمیشە خۆی بۆ ئامادە کردون، بەهەند ناگرێت. یەک لە سەرەکیترین ئەو هەڕەشانەش، دیدی گەلانی نافارسیی بندەستی ئێرانە، لەوانەش کورد و بەلووچ و عەرەب بۆ سەربەخۆی و هەوڵی دەیان ساڵەیان لەو پێناوەدا. واتە ڕوون نییە، بۆچوونی وەلی نەسر لەسەر دیدی ئێران بۆ ئەو هەڕەشە ناوخۆییانە و پێگەی ئەوان لەو ستراتیجی بەرگری و بەرگریی پیرۆز و بەرەی بەرەنگاربوونەوەیەی باسی دەکات، چییە؟ چۆن دەبێت دەوڵەتێکی وەک ئێران، لای کەم لە "١٩٧٩"وە ستراتیجی خۆی لەسەر دژایەتیی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بنیات نابێت و هەموو کێشەکانی تری وەلاوە نابێت؟! ئەی ئەگەر وەلاوەی نەناون، نەسر بۆچی باسیان ناکات؟! دیارە نەسر ئەو کێشانە بە کێشەی لاوەکی دادەنێت، نەک وەک کێشەی مەزن و بنیاتی. پرسی دیموکراسی و بەشداریی جەماوەری مافە بنەڕەتییەکانی گەلانی نافارسی نێو ئێران، پرسێکی تەواو جدییە. ناکرێت وەها کێشەیەک، تەنیا لەسەر قسەی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی، فەرامۆش بکرێت.

**قەیرانی بارمتە ئەمەریکییەکان، ئاڵنگارییەکی تایبەت بوو، چونکە یەکەمین بەرکەوتن و تاقیکردنەوەی سەرکردەکانی کۆمارە نوێیەکە بوو لەگەڵ ئەمەریکادا. لەو قەیرانەشەوە زۆر وانە فێربوون. یەک لەو وانە، نەچەمان و بەرگەگرتن و دەرکەوتنی خومەینییە وەک سەرکردەیەکی دژە ئیمپریالیزم و خۆڕاگر بەڕووی ئەمەریکادا بە هەر نرخێک بێت.**

دووەم، چەند جارێک ئاماژە بە ڕووداوەکانی "١٩٤٦" دەدات، بەڵام ناڵێت چی بوون. بۆ نموونە، ناوی قازی محەمەد ناهێنێت و باسی کورد ناکات. ئەوەش ڕووداوێکی ڕاگوزەر نییە، چونکە ئەوەی قازی کردی، درێژکراوەی ئەوەیە لە خاڵی سەرەوەدا ئاماژەیەکم پێ داوە: پشتگوێخستنی کورد و گەلانی تری ئێران و سەرکوتکردن و کپکردنەوەیان بە هەر نرخێک بێت. پرسی کورد، لە هەر یەکێک لەو دەوڵەتانەی خاکی کوردستانیان بەسەردا بەشراوەتەوە، پرسێکی کاتی نییە. بەڵکو پرسێکی بنیاتی و بنەڕەتییە؛ پەیوەندیی بە ڕەوایەتیی خودی دەوڵەتەکەوە هەیە و دەوڵەتانیش وەک ترسێکی گەورەی بوونەکی، لە بوونی کورد و

بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی دەڕوانن. ئەمە پرسێکە ناکرێت پاشکۆی ترسی ئەو دەوڵەتانە بێت لە هەڕەشە و پەلاماری دەرەکی. بۆ نموونە، لە حاڵەتی ئێراندا، پرسی کورد پەیوەست نییە بە ئەمەریکا و ئیسرائیل و ڕۆژئاواوە. پرسێکی تەواو سەربەخۆیە و خاوەن مێژوو و مۆرکی خۆیەتی. دیسانەوە، کاتێک لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بە لەناوبردنی نەیارە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکات، ناڕاستەوخۆ باسێک لە تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملوو و هەڤاڵانی دەکات، بەڵام دیسانەوە بەبێ ئەوەی وردەکاری بدات یانیش ناویان بهێنێت.

سێیەم، کاتێک باسی نارەزایەتی و خۆنیشاندانەکانی "٢٠٢٢" دەکات دژی ڕژێم و خامنەیی، دیسانەوە هیچ ئاماژەیەک بە کورد نابینرێت. بۆ نموونە، لەبری ژینا ئەمینی، دەڵێت مەهسا ئەمینی. لەبری "ژن، ژیان، ئازادی" دەڵێت "زن، زندگی، ازادی". ئەوەش مانای هەڵگرتنەوە و پەسەندکردنی زمانی دەوڵەتە. کەسێک، توێژەرێک—گەر بڕیارە نەیاری دەوڵەتێک بێت، هەرچەندە وەلی نەسر بەئاشکرا خۆی وەک نەیاری ئێران ناناسێنێت—لای کەم دەبێت هەمان زمان و ڕیتۆریکی دەوڵەتی بەکارنەهێنێت. بە لای منەوە، بەگشتی شێوازی باسکردنی ستراتیجی مەزنی ئێران و پرسی سەربەخۆیی و سەروەری و ئازادی و دەستوەرنەدانی دەرەکی لە ئێراندا پەسەندە. بەڵام وەلاوەنانی پرسی گەلانی نافارسی و ئاوڕنەدانەوە لێیان و تەرکیزخستنە سەر هەڕەشە دەرەکییەکان و ستراتیجی ئێران لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەرەوەدا، پەسەند نییە، چونکە ئەوە لە سادەترین دەرکەوتنیدا، مانای پاشکۆیەتی کێشە ناوخۆییەکانە بۆ کێشە دەرەکییەکان، لە کاتێکدا دەکرێت پێچەوانەی ئەوە ڕاست بێت.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین
# لە گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

سیاسەت و ڕێنمایی نووسینی گۆڤار لە سێ بەش پێکدێت، کە بریتین لە: (ڕێنمایی نووسین، شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە، ڕێنمایی وەرگێڕان).

**<u>یەکەم</u>: ڕێنمایی نووسین:**

- بابەتی نووسراو، پێشتر لە هیچ جێگایەکی دیکە بڵاو نەکرابێتەوە.
- زمانی بڵاوکردنەوەکانی گۆڤار تەنها زمانی کوردییە.
- گۆڤار ئەو بابەتانە بڵاودەکاتەوە کە پەیوەندیدارن بە پرسە ستراتیجی و جیۆپۆلەتیکییەکان.
- لە پەیکەری نووسینی بابەتدا هەندێك سەربەستی دەبەخشرێتە توێژەر، بەڵام پێویستە پەیکەری بابەتی نووسراو ئەم بەشانە لەخۆبگرێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، دەرئەنجام، پێشنیاز ئەگەر هەبێت، لیستی سەرچاوەکان.
- بابەتەکە بە تایپکراوی و بە فایلی(word) بێت.
- پێشەکی بابەتەکە لەنێوان (٢٠٠-٣٠٠) وشەدا بێت.
- کۆی وشەکانی بابەتی نووسراو، لەنێوان (٣٠٠٠-٥٠٠٠) وشەدا بێت.
- جێهێشتنی (٢ سم)، بۆ هەر چوار لای پەڕەکە.
- بۆشایی نێوان دێڕەکان (١.١٥) بێت.
- پێویستە توێژەر فۆنتی یونیکۆد (Goran) بۆ نووسینی بابەتەکەی بەکاربهێنێت.
- لە نووسینی ناونیشانی بابەت، قەبارەی فۆنتی (١٦)ی بۆڵد بۆ ناونیشان و (١٤)ی بۆڵدیش بۆ ناونیشانی لاوەکی ناوەڕۆك بەکاربێت.
- قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی بابەت (١٤)بێت.
- لە ناوەڕاستی خوارەوەی لاپەڕەوە، ژمارەی لاپەڕە دابنرێت.

- چارت و وێنەکان بە شێوەی (JPG) بێت.

- بابەتی نووسراو لەڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە بنێردرێت: jss@dirasatdiploma. org

**دووەم: شێوازی نووسینی پەراوێزو سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی بابەتەکەدا و بەشێوازی (Insert Endnote) بێت و بە فۆنتی قەبارە (١٢) بنووسرێن.

- لە لیستی سەرچاوەکان بەم شێوازانەی لای خوارەوە سەرچاوەکان بنووسرێن:

*** توێژینەوەی بڵاونەکراوە (نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا):**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ناونیشانی نامەی ماستەر یان تێزی دکتۆرا، ناوی کۆلێج و زانکۆ، ساڵ، لاپەڕە.

*** کتێب:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ساڵی چاپ، ناونیشانی کتێب، (وەرگێڕ و پێداچوونەوە ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ، دەزگای بڵاوکردنەوە یان چاپخانە، لاپەڕە.

*** گۆڤار:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ساڵی چاپ، ناونیشانی توێژینەوە یان وتار، ناوی گۆڤار، ژمارەی بەرگ، ژمارەی گۆڤار، لاپەڕە.

*** ڕۆژنامە:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، (ڕێکەوت)، ناونیشانی بابەت، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

*** چاوپێکەوتن:**

- ناوی کەسی چاوپێکەوتنکەر، ناوی کەسی چاوپێکەوتنکراو و پیشەکەی، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن، شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، کاژێر.

*** ماڵپەڕ سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ڕێکەوت، (ئەگەر نەبوو ڕێکەوتی سەردانیکردن بنووسرێت)، ناونیشانی بابەت، لینکی ماڵپەڕ، یان سەرچاوەی ئەلیکرتۆنی ڕێکەوتی سەردانیکردنی ماڵپەڕ.


- **تێبینی:** لەو ڕوانگەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق ناوی خێزانیی بەکارناهێنرێت، بۆیە لەکاتی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سەرەوە، هەر ناوی سیانی نووسەر بنووسرێت.

*** ڤیدیۆ:**

- ناونیشانی ماڵپەر، (ڕێکەوتی دانانی ڤیدیۆ)، ناونیشانی ڤیدیۆ، لینکی ماڵپەڕ، بەرواری سەردانیکردن.

مەڵبەندی دیراساتی گشتی

گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسی و ستراتیجییە
مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەریدەکات.



# The Strategic Studies

Issue 5, Spring 2026